كۆمەڵە وتار ...

# لە بناری قەندیلەوە

عوسمان سە نگە سەری

پێشکە شە :

بە نەوەی نوێ و داهاتوو

چاپی یەکەم

٢٠١٣

ناوی کتێب / کۆمەڵە وتار لە بناری قەندیلەوە
نوسەر / عوسمان ڕەسوڵ حسن ( عوسمان سەنگەسەری ) ٠٧٧٠١٥٦٧٠٩٣
تایپ و دیزاین / هونەری محمد سۆفی
ساڵی چاپ / ٢٠١٣
نۆرەی چاپ / یەکەم
چاپخانە / سیما – سلێمانی
تیراژ / ٥٠٠ دانە
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارە ( ١١٥٥ ) ی ساڵی٢٠١٣ ی پێدراوە

# ژیاننامەی نوسەر

ناوم ( عوسمان رسولّ حسن ) ە و ناسراوم بە ( عوسمان سەنگەسەری ) ساڵی ١٩٦٩ لەسەنگەسەر لەخێزانێکی جوتیار لەدایك بووم ، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەوە کردووە ، ساڵی ١٩٨٦ بەهۆی ئاشکرابوونم لەکاری ڕێکخراوەیی بوومە پێشمەرگەی یەکێتی بەبێ دابڕان خاوەنی دوو مەدالیام ، پارتیزانی و پێشمەرگە دێرینەکان ، خوێندنیشم هەتا شەشەمی وێژەیی خوێندووە بەهۆی ئاشکرابوونم لەڕێکخستنەکان بوومە پێشمەرگە نەمتوانی درێژە بەخوێندن بدەم .
کۆمەڵێك پلەی جۆراوجۆرم لەشاخ و شار بڕیوە ، ساڵی ١٩٩١ تاوەکو ئێستا لەشێوەی وتار بۆ ڕۆژنامە ئەهلی و حزبیەکان نوسیوە بابەتەکانیش وەکو ڕەخنەیی ، سیاسی ، مێژوویی و بابەتی ... هتد ، لەبنەماڵەکاندا خاوەنی شەهیدین ( شەهید عبدالرحیم ) کە خالۆزاو پورزاین ، وە ساڵی ٢٠٠٠ – ٢٠٠٥ لەبەریتانیا – بێرمینگهام ژیانم بەسەربردووە و خاوەنی ( ٤ ) مندالّم بەناوەکانی ( سانا ، زایەڵە ، زاکان و نۆڤین ) .

سەرنج :
ئامانج لەکۆکردنەوەی ئەم وتارانە و کردنیان بە کتێبێك کە پێشتر لەڕۆژنامەو گۆڤارو سایتەکان بەشێوەی وتار بڵاوکراونەوە بۆ ئەوەبوو خزمەتێك بەکتێبخانەی کوردی بکەم و بیان پارێزم لەنەمان.


عوسمان سەنگەسەری

٠٧٧٠ ١٥٦ ٧٠ ٩٣

# دەوڵەتی کوردی ..

## خەونە .. یا بەنامەو کارکردنە

دیارە ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە سەرەتا کوردستان یەك پارچە بووە لەپەیمان و شەڕی چاڵدێران دا کوردستان بۆ یەکەمجار بووە دووبەشەوە لەنێوان سەفەوی و عوسمانیەکاندا سەروەت و سامانی ئەو وولاٌتەیان بەتا لاٌن ئەبردو چەوساندنەوەی چینایەتی و نەتەوایەتیان بەسەردا سەپاندن و بەلاٌم گەلی کوردیش هەمیشە لەململانێ دا بووە لەگەڵ دووژمنەکانیداو لەم بووارەشدا خاوەن دەیان ڕاپەڕین و شۆڕش و قوربانی دان بووەو هەر لەئەنجامی ئەمەشدا بووە کەکورد لەمێژوودا دووجار ڕێکەوتی پێکەوەنانی دەوڵەتی لەدەست خۆی داوەو یەکەمیان لەسەردەمی پەیمانی سیڤەردا کەبەسێ مادده ویستیان دەوڵەتی کوردی ڕابگەیەنن بەلاٌم بەداخەوە بەهۆی سەرلێشێواوی و بلاٌوی کورد نەیتووانی دەوڵەت دروست بکا بەحوکمی نەبوونی ستراتیژیەت و دڵنیاکردنی زلهێزەکانی ئەوسا کەلەبەرژەوەندی ئەماندا کار ئەکەن و هەلەمێژووییەکە بقۆزنەوەو لەجێگای پەیمانی سیڤەردا پەیمانی لۆزان لەدژی کورد کراو کوردیان پارچە پارچە کردو کەتاوەکو ئێستا نەیتوانیوە یەك بگرێتەوەو دووەمیان لەسەردەمی شێخ مەحمودی نەمردا بوو کەکورد ئەوکاتەش بەهۆی نەبوونی ستراتیژەکی ڕوون لەبەرامبەر هاوپەیمانیەتی بەریتانیادا ئەمجارەش نەیتوانی هیچ بەهیچ بکاو لانی کەم لەعێراق دا قەوارەیەك پێك بهێنن ، چونکە ئەمەش بۆخۆی جێگای پرس و سەرنجە لەکاتێکدا کەئینگلیزو تورك لەچارەنوسی کوردستانی عێراقیان دەکۆڵیەوە شێخی نەمر تورکیای هەڵبژارد بوو نەك بەریتانیا هەر لەوکاتەشدا بەسەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی لەتورکیا چاوی بەسەرۆك وەزیران کەوتبوو کەئەمەش بووە هۆی سەرنەگرتنی جارێکی تری دەوڵەت بۆیە پێویستە لەهاوپەیمانیەت لەگەڵ وولاٌتە زلهێزەکان دا خاوەن بەرنامەو ستراتیژیەت بین بۆ ئەوەی هەلەکە لەدەست نەدەین ، چونکە ئەگەر تەماشای یەکبون و یەك پارچەیی عێراق بکەین هیچ کاتێ بەخواست و ئارەزووی گە لانی عێراق نەبووە بەڵکو لەسەردەمی ( چرچڵ ) کەعێراقی لەسەر ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانی دا دروست کردو پاشایەکی سوننەی کردە حوکمڕان بەسەر کوردو شیعەوە دووای هەر خۆشی ( چرچڵ ) ئەم عێراقە بەزۆر لکاوەی بەگەورەترین هەڵە لەقەڵەم دا ئەگەر لەم ڕوانگەشەوە تەماشای دروشم و بۆچونەکانی شۆڕشی کورد بکەین لەسەردەمی شاخدا بەگشتی لەحوکمی زاتی و سەربەخۆی و لامەرکەزی دا یەکی دەگرتەوە بەلاٌم لەمەیدانی کرداردا لەگەڵ دوژمنەکانیدا نەیتوانیوو هیچ یەکێك لەم دروشمانە بەدەست بهێنێ ئەمیش بەهۆی نەبونی یەکێتی یەکی فکری و کارکردن و یان گل بونەوەیان لەناو یەك بەرەو بەرنامەدا لەبەرامبەر دوژمنەکاندا بەڵکو بەداخەوە بەهۆی شەڕی ناوخۆ لەشاخ و شاردا نەتوانرا چەقی قورسای دروست بکرێ و بەیەك بەرنامەوە ڕووبەڕووی پیلانەکانی دوژمنان ببەنەوە بۆیە هەمیشە دروشمەکان کرچ و کاڵ بوونەوەو بەلاٌم دەکرێ دانانی هێڵی ٣٦ وبونی کورد لەلوتکەی دەسەلاٌتدا ئەمە هەلێکی مێژووی زێڕینە کە ئەمجار دەست کورد کەوتووە پێویستە پەند لەڕابردوو وەرگرین ئەم هەلە نەکەینە قوربانی دەسکەوتی تەسکی حیزبایەتی و پێویستە خەڵکیش ووشیارو بەئاگابێ بۆ ئەوەی چیتر یاری بەچارەنوسیان نەکرێ چونکە بەداخەوە بەهۆی نەبوونی پڕۆژەیەك و هاوپەیمانییەکی تەواو لەنێوان یەکێتی و پارتی پێش ڕووخانی ڕژێم لەکۆنگرەی لەندەن لەبری ئەوەی کێشەی نەتەوایەتی کورد بەپڕۆژەیەك بەرنەپێش کەچی هەریەکەو دەسکەوتی حیزبایەتی لاگەورەتر بوو لەکێشەکە هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کێشەی کرکوك هەڵبواسرێ و زۆر شوێنی تر نەگەڕێنەوە سەر کوردستان ... هتد ، بەلاٌم بەداخەوە بەهۆی نەبوونی شەفاف و ستراتیژیەت لەکارکردندا هەمیشە سەرکردەکانمان شکستەکانیان داوەتە پاڵ دژەکان و لەسەردەمی مەجلیسی حوکمیشدا صلاح الدین بهاالدین کەئەندامی ئەنجومەنی حوکم بوو وتی یەکێتی و پارتی جارێك بەخۆشی و جارێك بەناخۆشی و جارێك بەپارە لەلایەن ئەمریکاوە ڕازی ئەکرێن و لەم لاشەوە ڕۆژنامەی میدیا لەژمارەکانی پێشویدا لەزمانی سەفیرە ئەمریکیەکان کەلەعێراق دا کار ئەکەن دەڵێ لەعێراقدا سێ نەتەوە هەیە یەکەمیان شیعەیە کاتێك دێن دانیشتن ئەکەن لەگەڵمان زۆر لەسەر خۆو هێمن بەبەرنامە قسە ئەکەن و بەنوسراو لەبەردەممان دا بەجێ ی ئەهێڵن و ئەڵێن ناتان بینینەوە هەتاوەکو جێ بەجێ نەکەن دووەمیان سوننەکان کەدەزانن دەسەلاٌتیان لەدەست چووە هەڵەشەو هەڵچون بەلاٌم هیچیان لەدەست نایەو چونکە بێ بەرنامەو کۆك نین و سێ هەمیان کوردەکان کەوەکو

فەرش فرۆش وان کەدێن لەگەڵت دائەنیشن باسی سنوری حەمرین ئەکەن و پاش کەمێکی تر دێنە سەر کرکوك و دوای ناو کرکوك و خۆزگەشمان ئەخواست کەجارێك لێمان عاجز بن بۆ ئەوەی ئاشتیان بکەینەوە ، بەلآم ئەمە ڕووی نەئەدا بۆیە جێ ی خۆیەتی لەم خاڵە وورد ببینەوەو قسەی سەفیرەکان بەهەند هەڵبگرین و لەهەمان کاتیشدا (بریمەر ) لەبیرەوەریەکانیدا سەرکردایەتی کورد بە کلاسیك و بێ بەڵێن وەسف دەکاو هەمیشە داوای پارەت لێ دەکەن ..وەهەلەی سەرکردایەتی کورد لە پێش روخان و دوای روخانی رژێم بەزەقی دەرکەوت کەنەیان توانی لە بەغداو لەندەن بەبەرنامەیەکی یەکگرتوو داوای مافەکانی  گەلی کورد بکەن و کاتێ ئەمریکا بوە هێزی داگیرکەریش هیچ داوایەکیان نەبوو بەلکو خۆیان  چوك کردەوە لە مەجلیسی حوکمدا کە هیچی لە دەست نەئەهات . بۆیە پیویستە بڵێین تاکەی سەرکردایەتی کورد هەڵەکانی پێش خۆتان دووبارە ئەکەنەوەو پێویستە سەرکردایەتی کورد هەڵوێستی توند تر بەبەرنامە بهاوێژێ کەلەئاست خواست و قوربانیەکانی گەلی کورد دابێ چونکە ( هەتا ماڵ پێ ی بوێ مزگەوت پێ ی حەرامە ) چونکە گالبریس دەڵێ ڕاسیس ووتویەتی ( چەند سەرسامم بەوەی کەکوردەکان پابەندن بەبونیاد نانەوەی عێراقی نوێ ) دیارە هەموو لایەکمان ئەزانین کەسەرکردە کوردەکان ئەمڕۆ تەرازوی عێراقیان ڕاگرتووە و تەنانەت شیعەکانیش لە ٩ پارێزگاکەدا بەتەنگ مانەوەی عێراق نین و داوای هەرێمی فیدراڵی خۆیان ئەکەن و سوننەکانیش ئەوکاتە کەکوردو شیعە هەرێمی خۆیان هەبێ ئەمانیش ناچار ئەبن دان بەم واقعە دابنین وەئێستا خودی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هاتونە ئەو قەناعەتەی کەعێراقی یەك پارچە سەرکەوتو نابێ بۆیە کوردیش ئەمجارە ڕاشکاوانە تر بەیەکگرتوو کار بۆ بەرنامەکەی خۆی بکاو خاوەن پرۆژەو بڕیار بێ نەك وابزانێ ئەبێ خێری پێ ئەکرێ و خۆ ئەگەر لەم ڕوانگەشەوە تەماشای ڕۆژنامەی HAAREITZ ی ئیسرائیلی بکەین دەڵێ کۆتایی بەپرەنسیپی یەکپارچەیی خاکی عێراق هاتووە و ئەمریکا تەنها هێمنی و ئاسایشی لەعێراق دا بەرپا بێ گلۆپی سەوز لەڕووی پارچە کردنی عێراق دا هەڵ ئەکاو زاڵمای خلیل زاد باڵیۆزی ئەمریکا لەعێراق بوو

بەسەرکردە کوردەکانی وتوە : ویلاتەیەکگرتوەکانی امریکا لە د ژی بیرۆکەی دابەش بونی عیراقدانی یە، بەلام تەنیا گەلی  عێراق دەتوانی بڕیار لەم مەسەلەیە

بدات . وەلەلایەکی تریشەوە ( میسچیل جەی ) کەڕۆژنامە نوسە لەسەر پرسە گەرمەکانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست دەڵێ ... ئەگەر نەخشەی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست دابڕێژیتەوە شوێنێك نامێنێ ناوی عێراق بێ ئەگەر دانیشتوانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست بەخۆیان و خواستی خۆیان سنورەکانی ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست دابڕێژیتەوە ئەوا لەو نەخشە نوێ یەدا هەرگیز عێراق بونی نابێت بۆ ئەمەش سەرکۆنەی بەریتانیا ئەکرێ کەبەشێکی کوردستانی لکاندووە بەعێراقەوە ، هەروەها پرۆفیسۆر ( مێعیل گەنتەر لەزانکۆی تێنسی ) دەڵێ پێم وایە عێراق لەبەر یەك هەڵدەوەشێت ئەمریکاو دەوڵەتی ئەقلیمیش سەربەخۆی کوردستان قبوڵ دەکەن وچارەسەرکردنی کیشەی کورد دەبێتە هۆکاری زیاتر سەقامگیر بوونی رۆژهەلاتی ناوەراست ئەگەری شەڕ هەلایسانیش کەمدەبێتەوە لەسەرئاستی ئابوریش بارودۆخەکە باشتر دەبێسەبارەت بەنرخ وبەرهەمهێنانی نەوت..لەلایەکی تریشەوە(پیتەر گالبرس) دەڵێ ئەگەر بمانەوێت عێراقیەکان رزگار بکەین تەنیا ڕێگە

ئەوەیە کۆتای بەعێراق بێنین وهەوڵەکانی امریکا بۆ گیرانەوەی عێراق بەیەکپارچەی دەبێتە هۆی دەست تێوەردان لەبچوکترین کاروباری عێراقیەکان ومانەوەیەکی بێ کۆتای امریکا،بەلام دابەش بونی عێراق لەلایەکی د یکە دەبێتە هۆکاریك بۆ دەستە بەرکردنی ستراتیژیەك بۆ کشانەوەی هیزەکان لەعێراق و نەمانی شەری ناوخۆو باشتر بەشداری کردنی خەلك لە ئایندەی خۆیان چونکە شەر هیچ کاتێ چارە سەر نەبوە بەلام دابەش کردن باشترین ڕیگایە و ئەمریکا ئەبێ ڕێگە بدات هەریەك لەوسێ گروپەکە توانای حوکمەت و ئاسایش و خۆبەڕێوەبردنیان هەبێ پێویستە لەچوارچێوەیەکی کۆنفدڕاڵی پێکەوە بن ، بەلآم سەربەخۆی کوردستان تەنیا مەسەلەی کاتە ، دیارە سەرکەوتن لەیەکێتی بیرو بازووی گەلی کوردو سەرکردایەتی یەکەی کەلەبەرامبەر هەر ئاڵوگۆڕێکدا خاوەن پرۆژەو بەرنامەیەکی یەکگرتوو بن لەپێناوی گەیشتن بەتەواوی مافەکانمان و لابردنی هێڵە سوورەکان و شەفاف بوون لەکارکردن داو لێرەشدا بەکورتی باس لەسەفیری ئەمریکا لەکرواتیا ئەکەین ناوبراو دەڵێ کاتێك ئێمە چووین بۆ کێشەی بۆسنیەکان ئامانجمان ئەوە بوو کەئەم وڵاتە لەبەریەك هەڵنەوەشێتەوەو گرفتەکانیان چارەسەر بکەین ، بەلآم بەهۆی سووربوونی سەرکردەی موسڵمانەکان بۆ جیا بوونەوە ئێمەش

ناچار بووین تەعامول لەگەڵ ئەمری واقعدا بکەین و بەقسەیان بکەین بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کوردیش بەیەکگرتووی بوونی دەوڵەتی کوردی لەخەیاڵەوە بکاتە ئەمری واقع ، چونکە ئەمریکا بچێتە هەر وولاتێکەوە دووا بڕیار بۆ خەلکی ئەو وولاتە بەجێ ئەهێڵێ و لەلایەکی تریشەوە ( ٥ – ١٠ – ٢٠٠٦ ) لە ( ڕۆما ) لەکۆبونەوەیەکی سەربازیدا ژەنەڕاڵێکی ئەمریکی نەخشەی دابەش بوونی تورکیای پێشکەش بە ئەفسەرانی تورکیا کردوو نەخشەی دروست بوونی دەوڵەتی کوردیش تیایی دیاری کرابوو ئەمەش بووە هۆی ناڕەزای تورکەکان و بەجێ هێشتنی هۆڵ و تەلەفزیۆنی ستار تورکی ( یەشار بیوك ئانت ) سوپا سالاری تورکیا توڕەی خۆی لەسەر ئەم پڕۆژە دەربڕی و پەیوەندی بە ( بیتەر پیس ) سوپا سالاری ولایەتە یەکگرتووەکان کردوو ئەم نەخشەش جارێکی تریش پیشانی تورکەکان دراوە لەلایەکی تریشەوە ( خالید صەفەوی ) یەکێکە لەداڕێژەرانی ستراتیژی حیزبی کۆماری لەبەرنامەیەکی کەناڵی ( جزیرە ) کەتایبەت بوو بەهەڵبژاردنەکانی کۆنگریسی ئەمریکا ووتی ( بەدەرچوونی دیموکڕاتەکان لەدووای ماوەیەکی کەم دەوڵەتی کوردی لەخۆرهەلاتی ناوەڕاست دا دروست ئەبێ ) .وە( رووسەکان ) کاتێ رووبەرووی شەر بوون لەگەل ئەلمانیا تووشی مردووخواردن هاتن دەیان ووت : دوژمن ئەگەر خاکیشمان داگیر بکا ناتوانێ دڵ و دەرونمان داگیرکا .. کەچی بەداخەوە سەرانی کورد دەیانەوێ بیری نەتەوەو سەربەخۆی لە هزرو دەرونیشماندا بروخێنن کەبەپێ ی یاسا نیو نەتەوەییەکان مافی هەموو گەلانی دنیایەنەك خەون و حەرام بێ لەهەمان کاتیشدا سەرکردایەتی کورد لە شاخ جاری کوردستانی گەورەی دەدا شەهیدی بۆ ئەدا بەلام ئەمرۆ پیچەوانەوە بۆتەوە بۆیە دەکرێ بۆ سەربەخۆی کارو بەرنامە ی بۆ دابنرێ و لە ژیانی دبلۆماسیەی رۆژانەدا لە ناوخۆو دەرەوە هەولی بۆ بدرێ و زەمینە سازی بۆ بکرێ لە ناوخۆو دەرەوەدا ئەمەش لە شەو رۆژیکدا نایەتە دی بەلکو پرۆسەیەکی درێژ خایەنەکە یەکیتی بیرو بازو بەبەرنامە بێ لە خەونەوە دەبێتە ئەمری واقع و بەلام کەبوونی سەربەخۆی لەبەرنامەو فکرت دانەبێ مەحاڵە لە خەونیش دابیبینی چونکە حەق دەسەندرێ و نادرێ ئەمش هەربەکارکردن دێتە دی کە ئەمرۆ زەمینەی کارو دبلۆماسیەت بۆ کورد لەدنیادا ئاوەلایە ..وەکاتێ مارکس دروشمی ( کریکارانی دنیا یەکگرن ) راگەیاند باوکی کە گەورە سەرمایەدارێکی ئەلمانی بوو لەدژی مارکسی کوری وەستایەوەو دەری کردو دوومنالیشی لەئاوارەی و برسێتی دا مردن و سەرەرای ئەوەی هەلوومەرجەکانی ناوخۆو دەرەکیش لەبار نەبوون و کریکاران لە دنیادا لەژێر چەوساندنەوەی سەرمایەدارەکان دابوون و زەبرو زەنگی سەرمایەکان ئەوەندە بەهێز و فراوان بوو لەد نیادا ( مارکس ) باوەری وابوو دە بێ کریکاران لە هەموو د نیادا راپەرن و یەکبگرن ئەمجار دە توانن سەربەخۆی وەدە ست بهێنن بەلام ( لینین) لە ولاتەکەی خۆی شۆرش و راپەربنی کردو سەربەخۆی بەدەست هێنا زۆر گەلانی تری دنیا بەهەمان شیوەسەرکەوتن و دواتر مافی چارەی خۆنوسین و سەربەخۆی بوە بەند ێك لە نەتەوە یەکگرتوەکان وەکو مافێك بەهەموو گەلانی دنیا بەرەوا دەزانرێ ..

# پەیکەرێك..بۆ شه ڕی ناوخۆ

دیارە شەڕی ناوخۆ یەکێکە لەو شەڕانەی کەلەماڵی خۆت و وڵاتەکەت دا ڕوودەداو ئامانجی ئەم شەڕەش لەپێناوی پاوانخوازی و تاك دەسەڵاتی دایەو لەم پێناوەشدا سەروەت و سامانی وڵات ئەبێتە قوربانی شەڕو خەڵکەکەشی ئەبنە سووتەمەنی لەم پێناوەداو وەکۆمەڵگاش بەرەو ئیفلیجی و دوواکەوتن ئەبات بۆیە باشتر وایە بیر لەم جۆرە شەڕانە نەکرێتەوە کەبەداخەوە لەکوردستان و گەلان دا مێژوویەکی دوورودرێژی خوێناوی هەیە ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوروپا ئەو قۆناغەی باش بڕیوەو بازدان و پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و لەهەموو لایەکیشدا کەوتنە بواری ڕۆشنبیری و زانستی یەوە ، بەڵام بەداخەوە لەکوردستان دا هەر لەسەردەمی میرنشینەکانەوە پەلاماردانی یەکتری هەبووەو وەدووای ئەمەش لەگەڵ کەرت بوونی جوڵانەوەی کوردی لەشەستەکانداو تاوەکو پێش کۆتایی نەوەدەکان لەسەردەمی شاخ و شاردا هەرجارەی لەژێر پەردەو بیانویەك ئەم شەڕە درێژەی هەبووەو زۆر جاریش بەئەقلیمیش ئەم کارەیان ئەنجام داوە جگە لەوەی بیرو هۆشی نەتەوایەتیشیان لەبیر خەڵك بردۆتەوەو هیچیان بەدۆی خۆیان ناڵێن ترشەو بۆ لێرەدا ئاوڕێك لەمێژووی گەلانی دنیا ئەدەینەوە لەڕووی شەڕی ناوخۆو (ڕۆما)ش یەکێکە لەو وڵاتانەی کە ١٩ ساڵ شەڕی ناوخۆی کردووەو هەموو لایەکیشمان مێژووی کۆیلەدارەکانی ڕۆما ئەزانین کەبەسەرکردایەتی (سپارتا کۆس) ڕاپەڕین لەدژی خاوەن کۆیلەکان هەرچەندە سەرکەوتوو نەبوون و قوربانی یەکی زۆریان دا بەڵام توانیان زنجیرەکان بپسێنن و خۆ لەڕاپەڕین و شۆڕش دا ببیننەوەو یاخود ناکۆکی نێوان خەڵك و کۆماری یەکان کەڕۆما ئەنجام بتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لەم لاشەوە تەماشا ئەکەین ناکۆکی یەکانی نێوان (بەلشەڤی) کەکان بەسەرکردایەتی (لینین) لەگەڵ (مەنشەفیکەکان) بەهۆی سیاسەتی ڕاست و دروستی (بەلشەڤی) یەکان توانرا سەرکەون لەسۆڤیەت دا لەلایەکی تریشەوە شەڕو ناکۆکی یەکانی (چین) لەنێوان (ماوتسی تۆنگ) و (کۆمیتانگ) دا چەندین ساڵەی خایاندو لەلایەکی تریشەوە (ژاپۆنیش) یەکێکە لەو وڵاتانەی کەچەندین جار شەڕی ناوخۆی بەخۆوە بینیوەو وەبەریتانیاش بەهەمان شێوە بێبەش نەبووە لەشەڕی ناوخۆدا هەروەکو شەڕی نێوان بەریتانی یەکان و سکۆتلاندی یەکان کەلە پەرلەمان دا ڕووی داو دووایش بووە هۆی ئەوەی شەڕەکە درێژە بکێشێ و بۆ ماوەی (٩) ساڵ هەرچەندە (شا چارلسی ) یەکەم توانی لەسەرەتادا سەرکەوێ بەسەر هێزەکانی پەرلەمان بەسەرکردایەتی (ئۆلیڤەر کرۆمویل) بەڵام دووایی هێزەکانیان تێك شکاند (چارلسی) سەرکردە خۆی تەسلیم کرد ئەمانیش کوشتیان ، ئەمجار ئەمریکاش بێبەش نەبوو لەشەڕی ناوخۆ زیاتر لەنیو ملیۆن لەنێوان شەڕی وولایەتەکانی باکورو باشور کوژراو چەند ساڵێکی خایاند ، بەڵام سەرئەنجام باکورو باشور یەکیان گرتەوەو حوکمەتێکی بەهێزی ناوەندی یان دامەزراندو لەم لاشەوە ئیسپانیاش کودەتایەکی سەربازی لەدژی کۆماری یەکان کرد کەلە لایەن ئیتالیاو ئەڵمانیا پشتگیری لێ ئەکراو کۆماری یەکانیش لەلایەن سۆڤیەتەوە پشتگیری ئەکرا کەماوەی (٣) ساڵی خایاندو شەڕێکی کورت خایەن و سەخت بوو لەهەمان کاتیشدا دەنگدانەوەیەکی جیهانی هەبوو ڕێ خۆشکەرێکیش بوو بۆ شەڕی دووەمی جیهانی ، وە (یۆنان) یش بەهەمان شێوە بۆ ماوەی (٥) ساڵ تووشی شەڕی ناوخۆ بوو وەئەمریکا بەریتانییا بوونە هاوکاری حوکمەتی مەلیکی یۆنان و لەم لاشەوە (یوگسلافیا) پشتگیری لە کۆمەنیستەکان ئەکردو دووایش پشتی تێ کردن ، وەزۆر نمونەی شەڕی تری ناوخۆ لەدنیادا هەیە کەباسی لێوە بکرێ وەکو لەبنان و ئەفغانستان وەجگە لەشەڕە ئایدۆلۆژی و مەزهەبی یەکانی تر کەلە دنیادا ڕووی داوە ، وەهەروەها شەڕە ناوخۆی یەکانی بەشێك لە وولاتانی عەرەبی و هەروەها شەڕی ناوخۆی (ڕواندا) کەلەماوەی (٢) هەفتەدا زیاتر لە نیو ملیۆن کەس کوژرا ، لێرەدا جێ ی خۆیەتی بڵێین شەڕەکانی ناوخۆ لەدنیادا مێژوویەکی خوێناوی تراژیدیای هەیە ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا توانیو یانە زوو بەخۆیان دا بچنەوەو بگەنە ئامانجێك کەشەڕ لەبەرژەوەندی خەڵك و وولات دا نی یەو هەموو لایەکیان پەندیان لەم شەڕانە وەرگرتووەو گەیشتوونە ئەنجامی سەرکەوتن ، بەڵام بەداخەوە شەڕی ناوخۆ لەکوردستان سەرەڕای دوورو درێژی شەڕەکە بەڵام نەتووانراوە وەکو پێویست پەندی لێوەربگیرێ هەتاوەکو ئێستا لەبازنەیەکی داخراوو شەڕێکی ساردا ئەخولێتەوە ئومێد ئەکەین پەند لەگەلان وەربگرین و چاو لەپێشکەوتنی دنیا بکەین و بۆ ئەوەی لەڕەوڕەوەی مێژووی زانستی و داهێنان دووانەکەوین .

## ٥ ی ئازار و

## ڕاپەڕینێکی تر

دیارە (٥ ) ی ئازار لەکوردستاندا ڕۆژێکی پڕشنگدارو کەم وێنەیە لەمێژووی گەلی کوردا کەبۆ یەکەمین جار بەنەخشەو پیلانێکی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی لەشاخ لەسەر سنورەکانەوە دوای کارەساتە پڕتراژیدییایەکانی ئەنفال و هەڵەبجەو بادینان ، ئامادەسازی و شانەبەندی خەڵك وریکخستنەکان و چەکدارەکانی ڕژێم کرا بۆ ڕاپەڕینێکی سەرتاسەریانە لەدژی ڕژێمی بەعس وهەموو ناکۆکیەکانیش وەلاوەنران و چەکدارەکانیش بەرلێبوردنی گشتی بەرەی کوردستانی کەوتن و هەرچەندە بڕیار نەبوو کەچەکدارەکان بکەنە بەرپرس ، بەلاّم بەداخەوە لەگەڵ گەڕانەوەی هێزی پێشمەرگە هەرلایەو بەپەلە خۆیان ئەهاویشتە ماڵی چەکدارە بەدەسەلاّتەکان پسولەی لایەنی خۆیانیان پێ ئەدان ولەگەڵ دروست بوونەوەی شەڕی ناوخۆش دا زیاتر بەچەکدارکردنیان وپلەوپایە بەخشینەوە دراو لەلایەکی تریشەوە ڕاپەڕین لەکەش وهەوایەکی بابەتی وخۆی گونجاودا سەری هەڵداو هێزەکانی عێراق توشی شکست وبێزاری وهەلاتن هاتبون لەجەنگەکانی ئێران وکوێت وهێزە دەرەکیەکانی ئەمریکاو ئێرانیش ڕاستەوخۆ پشتگیریان لەڕاپەڕین ئەکردو هەرچەندە لەخوارووی عێراق داسەرکەوتو نەبوو،بەلاّم لەکوردستاندا هێڵی ٣٦  و ناوچەی دژەفڕین مسۆگەر کراو کەئەمە هەلێکی زێڕین بوو لەمێژووی کوردا، بەلاّم بەهۆی شەڕی ناوخۆوە نەتوانرا ئاوات وئامانجەکانی گەلەکەمان بێتەدی دەنا دەتوانرا هەتاوەکو ئێستا دەوڵەتی کوردیمان لەخەونەوە کردبایە واقیح ئەمەش بەهۆی پاوانخوازی دەسەلاّتەوە لەبار براو سەرکردایەتی کورد لێی بەرپرسیارە ، چونکە هەردولا خۆیان بڕیاردەری شەڕو ئاشتی بوون وخەڵکیش تەنها سووتەمەنی شۆڕشەکە بوەو ئێستاش کەیادی ١٦ ساڵی ڕاپەڕین دەکەینەوە نابێ سەرکردایەتی کورد هەربەدروشم وقسەو چەپڵە یادەکەتێ پەڕێنێ بەڵکو ئەبێ پەندی لێ وەربگرێ و تێبگا ڕاستە فاشیەکان ڕووخاون، بەلاّم بەرپرسەکانی دوێنێ ئەمڕۆ لەکاردان و ئاو وکارەباو بەنزین ونەوت کەپێداویستیەکی ڕۆژانەیە، بەلاّم خەڵکی نیەتی و دەسەلاّتیش هیچ خوێندنەوە ی یاچاکردن وگۆڕانی پێ نیەو بەهەندی هەڵناگرن، بەلاّم بازارو سەرشەقامەکان پڕیەتی و ئەمجار بەرپرسان پاساوی نابەجێ لەسەر ئەم دیاردەیە دەهێننەوە، بەلاّم لەولاشەوە دەسەلاّتی کوردی شاری خەونەکان و بەهەشتی شارو دەیان پڕۆژەی سەیروسەمەر دروست ئەکەن کەلەئەورپاش هاوتایان نیە کوردستانیان کردۆتە شاری گەورەو ماڵی وێران لەئازارەکانی خەڵك تێ ناگەن وبەبەرچاوی خەڵکەوە دەیان کۆشك و تەلاری بەرپرسان ڕووەو ئاسمانەو ڕاستە ئازادی گرنگە بۆ مرۆڤ ،بەلاّم لەویش گرنگتر پێداویستیەکانی ڕۆژانەیەتی هەر لەڕووی کالاّی بازرگانیەوە تاپێداویستیەکانی تریشەوە ، چونکە دەبێ دەسەلاّتی کوردی چاك تێ بگاو کاتێ مۆنۆمێنت ئەسوتێ کەتەرمی ڕۆڵەکانی خۆیانن دووبارە ئەکوژنەوە ئەمەزەنگێکی ترسناکەو دەسەلاّت ووریا ئەکاتەوە کەئاوڕ لەژیانی خەڵك بدەنەوە یاکاتێك لەبارزان تەرمی ئەنفالەکان ئەنێژن ، بەلاّم لەئاگرێ بەنزین خانە ئەسوتێ و یان لەهەندێ شارو شارۆچکە ڕاپەڕین  وخۆپیشاندان کرا لەدژی گەندەڵی ونەبوونی سووتەمەنی پێویستە دەسەلاّت بەدوای هۆکارو چارەسەردا بگەڕێ و چیتر نەڵێ ئەمە دەستی لە پشتە ، چونکە ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵەیەو واقعەکە لەبەرچاوی هەموولایەکمانەو وەخەڵکیش تەواو بێزارو نامۆ بوە بەرامبەر دەسەلاّت وڕق وقینەی لەدلداپەنگ ئەخواتەوە بۆیە باشتروایە بەر لەتەقینەوەی ناڕەزاییەکان کار بۆچاکردنی بکەین لەڕووی ئیداراتی حوکمی وحیزبیەوە ، وەنازانم دەسەلاّتی کوردی بۆئەتوانێ پڕۆژەی هاوتای دوبەی وئەورپا دروست بکا ، بەلاّم ناتوانێ چارەسەری کێشەی سوتەمەنی و گەندەڵی بکا لەکاتێکدا ئەمە لەخزمەتی خەڵکدایە نەك ئەو پڕۆژانە کەهەندێ خەڵکی کاسەلێس سوودی لێ ئەبینن بۆیەلێرەدا ڕووی دەممان ئاراستەی سەرۆکی کۆمارو هەرێم ئەکەین کەچیتر مشەخۆرو بەرپرسەکان قەڵەو مەکەن و داڵدەیان مەدەن ئاوڕێك لەخەڵك بدەنەوە کەڕاپەڕینیان کردو ، وەرنە ناوخەڵك لەئازارو کێشەکانیان تێبگەن نەك سەرکوتیان بکەن وهەوڵبدەن ڕێزو خۆشەویستی ومتمانەلای خەڵك پەیدابکەنەوەو تیماری دەردەکەیان بکەن ،چونکە خەڵکی لەبارێکی دەرونی ناخۆش ودڵەڕاوکێدا ئەژی و وای لێهاتوە سەرکەوتن وژێرکەوتن دڵی خۆش ناکا، بۆیە پێویستە چیتر سیاسەتی بەپینەکردن نەگرنەبەرو مەیدانیەن کێشەکان چارەسەربکەن ولە پڕۆژەیەکی هاوبەشدا بەخۆدا بچنەوەو گەندەڵەکانیش سزاو تورەهەڵبدەن .

# گۆرباتچۆڤ و ڕیفۆرم

میخائیل گۆرباتچۆڤ لەدایك بووی ( ١٩٣١ ) لەوسالأنەدا کەڕابەری یەکێتی شورەوی بوو ( ١٩٨٥ – ١٩٩١ ) بەشێوەیەکی ووردو سەخت سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو تووانی زۆر بووێرانە پەنجە لەسەر ئازارەکان و نەخۆشی یەکانی کۆمەنیزم دابنێ و حیزب ڕزگار بکات لە تاکرەوی و دۆگماتیزم وە کۆمەلگاش بەرەو دیموکراسی و کرانەوە بەرێ و دەرمانی دەردەکەش دیاری بکات کەخۆی لەنوێ کردنەوەو بینا کردنەوەی کۆمەنیزم لەسەر ئەساسی سۆسیالیزم دابرێژێتەوەو گۆرباتچۆڤ هەولی دا لەپێناوی سەرخستنی پرۆسەکەدا شێوازی ئاخاوتنی دەستە جەمعی ڕەچاوبکاو لەبەردەم کامیراکانیش ڕاشکاوانە قسەبکاو شەیدای دایلۆگی کراوەو گفتوگۆ بوو لەگەڵ خەلکداو بەپێچەوانەی سەرکردەکانی پێش خۆی رووی گرژ نەبوو لەدەرخستنی کەم و کورِی یەکان و گوێشی ئەگرت بۆ هەموو ڕازو سکالأیەك و ڕەخنەو پێشنیارەکان ئارام و لەسەر خۆش بوو کەباسی سازشی لەسەر مەسەلەکان ئەکرد لەپێناوی بوژاندنەوەی وولأت و حیزبدا . وەگۆرِبتچۆڤ یەکەم کەس نەبووە کەباسی ڕیفۆرمی لەحیزبی کۆمەنیستی سۆڤیەت دا کردبێ بەلکو پێشوش باسی لێوە کراوە ، بەلأم سەرکەوتو نەبووە گۆرباتچۆڤ تووانی گۆڕانێکی گەورە بەبیری لینینیانە ناوەرۆکێکی نوێ ی بەسۆسیالیزم بەخشی لەسۆڤیەت دا ئامانجەکانی بپێکێ و جارێکی تر سۆڤیەت بتووانێ لەگلان هەلستێتەوەو بەڕیفۆرمخوازییەکی کەم هاوتا ناوزەرد بکرێ و لەهەمان کاتیشدا بەرهەلستیش بکرێ لەلایەن دژەکانی یەوە ، بەلأم سووربوون و تووندی خۆی تووانی ببێتە ئەمری واقع و سۆڤیەتیش لەچەند نەتەوەو کۆماری جیاواز پێك هاتبوو کەنزیکەی ( ٧٠ ) ساڵ درێژەی هەبوو کەبەزەبری ستەم و ئایدۆلۆژیا کۆکرابوونەوە لەناو کۆماردا گۆرباتچۆڤ بەم ڕیفۆرم و نوێ کردنەوەی تووانی یەکێتی لەنێوانیاندا دروست بکات و هەندێکیشیان ئازادو سەربەخۆ بکات و بەلأم لەسەردەمی ستالین و بەدوواوە کار بۆ ڕوسیای گەورە ئەکراو کەکار بۆ ڕابەرایەتی میللەتانی خۆرهەلأت بکا بەشێوەیەکی دکتاتۆرانەو میلیتارستانە ، بەلأم گۆرباتچۆڤ بەپێچەوانە بڕوای بەئازادی و سەربەخۆی و ڕادەربڕین بۆ گەشە کردنی بیری نوێ هەبوو کەپێشتر نەبوو بەلأم بەهۆی ئەم ڕیفۆرمە لەسەرتادا خەلکی تووشی قەیران و شۆك هاتن لەڕووی فیکری و ئابوری وەهەتا باری ژیانی خەلك خراپتر ئەبوو بێزاری لەدژی گۆرِباتچۆڤ تووند تر ئەبوو بەلأم هیچ ڕێگایەکیش نەبوو جگە لەڕیفۆرم بۆ ئەم وولأتە لەسەرەتادا تووشی ڕووبەڕوبونەوەیەکی سەخت بوو ، بەلأم ئەنجام سەرکەوتوو بوو لەهەمان کاتیشدا گۆرباتچۆڤ لەوولأتانی ئەورووپای خۆرهەلأت دا وەکو کەسێکی ڕیفۆرم خوازو ئازادی خواز ناسرا بەوەی کەزمانی هەڕەشەو گوڕەشەی بەکار نەهێنا لەوەی هەموو کەس و گەلێك ئازادە لەو ڕەوتەی ئەیگرێتە بەر هەرچەندە ( پرۆستۆریکا ١٩٨٧ ) کەماوەیەك بوو دەنگی دابۆوە سەرەتا گرنگی یەکی ئەوتۆی نەبوو بەلأم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەورێکی چالاکی گێڕاو گۆڕانکاریەکی قوڵی لەمێژووی مرۆڤایەتی دا کرد لە ( بەرلینەوە تا ڤلادیفۆستیك ) بەراورد بکرێت گۆرِباتچۆڤ لە ( گلاسنۆستدا ) زۆر ڕاشکاوانەو شەفاف دوواو ڕاستی و تالییەکانی بۆ گەلەکەی خستە ڕوو هەروەها ئیفلیجی ئابوری وولأتەکەی نیشان خەلك داو ڕەخنەی لەسەرکردەکانی پێش خۆی گرت کەبەساختەو چاو بەستەکی و دۆگۆماتیزم و گەندەڵ وەسف کردو لەو مینبەرەوە ڕاستیەکانی بەخەلك نیشان داو سەرکەوتوش بوو لەم ڕووانگەوەو جۆش و خرۆشی دا بەخەلك و لەماوەیەکی کەم دا ڕۆژنامەو کەناڵ و میدیاکان گۆڕانی گەورەیان لەڕووی ئازادی ڕادەربڕین و چارەسەرکردنی نەخۆشی یەکان بەخۆیەوە دی و تووانیان پەردە لەسەر ڕاستی یەکان لادەن و ئازاد و سەربەخۆ کاربکەن و ڕەخنە بگرن سەردەمەکانی پێشدا بەسەردەمی دکتاتۆری وەسف بکەن هەرچەندە گۆرِباتچۆڤ ڕیفۆرمی بۆیە کرد کەباری حیزب و وولأتەکەی باش بکا ، بەلأم لەهەمان کاتیشدا بیری نەتەوەیی لای خەلك زاڵ بوو وەهەندێکی تریش ئەیانوت ئەبێ شورەوی لەبنەڕەت دا بگۆڕێ کەئەمە خوواستی گۆرباتچۆڤ نەبوو وەگۆرِباتچۆڤ هەمیشە ئەو ووتەیەی لینینی دەگووت کەڕێگای گەیشتن بەکۆمەلگەیەك کەڕەنج و ئازاری تیا نەبێ ڕێگایەکی دووروو درێژو پڕ مەترسی یە ئامانجی گۆرِباتچۆڤ دارِشتن و ڕێکخستنەوەی سیاسەت و ئابوری و کۆمەلگەیەکەی بوو وەبرەو دانیش بوو بەئازادی و دیموکراسی کەپێشتر نەبوو وەڕیفۆرمی لەسەرەوە بۆ خوارەوە کردوو وەڕێگای دا خەلك ڕاستەوخۆ بەشداری بکا لەبڕیاردان و سیاسەت دا بەم کارەشی خەلکی لەتەمەلی و مشەخۆری دوور

خستەوە کردنی بەچینێکی بەرهەم هێن و وە کۆمەنیستیشی کردە سۆسیالیزمێکی بنچینەیی و زانستی کەلەگەڵ هەموو کات و سەردەمەکاندا بگونجێ و بینا بکرێتەوە کە هەموو شتێك لەگۆڕان دایە لەپێناوی خزمەتکردنی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی دا .

# کێ کێشەی کەرکوکی
# هەڵواسی ؟ !

ئەگەر بەپێ ی دیکۆمێنت بۆ مێژوو بگەڕێینەوە کەرکوکیش یەکێکە لەشارە دێرینەکانی کوردستان بەڵام بەداخەوە بەهۆی بەپیتی و کانزای شوێنەکەی بۆتە چاو تێبڕینی دنیاو ڕژێمە یەك لەدوواییەکانی عێڕاق و هەمیشە کەرکوك خاڵی ململانێ بووە لەنێوان کوردو دوژمنەکانیداو داگیرکەران بەمەشەوە نەوەستاون هەستاون بەعەرەب کردن و ڕاگوواستنن و بەبەعسی کردنی ئەم شارە لەپێناوی سڕینەوەی مۆرکی نەتەوایەتی گەلی کورد .

وەلە هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول تاوەکو ئێستا کەرکوك خاڵی چەق بەستوو بووە و لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٧٠ کێشەی کەرکوك ڕژێم ویستی بەچەند ساڵێك ئەم کێشەیە چارەسەر بکاو دانی پێدا بنێ بەڵام هەمیشە دووژمن بەتاکتیك ڕووبەڕووی کێشەی کەرکوك بۆتەوە دووایش کێشەکە بەبنبەست گەیشت و جارێکی تر شەڕو شۆڕش دەستی پێکردەوەو وە لەدووای هەرەس و شۆڕشی نوێدا جارێکی تر کێشەی کەرکوك لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ ی شۆڕش و میری دا کەرکوك بووە خاڵی وەستان و پێداگرتن لەسەر کێشە ڕەواکەی و ئەمجارەش بەعس کەرکوکی بەدەردی گفتوگۆکانی پێشوو بردو شەڕیش لەشارو لادێ کانی کوردستان دەستی پێکردەوە زۆر بەخەستی بەڕادەی ئەنفال و کیمیاوی تیا بەکارهاتوو تاوەکو ڕژێم ڕووبەڕووی ڕاپەڕینی ١٩٩١ بووەوە و دام و دەزگاکانی ڕامالدران و هێڵی ٣٦ دانراو ئەمجارەش کەرکوك بێ بەش کرایەوە لەخاکی کوردستان و تەنانەت لەگفتوگۆی ساڵی ١٩٩٢ شدا کەڕژێم لەگیانەلا دابوو ئامادە نەبوو دان بەمەسەلەی کەرکوك دابنێ وەکو شارێکی کوردستانی ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنج و تێڕامانە پێش ڕووخانی ڕژێم کۆنگرەی معارجە کانی عێڕاقی بەیەکێتی و پارتیشەوە کەلە بەریتانیا – لەندەن بەسترا بەسەرکردایەتی ئەمریکاو بەریتانیا دەکرێ بڵێین ئەگەر لەدەست دانی کەرکوك لەپێشوودا ئۆباڵەکەی ڕژێمە داگیرکەرەکان بون ، بەڵام ئۆباڵی پێش ڕووخانی بەعس و کۆنگرەی لەندەن خودی سەرکردایەتی کورد تیا بەرپرسیارە بۆچی ؟ چونکە بەداخەوە لەکۆنگرەی لەندەن سەرکردایەتی کورد بەیەك بەرنامەو پرۆژەوە نەچووە ناو ئەو کۆنگرەو ئەو تەبایی و یەکێتی یەی ئێستا هەیە ئەو کاتە نەبوو ، بەڵکو هەردوولا حیزبەکەی خۆیان ئەبردە پێشەوە لای ئەمریکی و بەریتانیەکان و نەك کێشەی کورد ، وەسەرکردایەتی گەلی کورد مام جلال و مسعود بارزانی ناوەرۆکی هەندێ پرۆژەیان ئیمزاکرد لەسەر کەرکوك کەتاوەکو ئێستاش لەکۆڵ گەلی کورد نابێتەوەو دەکرێ بڵێین کورد بەبێ پرۆژەو داواکارییەکی یەکگرتوو نەچووە کۆنگرەی لەندەن و وەتاکە ڕۆژنامەش لەوکاتەدا ڕۆژنامەی هاوڵاتی بوو کەرەخنەی لەم ڕێکەوتن نامە گرت لەسەر مەسەلەی کەرکوك وەسەرکردایەتی کورد ئیمزایان بەم شێوە لەسەر کەرکوك کردبوو لەم کۆنگرە :

١- نابێ هیچ لایەکیان پەلاماری کەرکوك بدەن یان بەشداری لەگرتنی کەرکوك بکەن ئەوە بوو یەکێتی پێش پارتی بەشداری کردوو پارتیش زاقەی لێ هەڵساو ووتی ئەمە پێشێل کردنی ڕێکەوتنەکەی لەندەنە .

٢- نابێ مەسەلەی تەعریبەکان دەربکرێن هەتا وەکو بارو زروف ئاسایی نەبێتەوە .

٣- نابێ دەرکراوەکانی کەرکوك بگەڕێنەوە هەتا وەکو وەزع ئاسایی نەکرێتەوە .

بۆیە جێگای خۆیەتی بپرسین کەئەمجارە سەرکردایەتی کورد بووە هۆی ئەوەی کێشەکە هەڵبواسن لەکۆنگرەی لەندەن کەئەم سەرەتاییە بووە هەوێن و بەردی بناغەی سەردەمی مەجلیسی حوکم و دووای دەستوریش کەدەبوایە سەرکردایەتی کورد بەمە ڕازی نەبان چۆن لەمەسەلەی خانەقین کەهیچ مەرجێك لەڕێککەوتن نامەی لەندەن نەبوو لەگەڵ ئازادکردنی خانەقین دا تەعریبەکان هەڵاتن کەرکوکیش ئەوا هیچ مەرجێکیان قبوڵ نەکرد با ، بەڵام ئەمە هەڵەیەك بوو سەرکردایەتی کورد لێ ی بەرپرسیارە ؟ ئومێد ئەکەین لەداهاتوودا بەیەك دەنگی و هەڵوێستی بتوانن قەرەبووی ئەم مەسەلە بکەنەوە چیتریش خەڵکی سادە چەواشە نەکەن و دەستی چەوریان بەخەڵك نەسڕنەوە و ئەم هەڵەیە بەهی خۆیان بزانن نەك کەسی دی .

# ڕاگەیاندن و...
# خەڵك

ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی زانستی دیارنی یە ،بەڵام دەتوانین بڵێین لەگەڵ سەرهەڵدانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ڕاگەیاندنیش بەشێوازی جۆراوجۆر هەنگاوی ناوەو بۆیەکەمجاریش لەدەم گوێچکەکانی یەکتری تێپەڕی نەکردووە بۆلەیەکتری تێگەیشتن هەر لەقسەو قسەلۆکی ناو خەڵك و ئەمجار گێڕانەوەیان دەماو دەم بیستراوە هەروەکو ئەفسانەو چیرۆکەکانی ناو خەڵك و دەم ئاگردان هاتۆتە ئاراوە وە لەمێژووی کۆنیشدا ڕاگەیاندن بەشێوەی دەق و نوسراو یان هێماو ئیشارەت هەبووە وەکو ئەوەی لەسەر بەردەکان هەڵکەندراوە یا لەسەر پێستەکان نوسراوە وەکو لەسەردەمی فیرعەونەکان و بابلی یەکان و وەزۆر لەنوسراوەکانیش ڕایان وایە کەلەکۆن دا چین گۆڤارو ڕۆژنامەی هەبووە لە ٩١١ پێش زاین و هەروەها ڕۆمانی یەکان لەساڵی ٥٨ پێش زاین ڕۆژنامەی هەبووەو وەلەسەدەی سیانزەهەم لەبەریتانیا هەواڵی ڕاگەیاندن و نوسراو پەیدابوو دوواتر لەسەدەی پانزەهەم لەئەڵمانیاو ئیتالیا ڕاگەیاندن دەستی پێکردو وەداهێنانی یەکەمین چاپخانەش لەلایەن (گۆتەنبەرگ) بووە  شۆڕشێکی ڕاگەیاندن لەدنیادا هەر بەهۆی ئەم چاپخانەوە بوو کەفەرەنساو بەلجیکا بەیەکەمین سەرچاوە دێن لەڕووی ڕۆژنامەوە کەتوانیویانە ڕای بگەیەنن ، لەسەدەی پانزەهەم بەدوواوە بەشۆڕشی ڕاگەیاند ن دێ تاوەکو ئێستا وەکو شۆڕشی ئاژانسەکانی هەواڵ ١٨٣٠-١٨٥٠ یەکەمیان لەفەرەنساو دوواتریش ئەمریکاو بەریتانیا وەهۆیەکانی گەیاندنیش تەواوکەری شۆڕشی ڕاگەیاندن بوون وەکو ١٨٣٧ تەلگراف ١٨٤٤  بروسکە نامەو ١٨٥١ پێشەنگاو ١٨٧٦ تەلەفۆنی تەلدارو ١٨٩٥ تەلەفۆنی بێتەل و سینەماو ١٨٩٧ ڕدیۆو ١٩٠١ ناردنی بێتەل بەئەتڵەسی داو ١٩١٣ ناردنی زانیاری یەکان بەتەل و بێتەل ١٩٢١ ئێزگەو ١٩٢٥ ئیزگەی پەخش کراو ١٩٢٢ ڕدارو ١٩٢٦ تەلەفزیۆن و ١٩٣٠ پەخشی T.V و ١٩٣٥ وێنەی ڕەنگاوڕەنگ و ١٩٤٤ کۆمپیتەرو ١٩٤٥ پەخشی T.V ڕەنگاوڕەنگ و وەلەلایەکی تریشەوە دووای جەنگی دووەمی جیهانی شۆڕشی زانیاری تەنکۆلۆژیای گەورەی بەخۆیەوە بینی وەکو ساڵی ١٩٤٥ شریتی تەلەفزیۆنی و ١٩٥٧ مانگی دەستکردو ١٩٦٢ یەکەمین مانگی دەستکرد بۆ بوارەکانی ڕاگەیاندن و ١٩٦٩ ئینتەرنێت و ڤیدیۆ و ١٩٥٢ ئاژانسی هەواڵە وێنەی یەکان و ١٩٨٢ شۆڕشی تەکنۆلۆژیا ئێستا ڕۆژ بەڕۆژ لەپێشکەوتن و داهێنان دایە، هەرچەندە لەسەرەتادا ڕاگەیاندن زیاتر لەخزمەتی دەسەڵات دا کاری ئەکرد کەمتر بەلای کێشەو گرفتەکان و ڕازو سکاڵاکانی خەڵکەوە ئەچوو ، بەڵام بەهۆی گۆڕان و ڕۆشنبیری کۆمەڵگاوە توانرا ڕای گشتی خەڵکی تێدا بەرجەستە بێ بەهۆی دیموکراسی و ئازادی یەوە هەرچەندە لەپێش سەدەی هەژدەهەم ڕاو بیرو بۆچونی خەڵك بایەخی پێ نەئەدرا ، بەڵام بەهۆی گۆڕانکاری و بەرەو پێشەوە چوون لەئەوروپاو شۆڕشی گەورەی فەرەنسا ١٧٨٩ تووانی جەماوەر بێنێتە دەنگ و بەئاشکرا ئازادی و یەکسانی و ڕای گشتی خەڵك بەسەر دەسەڵات دا چەسپاو هەر بەهۆی ئەمەشەوە بوو لەسەدەی نۆزدەهەم دا سیاسەتی وولاتان و میرەکان بووە مایەی ململانێ و جەنگ لەپێناوی ڕووبەڕوو بوونەوەی جەماوەر لەدژی ڕای گشتی ، بەڵام نەیان توانی پێش بەکاروانی خەڵك بگرن و سەرەنجام ڕای خەڵك حیسابی بۆ کراو لەچەندین زانکۆکانی دنیا لەم ڕووەوە بایەخی پێ ئەدرێ و وەچەندین پەیماننامەو بەڵێنی نێو دەوڵەتی لەم بووارەدا هەیە و داهێنانی نوێش لەخزمەتی خەڵك دایەو هەر بەهۆی ڕاگەیاندنیشەوە بووە کەمرۆڤ توانیویەتی لەڕاستی یەکان و نهێنی یەکان و ڕووداوەکان تێ بگاو شرۆڤەیان بکا ، بەڵام دەبێ ڕاگەیاندنیش بەڕاستگۆییەوە ڕووداوەکان وەکو خۆی دەربخا نەك چەواشەیان بکا ، چونکە ئەوکاتە میللەت بەرەو هەڵدێران دەچێ بۆیە پێویستە ڕاگەیاندن ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ زمانحاڵی خەڵك و ئازارەکانیان بێ ئەگینا ڕاستی خۆی لەدەست ئەداو وەکو ڕۆژنامەیەکی ڕوو زەرد تەماشا ئەکرێت ناتوانێ پەیامە گرنگەکەی خۆی بگەیەنێتە خەڵك هەرچەندە زۆرجار ڕاگەیاندن بەمەبەستی سیاسەت و چەواشەکردن و بازرگانی کردن کار ئەکا ، بەڵام ئەمانە ناچنە خانەی خزمەتی خەڵکەوەو زووش لەبیر خەڵك ئەچنەوەو بەڵکو دەبێ ڕاگەیاندن وەکو دەسەڵاتی چوارەم بەڕاست و دروستی جیهانێکی نوێ و مۆدێرن دروست بکاو گوێ لەئازارەکانی خەڵکی بگرێ و ڕای ئازادو داهێنانی زیاتری تێدا بەرجەستەبێ و دەسەڵاتی گەندەڵ و مشەخۆر بهێنێتە لەرزین و بەبیرو ڕای جوان میللەتەکەی ڕۆشنبیر بکات و پەردە لەسەر ڕووداوەکان هەڵماڵێ و ڕاگەیاندن و خەڵك وەکو ئاوو ماسی لێ بکاو

سڵەمینەوەی نەبێ لەکارکردندا و بەدواداچونی هەبێ پێشەنگی ناو کۆمەڵگا بێ ئەمجار ڕاگەیاندن جێگای بایەخی خەڵك ئەبێ لەهەموو ڕوویەکەوە کورد وتەنی (قسە هەزارە یەکی بەکارە) .

سەرچاوەکان

- ڕێبەری پێشمەرگە ژ . ٧٣ لا ١١
- ڕۆژنامەو ڕای گشتی (محمد عبدالله کەلاری )

# فایل و
# چەپڵە

ئەگەر بۆمێژووی گەلان و دنیا بگەڕێینەوە پڕیەتی لەڕووداوی جۆراوجۆر پڕیەتی  یەکێك لەم شێوازانە مەسەلەی فایل و سیخوڕی بووە کەلەژێر ناوو پەردەی جیاوازدا بووەو وولاٌتان بەگشتی لەمەدا بێ بەش نەبوون و  هەرچەندە هەندێ جار بۆ زانینی نهێنی یەکانی دوژمنەکانت تۆڕی جاسووسی تیا ئەچێنی کەئەمە کارێکی ڕەواو بەئاگاداری دەسەلاٌتەو ، بەلاٌم لەهەمان کاتیشدا خەلٌکانێك هەن کەبەبێ ئاگاداری و ویستی شۆڕش لەژێر پەردەی شۆڕشگێڕی یەوە خۆیان ئەفرۆشن و هەرچی زانیاری و نهێنی هەیە ئەیدەنە دوژمنەکانیان دیارە ئەمە بەپێ ی پەیڕەوپڕۆگرام لەهەموو دنیادا ئەبێ بکوژرێت یا هەتاهەتایی زیندانی بۆ ببڕدرێتەوە ، چونکە ئەمە خیانەتە بەگەل و شۆڕش و شەهیدەکان و ئەگەر لەم ڕوانگەشەوە تەماشای گەلان بکەین ئەمەیان بەخیانەتی گەورە داوەتە قەلەٌم و لێبوردنیان تیانەکردووە ، هەروەکو (میرابۆی) سەرکردەی فەرەنسی یەکان کەبەباوکی شۆڕش ناسرابوو ، بەلاٌم دووای مردنی کەدەرکەوت فایلی هەبووە لەگۆڕ دەریان هێنایەوەو نەفرەتیان لێ کرد ، یاخود لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنی یەکێتی سۆڤیەت دا کەلەئاستی سەرکردایەتی و خوارەوە فایلیان دەرکەوت لەلایەن گەل و شۆڕشەوە ئیعدامی شۆڕگێڕانە کران هەرچەندە خەبات و ماندووبونێکی زۆریان هەبووە ، بەلاٌم بەرژەوەندی گەل لەسەرووی هەموو شتێك بوو وەبەسەدان نموونەی لەم جۆرە هەن کەباسیان لێوە بکەین ، بەلاٌم لەمێژوی گەلاندا ئەم دیاردەیە وەکو میکرۆب و گەندەلٌی تەماشا ئەکرێ و بۆیە ئەبێ ڕیشەکێش بکرێ و وەئەمرۆ لەئەوروپاو گەلانی پێشکەوتن خوازدا لەسەر مەسەلەیەکی وەکو (مۆنیکاو کلینتۆن) چۆن ئابڕوویان برد یا لەولاٌتێکی وەکو سوئید دا دووای ئەوەی وەزیرێك دەرنەچوو بۆوەو قەنەفەکانی برد بۆ مالٌەوە درایە دادگاو وە لەولاٌتێکی وەکو بەریتانیا (دێڤد بلانکێت) لەسەر ئەوەی بەناڕەوا پەساپۆرتی مانەوەی دابوو بەئافرەتێکی پاکستانی دووای دادگای لەسەر کارەکەی لابرا کەوەزیری ناوخۆ بووە چەندین کاری لەم شێوانە سزادانی لەسەر کراوە، بەلاٌم بەداخەوە لەکوردستان کەلتوری بەعس تاوەکو ئێستا دەوری خۆی هەیە کەتەنیا فێری چەپلٌەو گوێ نەدانین بەڕاستی یەکان و ئەوەی بەلای منیشەوە زۆر جێگای نیگەرانی بوو پلنیۆمەکەی یەکێتی بوو کەبەحیساب هەرە خەلٌکە پاك و ڕۆشنبیرو سیاسەت گێڕەکانی یەکێتی چووبوونە هۆلٌی پلنیۆم بۆ ئەوەی چارەنووسی کوردو یەکێتی لەدەم و پلانی ئەمانەوە نەخشەو کاری بۆ دابنرێ ، بەلاٌم کاتێ بینیم بەچەپلٌە لێدان فایل دارەکان دائەنێنەوە زۆر گریانم هات بۆ خوێنی شەهیدان و دایکانی جگەر سووتاوو زیندانی یەکان و ئەنفال و کیمیاوی و بێ سەرو شوێنەکان ، چونکە لەم پلنیۆمە تێ گەیشتم کەمیللەت و دەسەلاٌتمان تەواو گەندەلٌ و خۆش باوەڕ بووە نابێ چاوەڕوانی گۆڕان بکەین بۆ کوردو یەکێتی ، چونکە ئەگەر ڕۆشنبیرەکە ئاوا بیربکاتەوە ئەدی دەبێ نەزان و بێ ئاگاکان چۆن هەلٌپەڕن ، بەداخەوە ئەوە یەکەم جار نی یە لەسیاسەتی کوردیدا پینەوپەڕۆکردنەو هەتا ئاواش بین پینەوپەڕۆی گەورەتر ئەبینن و وەدەشلٌێم هەموو فایل دارەکان حەقی خۆیانە بەپێ ی یاسایی بەرگری لەخۆیان بکەن ، بەلاٌم دەپرسم سالٌی ١٩٩١ چەندین فایل هەبوو لەناو بەرەی کوردستانی سەرەوژێر کراو پشت گوێ خرا بەبیانوی جۆراوجۆرو لەگەلٌ ڕووخانی صدامیشدا دووبارە فایلەکانی بەرەی کوردستانی لەئاستی بەرز ئاشکرابوون فایلی شۆڕشگێڕەکانی شاخ زۆر گەورەتر بوو لەمستەشارەکانی شار ئەمیان چەپلٌەی بۆ لێ ئەداو ئەویشیان هەڕەشە ئەکا کەنابێ باس بکرێ و لەم لاشەوە بڕیار ئەدەن هەرجارەی (٢٠) کەس دادگایی و لێپرسینەوەی لەگەلٌ بکرێ ، بەلاٌم ئەمەش بوە بلٌقی ئاو لەم لاشەوە لەدادگای عێراقی دا لەسەر ئەنفال دەلٌێ ئەبێ هەندێ لەمستەشارەکان و وفیق سامرائی بدرێنە دادگا ، بەلاٌم بەداخەوە دەسەلاٌتی کوردی تەقەی لەسەری دێ و ئایا ئەگەر ئەمڕۆ نەتوانین فایلچی یەکان دادگایی بکەین یاهەر نەبێ لەسەر کاریان لابدەن ئەدی چۆن تاوانبارانی ئەنفال و شۆڕش ئەتوانن سزابدەن و دەسەلاٌت لەگەندەلٌی بپارێزن و لەلایەکی تریشەوە زۆر ئەترسم لەوەی کەڕۆژێك لەڕۆژان کارەساتی بەغدا بەسەر ئێران و تورکیا داهات ئەوانەی ئەمڕۆ چەپلٌەیان بۆ لێ ئەدەین و بەخەمخۆری ئەم گەلەیان ئەزانین فایلیان لەوێش هەبێ ، چونکە بەداخەوە شۆڕشی کورد کاریگەری وولاٌتانی دراوسێ ی بەسەرەوەیە و ئەمجار نازانم شۆڕشی کورد بەم بچوکیەی خۆی لەشاخ کوا پێویستی بەم هەموو فایلە هەبووە کەبەداخەوە کەئێستا بەرپرسان بۆیان پینە ئەکەن ، بەلاٌم لەسەردەمی

شاخ چەندین شۆڕشگێڕ ئیعدام کران بەناوی پەیوەندی یەوەو وەجاشی وەرەقەکان یادەبوایە بکوژین یا (٥) هەزار دینار بدەن بۆیە پێویستە دەسەلاّتی کوردی و پەرلەمان حەق وایە چیتر ڕێگەنەدا بەفایلچی و گەندەلّچییان ببنە میکرۆب بۆ گەل و شۆڕش و چونکە ئەمانە کرمی دارن و دەسەلاّت دائەڕزێنن و چیتر مەسەلەی نەتەوایەتی نەکەنە قوربانی دەسەلاّت و حیزبایەتی .

# ئافرەت و

# دەستور

دەستور لەهەر ولاَتێکدا هەبێ لەسەربنەمای یەکسانی و دادپەروەری نیشانەی پێشکەوتنی ئەو ولاَتەیە ، بەلاَم ئەگەر هاتو دەستور وەکو پێویست ڕێزی لەنێوان چین و توێژەکان نەگرتبو وەئافرەت و پیاویشی وەکو یەك تەماشانەکردبوو ئەوابێشك ئەم دەستورە بەرەو هەلاَدێران و شکست ئەچێ ، هەرچەندە عێراق لەسەردەمی پێشودا لانکەی شارستانیەت بووە (حامورابی ) بەیەکەمین داهێنەری یاسا ئەژمێردرێ ، بەلاَم بەداخەوە نەتوانراوە سوودی لێوەربگیرێ مەسەلەی ئافرەتیش لەگشت سەردەمەکان تاوەکو ئەگاتەوە دەستوری تازەی عێراق وەکو پێویست دانی بەیەکسانی و هاوکاری نێوان نێرو مێ دا نەناوەو بەشێوازێکی تر نەیهێشتوە بێتە پێشەوەو ئەگەر هاتوشە لەبازنەیەکی داخراودا ئەسوڕێتەوەو پابەندی کەلتوری باوك سالاری کردوە ، لەسەردەمی هارونە ڕەشید و عباسی و ئەمەویەکانیشدا دەستوریان نوسی ، بەلاَم لەمەشدا ئافرەت بێبەش بوو لەزۆر ماف و ئەرکەکانیدا ، تەنانەت لەسالَی ١٩٠٨ سەردەمی عوسمانیەکانیشدا نەیان توانی ئافرەتان ڕزگار بکەن و بیان هێننە مەیدانەوە ، چونکە بەپێی شەریحەتەکان فرەژنی و تەلاَق و میرات و دەسەلاَت و کار بۆ پیاوەو هەندێ تێڕوانینی جیاواز ئەبینی لەڕووی زەماوەندو شوکردنەوە لەمەزهەبەکاندا جولەکەکان تەمەنی زەماوەندییان بۆ کوڕ ١٣ سالَ و بۆ کچ ١٢ سالَ دیاری کردوەو مەزهەبی حەنەفی بۆ کوڕ ١٨ سالَ و کچ ١٧ سالَ و هەردوو مەزهەبی شافحی وحەنبەلی ١٥ سالَیان بۆ کوڕ و کچ داناوەو مەزهەبی مالیکش ١٧ سالَ ، بەلاَم لەجەعفەریشدا تەمەنی نۆسالَیان داناوەو تەنانەت مارەبڕینی مندالیشیان بەڕەوا زانیوە ، بۆیە دەکرێ بلێین هەموو ئەو یاساو ڕێسایانەی دەرچون تەنانەت لەسەردەمی بەعس سەبارەت بەئافرەت تەنها دیکۆری بوون و ناوەڕۆکیان زیاتر ڕەنگدانەوەی نایەکسانی بووەو تەنانەت بڕیاری دابوو کەئافرەت مێردەکەی لە خزمەتی سەربازی رایکرد بۆی هەیەلێی جیابێتەوە ئەمەشی لەخزمەتی بەعس ئەکا نەك مەسەلەی ئافرەت ، جگەلەمەش گەرتەماشای مێژووی دەستور لەگەلَ دروست بونی دەولَەتی عێراقدا بکەین لەسالَی ١٩٢١ تاوەکو سەردەمی دەستوری تازەی حوکمەتی فیدرالَی ئێستای عێراق گۆڕانێکی بنەڕەتی و یەکسانی و دادپەروەرییانەی بەخۆیەوە نەبینیوەو کەلەماف و ئەرکدا یەکسان بژین و بێنە مەیدانی کارکردنەوە بەلَکو لەژێر چارشێوەو بازنەیەکی تەسکدا ئەخولێتەوەو یاسای تازە پێی ئەلَێ ڕێگەنادەین بەفرەژنی و هەرکەسێ بیکا زیندانی و غرامە ئەکرێ کەچی لەم لاشەوە بەخشکەی پێت ئەلَێ ئەگەر لەتوانات دابێ لەڕووی دارای و عەدالەتیان بپارێزی و چەند مەرجێکی داناوە کەلەخزمەتی پیاودایە ئەتوانێ ژنی دووەم بهێنێ ، هەروەها تەلاقیشی لەدەستی پیاودا هێشتۆتەوە کەدەبوایە یاسا بۆ هەردولا وەکو یەك بوایەو ماددەی ٢٥ ئەلَێ ژن دەبێ گوێڕایەلَی مێردەکەی بێت لەهەموو ڕوویەکەوە تەنها کاتێ گوێ بەپیاوەکەی نەدا کەفەرمانی پێچەوانەی شەرع کردو هەروەها ماددەی ١٧ ڕێگا لەژن دەگرێ شووبە پیاوی دەرەوەی ناموسلمان بکات ، بەلاَم ڕێگا بەپیاو ئەدات ژنی ئەهلی کیتاب بهێنێ و مادەی ١٠٢ دەلَێت (سەرپەرشتیاری کەسی بچوك باوکیەتی پاشان جێنیشنی باپیرە ئەمجا دادگا ) بەبێ ئەوەی ناوی دایك بهێنێ کەبەخێوکەری یەکەمیەتی ، لەمەسەلەی زەماوەندو تەلاَق دانیشدا ئەبێ شاهیدەکان پیاوبن وەکو داب و نەریتێك ئەمە پەیڕەو دەکرێ و یاسا هیچی لەم بارەوە دیاری نەکردوە ، بۆیە پێویستە دەستوری کوردستان یەکسانی و کارو ماف و ئەرکەکانی نێوان ژن و پیاو وەکو تەواوکەری یەکتری تەماشا بکا لەدەستوری هەرێمی کوردستانیشدا ڕێگا بکیرێ لەهەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك و داب و نەریتی دواکەوتو کەناهێلَێ ئافرەت وەکو پیاو ماف و ژیان و یەکسانی هەبێ ئەمەش پێویستە بەشێوەی مرۆڤانە لەبەرچاوبگیرێ و ڕەنگدانەوەی لەکاروباری حیزبی و حوکمیەکاندا هەبێ بەپێی یاسا جیاوازی ڕەگەزی نەمێنێ و لەم لاشەوە ئەبێ ئافرەتان خۆیان ووشیارو ئامادەبکەن لەپێناوی بەرگری کردنی لەمافەکانی خۆیان و چیتر ڕێگە نەدەن چارەنوسی پیاوان بۆیان دیاری بکەن و خۆیان خاوەنی مافەڕەواکانێیان بن لەڕاگەیاندن و خۆپیشاندان وەمو مرۆڤ داوای مافەکانیان بکەن و ببنە ئەمری واقیع هاوشان بژین لەگەلَ پیاواندا بەبێ جیاوازی ئەمەش بەڕۆشنبیری و کۆلَنەدان دێتە دی .

# هەڵبژاردنێکی گەندەڵانە

دیاریدەی‌گەندەڵی شتێکی تازە نی یەو تایبەتمەندی هەبێ بەشوێنێکەوە ، بەڵکو مێژوویەکی دوورو درێژی هەیەو لەهەموو قۆناغ و سەردەمەکان دا هەبووە . لەبەرامبەر ئەمەشدا دەنگی نارەزای و چاکسازی قووت بۆتەوەو لەململانێ دا بووەو ئەگەر لەم ڕوانگەشەوە سەیری مێژووی سەرهەڵدانی گەندەڵی بکەین ئەبینین هەمیشە دەسەڵات و خەڵك لەنێوانیاندا دیوار هەبووەو دەنگ و ڕەنگی یەکتریان نەبینیوە ، هەروەکو ئەوەی چۆن لەسەردەمی خەلافەتی عیمان دا ڕوویدا هەتا ئێستا هەموو ئەو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەی دژی دەسەڵات ئەکرێ هەموو لەئەنجامی گوێ نەگرتن و چاك نەکردنی ژیان و بژێوی خەڵکە . بۆیە باشتر وایە دەسەڵات لەخزمەتی خەڵك دابێ و لەهەمان کاتیشدا ئەبێ چارەسەر کردنی گەندەڵی بەبەرنامەو پیلان و هەنگاو بەهەنگاو بێ و ئەگەر لەم ڕووانگەشەوە تەماشای هەڵبژاردن بکەین کەپڕۆسەیەکی دیموکراسی و ئازادەو حەق بەهەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگا ئەدا کەچۆن بەسەربەستی لەدایك ئەبێ ئەواش هەموو مافێکت ئەبێ لەژیان و بڕیاردان بەڵام هەڵبژاردن بۆ کۆمەڵگایەکی شارستانی و پێشکەوتن خواز ئەبێ کەدوور بێ لەگیانی خزمایەتی و عەشیرەتی و مادەو ، بەڵکو لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندن و پێوانەو کارکردن کاری بۆ ئەکرێ بەڵام لەکۆمەڵگاو دەسەڵاتی تاکرەوی دا پێچەوانەیەو ئەگەر لەڕوانگەی هەڵبژاردنەوەی ئێستای مەڵبەندو کۆمیتەکان تەماشا بکەین دیاریدەی گەندەڵکاری زیاتر ئەبینن لایەکیان پڕوپاگەندە ئەکا بۆ ئەوەی  شۆڕش لەناو شۆڕشدا بکەین و دام و دەزگا حیزبیەکان و حوکمیەکان لەیەکتری جیا ئەکەینەوە بۆئەوەی حیزب نەبێتە دکتاتۆر ، پێویستە هەموولایەکمان کاری بۆ بکەین و لەم لاشەوە ئەوەی تر دەڵێ ئەم هەڵبژاردنە لەپێناوی مانەوەی لوتکە دایەو ئەمانە ئەیانەوێ هەڤاڵ مام جلال لابەرن و لەم لاشەوە هەردوولا بەخزم و عەشیرەت و پارە ئەچن ئەندامەکانی خۆیان ئەکڕن لەپێناوی هەڵبژاردن دا بەم شێوازە کارکردنەشیان گەندەڵی و بێ ئومێدی زیاتر دێتە ناو ڕیزەکانی ڕێکخستن بۆیە ئەبوایە هەردوولا لەپێناوی نوێ بوونەوەو هەڵبژاردن پەنایان بۆ کاری عەشیرەتی و پارە پێدان نەبردبایە بەمەش وەکو سەردەمی جاشایەتی و سیخوڕی و کۆمەڵگایەکی دوواکەوتوو بۆگەن بەرهەم ئەهێنێ و قوڕ بەسەر ئەو کەسە شۆڕشگێڕو ڕۆشنبیرانەش ئەبێ کەخەت و تەکەتولی هیچ کەسێك نین و ناتوانن بێنە پێشەوە بۆیە باشتر وابوو هەڵبژاردن بۆ کاری حیزبی لەسەر ئاستی خزمەت و لێك تێگەیشتن بوایە چونکە ئێمە داوای نۆژەن کردن و ڕیفۆڕم ئەکەین بۆیە جێگای خۆیەتی بپرسین ئایا پاداشتی خوێنی شەهیدەکان بەم گەندەڵیە ئەدەینەوە یاخود تاوان نی یە لەناو حیزبێکی سۆسیال دیموکرات دا ئەندامەکەی خۆت بەپارە بکڕی و دەنگت پێ بداو ئەبێ چارەنووسی بەچی بگا ئەمڕۆ لەناو حیزبەکەی خۆیدا دەنگەکەی بفرۆشێ ئەدی بەیانی چۆن تەزکیەو سەروەت و سامانی ئەو وڵاتە نافرۆشێ . ئایا بیر لەوەکراوەتەوە کەئەم شێوازە کارکردنە شێوازێکی نامۆو (مەکیاڤیللی) یانە کەبۆ گەیشتن بەدەسەڵات گوێ نادات بەهیچ بەهایەکی مرۆڤایەتی و ئەخلاقی و هەموو شتێك لەپێناوی گەیشتن بەدەسەڵات سەرف ئەکاو بەم دیاریدەیەش حیزب بەرەو دکتاتۆریەت ئەبا ، ئەمە نەك هەر هەڵبژاردن و نوێ بوونەوە نی یە بەڵکو هێنانەکایەی کەلتورێکی جاشانەو بەعسیانەیە کەدەیگوت هەموو شتێك لەپێناوی سەرکەوتن دایەو لەهەمان کاتیشدا ئەم هەڵبژاردنە ململانێ کەی لەئاستی فکری گواستەوە بۆکاری شخصی و ئەو تەکەتولەی کەدەنگ بەپارە ئەکرێ بەیانی خۆیشی ئەفرۆشێ ... بۆیە دەبوو تەکەتولچیەکان بیریان لەهێنانی پارەو بەنزین و گاز نەکردبایەوە ، چونکە بەم کارەیان سیمای دیموکراسی و هەڵبژاردنمان ڕەش کردوو میللەت و حیزبەکەشمان زیاتر بەم شێوازە کارکردنە چەواشەو گەندەڵ کرد .بۆیە پێویستە ڕێگە بگیرێ لەم شێوازە کارکردنەو هیچی کەمتر نی یە لەوەی مرۆڤەکان بەچەك بکوژی و بەم کارەش دوور ئەکەوینەوە لەپرنسیپەکانی حیزب بەرەو هەڵدێران و دکتاتۆریەت ئەبەین و ڕێکخستنەکانیشمان ئەبنە مشەخۆر لەسەر ئەم کۆمەڵگایەو ناتوانین گۆڕانکاری بکەین و خزمەتی خەڵك بکەین بۆیە ئەگەر خۆمان چاك نەکەین و نەگۆڕین ئەوا لافاوی شۆڕشگێڕانەی جەماوەر ئەمان گۆڕێ و هەموو سەروەری و ڕابردوو وداهاتوشمان لەدەست ئەدەین و پەشیمانیش دادمان ناداو کورد وتەنی (قسە هەزارە یەکی بەکارە) ...

# کۆچبەری کوردو مەترسی هەلگرتنی نەخۆشییەکان .. ؟؟ !!

ئەمرۆ بەهۆی ئەو بارە سیاسییە ئازادەی لەکوردستان خولْقاوە .. جێگای داخە لەگشت چین و توێژەکانی کوردستاندا کۆچ کردن بەرەو هەندەران بۆتە دیاردەیەکی ئاسایی و کۆچبەری کورد کاتێك کوردستان جێ ئەهێڵێت پاشینەیەك و کەلتورو ئایینێك بەجێ ئەهێڵێت و خۆی لەناوەندێکی جیاوازدا دەبینێتەوە سەرەڕای کۆمەڵێك گیروگرفتی تر کە دێتە ڕێگای بەهەموو لایەنە پۆزەتیف و نێگەتیفەکانییەوە ، کاریگەری خۆی لەسەر بنیاتنانەوەی ژیان جێ دەهێڵێت بۆیە پەروەردە کردنی کۆچەری کورد لەهەندەران پێویستی بەتێگەیشتنی ئیجابی هەیە تاوەکو توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی هەبێ چونکە لەهەندەران جگە لەوەی تووشی دابڕان و گۆشەگیری و خەمۆکی و نەبوونی وەڵامی ئیجابی و بوونە ئالەت لەپێناوی ژیاندا ئەبێ لەهەمان کاتیشدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك کاری مەترسیدار ئەبێتەوە ، لەڕووی قاچاخی ماددە بێ هۆشکەرەکان و کێشانیان یاخود لەڕێگای سێکسەوە ئەمیش توش بوونە بەئایدزو کەهەردوو کێشەکان کۆمەڵگا توشی گرفتی مەترسیدار دەکات ، کۆچبەری کوردیش لەم ئاڵۆزییەدا گوزەر و بژێوی ئەکا و بۆیە بە پێویستم زانی تیشکێك بخەمە سەر مادده بێ هۆشکەرەکان کەلە ئەوروپا برەوی خواردن و کێشانی هەیە هەر لەچاو قاوەو جگەرە و ئەلکهولەوە هەتا دەگاتە بەهێزترین ماددەکانی وەك کۆکاین و هێرۆین و ئەسید و .... هتد ، کۆمەڵێك دژەی کۆمەلآیەتی کوشندە لەگەڵ خۆی دەهێنێت بێجگە لەنەخۆشی و ناساغی جەستەیی و دەرونی کاریگەرو ئەنجامدانی کاری نایاسایی و تاوان و لەدەست دانی پلەو پایەی کۆمەلآیەتیش .. بۆ نمونە لەبەریتانیا سالآنی ١٩٩٥ – ١٩٩٦ (٨٦٠٠ ) کەس لەئەنجامی بەکارهێنانی مادده بێ هۆشکەرەکان گیانیان لەدەست داوە و ساڵی ١٩٩٧ (١٢٧١٠٠) کەس سزا دراون و ساڵی ١٩٩٨ (١٣٠هەزار) کەس سزا دراون لەمانە لە ٨٩٪ نێر بوون لە ١١٪ مێ لە ٦٪ خوار تەمەنی ١٧ ساڵ بوون ٢٨٪ خوار ٢٠ ساڵە بوون لە ٢١٪ لەسەرووی بیست ساڵەوە بوون .

ئەمەش ناوی ئەو مادده قاچاخانەیە کەبەکار ئەهێنرێت :

١- کانە پیس حەشیشە و تریاك و بەنگ .
٢- ئەمفیتامین .
٣- نیترِاتیس .
٤- ئێك ئێس دی ئەسید .
٥- ماجیك مەشرِو مس .
٦- ئێکستەسی .
٧- سۆلڤێنت .
٨- کۆکاین .
٩- ترانکدەلایزەرس .
١٠- هێرۆین و کراك کۆکاین .

لەسەر ژمێری بەریتانیادا هاتووە لە ٤٠٪ ی ئەوانەی تەمەنیان لە ١٦ – ١٩ ساڵین لە ٢٠٪ ی ئەوانەی تەمەنیان لە ٣٠-٥٩ ئەمەیان کێشاوە بەتاوانیش ئەژمێردرێت . ئەو ماددانەی کەناویان هاتبوو هەندێکیان لەڕێگای جگەرەوە دەکێشرێ و هەندێکی تریان بەهۆی چاو قاوەوە و هەشیانە بەهۆی لووتەوە هەڵئەمژرێ و هەشیانە لەڕێگای دەرزی لێدانەوە تێکەڵی خوێن ئەبێ و هەشە گەرم ئەکرێ و هەڵمەکەی هەڵدەمژرێت بەڵام جیاوازی لەبەکار هێنانیدا هەیە لەڕووی کاریگەرییەوە ، بۆ نمونە ئەلکهول و هێرۆین ئەمانە کارکردنی جەستەو مێشك هێواش دەکەنەوە هەروەها دەبنە هۆی سڕبوون کەزۆر بەکاربهێنرێت بەڵام ئەمفیتامین و کۆکاین و ئێکستەیسی کاریگەری کاتی و درۆزنانەیان هەیە وزە دەبەخشن و دوایی لەکار ئەکەونەوە بەڵام SD و ماجیك و مەشروسن هەستەکانی بینین و بیستن و تام و چێژ لاواز دەکەن خۆ ئەگەر بێتو هەر یەکێك لەم ماددانە بەبەردەوامی بەکار بهێنرێن و ئیدمان بی لەسەری ئەوا ئەبێتە هۆی مردن و

ڕوودانی تاوان و کارەسات هەروەها ئەبنە هۆی قەلەقی و بێ تاقەتی زۆر هەروەها نەخۆشییەکانی دڵ و فشاری خوێن و ئەمانەی لەڕێگای دەرزیشەوە بەکار ئەهێنرێن ئەبێتە هۆی توش بوون بەنەخۆشی ئایدز کەجیهان بەدەستییەوە ئەناڵێنێ و هەروەها هەوکردنی جگەر جگە لەمەش هەر بەهۆی بەکارهێنانی ئەم ماددانە کەئەبێتە هۆی درووست بوونی کۆمەڵێك گرفت وەکوشەڕو ناکۆکی ناو خێزان ، پەیوەندیان بەدەرکردن لەقوتابخانەو کارو ئیش و تۆمار کردنی تاوان و هەروەها دزی و گەندەڵی کۆمەڵ .... هتد پۆلیس ژمارەی ئەو کەسانەی لەسەر ماددە بێ هۆشکەرەکان ئەژین و تاوان ئەنجام ئەدەن مەزندە کردووە بە ١٣٠ هەزار تا ٢٠٠ هەزار کەس لەبەریتانیادا هەموو ئەمانەش پەنا ئەبەنە بەر دزی و تالان و دوکان بڕین و ماڵ .. لەپێناوی دابین کردنی ئەم ماددانە کەنرخی ئەم شتوومەکانە بەبڕی ٢,٥ بلیۆن پاوەن مەزەندە دەکرێت لەساڵێکدا .. لەکۆتاییدا بەپێویستی ئەزانم لە خاڵە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستاندا ڕەچاوی نەخۆشییەکان بکرێ لە کۆچبەری کورد لەهەندەراندا باشتر وایە پشکنین و لێ پرسینەوە هەبێ بۆ ئەوەی بانێك و دوو هەوا ئەبێ .. ! ؟

## وێنەکان...

## خۆیان ئەدوێن

مرۆڤ هەرلەکۆنەوە بەهێماو وێنەو ئیشارەتی بەکارهێناوە بۆلەیەکتری تێگەیشتن و دەربڕینی ڕازوسکالاکان و لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی لەڕووی داهێنان و تەکنۆلۆژیا زیاتر بەرەو پێشەوە چووەو توانیوویەتی ئامڕازی گرنگتر دابهێنێ و کاری پێ بکا وەکو ئەوەی ئێستا ئەیبینین و ئەیبیستین لەزۆر ڕووەوە لەژیانی ڕۆژانەمان بەکاردێ و یەکێك لەمانە ڕاگەیاندنی بەهەموو شێوازەکانی یەوە کەبەشێکی ڕاست و دروست کاری پێ بکرێت کۆمەڵگا بەرەو گۆڕان دەبات لەهەموو ڕوویەکەوە بەرەو باشە ، بەڵام ئەگەر ڕاگەیاندن لەپێناوی دەسەڵات بخرێتە گەڕ ئەوا میللەت بەڕووی چەواشەکردن و دوواکەوتن ئەچێ ، بۆیە پێویستە ڕاگەیاندن وەك خۆی و ئاوێنە ڕووداوەکان پیشان خەڵك بدات بەشێوازێکی گەرماوگەرم و لەکات و شوێنی خۆیداو بەدوادا چونیشیان هەبێت تاکۆتایی ڕووداوەکە ... ، بەڵام ئەگەر سەیری ڕاگەیاندنی دەسەڵات بکەین لەکوردستان دا بەهەموو شێوازەکانی یانەوە دەبینین تەنها برینەکان ئەکولێننەوەو بێ چارەسەریش ڕووداوەکان بەجێ ئەهێڵن و دەبینین یادی کیمایا باران و ئەنفال و شەهیدەکان ئەکەنەوە ئەمە جگەلەوەی کەکارەساتێکی تراژیدیایەو مەرگی ڕۆڵەکان ئەهێنێتەوە بەرچاوی خەڵك ، بەڵام لەم لاشەوە صدام چووە ژێر گڵەوە نازانین چارەنووسی شەهیدەکان و ئەنفالەکان لەکوێ یە ئایا پیشاندانی ئەو وێنانە سوودی چی یە ئەگەر تاوەکو ئێستا سەرژمێرو لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەتان لەبارەوە نەکردبن ، چونکە هەر بەئاشکرا کردنی چارەنوسیان دڵیان ئاو ئەخواتەوە نەك بەکولاندنەوەی برینەکانیان یاخود لەم لاشەوە لەتەلەفزیۆنەکان وێنەی زۆر لەمستەشارەکان نیشان ئەدەن کەخەڵکی ئەکوژن و ئەنفال دەکەن نازانم ئەم وێنانە بۆ پیشانی خەڵك ئەدەن یا ڕوویان دێ بلاوی بکەنەوە بۆ ئەمانەی لەسەر شاشەکان ئەیانبینین زۆربەیان بەرپرسی دەسەڵات نین ؟ یاخود بۆ لێیان ناپرسنەوە بلێن ئەمەتان بۆ کرد ؟ ئەمە لەکاتێکدا کەزۆر لەدایکانی جگەر سووتاو لەدادگا داوایان تۆمار کردووە ، بەڵام کەس بەپێشوازی یانەوە ناچێ و لەم لاشەوە فرمێسکی تیمساحی ئەڕێژن و بۆیە جێ ی خۆیەتی لەدەسەڵات و پەرلەمان بپرسین کەی پاداشتی شەهیدو ئەنفالەکان ئەدەنەوەو تاکەی هەر لایەو چەندین تاوانبار لەژێر باڵی خۆتاندا ئەحەوێننەوەو پاکانەیان بۆ ئەکەن و جێ یان پێ ئەگرن و پیشتان وایە بە (٢٥٠) دینار ئەمە باشترین پاداشتە ئەمە زۆر هەڵەیەو باشتر وایە بیر لەبڕیارێکی شۆڕشگێڕانە بکەنەوەو کەلەخزمەتی شەهیدان و خەڵك دابێ کەچی تر مشەخۆرو کرمی ناودار قەڵەو نەکەن و هەردووڵاتان لەپەرلەماندا بڕیاری ئەوانەی دەستیان لەئەنفال و کوشتن و فایل دا بووە بەبەرچاوی خەڵکەوە پەلکێشی دادگا بکرێن ، چونکە ئەمانە هەتا بمێنن میکرۆبی ناو کۆمەڵ و دەسەڵاتن بۆیە باشتر وایە پەند لەمێژووی گەلان وەربگرین لەم ڕووەوە هەروەکو ڤێتنامی یەکان تاوەکو ئێستاش ڤیزەی سەفەرو هاتوچۆ نادەنە ئەوکەسانەی کەدەستی تاوانیان هەبووە یا جەزائیری یەکان هەموو ئەوانەی دژی گەل و شۆڕش بوون نەیهێشت بگەڕێنەوە وڵاتەکەی و جگە لەمەش هەمووومان ناوی (میرابۆ) مان بیستووە کەلەفەرەنسا بەسەرکردەو مامۆستای شۆڕش ناسرابوو جگە لەوەی دەورێکی کاریگەرو چالاکی لەم وڵاتەی خۆی هەبوو ببوە خۆشەویستی ناو خەڵك و کاتێکیش مرد بەڕێزەوە ناشتیان ، بەڵام دووای چەندین ساڵ لەمردنی بەڵگەو ڕاستی یەکان ئاشکرا بوون کەئەمە فایل داربووە هەرچی مەعلوماتی نهێنی هەیە داویەتی یە دژەکانی گەلی فەرەنسا خەڵك چوونە سەر گۆڕەکەی و دەریان هێنایەوەو فڕێیان دا ... بەڵام بەداخەوە کوردستانی ئێمە بۆتە لانەی جاسوسی و فایلچی یەتی تاڕابردووت پیس بێ داهاتووت گەش و ڕووناك ترە بۆیە حەقی خۆیەتی بلێین سەرکردەو پەرلەمان ویژدانتان حاکم بێت تاکەی ئەمە قبوڵ بکرێت لەپێناوی دەسەڵات دا کەدەشزانن هەر ڕەش و ڕووتەکان سەرچاوەی سوتەمەنی ئەو شۆڕشەن و ئایا کاتی چاکسازی و پاکسازی نەهاتووە وەئێستا خەڵکی چاوی ئومێدی بڕیوەتە دادگای یەکەی بەغدا لەمەسەلەی ئەنفال تاوانبارە کوردەکان بهێنرێنە بەردەم دادگاو حەقی خۆیان لێ بکرێتەوە دەبوایە ئەم کارە پەرلەمان و دادگایەکانی خۆمان بەم کارە هەڵسابان و پەرلەمانیش بەم کارەیان ئەبوونە پشت و پەنای خەڵك و چیتر لەچاوەڕوانی دا نەئەژین دایکانی شەهیدان .

## گەندەڵی ..
## لەخزمەتی کێ دا یە

دیارە ئامانجی هەموو جولاَنەوەیەك لەدنیادا دوای گرتنە دەسەلات و گۆڕانکاری دەیەوێ بنەبڕی گەندەڵی و بیروکراسی بکاو وە لە دوای جەنگی دووەمی جهانیەوە یەکیك لەدروشمەکان دژی گەندەڵی و چاکسازیو پاکسازی بوە هەش بوە هەربەقسە بۆ هەڵخەلتاندنی خەلك ئەمەی وتوە،هەشیان بوە بە ئامانجی چارەسەرکردنی کێشەکان ئەمەی پیادە کردوەو وە گەندەڵی دەسەلات لە هەرولاَ تیك دا هەبێ ئەم کۆمەڵگایە ئیفلیج ئەکاو تەنیا دەست وباندەکانی خۆیان وەکومشەخۆردەیخۆن و وەخەڵکیش لەم ناوەدا زەرەرمەند ئەبن لەپیداویستیەکان ژیانیان دا وەکو هاولاتیەکی نامۆو بیگانەیان لێ دێو وە مەفهومی چەمکی گەندەڵی لەبیرۆکەی (ئەرستۆ) وەهاتوە کەباس لەملهوری و گوێ نەدانی دەسەلات بەخەڵکئەکا کەئەمەخۆی لەخۆیدا گەندەڵیەو لەهەمان کاتیشدا گەندەڵی دەسەلات شێوازیکی گشتی یەو بەسەر کۆمەڵگا دابەزۆر ئەچەسپێنرێو بەکارهێنانی دام ودەزگا حکومیەکانە بەشێوەیەکی ناڕەوا حوکم ئەکەن و سەروەت وسامانی ولات ئەدزن وگوێ ناگرن

لەداواکانی خەڵك وهەمووشتیك لە پیناوی سەرکەوتنی دەسەلات دا ئەکەن وەکو سیاسەتێکی (مەکیاڤیللی) یانە کارئەکەن و، وەگەندەڵی دەسەلات لەمانەدا خۆی ئەبینێتەوە فرت وفێل و درۆکردن ودزین و بەرتیل و بەکارهێنانی دارای گشتی و گوێ نەدان بەیاساو دادوەری...هتد

هەمووئەمانەش لەسەر حیسابی خەڵك ئەنجام ئەدرێ گوایە دەسەلات خزمەتی خەڵکی دەکا و! وەگەندەڵی ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە لەگەڵ سەرهەڵدانی حوکمەت هاتۆتە ئاراوە وەکو لەسەردەمی دەوڵەتی شاردا لای یۆنانییەکان یان ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانییەکان بوون بەهێزێکی داگیرکەرو بازرگانی و سەرانەو باجیان لەسەر خەڵك زیاد ئەکرد هەروەکو چۆن لەسەردەمی کلێسا – کانیش بەناوی مەزهەبەوە خەڵکیان ئەچەوساندەوە گەندەڵیان ئەکرد وەهەروەها لەسەردەمی عوسمانی کوڕی عەففان کەسەروەت و سامانی هەمووی بۆ خۆی قۆرخ کردبوو لەدووایشدا هەر موسڵمانەکان لەعوسمان ڕاپەڕین و کۆشك و خەزێنەیان بەتالاَن بردوو خۆیشی لەناو چوو ، وەلەسالاَنی شەستەکاندا لەبەریتانیا لەنێوان شاوو دژەکانیدا بەهۆی بەرتیل دان بوونە ئەندامی پەرلەمان و پشتگیری یەکتریان ئەکرد لەپێناوی گەندەڵی داو هەروەها لەئەمریکاش دا بەهۆی گەندەڵی بەرژەوەندی تاکی دەسەڵاتدار پارێزرابوو هەروەها لەسەردەمی (نیکسۆندا) زۆر گەندەڵی سیاسی و ئیداری و ئابوری و حکومی ڕوویان دا هەر بەهۆی ئەمەشەوە (نیکسۆن) لادراو جێگرەکەشی بەتاوانی دزی و باجی داهاتەوە ڕووبەرووی دادگاکرانەوە وەئەگەر لەم ڕوانگەشەوە سەیری کوردستان بکەین گەندەڵی دام و دەزگاحوکمی و حیزبیەکانی گرتۆتەوەوبۆیەپێویستی بەگۆران و چارەسەر هەیە، بۆیە پێویستە دەسەلاَتی کورد ىپەند لەڕابردووی گەندەڵی دنیا ببینێ و هەتا زووە بگەڕێتەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان کەلەخزمەتی دەسەلاَت و گەل بێ و وەداوای هاوکاریش بکا لەناوخۆو دەرەوە بۆ چارەسەری گەندەڵی چونکە بەداخەوە لە وولاَتە دوواکەوتوو گەندەڵەکان بەکوردستانیشەوە هەموو ئەو کۆمەکەی بەناوی جۆراوجۆر دێ کەس نازانێ چی لێ بەسەر دێ و مەسەلەی دەست پاکی زۆر کەمەو بەهۆی ئەم گەندەڵیەوە ئابوری ولاَت تێك ئەشکێ ومیللەت بێزار ئەبێ و ژێرخان و سەرخانی سەرمایەکەی هەڵئەلوشرێ بۆیە پێویستە ئێمە چاو لەمێژووی گەلان بکەین کەچۆن ڕۆژ بەڕۆژ لەگەڵ ڕیفۆرم دا کاریان کردووە هەنگاو بەهەنگاو چوونە پێشەوەو توانیویانە ببنە نمونەی ولاَتانی پێشکەوتوو دیارە ئەمانیش بەقۆناغی و گەندەڵی و نەبوونی یاساو دادوەری و کوشتن و بڕین گوزەریان کردووە ، بەلاَم بەهۆی ئیرادەی بەهێزیان توانیویانە بگەنە ئەوەی کەئەمڕۆ بەدەستیان هێناوە ئەمەش بەکارکردن و پرۆژەو پێشنیارو پرس و ڕاوێژکردن لەگەڵ خەڵك و دەسەلاَت دا دێتە دی نەك هەردوولا خۆ بەنامۆو تەریك بزانن بۆیەپیویستە لەگەڵ هەموو تاکەکانی ناو کۆمەڵگاو کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەناوخۆو دەرەوەدا هاوکاری نێوانیان بێت و بۆ ئەمەش کۆڕو

- سمینارودایەلۆك لەگەڵ خەڵکدا ئەنجام بدرێو بەشداربن لە چارەسەری گشتی دا

## بۆناپرسن ...!!؟

دیاره لەکۆمەڵگای مەدەنی و پێشکەوتن خوازدا مرۆڤەکان هەر لەبێشکەوە تاوەکو قۆناغەکانی تەمەنیان ئەبڕن فێری پەروەردەو فێرکردن وڕاهێنان و داهێنان ئەکرێن لەپێناوی بونی بەکەسێکی سەرکەوتو وەلەلایەن دەسەڵات و کۆمەڵگاشەوە ئازادی ومافەکانی تاکەکان پارێزراوەو لەگەڵ خۆشگوزەرانیان وەکو ئەوەی ئێستا لەئەمریکا و ئەورپاو...هتد ئەبینرێو وەپرس و ڕخنەو پێشنیارو پرسیارو داهێنان یەکێکە لە تایبەتمەندی کەسە هۆشمەندەکانی دەرەوە لەم پێناوەشدا نەترسانە بڕیار ئەدەن لەکات و شوێنی خۆیدا ،چونکە چەند خەڵك وشیاروچالاك و چاوەدێربێ بەسەر دەسەڵاتدا ئەوەندە کۆمەڵگا پێشکەوتو ئەبێ...، بەڵام بەداخەوە لەکوردستاندا تاوەکو ئێستا ڕاگەیاندن لەبازنەیەکی تەسکدا دەخولێتەوەو نەیتوانیوە جێگای دەسەڵات لەڕووی ئاگای و ڕۆشنبیریەوە بگر یتەوە، بەڵکو هەمیشە پاشکۆی دەسەڵات بووەو نەیان توانیوە تینویتی خەڵك بشکێنن و شۆڕش لەناوشۆڕشدا بەرپابکەن وهەرچەند خەڵکی ئەوەندەی وێڵە بەدوای ڕۆژنامە بەناو ئەهلیەکان ئەوەندەڕووی لەڕۆژنامە حیزبیەکان نیە ئەمەش گەڕانە بەدوای دەروازەیەکی نوێدا،بۆیەجێی خۆیەتی ڕوو لەکۆمەڵگا بکەین و بڵێین بۆ ناپرسن لەڕاگەیاندن و دەسەڵاتی کوردی تاکەی هەر ژێر بەژێرو خاوەن پەردە ئەبێ و لەتەلەفزیۆنیش پێکەنین دەست کرد ئەبێت ، بەڵام هیچ بەهیچ نابێ و لەم لاشەوە گوێ بۆ ڕۆژنامەو ڕازو سکاڵاکان ناگرن و بەدوواداچونیان نابێ و کەچی هەر خەڵکیشە داینەمۆو سوتەمەنی ئەم شۆڕشەو دەزانین داهات لە ١٧ ٪ یە ، بەڵام نازانین لەکوێ یەو چۆن سەرف ئەکرێ وەداهات و کۆمپانیا ناوخۆو دەرەکی یەکانی ئەوروپاو ئەمریکا کەهی حیزبن خواو هەردوو سەرکردەو باندەکانیان نەبێ کەس نازانێ لەکوێ یەو کەچی خەڵك لەبێ ئاوی و کارەباو نەوت و بەنزین دەناڵێنێ و ئەگەر قسەش بکەن دەڵێن ئەمانە ئەنفال و کیمیاوی و شاخیان نەبینیوە ، بەڵام لەخۆیان ناپرسن کەهۆی دووبەرەکی و شەڕی ناوخۆو دابین نەکردنی ژیانێکی شارستانی و نەبوونی بارێکی ئابوری باش ... بۆ خەڵك نەبوون ، لەم لاشەوە کۆشك و تەلارەکان و گەندەڵی بەرپرسان کەس خۆی بەخاوەنی نازانێ و ئەم کوردستانە لەشارێکی گەورەی کەلاوەی بێ حاکم ئەچێ و لەدنیادا حوکمەت لەخەڵك ئەترسێ چونکە چاودێری دەسەڵاتە کەچی لێرە خەڵك لەحکومەت  ئەترسێ بۆیە هەر ئەبێ خاوەنی چەپڵەو دروشم بێ دەنا نانی ئەبڕدرێت هەموو خۆپیشان دانێکیش بەتابور لێك دەدەنەوەو ناڵێن مافی خەڵکە لەهەمان کاتیشدا ئەزانین کوردستان چەند ناوچەیەکی کشتوکاڵی بەهێزە ، بەڵام نەخشەو پلان نی یە لەگەڵ هاندانی جوتیاران کەچی وولاتی چین ئەمڕۆ بەهۆی بوژانەوەی کشتوکاڵ بۆتە سەرمایەیەکی جیهانی ، چونکە زۆرمان وت لادێ کان جوانتر دروست دەکەینەوە لەپێناوی بەروبومدا کەچی ئەوە نی یە شاری خەونەکان و پارکەکان و تونێڵەکان لادێ کانی پێ ئاوەدان دەکەینەوە کەلانکەی شۆڕش و گەل بوون من چی لەمانە بکەم هێشتا پێداویستی یەکانی ڕۆژانەمان نەبێ لەگەڵ یاساو دادوەری و ئەدی ئەوە نی یە پڕۆژەیەك پارەیەکی زۆری بۆ سەرف ئەکرێ ، بەڵام بەرهەمێکی کەمی ئەبێ و تەخشان و پەخشان ئەکرێ و کەسیش فزەی لێوە نایەو لەم لاشەوە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو نی یەو هەر دیکۆر گۆڕاوەو هیچ تەقیم و قیاسێك لەبەرچاو ناگیرێ و دڵسۆزو گەندەڵ وەکو یەکن بۆیە گەندەڵی هەمیشە بەکۆڵمانەوەیەو گرنگ ئەوەیە هەستی حیزبی و ماستاویت بەهێز بێ و مەسەلەی نەتەوایەتی بەقوربانی گیرفان بێت تەنها بۆ درووشم و هەڵخەڵەتاندن بێ و گەلیش لەپێناوی دەسەڵات دا ئەبێ وەکو بت و بەرد وابێ و کۆڕو کۆبونەوە ژێر بەژێرەکانی ناوخۆو دەرەوە بەقوربانی دەسەڵات و وەزعی ناسکی حیزب دابێ و جیاکردنەوەی دەسەڵات حوکمەت و حیزب و ئایین هەرگیزاو هەرگیز نابێ و وەسەربەخۆیش دەڵێن هێشتا کاتی نەهاتووەو فایلدارو بەعسی یەکان و جاشەکانیش هەر دەبێ لەحوکم دابن ، چونکە بێ ئەمانە دەسەڵاتە ساواکەمان لەبارئەچێ و هەڵبژاردنیش وەکو چاوبەستەکێ وایەو پێشتر ڕێك ئەکەون لەسەری ئەمجار هەڵبژاردن ئەکرێ وەدەبێ ١٠٠ ٪ دەنگەکان بدرێن خۆ لەم لاشەوە نابێ باسی سەرۆکایەتی کورد بکەی ، چونکە دەسەڵات هەتاسەر هەر وەکو میرات ئەبێ بەسەر دوواکەسیاندا شۆڕ بێتەوەو گەلی کورد ئەبێ هەر خەون بەگەیشتنە دەسەڵات دا ببینێ و کورسیش تەنها بەخوێن چۆڵ ئەکرێ نەك بەهەڵبژاردن وەپەرلەمانیش هەر دیکۆرو دیوەخان ئەبێ هەتا وابێ بۆیە پێویستە گەل ووشیارو چاودێربێ بەسەر دەسەڵات دا ئەگەر دەیەوێ بژی و خزمەتی خۆی و میللەتەکەی و دەسەڵاتەکەی بکات (لینین) وتەنی هیچ جوڵانەوەیەکی شۆڕشگێری بێ تیۆرێکی شۆڕشگێڕی نابێ .

## جاشی شۆڕشگێڕو
## پێشمەرگەی خائین

ئەگەر بەووردی بەمێژووی کۆن و ئێستای گەلانی دنیادا بچینەوە ، ئەبینین دیاردەی جاشایەتی ڕەگ و ڕیشاڵێکی قوڵی هەبووە لەزۆربەی وولاّتانی دنیادا کاتێك جوولاّنەوەیەکی ڕەوا سەری هەڵدابا ، لەبەرامبەریشدا ڕەنگدانەوەیەکی ناڕەوا لەشێوەی جاشایەتی و لەژێر پەردەی جۆراو جۆری تردا سەریان دەرئەهێناو لەناوچوونی جاشایەتیش بەند بوو بەسەرکەوتنی شۆڕشی خەڵکەوەو دوواتریش ڕاپێچ کردنیان بۆ بەردەم دادگا ، یاخود دەرکردنیان بۆ دەرەوە ، هەروەکو نمونەی جەزائیر کەجاشەکانی قبوڵ نەکردەوە بگەڕێنەوە وولاّتەکەی خۆیان یا ڤێتنامیەکان تاوەکو ئێستاش ڤیزەی سەفەر بۆ دەرەوە نادەنە ئەو کەسانەی کەجاشایەتیان لەدژی ڤێتنامیەکان کرد، بەلاّم بەداخەوە لەکوردستانیش هەر لەسەردەمی میرنشینەکانەوە تاوەکو پێش ڕاپەڕین جاشایەتی ببوە پیشە ئەوەی دوژمنەکان پێیان نەئەکرا ئەمان وەکو مقاش ئەیانگرت ، دیارە بەشێك لەم جاشانە ئەکرێ بلێن لەلوتکەی خیانەتدا خۆیان ئەبیننەوەو هیچیان کەمتر نی یە لەو سەرانەی ئەمڕۆ لەدادگای ئەنفال و کیمیاوی دا ، دادگایی ئەکرێن وە پێویستە هیچ پاساوێك لێ یان قبوڵ نەکرێ و بەرنەفرەتی مێژوو خەڵك بکەون ... لەهەمان کاتیشدا ئەوانەی جاسوس و فایلچی ڕژێم بوون لەبەرگی کوردایەتی یا جاشایەتی ئەمانیش لەبەردەم دادگادا خۆیان ساغ بکەنەوەو هەندێ لەجاشەکانیش ئەتوانین بلێین پێش ڕاپەڕین پشت وپەنای خەڵك و شۆڕش بوون بۆیە تەڕو ووشك بەیەکەوە نەسوتێنن و ڕیزبەندی لەنێوان تاوانکارو تاوانبار بکەین و خۆ ئەگەر لەم ڕوانگەشەوە تەماشا بکەین پێش ڕاپەڕین بەرەی کوردستانی بڕیاری لێبوردنی گشتی دەرکرد ، بەمەرجێك هیچ پلەوپایە ، نەدرێ بەجاشەکان بەلاّم هەر لەگەڵ گەڕانەوەی بەرەی کوردستانی بۆ ناو خەڵك دەست کرا بەپلەو پایە پێدانیان و بڕینەوەی دیوە خانانە بۆیان هیچ کام لەلایەنەکان ئیلتیزامیان بەم بڕیارەوە نەکرد تەنانەت پێشمەرگە کۆنەکانیشیان بەپلەو بێ پلە ، بۆ لای جاشەکانیان ئەناردن بەداخەوەش لەسەردەمی شەڕی ناوخۆدا ئەمە زیاتر قوڵ کرایەوەو هەموو پشتیوانیەکیان لێ کراو دووژمنانی هەرێمیش دەستیان خستە ناو ، بێدەنگی لایەنەکانیش لەپێناوی بردنەوەی شەڕدا خۆیان مات کردبوو ، وەلەگەڵ دادگای سەدامدا جارێکی تر ژیانەوەی فەوجی جاشەکان کرایەوە بۆ ناونوسینیان لەهەمان کاتیشدا نوسینگەش یان بۆ دانرا کەئەمە بێ حورمەتی و بێ منەتیە بۆ گەلی کوردو کیمیاوی و ئەنفال ... بۆیە باشترین وەلاّم دادگایی کردنەوەی سەرلەنوێ جاشەکان بوو ، یاخود دەبوایە سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆك کۆمار فراکسیۆنی کورد لەبەغداو پەرلەمانی کوردستان حەقی ڤیتۆیان بەکاربهێنابا لەدژی دروست کردنەوەی فەوجە جاشەکانی کورد ، بەمەش باشترین پاداشتیان بۆ گەل و شەهیدان ئەنارد و دەبوایە لەهەمان کاتیشدا حوکمەتی هەرێم ناوی ئەو جاشە تاوانبارانەی کەدەستیان لەئەنفال دا هەبووە خۆیان ناوەکانیان بدابا بەدادگای عێڕاقی ئەمەش ئەبووە باشترین ڕێزو وەفا بۆ شەهیدەکانی سەردەمی شاخ ، چونکە شۆڕش لانەو باوکی پێشمەرگە بوو ... ئەدی بۆ حەق نی یە شۆڕش لەنەوەو شەهیدەکانی خۆی بپرسێتەوە ؟ نەك بەدایکە جگەرسووتاوەکان بلێ وەرن داوا لەدادگا لەسەر جاشەکان تۆمار بکەن !! چونکە ئێوە سەرچاوەو سەرەکی پێشمەرگە بوون و بەم بێ باکیەتان ئەتانەوێ وەلاّمی حەقی شەهیدەکان بدەنەوە لەبری ئەوەی خۆتان پەل بەستیان بکەن و بیدەنە دادگا ، چونکە هەموومان ئەزانین شەهیدەکان لەپێناوی گەل و شۆڕش دا خۆیان فیدا کردو دوژمنایەتیان لەگەڵ کەسدا نەبوو جگە لەشۆڕشگێڕی . بۆیە پێویستە حوکمەتی هەرێم ئەم حەقە بداتەوە شەهیدەکان و کەسوکاریان و شەهیدەکانیشمان لەگۆڕدا چاوەڕوانی بڕیاری شۆڕشگێڕانەی حوکمەتی هەرێم بۆ ئاسودە بوونی گیانیان .

# نامەیەکی کراوە

## مام جەلال

## لەنەتەوە یەکگرتووەکانەوە... بۆ... شێنێ ...

دیارە هەموو لایەکمان کۆکین لەسەروەری و تێکۆشانی دبلۆماسی و سیاسی و فکری ...هتد هەڤاڵ مام جلالدا وەهەر لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی شۆڕشی نوێ ی گەلەکەشماندا بەڕابەرایەتی یەکێتی بەباڵەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی و کۆمەڵەو شۆڕشگێران ... هەموویان گەورەیی و ڕابەری ئەویان قبوڵ بووە وەسکرتێرو مامیش لەم بوارەدا بۆ گەشەکردنی یەکێتی بەیەك چاوو هەڵوێست پشتیوانی لەباڵە جیاکانی ناوخۆ ئەکردو شوێن پەنجەی دیار بوو لەگشت بوارەکاندا لەئاستی ناوخۆو دەرەوەدا و وەخاسیەتی پەروەردەی ناو یەکێتی هەمیشە خاوەنی ڕەخنەو پێشنیارو داهێنان و نوێژەن کردنەوەو بەخۆدا چوونەوە بووە لەئێستاو ڕابردوودا وەسەرکردەو ڕابەرەکانیش واسەیر کراون کەخاوەن کەم و کوڕی و بەدیلن لەمەیدانی تێکۆشانداو لەهەمان کاتیشدا لینین ووتەنی (ئەوەی کاربکا هەڵەش ئەکا) ئەمەش زیاتر بۆتە هۆی بەهێزبوونی یەکێتی و وەلادێ کانیش هەمیشە سەنگەرو پشتیوان و لانکی شۆڕش بوون کەتاوەکو ئێستاش نەتوانراوە قەرەبووی یان بکرێتەوە بەگشتی بۆیە پێویستە ئاوڕێك بۆ ڕابردوو بدەینەوە ئاوەدانی لەلادێ کانەوە بەرەو شاربکەین و ئەگەر لەم ڕوانگەشەوە سەیری سەفەرەکەی مام جلال بکەین بۆ شێنێ لەڕوانگەی ڕۆژنامەکان و قسەی خەڵکدا خوێندنەوەو لێکدانەوەی سلبی و تەکەتولێکی ئاشکرا ئەبینرێ کەخەڵکی چاوەڕێ ی ئەم سەفەرە لەناکاوە نەبوو کەخۆی بەلایەکدا بشکێنێتەوە و بەڵکو پێ یان وابوو مام مامی هەمووانەو سەرۆکی عێراقیشە هەمووشیان بەهەردوو تەکەتولەکە لەهۆڵی فقێ ئەحمەدی دارەشمانە لەقەڵادزە کۆ ئەکاتەوەو قسەیان بۆ ئەکا ... ئەو ساردیەی هەیە بەچەپکە گوڵەکە ئەیرەوێنێتەوەو هەموو خڕوقاتەکانیش ڕسوا ئەکاو دێ پیرۆزبایی لەهەردوولا دەکات کەچی نەیکرد ئەمجار بەوەشەوە نەوستا هەڵسا بەدەرکردنی بڕیارێك کە چوار لەبەرپرسە ئاسایشەکانی سەنگەسەرو قەڵادزەو چەمچەماڵ و بازیان دەبێ لەسەر کارەکانیان لابدرێن هەتا هەڵبژاردنی مەڵبەندەکان تەواو ئەبن ئەمجار بگەڕێنەوە سەر کارەکانیان ئەمە لەکاتێکدا بوو کەتاوەکو ئێستا زیاتر لە ٦٣٠ خروقاتی گەورەو بچوك لەهەردوو خەتەکە هەبووە کەچی بڕیارەکە هەر بەلایەکدا شکایەوەو لەهەمان کاتیشدا بەبێ گەڕانەوە بۆ پرس و ڕاوێژ لەگەڵ لیژنەی باڵای مەکتەبی سیاسی کەلەهەردوولا دانراوە بۆ خروقاتەکان ووتی دەبێ فەرمانەکە جێ بەجێ بکەن لەلایەکی تریشەوە کتابێك لە ئاسایشی گشتی یەوە بۆ تێکڕای بەڕێوەبەرایەتی و بنکەکانی ئاسایش چووە دەڵێ هەموو جۆرە سزایەك و وازهێنانێك و گۆڕین و لابردن قەدەغەیە تادووای هەڵبژاردن ...کەچی کراش و کار بەم بڕیارە نەکراو لەلایەکی تریشەوە دەستەی هاریکاری قەڵادزە لەگەڵ کۆمیتەی خوێندکارانی قەڵادزە بەیاننامەیەکی ناڕەزاییان سەبارەت بەم گۆڕینە ئیداری یە بەبێ گەڕانەوە بۆ پرس و ڕای خەڵك و یان ئاشکرا نەکردنی لابردنیان و گوێ نەگرتن دەرکردوو داوای کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو ئەکەن ئەمەش لەئەنجامی ئەم سەردانە لەناکاوە هاتە دی لە دژی ئەم بڕیارەو بابزانین ڕۆژنامەی جەماوەر لەژمارە ١٩٧ دا بەئاشکرا هاتنی بەڕێز مام جلال لەبەرژەوەندی تەکەتولی خۆیدا وەسف ئەکاو بەشکستیش ناوی ئەهێنێ و پێشوازی نەکردنی بەرپرسانیش بۆ ئەوە ئەگێڕێتەوە کەلایەك ئاگادار بووە لەهاتنی و لایەکەی تریش نا ...وەڕۆژنامەی دەروازەیەکی تر لەژمارە (٢) دا هاتنی مام جلال بۆ سەردانی pkk باس ئەکا بۆ شێنێ بەلاّم ئەم هەواڵە لەلایەن کەناڵ و ڕۆژنامەکان پشت ڕاست نەکراوەتەوە بۆیە ئێمە دەبێ هەموو لایەکمان بزانین کەخودی یەکێتی لەشکست و هەرەس دا لەدایك بووە بشگەڕێنەوە بۆ سەر ئەم شاڕێگەیە کەخزمەتی چەپکە گوڵەکان بکا نەك حیزب بەرەو دکتاتۆریەت ببا چونکە بمانەوێ یان نا سۆسیال دیمەکرات حیزبێکی مۆدێرن و پێشکەوتن خوازە دوور لەشێوازی دوواکەوتووانەو نەفی یە بۆیە حەق وایە مامە ئەم ساردی و دڵەڕاوکێ یە نەهێڵێ و چونکە یەکێتی بەفرەمینبەری و باڵەوە جوانەو تەواوکەری یەکتریشن بۆیە چاو بخشێنرێتەوە بەم جۆرە کارانە باشەو لەنزیکەوە خەڵکی شاری دووجار شەهید ئاشت بکاتەوە .

## ئیمزای ...

## فڕین و... تڕین

دیارە ئیمزا هەر لەمرۆڤێکی سادەوە تادەگاتە سەرۆکی وولآتان و ئەمجار پەیمانە نێو دەوڵەتی یەکان بەمەبەستی جۆراو جۆر بەکاردێ و زۆر جار بەلای خزمەتکردنی خەڵکی دەشکێتەوەو هەندێ جاریش بەپێچەوانەوەو خۆ ئەگەر لەم ڕووانگانەش تەماشا بکەین جاڕی جیهانی مافی مرۆڤ کەلە دووای شەڕی دووەمی جیهانی سەری هەڵداو لەلایەن (٥١) وولآتەوە ئەوکاتی ئیمزا کرا لەپێناوی ئاسایش و چاودێری خەڵك و نەهێشتنی چەوسانەوە ڕەگەزی و مەزهەبی یەکان و مرۆڤی یەکان دامەزراو ئیمزایان لەسەر کردو ئەمرۆش زۆر زیاتر لەم ڕێژەیە وولآتان هاوکاری و ئیمزایان کردووە کەدیار ئەمەش لەبەرژەوەندی وولآتان دایە بەگشتی وەزۆر جاریش ئیمزا کردن بۆت ئەبێتە مەترسی لەناوبردنی تاکەکانی کۆمەڵگاو ڕێزنەگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و گەلان هەروەکو شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانی یان زۆر لەشەڕی ناوخۆی و جیهانی کەڕوویانداوە لەئەنجامی ئەوەدا بووە کەڕێزیان لەئیمزای خۆیان نەگرتووە یاخود لەپێناوی بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانی خۆیان دا وەکو دکتاتۆر چاوی تەماعیان بڕیوەتە سەروەت و سامان و داگیرکردنی وولآتان ، بەلآم سەرئەنجام ڕووبەڕووی تێکشکان و لەناوچوون ڕۆیشتوون وەئەگەر لەمێژووی خۆشمان بڕوانین هەر ئیمزا بۆتە هۆی خۆشی و ناخۆشی کاتێ پەیمانی (سیڤەر) باسی لێوەکرا گەلی کورد گەشایەوە هێندەی نەمابوو جێ بەجێ بکرێت ، بەلآم بەپێچەوانەوە هەر بەهۆی ئیمزای پەیمانی (لۆزان) ەوە بوو کەگەلی کورد جارێکی تر کەوتەوە ژێر پێ ی داگیرکەران یان کاتێ کۆماری مەهاباد دامەزرا ، بووە پشت وپەنای کوردستان ، بەلآم کاتێ ئیمزای لەسەر کراو ڕووسیا پشتی لەکۆماری کورد کرد جارێکی تر نائومێدی و شکست باڵی کێشایەوە بەسەر کوردستان یان هەر بەهۆی ئیمزاوە بوو یەکەمین جار لەشەڕو پەیمانی چاڵدێران کوردستان کرایە دووبەش لەنێوان صەفەوی یەکان و عوسمانی یەکان و لەپەیمان و ئیمزای لۆزانیش کوردستان بووە چوار پارچەو وەهەر ئیمزا بۆتە هۆی ئەوەی شۆڕشی ئەیلول تووشی هەرەس و شکست بکاو دووایش هەر ئەو ئیمزایە بوو جارێکی تر شەڕی ئێران و عێڕاقی درووست کردەوەو لەئەنجامی ئەوەی عێڕاق لەئیمزای خۆی پەشیمان بوەوە وەهەر لەئەنجامی ئیمزاش دا بوو هەزارەها ملیان بەپەتی سێدارەوە کرا خۆ ئەگەر لەم ڕووانگەشەوە تەماشای جوولآنەوەی خۆمان بکەین لەشاخ و شار هەر لەدووای ساڵی ١٩٦٤ دووبەرەکی و ناکۆکی کەوتە ناو جوولآنەوەی کوردستان کەبەداخەوە ئەم لەت بوونە تاوەکو ئێستا گەلی کورد پێوەی ئەناڵێنێ و لەسەردەمی شاخیشدا لەدووای هەرەس سەر لەنوێ جولآنەوە دەستی پێکردەوە هەر لەئەنجامی ئیمزادابوو بادینان و سۆران لەسەردەمی شاخ لێك دابڕان و وەدووای ئەمەش بەرەی جودو بەرەی جوقد بەئیمزا دامەزران و هەر لەئەنجامی ئەم ئیمزایانەش دا بوو شەڕی ناوخۆی شاخ دەستی پێکرد لولەی تفەنگ و یاسای جەنگەڵ یان حاکم بوو لەگەڵ ڕاگەیاندنێکی چەواشەکارانە کەبەداخەوە گەلی کورد تیای زەرەرمەند بوو وەکاتێکیش هەردوولا ئیمزای ئاشتیان ئەکرد کەهەموویان لەدڵێکدا لەسەر سنور ئەمانەوەو ئیمزاش بەمردووی لەدایك ئەبوو وەلە ١٩٩٣ کاتێ هەرلایەو هەستی بەهێزی خۆی کرد جارێکی تر کەوتنە پاوانخوازی و شەڕ دووبارە سەری هەڵدایەوەو ئەمجار جگە لەشەڕی خۆبەخۆ شەڕی پەکەکەو دیموکڕات و ئیسلامی یەکان وەیەکێتی و پارتی ئەمجار کوردستانیان کردە مەیدانی تەراتینی دووژمنان ، بەلآم بەهۆی ڕووخانی ڕژێمەوە ناکۆکی یەکان بەرەو سارد بوونەوە چوون کەبەداخەوە سەرکردایەتی کورد سەدان ئیمزای ناشەرعیان لەدژی یەکتری کردو خۆشیان بێ تاوان لەقەڵەم دا ، وەلەهەمان کالتیشدا لەڕاگەیاندنەکاندا شانازی بەخەباتی ڕابردووەوە ئەکەن و سەدامیشیان تاوانبار ئەکرد بەئەنفال و کیمیاوی و جینۆسایدو فاشی و دەیان ناوی جۆراوجۆری تر وەخەوویان ئەبینی بەوەی کەڕۆژێك بێ سەدام بکوژن تۆڵەی هەزارەها شەهیدو ئەنفال و زیندانی و لادێ و ڕەزو باخەکانی لێ بکەنەوە ، بەلآم باش بوو نەمردین و ئەم خەونەی سەرکردەکان و گەلەکەشمان هاتەدی و وەئێستا کورد لە لوتکەی دەسەلآت سەرۆك کۆماری هەیە کەچی جێگای داخە وەکو ئەوەی نەباو بارانمان دیبێ ئێمە لەئاسمانەوە هاتبینە سەر زەوی و چاو لەهەموو ڕابردووە پڕ تراژیدیایانەی گەلەکەمان بپۆشین و یا لەبیر چووبێتەوە ئێستا ئەڵێن ئیمزای لەسێدارەدان ئیمزا ناکەین وەکو ئەوەی ئێمە چل ساڵە لەشاخ و شار مافی مرۆڤەکانمان پاراستبێ و ئایا هەر سەدام نەبوو ئەنفال و کیمیاوی بۆ باراندین ، ئەدی توخوا چۆن چاومان بەرامبەر کوردستان و دایکی

شەهیدان هەڵدێ کاتێ پینەو پەڕۆی ئیمزا ئەکەین دەبێ سوپاسی شیعەکان و مالیکی بکەین کەئیمزای کرد دەنا زۆر نزیك بوو سەدام بێتەوە دکتاتۆرەکەی جاران وە ئەمریکاو بەریتانیاو ئوستورالیا و زۆر لەووڵاتانی تر خۆشحاڵیان دەربڕی ، بەڵام سەرۆکایەتی و پەرلەمانتارە کوردەکان و وەزیرەکانمان لەبەغدا هیچمان نەبینی هەر ئاخری خێربێ بەئیعدام کردنی سەدام نهێنی یەکانی ئەنفال و کیمیاوی چوونە ژێر گڵەوەو دەبووایە سەرکردایەتی کورد ئەم نهێنی یەی بەسەدام ئاشکرا کردبا بۆ ئەوەی چیتر خەڵکی لەنادیاری کەسەکانیان لەدڵە ڕاوکێ دا نەژیابان و لەم لاشەوە دەبووایە سەرکردایەتی کورد پێ ی لەسەر ئەوە داگرتبایە هەتا دووای ئەنفال بیان هێشتبایەوەو چاوەڕوان ئەکرا زۆر نهێنی تر لەسەر ئەمریکاو ئەوروپاو کورد هاتبایە پێشەوەو کەکێ هاوکاری کیمیابارانی کردووە یا داویەتێ و وەلەناوخۆشدا ئیبن بەرە ئەهاتە سەر بەرە بۆ دنیاش ڕوون ئەبۆوە کەکێشەی کورد چل ساڵە هەیە کێشەیەکی ڕەوایەو جینۆساید کراوە وەڕای گشتی دنیاو ئەوروپی بەلای خۆیدا کێش ئەکردو ئەگەر لەهەڵبجەش ئیعدام بکرایە ئەوەندەی تر کێشەی کورد گەورەتر ئەبوو،بەڵام ئێستا جیگای داخە لەسەر کێشەی دووجەیل ئیعدام کراوە کەبەڤەت کارەساتی ٢٤ / ٤ قەڵادزە گەورە نی یەو دەبووایە سەرکردایەتی کورد لەدادگای عێراقی مەسەلەی ئەنفال و کیمیاوی و هەڵەبجەی پێش بخستبا ئەمەش گەورەیی سەرکردەو گەلەکەمانی ئەگەیاند ، بەڵام بەئیعدام کردن کێشەکانی ئێمە بەداخراوی و هەڵواسراوی مانەوەو لەگەورەیی و تراژیدیای میللەتەکەشمان چوك کردەوەو سەرکردایەتی کوردیش پشتی لەئیمزای چل ساڵ زیاتر لەکارەساتی خوێناوی گەلەکەی کرد بەبیانوی جۆراوجۆری ناواقعی و جێی خۆیەتی دەست خۆشی لەحاکمێکی هەژارو بێ پشتیوانی کوردیش بکەین کەئێستا خەریکە بەرەو بەریتانیا ئەڕوا ئیمزای لەسێدارەدانی سەدامی ئیمزا کرد ، چونکە ئەمە لەدەسەلاتی خۆی دا بوو بەرامبەر بەدادوەری و مرۆڤایەتی حوکمێکی ڕەوای داو ئێستاش ویژدانی ئاسودەیە بەرامبەر گەلەکەی ، وەلەم لاشەوە ئازایەتی و خۆڕاگری شیعەکان بەسەرکردەو خەڵکی یەوە زیاتر ڕوون بۆوەو توانیان ڕای گشتی دنیا بەلای خۆیان کێش بکەن بەئیمزای مالیکی و کێشەی دووجەیل ، بۆیە جێگای خۆیەتی لەسەرکردایەتی کورد بپرسین کوا چارەنوسی ئەنفالەکانی بادینان و سۆران و بارزانی یەکان لەکوێ بەکۆمەڵ جینۆساید کراون و کچەکانی ئەنفال لەکام باڕو جیێگا بوونە شوێنی ڕابوواردن و ... دایکان و باوکانی ئەنفالیش هەر دەبێ لەچاونواڕی مردن دا بژین .

# پەیکەرێك بۆ پەندو نەفرەت لە شەری براکوژی

مرۆڤ هەمیشە لە ململانێ و ناکۆکیەکان بە شێوەی رەواو نارەوا روو بەروو بۆتەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لە م پێناوەشدا لەگەڵ سرووشت و دەورو بەری و گیانەوەرەکان و تائەگاتە مرۆڤ و خێزان و کۆمەڵگا دا جەنگاوەو ، بەلام بەهۆی گۆران و پێشکەوتنەوە شێوازی ململانێ کان بە ئاقارێکی جیاوا ز .. لە پێناوی مرۆڤایەتیدا کە وتوونە شەری ساردو داهێنان و تە کنە لۆژیا و پێکەوە ژیان بە ئامانجی خزمەتکردنی کۆمەڵگا .ئەگەر لەم روانگەشەوە تەماشای مێژوو بکەین هەر لە هاتنی (ئادەم و حەوا ) بۆ سەر زەوی و دوا ی کوشتنی (هابیل و قابیل ) کەبرابوون بۆ یە کەمین جار رووبە رووی شەری برا کوژی بوونەوە لە خێزانەکە ی خۆیانداو ، بەدوا ی ئەمانیشدا شەری خۆ بە خۆ لە ئاستی تاك و خێزان پەرەی سەند چووە ناو تیرەو عەشیرەت و نە تەوەو کۆمەڵگاو مەزهەب و ئایدلۆژیاکان رۆژ بە رۆژ لە پەرەسەندن دابوون و ،ئەوروپاش شەرێکی خوێناوی گەورەی گەورەی براکوژی بە خۆیەوە بینی و (٥ )ملیون کەس بوونە قوربانی لە پێناوی دەسەلات و مەزهەبدا کە لە ژێر ئەم پەردەیە باج و کوشتنی خەلکیان بۆ خۆیان حەلا ڵ کردبوو . وە لە سەردەمی ئیسلامیشدا شەری برا کوژی بە هەزاران مووسڵمان بوونە قووربانی لە شەرەکانی (سەفین و جەمە ل ) و تەنانەت خەلیفەکانی وەکو (عومەرو عوسمان و عەلی ) هەر لەلایەن مووسلمانەکان خۆبەخۆ کوژران و تاوەکو ئێستا ش درێژەی هەیە لە ژێر پەردەو شێوازێکی تر ...ئەوەی جێگای سەرنجە شەری برا کوژی هەر لە مەزهەب و عیلمانیەت و چەپەکان و راست رەوەکان لە دنیادا بێ بە ش نەبوون ، بەلام کۆتایی هێنانی ئەم شەرە ناوخۆییانە بە ند بووە بە هووشیاری خەلکەوە و لە هەمان کاتیشدا سەرانی شەر هەلگیرسێنەر لە پێناوی دەسەلاتی خۆیاندا دەیان دروشمی بریقەداریان بە ناوی خزمەتی گەلەوە بەرز کردۆتەوە و خەلکیش بۆتە سووتەمەنی دەسەلات و پاوانخوازی لە زۆر وولاتانی دنیادا . بۆ نە فرەت و پەند وەرگرتن لەشەریبراکوژی رەمزو پەیکەرو مۆنۆمێنتی یان دروست کردووە کە ژمارەی قووربانیان و بێ سەرو شووێنەکان و کاولکارییەکانیان ... تیا نووسیوەو لە قوتابخانەکانیان وەکو مێژوو بۆ نەوەی نوێ ئەخوێنرێ تا جارێکی تر دووبارە نەبێتەوەو ، تەنها بیر لە پێشکەوتن و مرۆڤایەتی بکەنەوە . هەروەکو شەری برا کوژی نێوان کۆرییەکانی باکوورو با شوور سالی ( ١٩٥٠ — ١٩٥٣ ) کە تاوەکو ئێستا یەکیان نەگرتۆتەوە و لە ماوەی ٣ سالٚ و یەك مانگدا زیاتر لە ٦ ملیۆن هاوولاتی بوونە قووربانی شەری ئایدلۆژیا ی سۆسیالیستی و ئیمپریالیستی و هەردوو لا ش بە یەکتریان دەووت جا ش بەلام ئێستا ش مۆنۆمێنتی یان بۆ یادی ئەم کارە ساتە تراژید یایە درووست کردووە . هەروەها ئەمریکیەکانیش لە شەری ناو خۆیاندا سالی (١٨٦١ — ١٨٦٥ ) لە نێوان وولایەتەکانی باکوورو باشوور کە (ئەبرەهام )سەرۆکی وولات بوو شەر لە نێوان (گرانت )سەرۆکی باشوورو (بۆرگارد ) باکوورو شەر لە نێوانیان درێژەی هەبوو ( فەرەنساو بەریتانیا )پشتیوانیان لە ئە برەهام دەکرد هەرچەندە لە کاتی نمایشی شانۆگەریدا تیرۆ ر کرا و لەم شەرە ناوخۆیەشدا نیو ملیۆن کوژراو تاوەکو ئێستا ش لە بیریان ناچێتەوە .. لە ( رۆما ش )کە ماوەی ١٩ سا ڵ شەری برا کوژی درێژەی هەبوو جگە لەوەی کۆیلەکان کرین و فرۆشتنیان پێوە ئەکراو بە هەزارانیان تیاچووبێ سەرو شووێن و ئاوارە بوون .. وە ( بەریتانیەکان وسکۆتلاندیەکانیش ) ماوەی ٩ سا ڵ شەری خۆبەخۆیان هەبوو (شا چارلسی )یەکەم دوای گرتنی تیرۆر کرا و زیانی گیانی و مادی بە ر خەلك کەوت . هەروەها ئیسپانیەکانیش ٣ سا ڵ شەریان کرد ، ئەڵمانەکانیش بە هە مان شێوە دوای چەندین سالٚ دیواری بەرلینیان شکاندو یەکیان گرتەوە . شەری ( رواندا ش ) لە ماوەی دوو هەفتەدا نیو ملێۆن کوژران ...دیارە کوردستانی خۆشمان هەر لە سەردەمی مێرنیشینەکان تاوەکو سەردەمی شۆرشی شاخ و راپەرینی شار شەری ناوخۆمان درێژەی هەبووەو ئە قلیمیش هاوکاری کردوون و درێژترین شەرما ن لە دژی یەکتری کردووەو تاوەکو ئێستا ش نەمان توانیوە رەخنە لە رابردومان بگرین و داوای لێبووردن لە میللە تەکەشمان بکەین و پەند لە رابردوو ، وەرگرین و ئازادیش بووین و سەدامیش رووخا کە چی هێشتا ئید ا رەکا نمان یەکی نە گرتۆتەوەو شەری سارد هەر بەردەوامە و نەمان توانی هەلەکان بقۆزینەوە ، بۆیە باشتر وایە کات نەکوژین و خۆمان یەکخەین و پەبکە رو رەمزێك بۆ شەری ناوخۆ درووست بکەین و بۆ ئەوەی نەوە دوا ی نەوە ببینێ و لە قوتابخانەکانیش بخوێنرێ ولە یاد نە چێ و ئامارەکانی قووربانی و مالی و کاولکاری لە سەر بنووسرێ و چیدی فرمێسك و درووشمی بێ کردار هەلنەرێژرێ ، چوونکە ئەگە ر قووربانیانی شەری ناوخۆ کۆبکەینەوە زۆر لە کارە ساتی هەڵەبجە گەورەترە بەلام بێ ناو نیشان ترە

## ما وتسی تۆنگ و ڕیفۆرم

دیارە ماوتسی تۆنك کەسایەتی و رابەریکی دیارە وەکو سەرکردەی حیزبی کۆمەنیستی جین ( ١٨٩٣ — ١٩٧٦ ) دەیان کتێب و نامیلکەی لەسەر نوسراوەو لەهەمان کاتیشدا زۆربەی گەلانی چەوساوە سوودیان لە کتێبەکان و ئەزموونی ماوتسی تۆنگ وەرگرتووە بەگەلی کوردیشەوە ، چونکە ئەو لەسەردەمێکدا ژیاوەو بیرو تێڕوانینێکی تری تازەی هێنایە کایەوەو ئەزموونەکانی لەلادێ وە بەرەو شارەکان بردو پێشتریش مارکس تیۆری خۆی لەناوەندی سەرمایەداری ( لەندەن ) تۆمار کردوو ( لینینیش ) بەهەمان شێوە تووانی یەکەمین شۆڕشی ( بەلشەفیك ) لەڕووسیادا بکاو سەرکەوتن بەدەست بهێنێ و ماویش تووانی لەژێر ڕۆشنایی مارکسیزم و لینیزم بیرو ڕاکانی دابڕێژێتەوەو بەپێ ی ئەو واقیعەی لەچین هەیە بیرو بۆچوونەکانی بەزمانی چینی نووسیوەو شی کردووە سوودی لەهەموو ڕێبازە سۆسیالیستی و کۆمەنیستی یەکان وەرگرتوو چەند نامیلکەی نووسیوە وەکو ( دەربارەی پراکتیك و خۆ ڕاهێنان ) و ( دەربارەی دژایەتی ١٩٣٧ ) ... هتد ، وەزۆر گرنگی بەجووتیاران و باری کشتوکاڵ ئەداو حزبی کۆمەنیستی چینی ساڵی ( ١٩٢١ ) دامەزراو دووای تێکۆشان و قوربانی دانێکی زۆر ساڵی ( ١٩٤٩ ) سەرئەکەوێ بەسەر دووژمنەکانی ناوخۆو دەرەوەدا لەهەمان کاتیشدا چین ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆ بووەوە لەنێوان ماوو کۆمیتانگ ڕوسیاش پشتگیری لە کۆمیتانگ ئەکرد ، بەلاّم سیاسەتی ڕاست و دروستی ماو تووانی سەرکەوێ بەسەر دووژمنەکانی داو لادێ کانیش بنکەو لانەی حەوانەوەی ئەو بوو لەگوندەکان وەنوسراوێکی خۆی بەناوی ( هەواڵی توێژینەوەی بزافی جوتیاری هونان ) لەساڵی ( ١٩٢٧ ) بلاّوکردەوەو هەر لەئەنجامی شەڕی ناوخۆش دا بوو ماو ماوەیەك شکاو بەناچاری لەگەڵ شۆڕشگێڕەکانی هەزار میل ڕێگا ببڕن ئەمەش بەدوورو درێژترین ڕێگا بناسرێ ... لەهەمان کاتیشدا ماو لەساڵی ( ١٩٦٦ ) شۆڕشێکی فەرهەنگی بەسەرکردایەتی خۆی ڕاگەیاند کەلە گەنجەکاندا ڕێکخرابوو ئەمەش دەوری کاراو چالاکی بینی لەووشیارکردنەوەو پێگەیاندن و پەروەردەکردنی کۆمەڵگاو چاککردنی سەرخان و ژێرخانی ئابوری ، بەلاّم بەداخەوە لەپاش مەرگی ماو ساڵی ( ١٩٧٦ ) شۆڕشی فەرهەنگی گەرم و گوڕی خۆی لەدەست داو وەلانران وەزۆر لەسەرکردەکان دەیانەویست میراتی ماو بگرنە دەست ، بەلاّم لەبەر گەندەڵیان دادگای کران و ماو لەسەردەمی خۆی دا ویستی ڕیفۆرم بکا لەگەندەڵکاری بەلاّم سەرکەوتوو نەبوو ، بەلاّم دووای مەرگی ماویش جارێکی تر بزافی ڕاپەڕینی ڕۆشنبیرانەی جەماوەرو خوێندکاران لەدژی گەندەڵکاری سەری هەڵدایەوەو توانرا دەیان لەکادیرە گەندەڵەکان بخەنە زیندانەوەو سەروەت و سامانیشیان دەست بەسەردا بگرن وەبزافی دیموکراتی خوێندکاران و ڕۆشنبیران لەم بووارەدا باشترین دەوریان بینی لەئاستی تێگەیاندن و پێگەیاندنی ڕیفۆرم بەخەڵك ئەمەش بەخوێن و قەتڵ و عامی خوێندکاران تەواو بوو لەساڵی ( ١٩٨٩ ) لە ( دەروازەیئاشتی ئاسمانی ) کۆتاییان پێ هێنرا ، بەلاّم شەونخونییان و تێکۆشانییان لەپێناوی ڕیفۆرمدا سەرکەوتن مسۆگەر بوو وە هەر بەهۆی ئەم ڕیفۆرمەوە بوو لە دووای مەرگی ماو هەر بەردەوام بوو توانرا چوار لەسەرکردە گەندەڵەکان بگرن کەڕێگر بوون لەبەردەم ڕیفۆرم یەکێك لەوانە خێزانەکەی ماو بوو وەگرنگی ماویزم لەوەدابوو کەتوانی ڕیفۆرم لە بوواری (مارکسیزم و لینیزم ) دا بکاو جوتیاران بکاتە هەوێن پشتیوانی پرۆلیتاریاو بیروڕایەکی نوێتر بخاتە سەر فەلسەفەی ( مارکسیزم و لینیزم ) .

## دەسەڵات و

## ڕیفۆرم لەسۆڤیەت

نوێ بونەوەو ڕیفۆرم کاریکی هەمیشەیی وبنچینەی هەمووڕێکخراو پارتێکە بۆ کارکردن و بەخۆداچونەوەو بیناکردنەوەی سەرلەنوێی هەڵەکان، لەکاتی چەق بەستن وگەیشتنە لوتکەی تاکڕەوی وخۆسەپاندن ئەگەر بێتو فریای نەکەوی دەسەڵات بەرەو گلۆربوونەوە ئەچێ وهەمووشتێك لەپێناوی سەرکەوتنی دەسەڵاتدا بالۆرەی بۆڵێ ئەدرێ، بۆیە ئەبێ وورپابین لەم نەخۆشیە ترسناکە کەڕووبەڕوی گەل ودەسەڵات ئەبێتەوە و بۆڕزگار بوون لەم قەیرانە تەنها ڕیفۆرم لەبەردەممانە...ئەگەر بەنمونەش سۆڤیەت وەرگرین ئەبینین خەباتێکی نەپساوەیان لەپێناوی ڕوخاندنی قەیسەر کرد سەرنجام شۆڕشی ئۆکتوبەری مەزن لە(١٩١٧) سەرکەوت ودەسەڵاتی گرتە دەست وکاری بۆچاکردنی تێکڕای بوارەکانی ژیان کردو دوایش مشەخۆری وگەندەڵی ودکتاتۆری لەناو دەسەڵاتدا بوە ئەمری واقیع و بۆڕووبەڕووبونەوەو چارەسەر گەڕان بەدوای بەدیلیکی وەکو ڕیفۆرم بەشێوەی (گلاسنۆست و پرۆسترۆریکا ) کەتوانرا ببێتە دەرمانی هەموودەرمانەکان وگەل ودەسەڵات ڕزگار بکەن لەهەڵدێران، وەئەگەر بەکورتی چاوبگێڕین بەمێژووی گەلی سۆڤیەت لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەبینین هەلسان وگلانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە وەکو سەردەمەکانی (لینین١٩١٧-١٩٢٤،ستالین ١٩٢٤ — ١٩٥٣،خرشۆف ١٩٥٤-١٩٦٤،بەرجنیف ١٩٦٤-١٩٨٢ ،ئەندرئوف ١٩٨٢-١٩٨٤،چرینکۆ ١٩٨٤- ١٩٨٥ ،گۆرباتشۆف ویەلسن،...هتد ) دیارە لەسەردەمی لینین دا (بەلشەویکەکان ) خاوەنی دسپلین وسانترالیزمیکی دیموکراسی ودادپەروەری بون، سەرەڕای ناسکی بارو زروفیان وشەڕی جیهانیو بلۆکی سۆسیالیستی وئیمپریالیستی لەپێشبڕکێی چەکی ئەتۆم دابوون ولەناوخۆشدا ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆببون لەگەڵ (مەنشەویکەکان) سەرەڕای خراپی ئالۆزی وڵات،دەیان کێشەی تر لینین توانی سەرکەوێ وگوێش لەهەموو چین وتوێژەکان بگرێ ودوور لەدکتاتۆری وخزمایەتی وگەندەڵی وکارەکانی ڕائەپەڕاند، بەڵام بەداخەوە لەسەردەمی ستالین دا لەماوەی ٣٠ ساڵ دەسەڵاتیدا حیزبی کردە دکتاتۆر لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆی وبنەماڵەکەیداو کەسێکی زۆر وشك ودۆگمابو لەکارو بیروباوەڕیداو تەنانەت حیسابی بۆ هەیئەتی سەرکردایەتی و وەزیرەکانیش نەئەکردو خۆی بڕیاری ئاشتی وشەڕی ئەداو تەنانەت لەسیڕەی پۆستاڵەکەشی ئەترسان وەبەرپرسان تەنها دیکۆربوون و وەکەسێکی بێبەزەیی و توندڕەو بوو بڕوای بەگفتوگۆو ڕەخنەنەبوو وە زەبروزەنگی کردبوە حاکم و زۆرخۆویست و دکتاتۆر بوو هەموو دەسەڵاتەکان لەژێرفەرمانی ئەودا ئەڕۆیشتن بەڕێوەو درزکەوتە نێوان خەڵك و دەسەڵات ووەدەستی کرد بەلادان و دژایەتی کردن و زیندانی ئەوانەی کەڕەخنەیان لەهەڵویستەکانیان ئەگرت وەکو (بوخارین، زینۆن، کامینف، ترۆتسکی )...هتد هەرچەندە ئەمانە پلەیان لەئاستی سەرکردایەتی دابوەو هەڵگرسینەرو بەشداری ئۆکتۆبەری مەزن بوون ودامەزرێنەری جەیشی سووری سۆڤیەتی وبەدەیان کادیرو ئەندامی لەزیندانەکان قایم کردو بیری لەگەشەکردنی باری ئابوری وڵات نەئەکردەوەو تەنها ناوبانگی دەسەڵاتی خۆی بەلاوە گرنگ بوو لەم لاشەوە دەزگای پۆلیسی نهێنی دامەزراندو خۆی سەرپەرشتی دەکرد بۆئەوەی خەڵکی نەتوانێ بەئازادانە قسەبکاو سانسۆری داناو ستەمێکی بەزۆرەملێ پەیڕەو ئەکردو سەرەتای گەندەڵیو دکتاتۆریەتی لەکاروکردەوەیدا پەیڕەو کردو هێڵی سووری بۆ هەمووشتێك دانابوو، هەرچەندە دوای مردنی خۆی (خرۆشۆف ) هات وسەرکردایەتیەکی بەکۆمەڵی پەیڕەو کرد پێچەوانەی ستالین وبگەڕێتەوە سەربیروڕاکانی لینین، بەڵام بەداخەوە بەهۆی کەڵەکەبون وخراپ بەکارهێنان وشێواندنی متمانەی خەڵك ودەسەڵات لەلایەن ستالینەوە، خرۆشۆف نەیتوانی سەرکەوێ لەکارەکانیدا، ئەوانی دوای خۆشیان بەهەمان شێوە ئەیانویست ئازادی ودیموکراسی بۆ خەڵك بگێڕنەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك شکەندو کۆسپ ئەبوونەوە وخەڵکی روسیاش لەنەداری ونەبونی ئازادی ونەژادی ومەزهەبی وقەیرانی گەورەی ئابوریدا ئەژیان کەهەموو هۆیەکانی ڕاگەیاندن وخزمەت کردن لەپێناوی سەرکەوتنی دەسەڵات دابوو ریگەش نەدرا خەڵکی ئازادانە بدوێو ڕەخنە بگرێو تاسەرەنجام گۆرباتشۆف زۆر بوێرانە ئەم پیرۆزییەو گەندەڵیەی ئاشکراکردوو سەرکردەکانی پێش خۆی بەمشەخۆرو دۆگما وەسف کردو کەم وکورپیەکانی بەخەڵك ڕاگەیاندو دەرگای ئازادی ودیموکراسی لەخەڵك کردەوەو کۆمپانیاو دزییەکانی سەرکردەکانی وڵاتی ئاشکراکردو هەمووشی گێڕایەوە بۆحوکمی تاك دەسەڵاتی سەردەمی ستالین کەئەو

یەکەمین بەرپرسە لەداهێنانی دکتاتۆری وگەندەڵی وسەرکوت کردن وپیاهەڵدان وتەفرەدانی خەڵك وسەرکردەکانی دوای ئەویش بەهەمان ڕێچکە وەسف کردو دەرمانی دەردەکەشی دیتەوەو چارەسەریشی بۆدانا بۆنوێکردنەوەو بیناکردنەوە، هەرچەندە لەسەررەتا وڵات شڵەژاکاتێ گوێ بیستی ئەم ڕاستیانە بوون کەسەرکردەکانیان هەمووشتێك یان لەپێناوی خزمەتی دەسەڵاتی خۆیان دا کردوەو یارییان بەچارەنوسی خەڵکی زەحمەتکێش کردوە بۆیە لافاوی جەماوەر هاتە سەرشەقام ونەفرەتیان لەدەسەڵاتی پێش خۆیان وبیروباوەڕیان ئەکردو بەداخەوە پەیکەری لینین یان ڕووخاند کەباوکی چەوساوەکان بووئەمەش لەئەنجامی بازرگانی کردنی سەرکردە دزو گەندەڵەکان بوو کەخۆیان لەبەرگی شۆڕشگێڕیدا حەشاردابوو خەڵکیش شتە پیرۆزەکانیشیان لا ناشیرین وخیانەت بوو بۆیە تەڕوو وشکیان بەیەکەوەسوتان لێرەدا پێویستە دەسەڵاتی کوردیش بەخۆیدا بچێتەوەو سەروەرییەکانی ڕابردوو دادی نادا گەر پیلانی داهاتویان لەخزمەتی خەڵکدا نەبێ نابێ بەخۆشیان بنازن لەڕووی دارای و دەسەڵاتەوە کەدەتوانن پێش بەگۆرانەکان بگرن وهەتا زووە کاربۆ مەدەنیەت وڕیفۆرم وخۆش گوزەرانی بکەن بۆخەڵك نەك بۆبەرژەوەندییە تایبەتیەکانی خۆیان هەنگاو بنێن بەشێوەی دۆگماو دکتاتۆرانەو بازرگانی کردن بەخەڵك و پەند لەگەلان وەربگرن.

# کێ تاوانباره ...

# بیکەرو هاملتۆن .. یا .. سەرکردایەتی کورد

پیش هەموو شتیك دەبێ بزانین بیکەروهاملتۆن کێن ودەورو کاریگەرییان چی بووەلەناوخۆو دەرەوەداو ئەمجار دەبێ ئەوەش بزانین کەئەم (بیکەروهاملتۆن)لەکۆمپانیای (U.S.I.P) واتە پەیمانگای وولایەتەیەکگرتوەکانی امریکا بۆ ئاشتی ڕاسپراوە توانیوشیانە لەسیاسەت وستراتیژی ئەمریکادا دەوری کاریان هەبێ و ئەمەریکا لەزۆر قەیران و تەنگەژەدا ڕزگاربکەن بەبیرو بۆچون و پێشنیارو پرۆژەکانیان ئاراستەی دەسەڵاتی گەلی ئەمەریکایان کردووەو وەزۆر لەبیرو بۆچونەکانیان قبوڵ کراوەو خراوەتە بەرنامەی کارکردنەوەو بەشداریان کردووە بەشێوەی سەرنج و پیشنیار لەکێشەو ناکۆکییەکانی ( بۆسنەو هەرسك ) هەروەها زۆر لەکێشەکانی تری دنیاو وەپرۆژەی (٧٩ ) خاڵی ئەمجارەشیان کەماوەی نۆ مانگی خایاندو پرس و ڕاوێژیان بەزۆر لەسەناتۆرو دبلۆمات و هەواڵگریەکان و سیاسەت مەداران و نوسەران ئەمجار بالیۆزو کەسایەتی یەکانی ترکیاو ئێران و سوریاوە کردووە لەناوخۆی عێراقیشدا پەیوەندی یان کرد بەشیعەو سونەو ...هتد بۆ داڕشتنی بەرنامەو پلانەکانیان هەرچەندە ئەم ڕاپۆرتە لەسەر ئاستی ناوخۆی دا گەلی کورد لەزۆر ڕووەوە ڕەتی ئەکاتەوە سونەو تورکمانەکان شیعەکان تاڕادەیەکی زۆر پێ ی خۆشحاڵن و لەهەمان کاتیشدا هەندێ سەرنج و ڕایان لەسەر هەیە هەروەها سوریاو ئێران و ترکیا پێ ی خۆشحاڵن و پشتیوانی لێ دەکەن و دەنگدانەوەیەکی لادروست کردوون ، بەڵام لەئەمەریکاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا دەنگدانەوەی جیاوازی لێ کەوتۆتەوەو لەلای خودی جۆرج بۆش و ڕۆژنامە ئەمەریکی و جیهانی یەکان لێکدانەوەی جیاواز هەیەو پشتیوانی لەهەندێکی ئەکرێ و لەهەندێکی تری ناکرێ جیگای پرس و تێڕامان و گفتوگۆیە .

١- (جیمس بیکەر ) کێ یە ؟

جیمس ئەدیسۆن بیکەر لە ٢٨/ ئەپرەیلی ١٩٣٠ لەهاوستۆن لەتەکساس لەدایك بووە لەساڵی ١٩٥٢ پلەی ماستەری وەرگرتووەو لەزانکۆی تەکساس بۆ ماوەی دوو ساڵ یاسای خوێندووەو بەپلەی ملازم لەڕیزی هێزەکانی مارێنزی ئەمەریکی دا بووەو (٨) منداڵی هەیە ، وەکو کەسێکی دبلۆمات و نزیك لەبنەماڵەی بۆش بۆ کارەسەختەکان تەماشا ئەکرێ و پێشووتریش سەرۆکی یەکەمی ستافەکانی (ڕۆناڵد ڕیگن) بووە لەسەردەمی ساڵی ١٩٨٥ – ١٩٨٨ وەزیری بودجەی داهاتەکانی ئەمەریکا بووەو دواتر لەسەردەمی (جۆرج بۆشی ) باوك وەزیری دەرەوە بووە یەکێکیش بووە لەوانەی کەلەسەردەمی کیمیابارانی کوردستان دا ئینکاری کردووە لەهێرشی کیمیاوی و ئەنفال بۆسەر کوردو هەروەها دامەزرێنەری ئەنیستۆی جیمس بیکەریشەو سەرەتا لەگەڵ دیموکڕاتەکان دا بووە دواتر چۆتە پاڵ کۆماری یەکان دواتریش وەکو بەڕێوەبەری هەڵمەتبەری جۆرج بۆش ئیشی کردووە هەروەها لەئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەیی کاری کردووە وەك فاکتەرێکی دیارو گرینگ ساڵی ١٩٨٩ بووە وەزیری دەرەوە تاوەکو ساڵی ١٩٩٢ وەمەدالیای ئازایەتی پێ بەخشراوە دەورێکی بالای هەبووە لەهاوپەیمانیەتی ٣٤ دەوڵەتی لەشەڕی کەنداو دواتر ساڵی ١٩٩٧ کرا بەنێرراوی تایبەتی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ بیابانی ڕۆژئاوا لە ٢٠٠٤ وازی لەم پۆستە هێناو کاتی خۆیشی پلانی بیکەر ٢ خستەڕوو لەنێوان مەغریب و پۆلیساریاو بەڵام مەغریب ڕەتی کردەوەو ماوەیەکیش ڕاوێژکاری یاسایی بۆش بووە لە ١٥ ی ئادار کۆنگریسی گرووپی لێکۆڵینەوەی عێڕاقی ڕاگەیاند کەبیکەرو هاملتۆن پێکەوە کران بەسەرۆکی ئەم گرووپە وە لە ٦ی دیسەمبەر ڕاپۆرتەکە خرایە ڕوو .

٢- ( لی هاملتن) کێ یە ؟

(لی هێربێت هاملتۆن ) ساڵی ١٩٣١ لەکەناری (دایتۆن ) لەوولایەتی فلۆریدا لەدایك بووە ساڵی ١٩٥٦ بەشی یاسایی تەواو کردووەو بۆ ماوەی ١٠ ساڵ وەکو پارێزەری تایبەت کاری کردووەو وەجێگری سەرۆکی ١١ ی سێپتەمبەر بووە ئێستاش لەئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئاسایشی دەوڵەت کارئەکات و وەماوەی ٣٤ ساڵ لەئەنجومەنی نوێنەرانی وولایەتە یەکگرتووەکان کاری کردووە وە ساڵی ١٩٩٦ بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لەسەر لیستی دیموکڕاتەکان هەڵبژێردراو وەزۆر هاوکاری کلنتۆنی کردووەو ئەندامی کۆنگریس بووەو سەرپەرشتی چەندین

دەستەی ڕاوێژکاری کردووە لەدانیشتنەکانی وەکو ( CIA ) ئەنجومەنی ڕاوێژکاری ئاسایشی دەوڵەت و وەئێستا سەرۆك و بەڕیوەبەری (وودرۆ ویلْستی ) نێو دەوڵەتی یە .

٣- ناوی ئەندامانی لیژنەکە :

که ( ٥ ) یان کۆمارین و ( ٥ ) یان دیموکڕاتەکانن ( لی هاملتۆن و جیمس بیکەر ) سەرۆکی لیژنەکە ئەمانەشی ئەندامەکانن ( لۆرێنس ئیگلبێرکەر ، ڤێرنەن جۆردان ، لیۆن پانیتا ، ئیدوین مێسی ، ئالان سیمپسن ، ساندرا دەی ئۆکۆنۆر ، چارلس ڕۆب ، ولیەم پێری )

٤- دۆستایەتی کوردو ئەمەریکا :

ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە دەتوانین بڵێین پەیوەندی نێوان کوردو ئەمەریکا پەیوەندی یەکی سترِاتیژی نەبووەو هەمیشە کوردیان وەکو کارتێکی گوشار بەکارهێناوەو سەرکردایەتی کوردیش بەبێ بەڵێن و هاوپەیمانی یەتی ستڕاتیژی یەوە خۆی هەرزان فرۆش کردووەو شاخ و باڵی لێ ناوە لەپێناوی بەرژەوەندی یەکانی حیزبەکەیدا نەتەوەکەی کردۆتە قوربانی حیزبەکەی و لەم لاشەوە ڕاستی یەکانی چەواشە کردووەو هەموو شتێکی بەبالاَی حیزبەکەیدا دابرِیوە وەسیاسەت و سترِاتیژی ئەمەریکی یەکان هەمیشە شەفاف دیار بووە بەرامبەر جیهان و گەلانی دنیا بەگەلی کوردیشەوە خۆ ئەگەر تەماشای پەیوەندی نێوان شۆڕشی ئەیلول و ئەمەریکا بکەین ئەوا دەبینین پەیوەندی یەکی گرێنتی و کۆنکریتی نەبووە وەتەنانەت بەرژەوەندی یەکی هاوبەشی بەهێزیش نەبووە بۆ پاراستنی ئەم شۆڕشە هەروەکو ( کیسنجر ) دەڵێ ( کورد ناتوانێ بەرژەونی یەکانمان بپارێزێ یان تێکی بدات .. ) بۆیە ئەمەریکا هەمیشە وەکو تاکتیك و کات بەسەر بردن مامەڵەی لەگەڵ کورد کردووە ، بەلاَم سەرکردایەتی کورد ڕاستی یەکانیان بەخەڵك تاوەکو ئێستا نەوتووە هەمووشمان ئەزانین ئەمەریکا هۆی سەرەکی نسکۆی شۆڕشی ئەیلول بوو لەهەمان کاتیشدا کشانەوەی لەڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ وە ئەوەی جێگای داخە سەرکردایەتی کورد تاوەکو ئێستا پەند لەڕابردوو وەرناگرێت لەقاپێك ئاودا مەلە ئەکاو ئەخنکێ وبەبەلێنی سەرزارەکی ئەچێتە نیو هاوکێشەکانەوەو بەرنامەیەکی تۆکمەو هاوبەش نیە لەسەرکردایەتی کورداوهەمووی ڕووکارە بۆیە ئەنجامەکەی بێ بەرهەمە .

٥- دۆستایەتی کوردو عەرەبی عێراقی :

بەداخەوە ئەگەر بۆ مێژوو بگەڕێینەوە لەگەڵ درووست بوونی دەوڵەتی عێراق دا هەموویان بەئاگرو ئاسن ڕژێمە یەك لەدووای یەکەکان وەلاَمی داواکاری کوردیان داوەتەوەو مەفهوم و بەرنامەیان بەرامبەر گەلی کورد شاراوە نەبووەو ئەوەی لەدەستیان هاتووە بەڕاگواستن و کوشتن و بەعەرەب کردن و کیمیاوی ئەنفالیان ...هتد کردووەو وەسەرکردایەتی گەلی کوردیش ئەگەر خۆی هەڵە نەکا ئەزانێت هیچیان لە هەگبەدا نی یەو تاوەکو ئێستاش ئەوەی پێ ی دەڵێن هاوپەیمانی سترِاتیژی لەنێوان کوردو عەرەب و ئەمەریکاو هاوسێکانیدا نی یە ، بەلاَم بەداخەوە ڕاگەیاندنی کوردی بابەتی یانەو واقعیانە ڕاستی یەکان نادرکێن و هەمیشە کەوتن و گلانەکانیان لەئەستۆی دووژمنەکانیان هەڵ ئەسوون خۆشیان بێ تاوان لەقەڵەم ئەدەن و هیچ کاتێك خوێندنەوە سلبی یەکانی خۆیان بەتێکشکان حیساب ناکەن هەمیشە سیاسەتی چەپڵەو درووشمی بریقەدار بەرزئەکەنەوە بەدوی خۆیان ناڵێن ترشەو ئەمەش خۆی نەخۆشی و نەخوێندنەوەی خۆتە کاتاوەکو ئێستا خوێندنەوەیان بۆ لایەنە سلبی سیاسەتەکەیان نەبووە .

٦-دۆستایەتی کوردو هاوسێکانی :

هەمووەمان ئەو ڕاستی یە ئەزانین کەگەلی کورد دابەش بووە بەسەر چوار پارچەدا هەمووشیان ئەگەر ناکۆك و ناتەبابن بۆ دژی کورد یەکن بەلاَم ئەوەی جێگای سەرنجە سەرکردایەتی کورد کاتێ ئەچنە هەر وولاَتێك لەدراوسێکان ئەچەمێنەوەو تەنانەت هەندێ جاریش لەسەر گۆڕەکانیان ئەگرین و ئەڵێن سوریا پشتیوانی گەلی کوردو لانکەی شۆڕشەکەی بووەو ترکیا هاوسێ و هاوپەیمانی کوردەو ئێرانیش دۆستی دێرینمانەو شوێنی حەوانەوەی ئێمە بووەو هەموویان بەچاوی هاوسێ و دۆست و هاوپەیمان تەماشا ئەکەن کەدێشنەوە کوردستان و کۆڕو کۆبونەوەکان ئەم وولاَتانە بەدژی کورد وەسف ئەکەن و شیرو تیر ئەسون لەمەیدانی کرداریشدا هیچ بەدوواداچونیان نی یە ئایا سەرکردایەتی کورد تاکەی بانێك و چەند هەوا کارئەکا یان بۆ واز لەسیاسەتی دووفاقە ناهێنێ و بادۆست و دووژمنەکانمان وەکو خۆی بناسین و نەهێندە شیرین بین قووت بدرێین و نەهێندە تاڵ بین نەخورێین خوێندنەوەشمان بۆیان بابەتی یانەو ڕاستگۆیانە بێت وەك خۆی ...

٧- سەرکردایەتی کوردو بیکەر :

جێگای داخە سەرکردایەتی کورد یاخۆی بێ ئاگا دەکات یان ئاگای لێ یەو خەڵکی چەواشە ئەکاو لەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیاندا ئەگینا چۆن ئەچێتە ئەقڵەوە بیکەرو هاملتۆن ٩ مانگە خەریکی ئەم پرۆژەو پرس و ڕایەن ئایا سەرکردایەتی کورد لەکوێ خەوی لێ کەوتبوو یا بۆ بەدەنگ داخوازی یەکانی بیکەرو هاملتۆن نەئەچوون و بەشدارییان تیا نەئەکرد یاخود بۆ لێیان نەپرسین چییان پێ یە بۆ کوردستان ! بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی کورد هەرفێری (بێنە بووە نەك هانێ ) دەبووایە سەرکردایەتی کوردو پەرلەمان پێش وەخت لەپرۆژەکەدا هاوکارییان بکردایە نەك دووای باران کەپەنگ دادت نادات ئەمە بەتەلەفونێکی سەرزارەکی ناکرێت لەنێوان بیکەرو سەرۆکی هەرێم و کورد ببڕێتەوە ؟ چونکە ئەم پرۆەیە زیاتر لە ١٧١ کەسایەتی و دبلۆمات و سیاسی پرسیان پێ کراوە ئەدی ئەوە نی یە ڕۆژنامەکان ئەڵێن ( ٣ ) لەکوردەکان پرس و ڕاوێژیان لەم بارە پێ کراوە وەکو تاڵەبانی و بەرهەم و زێباری تەنانەت بەرهەم صالح لەڕۆژی ٤ / ١٢ لە (شرق الاوسگ) ڕۆژێك پێش دەرچونی ڕاپۆرتەکە دەڵێت ( بەبەرژەوەندی نیشتمانی گەلانی عێراق دەشکێتەوە ، بەتایبەتی ئەوبەشانەی کەتایبەتە بەئاشت بوونەوە نیشتمانی و دۆسیەی ئەمنی ) وەلە لایەکی ترەوە سەرۆکی هەرێم ڕاپۆرتەکە ڕەت دەکاتەوە لەم لاشەوە بەرهەم بەڕاشکاوی ووتی ( ڕاپۆرتەکە هەماهەنکە لەگەڵ بەرژەوەنی یەکانی ئێمە واتە عێراق ) بۆیە جێ ی خۆیەتی سڵاو لەبێسەروبەری دبلۆماسیەتی کورد بکەین وە جێگای سەرنجە سەفیرەکانی ئەمەریکا لەعێراق دا دەڵێن کوردەکان وەکو فەرش فرۆش وان دەمێك باسی حەمرین دەکەن و دوواتر دێنە ناو کەرکوك ئاواتمان ئەوەبوو کەرۆژێك لەڕۆژان لێمان عاجز بن بۆ ئەوەی بەدوواياندا بچین ، بەڵام ئەمە ڕووی نەئەدا لەم لاشەوە سەرکردایەتی کورد گلەیی لەلیژنەکە ئەکاو ئەڵێ نەهاتونە کوردستان منیش دەپرسم ئایا سەرۆك کۆمارو وەزیری دەرەوەو جێگرەکانی و ئەندامانی لیستی سەوزو زەرد لەبەغدا ئیشیان چی یە ؟ ئەمجار حەقمان لای ئەمەریکی و عەرەبەکانە پێویستە ئێمە خۆمان بەدەنگ حەقەکەی خۆمانەوە بچین نەك چاوەڕوانی خێرو نازو گلەیی بین بەداخەوە سەرکردایەتی کورد هەمیشە لەبودجەی دارایی عێراق یەك هەڵوێست بووە بۆ وەرگرتنی و هەردوو سەرکردەکە بەپەلەپروزێ بۆ ئەم مەسەلە ئەچنە بەغدا نەك کێشە نەتەوایەتی یەکان ئەدی ئەوە نی یە بودجەی دیاریکراو لەعێراق وەردەگرن بەڵام خەڵکی ئاوو کارەباو غازو نەوت و بەنزینی نی یەو دەبێ ئەو ڕاستی یە بزانین سەرکردایەتی کورد ئەمە یەکەم هەڵە دوواهەڵەیان نابێ خۆ لەکۆنگرەی معارەزەی لەندەن پێش ڕووخانی ڕژێم هەردوو لایان بەبێ بەرنامەو پرۆژەوە چوونە کۆنگرەی لەندەن و هیچ نووسراویشیان لەئەمەریکاو بەریتانیاو عەرەبەکان وەرنەگرت سەبارەت بەمافەکانی کورد بەڵکو هەرلایەو ئیشی بۆ حیزبەکەی خۆی ئەکرد بیباتە پێشەوەو تەنانەت ( ٣ ) ساڵە ڕژێم ڕووخاوە تاوەکو ئێستا ئیدارەکانیان بەتەواوی یەك نەخراوەتەوە لەم لاشەوە سەرکردایەتی کورد ئەوەندەی بەخەم ڕاگرتنی عێراقەوە بووە ئەوەندە بەتەنگ کورد نەبووە .

٨- کێشەی کەرکوك :

دیارە کەرکوك لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٧٠ وە ساڵی ١٩٨٣ وەساڵی ١٩٩٢ نەتووانرا بگاتە هیچ ئەنجامێك و بەبەرژەوەندی عێراق دا شکایەوە ئۆباڵەکەشی ڕژێمە داگیرکەری عێراق بوو ، بەڵام شکستی کەرکوك لەدوای ڕوخانی ڕژێم ئۆباڵەکەی سەرکردایەتی کورد بوو چونکە لەکۆنگرەی لەندەن پێش ڕووخانی ڕژێم بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی و یەك هەڵوێستی قودس و دڵێ پارتی و یەکێتی نەتووانرا نەك هەر کێشەی کەرکوك بەڵکو مەسەلەی کوردیش بخەنە یەك پرۆژەو بەرنامەوە کەپێ ی لەسەر دابگرن چونکە ئەوکاتە معارەزەی عێراق زۆر بێ هێز بوو بەڵام کورد هێڵی ٣٦ ی هەبوو دەیانتووانی زۆر مەسەلە بچەسپێنن بەسەر هەموویاندا بەڵام بەپێچەوانەوە هەردوولا ئیمزای پرۆژەکەیان کردبوو لەسەر مەسەلەی کەرکوك هەتاوەکو ئێستا ئەم ئیمزایە لەکۆڵ کەرکوك نابێتەوە وەکو خاڵەکانی پرۆسەی ئازادی :

١- نابێ هیچ لایەکیان پەلاماری کەرکوك بدەن .

٢- نابێ تەعریبەکان دەربکرێن هەتا وەزع ئاسایی دەبێتەوە .

٣- نابێ کوردەکان بگەڕێنەوە کەرکوك هەتا حکومەت دادەمەزرێت .

لەلایەکی تریشەوە لەسەردەمی مەجلیسی حوکم دا ئیمزا کرا هەردوو سەرکردەکە بەوە ڕازی بوون کەکەرکوك و بەغدا بەپێ پرۆژەکە بۆی نەبوو لەگەڵ هیچ هەرێمێکدا یەك بگرێتەوە ! ئەدی کەوایە چۆن دەگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ، بەڵام بەداخەوە لەسەردەمی

دەستوریشدا لەبری ئەوەی کێشەی کەرکوك پێش بخەن کەچی دوواخراو یان هەڵسان بەئیمزا کردنی فیدراڵی پارێزگاکان ئەمجارە لەهەموی داختر ئەوەیە سەرکردەکانی ئێمە سەربەخۆیی بەخەون و خەیاڵ تێ ئەگەن یاخود ئەڵێن هێشتا کاتی نەهاتووەو عێراقچییانە بیر ئەکەنەوەو ئیمزاش ئەکەن لەم لاشەوە گلەیی لەمەسەلەی کەرکوك و راپۆرتەکەی بیکەر ئەکەنەوە بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین ئەمە خێرو بەرەکەتی عێراقچییەکانە کەلەراپۆرتەکەی بیکەر رەنگی داوەتەوە ئەگەر جارێك بەدرۆش داوای سەربەخۆیی و زیاترتان داوا بکردایە بێگومان ئێستا دەستکەوتی زیاترتان بەدەست ئەهێنا بەلآم ئەبێ بزانن ئەچێنن ئەوە ئەدرونەوە .

٩- راگەیاندنی کوردی :

بەداخەوە راگەیاندنی کوردی لەسەردەمی شاخ و شاردا هەمیشە زیاتر لەسەر تاکتیك ئیشی کردووە وەك لەوەی ستراتیژ بەئامانجی خزمەتی حیزب نەك گەلەکەی ئەوەندەی تیرو شیر لەشەری ناوخۆدا شانازی پێوە ئەکرا ئەوندە شەرێکی رژێم باس نەئەکرا وەهەموو لایەك رەخنەی لەوێنەکانی سەدام و راگەیاندنەکەی ئەگرت بەلآم پەرلەمان کۆبوەوەو برپاری دا وێنەی هەردوو سەرکردەکە بەرەسمی هەڵبواسرێت وەهەمیشە راگەیاندنی کوردی شەفاف نەبووەو لەنێوان دەسەلآت و خەڵکدا دیوار هەبووەو بەچاك و خراپی یەوە سەرکردایەتی کورد بەرپرسیارە نەك خەڵك چونکە بەهەموو کۆبونەوەکانیان ئەگووت سەرکەوتوو ئیجابی بووە بەبێ ئەوەی هیچ شتێك دیاربێت وەخەڵك بەشدار بێت لەسیاسەت و برپاردان ، بۆیە پێویستە سەرکردایەتی کورد دەسەلآتی راگەیاندن شەفاف بکات و لایەنە سلبی و ئیجابی یەکان باس بکات وەئەوەی شایەنی باسە کۆبونەوەکانی پەرلەمان کەشتی سادەو ساکارو دیکۆری تیا باس ئەکرێت ئەمەش لەراگەیەندن راناگەیەنرێت وەئەوەی شایەنی باسە تاوەکو ئێستا راگەیاندنی کوردی نەیتوانیوە پەردە لەسەر کۆبونەوە ژێربەژێرەکانی بەغداو هاوسێکان و ئەمەریکاو ئەوروپا لادا کەچی لەتەنگانەدا داوای هەڵوێست لەگەلی کورد ئەکات بۆ پێویستە دبلۆماسیەتی کورد لەناوخۆو دەرەوە خاوەن یەك هەڵوێست و راگەیاندن بن و لۆبی کوردی بخەنە گەر نەك حیزبی و چیتر رەخنە لەرابردوو نەگرن ، بەڵکو رەخنە لەخۆیان بگرن و پەند لەرابردوو وەربگرن .

# پەرلەمان ...یان ...نەمان

پەرلەمان بەکۆمەڵێك نوێنەر ئەڵێن کەلە لایەن خەڵکەوە هەڵئەبژێردرێن کە ئەرکی یاسادانانی وولاتەکەیان لەئەستۆ دایەو کارئەکەن بۆ چاککردنی سەرخان و ژێرخانی ئابوری و کۆمەڵە یاسایەك دائەنێن بۆ پەیرەوکردن بەئامانجی پێشکەوتنی ولات لەهەموو ڕوویەکەوە ... وەلە ئێران وتورکیا لەبری پەرلەمان پێ ی دەڵێن (مەجلیس) و لەوولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هەندێك لەوولاتانی ئەمریکای لاتین (کۆنگریس) ی پێ دەڵێن . وە لەهەندێك وولاتی تردا لەدوو بەش پێك دێت وەکو (شورا ، سەنا) و (ئەنجومەنی ئەعیان – پیاو گەورەکان یان لۆردەکان – دەوڵەمەندەکان) دیارە ئەندامانی پەرلەمان هەندێکیان لەڕێگای ڕاستەوخۆی دەنگدانەوە هەڵئەبژێردرێن و هەشیانە لەهەندێ وڵاتدا بەمیراتی و پشتاوپشت ئەبنە ئەندامی پەرلەمان و لەهەندێ شوێنی تریشدا بەهۆی لیستی حیزبیەوە ئەبیتە ئەندامی پەرلەمان . هەروەها لەوولاتە سەرمایەدارەکاندا لەڕووی شێوازەوە دووجۆر پەرلەمان هەیە (١) لەو ولاتانەی کۆماری پەرلەمانین وەکو ئیتالیا ، تورکیە ، هیندستان ...هتد. (٢) یان لەو ولاتانەی کەپاشایەتی مەرجدارن وەکو بریتانیا ، سوید ، دانیمارك ... هتد دیارە دەوری پەرلەمان چاوەدێری کردنی گشت کاروبارێکی دەوڵەت ئەکا بەگەورەترین و بالادەسترین سەرچاوەی دیموکراسی ئەژمێردرێ دەوری بنچینەیی ئەبینن لەدانانی یاسا گەلێك بۆ وولاتەکەیان و لەهەندێ وولاتیش سەرکۆمار دەسەلاتی فراوانی هەیە وەکو (ئەمریکا ، ئەمریکای لاتین ، فەرەنسا ...) بەلام لەو وولاتەدوواکەوتوو دکتاتۆرەکان ئەگەر پەرلەمانیش هەبێ تەنیا دیکۆرو هەڵخەڵەتاندنی خەڵکەو ناتوانن هیچ شتێك بڕیار بدەن بەبێ بڕیاری سەرکردە دکتاتۆرەکەیان هیچ ڕۆڵیان نابێ لەنەخش و ئاوەدان کردنەوەی ولات ... خۆ ئەگەر لەم ڕوانگەشەوە سەیری پەرلەمانی ئەوروپا بکەین ئەبینن کەبەجیاوازی بیروباوەڕەوە لەناو پەرلەماندا کار ئەکەن بەلام هەموو لایەکیشیان کۆکن لەسەر ئامانجی نەتەوەیی و پێشکەوتن و وەکۆبونەوەکانی پەرلەمانیان لەبەرچاوی خەڵك ئەنجام ئەدرێ لەڕۆژنامەو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بلاوئەکرێنەوە لەپشتی پەردەوە هیچ ئەنجام نادرێ لەهەموو شوێنێك بەپێ ی پێویست هەفتانەومانگانە بۆڕازو سکالاکانی خەڵك دائەنیشن و هەر شتێك لەبەرژەوەندی خەڵك نەبێ بڕیاری لێ نادەن ئەگەر حیزبەکەشی بەدڵی نەبێ وەئەندامی پەرلەمان بەزمانی دایکی خۆی قسە ئەکا بۆ نمونە پەرلەمانی سویسرا بەچوار شێوە زمان لەناو پەرلەماندا ئاخاوتن ئەکاو ئەمە بەم مانایە نی یە کەزمانی سویسری نازانێ بەڵکو ئەمە شێوازێکی دبلۆماسی و ئاشناکردن و ناساندنی زمانی نەتەوەکەیەتی و وەلەزۆر شوێنی تری دنیادا بەم شێوەیە ... بەلام بەداخەوە ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە تەماشای پەرلەمانی خۆمان بکەین ئەبینن ئەندام پەرلەمانەکانمان لەسەر ئاستی لیستی حیزبی هاتوونە پێشێ نەك وەکو نوێنەری خەڵك و لەسەر ئاستی خزمەت ئەمجار ڕادەی ووشیاری و لێهاتووی پسپۆڕی لەبەرچاو نەگیراوە بەڵکو عەشیرەتی و عەسکەری و حیزبی ...هتد وەکو دیکۆر دانراوە تەنها دەست هەڵبڕینی لەسەرە لەبری ئەوەی بڕیارو یاساکان لەپەرلەمان گفتو گۆیان لەسەر بکرێ لەقەلاچوالان و سەری ڕەش بڕیار ئەدرێ و ئەمانیش بەکۆی دەنگ قبوڵی ئەکەن و وەلەدەیان کۆبونەوەی پەرلەمان دا کۆبونەوەیەك لێ نادرێ بۆ ئەوەی خەڵك بزانێ سەلبی و ئیجابیەکان لەکوێ دا سەرچاوەیان گرتووە و کەچی داوای شەفافیەت ئەکەن لەڕاگەیاندن دا هەربەهەمان شێوەش سەرکردایەتی کوردیش بەهەموو کۆبونەوەیەك ئەڵێن سەرکەوتوو ئیجابی بووە ، بەبێ ئەوەی ئێمە هیچ ببینین ، ئایا کاتی ئەوە نەهاتوە پەرلەمان بەکردار ببێتە نوێنەری خەڵك ؟ و ئایا کەی دەسەلاتی حوکمی و حیزبی لەیەکتری جیا ئەکەنەوە؟ و بەمەدەنی و مۆدێرنیان ئەکەن وە بەهەر حاڵ کەئەندام پەرلەمانەکانمان لەعێراق و کوردستان لەهۆڵەکەدا خەویان لێ ئەکەوێ حەق نی یە زمانی کوردیان لەناو پەرلەمانی عێراق دا لەبیر بچێتەوە چونکە بەپێ ی دەستور زمانی کوردی هاوشانی زمانی عەرەبیەو نابێ بەئەندام پەرلەمانێك پێ بکەنین کاتێ زمانی عەرەبی نازانێ یاقسەی پێ ناکاو وەلەسەر پەرلەمانی کوردستان پێویستە نوسینگەیان لەهەموو شارو شارۆچکەیەك دا هەبێ و لەنزیکەوە لەگەڵ خەڵکدا کۆببنەوە چونکە ئەمانە لەسەر حیسابی خەڵك لەپەرلەماندا کار ئەکەن و لەهەمان کاتیشدا پێویستە پەرلەمانی کوردستان لیژنەیەکی بەدوواداچون دروست بکا بۆ ڕازو سکالاکانی خەڵك کەلەڕۆژنامەو ڕاگەیاندنەکان بلاو ئەکرێتەوە چونکە خەڵك هەر

ئەم ڕێگەی هەیە کەدەنگی پێ تان بگا بۆیە تکایە سکالآی خەڵك لەڕۆژنامەکەماندا بخوێنەوە نەك هەر موچەو کات بکوژن ، ئاوڕێکیش لەبازاڕو باری ئابوری خەڵك و یاسا ...هتد بدەنەوە .

سەرچاوەکان :

فەرهەنگی نوێ ، برهان قانع

# کۆنگرە...

# لە نێوان واقع و خەیاڵدا

کۆنگرە هەمیشە دەبێ ئامانج و نوێ کردنەوەو گۆڕان بێ لەگشت بوارەکانداو هەڵتەکاندنی کۆن و داهێنانی نوێ گەری و سەردەم بێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەزیندوی بمێنێتەوە ڕووبەری کێشەو گرفتەکان ببێتەوە پێویستی بەوەیە کەچەق نەبەستێ و لەهەموو سەردەمەکاندا بگونجێ و هەموو ئەمانەش بەبیری نوێ و کراوانەو تیوریکی شۆڕشگێری و واقعی دێنەدی و لەهەمان کاتیشدا کۆنگرە دەبێ بەر لەدەست پێکردنی هەموو ئامادەکارییەکانی بۆ کرابێ و کێشەو گرفتەکان لەناوخۆو دەرەوەدا یەکلای کرابنەوەو تەنها بڕیار لێ دانی گشتی مابێ دەنا ئەو کۆنگرەیە سەرکەوتو نابێ کەبە چارەسەرنەکردنی کێشەکانی بچێتەناو کۆنگرەوە ، چونکە هیچ ئەنجامێکی لێ بەدی ناکرێ جگە لە دیکۆرو تێکپەڕاندن و کێشەکانیش تەنها هەڵدەپەسێرێ و کەڵەکەیان دەکاو لەئەنجامدا دەڕوخێ ئەگەر لەم ڕوانگەشەوە تەماشای کۆنگرەو کۆنفرانسەکانی شاخ و شار بکەین دەبینین لەسەردەمی شاخدا بنەماکانی ڕێکخستن و ئیلتزام و پەروەردەو بەرنامەو زیاتر لەئێستاکاری پێ دەکراو ڕەخنەو پرسیار و سەرنج و تەقیم یەکسانی لەنێوان سەرەو خوارەوەدا بەشێوەیەکی کردارتر لەئێستادا هەبوو سەرەڕای نەبوونی هەلومەرج لەزۆر ڕوو ، بەڵام بەداخەوە لەدوای ڕاپەڕین کۆنگرە هەرناو بوەو ناوەڕۆکی نەبوەو پەروەردەو تەقیم و چالاك و ناچالاك کاری پێ نەکراوە ، بەڵکو خزمایەتی و عەشیرەتی و بەرتیل و خۆدەوڵەمەند کردن لێ نەپرسینەوە بۆتە دروشم و ئامانج هەر چەندە لەبەرنامەو پەیرەوی ناوخۆدا زۆر مەرج و ئەرك هەبوە ، بەڵام لەواری پراکتیکدا وجودی نەبوەو تەماشا دەکەین کۆنگرە هیچ کاتێ ئەو ساڵەی بۆی دیاری کراوە کۆنگرە بکرێ نەیکردوەو بەبیانویەك قەناعەتیان بەخوار خۆیان کردوە یامەسەلەی نوێنەرایەتیەکان لەدەرەوەی پەیڕەو پرۆگرام بوون ، پارەیەکی زۆریش بەم ناوە بەهەدەر چوەو جگەلەوەی بێ متمانەیش لەنێوان ڕیزەکاندا دروست دەکاو دەبوایە یەك جێگر هەبێ بەپێ ی پەیڕەو ، بەڵام دووجێگرە دەسەلاتەکانیشیان وەکو پێویست ڕوون نیە و یابەر پرسی دارای دەبێ ئەندامی م س بێ کەچی ئەندامی سەرکردایەتیش نی یە جگە لەمانەش پەروەردەو ڕەخنە نەماوە لەناو ڕیزەکان لەسەرێ وە بۆ خوارەوە تەنانەت هەست ناکەی کەلەناو حیزبێکی سۆسیال دیموکراتی هەروا ئەزانی میراتگرەوەی پاشایەتی و خەلافەتی پرانسیپەکانی ڕێکخستن و کارکردن تەنها بۆتە دروشمی بێ کردار .

⋆ کۆنگرەی داهاتوو ..

کێشەکان لەهەموو ڕوویەکەوە لێوان لێو بوە ئایا کۆنگرە هەر وەکو جاران دەبێ یا بەپێچەوانەوە ، چونکە ئەرکە قورسەکانی کۆنگرەی ئەمجارە لەخۆبردووی بوێری دەوێ بۆ چارەسەرکردن لەلایەك کێشەکانی ناوخۆ لەڕووی تەکەتولاتولاتەوە هەروەك خۆیەتی سڕو هەڵپەسێردراوەو مەسەلەی بونی پرۆژەو دزی و گەندەڵی و خۆدەوڵەمەندکردن کەس خۆی بەبەرپرسیار نازانێ و لێ ناپرسێتەوەو هەر ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی هەموو لایەك دەم بکەنەوە نەمانی تەقیم لەبواری سیاسی و ڕێکخراوی و پیشمەرگایەتی دا کەڕیزبەندی و دڵسۆزی و تیانەماوە کێ خاوەنی مشت و پشت و شتی تربێ ئەوا کالآیەکە بەبالآی ئەو دەبڕێ و لەلایەکی تریشەوە ریکخستنەکانی دەرەوە درزی تێ کەوتوەو رەگیش بەشیك لەکادیرەکانی سەردەمی شاخ وشاری لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوەو مەسەلەی حوکمەت و حیزب و دادگا هەموویان یەك شتن و لیك جیانەکراونەوەو شەفافیەت بەدی ناکرێ و هێڵە وەهم و سورەکان ڕێگرن لەبەردەم گۆڕان و پێشکەتن زۆر مەسەلەی هەستیاری تر هەیە لەناوڕیزەکاندا لەسەرەوە بۆ خوارەوە یەکلای نەکراوەتەوە بۆیە پێویستە ی ن ك کەدروشمی سۆسیال دیموکراتی هەڵگرتوەو ئەمڕۆ ئەندامێکی کارای نیودەوڵەتیە بەفعلی بەرنامەی داهاتوی هەرڕەنگ ڕێژی نەبێ ، بەڵکو دەبێ لەمەیدانی کرداردا جێ بەجێ بکاو خەڵکەکەشی بەم بیرو باوەڕە گۆش بکاو ستراتیژیەتی بەتەواوی دیاربێ نەك تاکتیك هەردوو دەورەکان ببینێ و پێویستە ئەو بەرپرسانەی کەبێزراون و گلاون لەگەندەڵی و دەسەلآتیان لەخزمەتی خۆیاندا بەکارهێناوە خانەنیشینیان بکاو ئەوانەی گومانیان لەسەرە لیپرسینەوەیان لەگەڵ بکاو ئەوانەی بەتەنگ داهاتوی یەکێتیەوەن و دڵسۆزن پاداشت بکرین نەك دزو ماخۆیەك بن

نەزانی کێ خەڵات دەکەی و کێ سزا ئەدەی وەئەرکەکانی ڕێکخراوەیش بخەینەوە سەرشاڕێگەی کارپێ کردن و ئەگەر وانەکەین ڕابردوو لەدەست ئەدەین و داهاتوشمان ڕوون نابێ ...

٭ پرۆژەی بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆ بۆ کۆنگرە

دەکرێ بڵێین کۆمەڵێك گۆڕان و گۆڕانکاری کراوە لەم پرۆژەیە کەئێستا ئامادەکراوە بۆ کۆنگرە هەندێ لایەنی ئیجابی تیایە ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە گۆڕانەکان لەخوارەوە زیاتر هەستی پێ دەکرێ کەدەبوایە لەلوتکەوە دابەزێ بۆ خوارێ و وەبەرنامەکەش پێویستی بەو دوورو درێژەییەو ئەو هەموو مادەیە نەبوو بۆیە لێرەدا ئەو خاڵ و مادانە ئەخەمە ڕوو کەبەلای منەوە جێگای گۆڕان و گفتوگۆن ..

ماددەی ١ خاڵی ٢ دەبوایە سنوری چالاکی ئەوروپاو دنیای تیابایە ، چونکە مەڵبەندیك و چەند مەکتەبێك لەدەرەوەی وڵات هەیە. ماددەی ٣ سەبارەت بەبوونە ئەندام پێویستی بەو ڕیس و گوریسە نەبێ سەربەست بێ لەهاتن و ڕۆیشتنە دەرەوەو ئەو ڕەسمیاتەی نەوێ باشترە . ماددەی ٦ دەڵێ ئەوانەی لەتاوانەکانی ئەنفال و جینۆساید یابەتاوانیکی ئابڕوبەرانە سزادرابێ و یاتاوانێکی دەرحەق بەئەندامانی یەکێتی دابێ بەئەندام وەرناگیرێ ، منیش دەڵێم خۆزگە وابێ ئەم خاڵە جێ بەجێ بکرێ ، چونکە بەداخەوە هەموو ئەوانەی ئەنفال و جینۆسایدو تاوانی ئابڕوبەرانەیان لەدزی و کوشتن و سێکس بەزۆر ئەنجامداوەو شەهیدەکانی شۆڕشی گەلی کوردیان شەهید کردوەو هەموویان ئێستا بەرپرسن لەهەردوو حیزبی بالاَو تەنانەت دیوەخانانەشیان هەیە وەزۆر کەسی تریش کەپێشو تر لەژێرەوەو لەسەرەوە لەگەڵ ڕژێم بوەو کاری کردوە هەموو ئەمانە بەرپرسن و ئێستا شوێنی زۆر باڵایان داگیرکردوە چۆن لەئەندامەتی دەری دەکەی یاخود سزاو لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکەی وەدەبوایە دادگای کوردستان هەبوایە بۆ تاوانباران نەك نەبوونە ئەندام . ماددەی ١٠ دەبوایە ڕێزلێنانەکە دیاری کراباو وەئەوانەی لەبواری تەندروستیەوە ناتەندروستن پێویستە خانەنیشین بکرێن و ژیانیان مسۆگەر بکرێ نەك تاپۆو میرات بێ تاوەکو دەمرێ . ماددەی ١١ لەسۆسیال دیموکراتدا هەموو کەس دەبێتە ئەندام نەك بەقۆناغی پالاَوتن دا بڕوا وەکو لەخاڵی ٢ دادیاری کراوە ، چونکە ئەندامێتی پلەیەکی سەرەتاو ساکارەو پێویستی بەو تاقی کردنەوەنی یە بەڵکو تەنها پێویستیت بەدەنگەکەی هەیە بۆیە ماوەی سالەکە لاببرێ باشترە . ماددەی ٢٠ پێویست ناکا کەئەندامێك دەستی لەکارکێشایەوە دوای بەنوسراوی ڕسمی چەند دەزگایەك بکات تاوەکو وەربگیرێتەوە ، بەڵکو پێویستە پەیوەندیو وازهێنانی بەئاسای بێ . ماددەی ٢٧ لەم خاڵەدا ئەندام سزائەدرێ بەڕادەی دەرکردنیش هەروەکو لەخاڵی ٣ هاتووە ((بەکارهێنانی پۆستە حیزبیەکەی بۆخۆ دەڵەمەند کردن بەشێوەیەکی ناڕەوا )) لێرەدا پرسیار ئەوەیە سزاچیە بۆ ئەو بەرپرسانەی کەبەم شێوەیە پڕبوون و بەسەدان پرۆژەیان هەیە وەئایە ئەگەر لەکۆنگرەی داهاتودا هەر بەرپرس بوون کێ ئەم سەروەتوو سامانەیان لێ وەردەگرێتەوە و سزایان ئەدا ، چونکە بەداخەوە بەرپرسی هەزار زور کەم بووەو ئەویش ئێستا هەڵپەیەتی و باشتر وایە سەروەتو سامانەکەی بۆ شۆڕش بێ . ماددەی ٢٩ کۆنگرەی زۆربەی حیزبەسۆسیال دیوکراتەکان ساڵی جارێك دەکرێ نەك ٣ ساڵ جارێ هەر چەندە ئەم برگە هەرگیز کاری پێ نەکراوە هەموو جاریك ١٠ ساڵی بەسەردا تێ پەڕیوە . ماددەی ٣٠ حەق نیە لەپەیڕەودا ژمارەی بەشداربوو دیاری بکرێ بەڵکو دەبێ بەپێ ی ڕێژەو ژمارەو سنوری ڕێکخستن ژمارەی ئەندام دیاری بکرێ بۆ بەشداری کۆنگرە . ماددەی ٣٣ دەبوایە بەهەڵبژاردن و مەرکەزیەت ئەم ١٢٠ کەسە دیاری کرابا . ماددەی ٤٢ کە لە١١ خاڵ پێك دێ وەکو ئەرکی کۆنگرە، بەڵام بەداخەوە مەسەلەی گەندەڵی و دزی و ناوزڕاوەکان لەگشت بوارەکان وەکو سزاو لیپرسینەوە دیاری نەکراوە لەبەرامبەر ئەندامە نابەرپرسەکان . ماددەی ٤٣ مادام کۆنگرە درەنگ دەبەسترێ دەبوایە کۆنگرەی نائاسای کرابایە مەرج و ساڵی جارێك ببەسترابا ، هەمان دەسەڵاتی کۆنگرەشی نەبا بەڵکو لەخوار ئەمە دەیتوانی زۆر کێشە چارەسەر بکاو لێ یان تێ بگا . ماددەی ٤٥ ڕێژەی ٤٥ کەس بۆ ئەندامی سەرکردایەتی زۆرەو پێویستی بەکەمکردنەوە هەیە . ماددەی ٤٧ باشتر وایە هەڵبژاردنی کۆمیتەی سەرکردایەتی بەیەك قۆناغ بکرێ نەك دووجار ، چونکە لەم کاتەدا خۆلێك بەستن و دەستەگەری دێتە ئاراوە . ماددەی ٤٩ دەڵێ کۆمیتەی سەرکردایەتی بەرزترین دەسەلاَتە لەنێوان دوو کۆنگرە دا ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە دەسەلاَتەکە دیاری نەکراو نازانرێ چی یە . ماددەی ٥٣ ڕێگا دەگرێ لەئەندامانی سەرکردایەتی لەڕووی بازرگانی و شەریك بوون یاهەر پرۆژەیەك کەئەم خاڵە ئیجابیە ، بەڵام چی بەو بەرپرسانە دەوترێ کەلەبازاڕو پرۆژەکان شەریکن و ئێستا لەدەسەلاَت دان ئایا لیپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێ یاهەردرێژەبەکاری بازرگانی خۆیان

ئەدەن وەئایا ئەوپرۆژەوسەرمایەی هەیانە چی لێ دێ . ماددەی ٥٤ لەبەشی سەرۆكدا دووخاڵ كەهەردوكیان بەژمارە ١ یەكیان بۆدیاری كراوەو پێچەوانەی یەكترن بەم شێوەیە نوسراوە .

١ — سەرۆك لەلایەن ئەنجومەنی سەرۆكایەتیەوە بەزۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێ .

١ — سەرۆك ڕاستەوخۆ لەكۆنگرەدا بەزۆرینەی دەنگ هەڵدەبژێردرێ.

دەبوایە لەم دووخاڵەدا تەنها یەكێكیان بنوسرابایە ، چونكە دووخاڵی ناكۆك و دژبەیەكن باشتروایە خاڵی بەزۆرینەی دەنگ تیكرای ئەندامانی ئاسای و بەرەو سەر هەڵبژێردرێ' كەئەمیش خاڵی دووەمە . ماددەی ٥٥ بەداخەوە لەماددە ٥٤ و ٥٥ دا سەرۆك وەكو شێوازێكی سۆسیال دیموكرات دیاری نەكراوە ، بەڵكو وەكو پاشاو میرێك تەماشا كراوە هەتاوەكو دەمرێ هەردەبێ لەسەر كورسی بێ خوار خۆشی هەر زەقەی چاوی بێ ، چونكە یەكێتی خۆی بەسۆسیال دیموكرات دەزانێ دەورانی خولی بۆسەركردایەتی دیاری كردوە ، بەلاْم بۆسەرۆك هیچ دەورێك دیاری نەكراوە دەبوایە لێرەشدا تەنها دوو دەور هەردەورەش ٤ ساڵ بۆسەرۆك هەبوایە خۆهەڵبژێری نەك نادیاربێ و لەمەش سەیرتر ئەو دەسەڵاتەی پێدراوە كەجێگرێك بۆ خۆی دانێ بەبێ ئەوەی ڕەچاوی هەڵبژاردنی جێگربكاو لەهەمان كاتیشدا دەسەڵاتی زۆر بەسەرۆك دراوە جێگرەكەشی كەلەماددەی ٥٩ دەسەڵاتەكەی زۆر كەم و نادیارو ئاڵۆز دان پێنراوە پێویستە دەسەڵاتی زیاد بكرێ . ماددەی ٥٨ باشتر وایە جێگرەكە هەتاوەكو كۆنگرە دەكرێت ببێتە سەرۆك و لەكۆنگرەیەكی نوێ دا سەرۆك هەڵبژێردرێتەوە . ماددەی ٥٩ دەبوایە لەم خاڵەدا ماوەی سكرتێری ئەنجومەنی سەركردایەتی دیاری كرابا كەچەند ساڵ و دەور دەتوانی كاندیدی ئەم پۆستەبێ . ماددەی ٦٤ بریتی یە لە٨ مەكتەب وەكو لەخاڵی پێنج و شەشدا هاتوە مەكتەبی ماف رۆڤ و مەكتەبی كۆمەڵایەتی بەبڕوای من ئەم دوو مەكتەبە دیكۆر زیادە مەسرەفن وناتوانن هیچ لەواقعەكە بگۆڕن ، چونكە ئەگەر یەكێتی خۆی بڕوای بەئازادی و یەكسانی و دیموكراسی ومافی مرۆڤ هەبێ وبانگەشەی بۆبكا چ پێویستی بەم مەكتەب و وەزارەتەی مافی مرۆڤ هەیە جگە لەدەست دانی زیانی مادی و مەعنەوی نەبێ وەئەگەر یەكێتی خۆی پێشێلی مافی مرۆڤ بكا ئایا ئەم دەزگایە كە بۆ خۆی دروستی كردوە دەتوانێ هیچ بلێ و بكا بێ گومان ناتوانێ دژی حیزبەكەی خۆی قسەبكا بۆیە لەبەدیلی ئەمەدا باشتروایە هەول بدا ریكخراوە مرۆیەكان وچاودیرییەكانی نیودەولەتی بهێنێتە كوردستان و بنكەو بارەگایان هەبێ لەنزیكەوە ئاگاداری رەوشی مافی مرۆڤ بن ئەوسا ناو ناوبانگی یەكیتی و حوكمەت جوانتروباشترئەبێ كەتوانیمان دروشمەكان لەبواری مافی مرۆڤدا بهێنە دی وەسەبارەت بەمەكتەبی كۆمەلایەتی دەبێ ئەو راستیە بزانین ئەم مەكتەبە بۆ سەردەمی شاخ پێویست و كارابوو چونكە دادگا نەبوو بەلام بۆئەمرۆ زیان بەخش و رێگرە و پیویستە گرنگی بدرێ بەدادگاكان لەرووی كاركردنیان وەلایەكی تریشەوە كۆمیتەو مەلبەندەكان و ئیدارەكان رۆژانە دەوری كۆمەلایەتیش دەبینن بۆیە ئەمە تەنها زێدەباییە وە ماددەی٨٣ مەكتەبی راگەیاندن ... راگەیاندن لە دنیادا دەورێكی گرنگ و پێویست دەبینێ و دەسەلاتی چوارەم وئازادو سەربەخۆیە لەكاركردندا بەلام بەداخەوە لەم ماددەیەدا زۆر بەسادەیی وخولانەوە لەبازنەیەكی داخراوی تەسكی حیزبایەتی كارەكەی دیاری كردووە كەدەبوایە دەسەلات وكرانەوە و هاوكاری زیاتری تیابایە لەرووی پێدانی معلومات و رووداوە ژێربەژێرەكان و شەفافیەت بۆ ئەوەی ببێتە سەرچاوەی هەوالی گەرماو گەرم وگرنگی دان بەرەخنەو هاولاتی بوون وكاركردن بۆ رای ئازادو نەمانی هێلی سوورو گرنگی دان بۆرووبەروو و نەمانی پەردەو وەهمەكان و بۆ ئەوەی راگەیاندن لەئازارەكانی خەلكدا بژی پیویستی بەنەمانی سانسۆرو هێلی سوورو پا شكۆهەیە تابتوانێ راگەیاندن ببێتە راگەیاندنی خەلك و حیزب .. وەماددەی٨٥ مەكتەبی رێخراوە دیموكراتیەكان .. بونی ئەم مەكتەبەش تەنهابەهەدەربردنی پول وسەرمایەیە چونكەمادەم لەهەموو كۆمیتەو مەلبەندەكان ریكخراوەدیموكراتیەكانی تیایە و سەر بەمەكتەبی ریكخستنە نەدەبوایە ئەمە هەبوایە هەرلایەكیان هەبێ باشترە لەبەرئەوەی ریكخستنەكانیش لەم بوارەدا كار دەكەن پیویستی بەم مەكتەبەش نەبوو بەلكو دەبوایە ریگە بە خەلك بدرێ بەبێ سانسۆر مۆلەتی دروست كردنی ریكخراوە دیموكراتیەكانی پێ درابا .. ماددەی٩٠ پیویستە بەرپرسی مەكتەبی پەیوەندییەكانی دەرەوەلە ئاستی( م س ) دابێ نەك بەشیوازی خزمایەتی و دۆستایەتی بێ .. ماددەی ٩٣ و ٩٤ مەكتەبی مافی مرۆ ڤ ناتوانێ چاودێرو بێ لایەن بێ رەوشەكە بپارێزێ چونكە حیزب خۆی دروستی كردووەو یاساو هێلی سووریشی بۆداناوە كە ناتوانێ لێ ی لابدا بۆیە ئەم مەكتەبە تەنها دیكۆرو دروشم دەبێ سەرمایەش بەفیرۆ دەدا ..هەروەها مەكتەبی كۆمەلایەتیش دووبارە بوونەوەی خۆیەتی پیویستە گرنگی بەدادگا بدرێ نەك خەلك لە سەر ئەم مەكتەبە تەنها ببنە مووچە خۆرو

هیچی تر..ماددەی٩٦ و ٩٧ و٩٨ سەبارەت بەمەکتەبی بیرو هوشیاری بوونی ئەمەش زیادەیە بەلکولە بەدیلی ئەمە گرنگی بدرێ بەمەکتەبی ریکخستن و فراوان بکرێ و دەسەلاتی زیاتری پێ بدرێ وکاری هوشیاری و بلاوکردنەوە هەر لە مەکتەبی ریکخستن بکرێ وتیکەل بەیەك بکرێن باشترە ئەوساکە مەکتەبی ریکخستن لەرووی بیرو بازوو کاری ریکخراوەی بەهێزوچالاك تردەبێ ... ماددەی١٢٤ نەك هەرسەرۆکی ئەنجوومەن بەلکو پیویستە هەمووبەرپرسەکان تەنها یەك پۆستیان هەبێ بۆئەوەی جیگای هەموو خەلك ببێ و شێوە یەکی سەردەمیش وەربگرێ .. ماددەی ١٣٨وەکولەخالی دوودا هاتوە پێویستە دەستەی دەستپاکی لە خەلکی بوێرو پسپۆرو بی˚لایەن پێك بێ و دەسەلاتی پێ بدرێ .. ماددەی ١٣٩ لەبری دەزگای مافی مرۆڤ دەبوایە دەزگای چاوەدێری و سکالاو بەدواداچوون هەبوایە بۆئۆرگانەکان لەرووی لێپرسینەوەو خەلات کردنی مادی و مەعنەوی چونکە لەمەیدانی کاردا دەرکەوتوە ئەوانەی بەناوی مافی مرۆڤەوە کاردەکەن و حیزب بەرێوەیان دەبا تەنها خۆرەو جێگرن و ناتوانن هیچ لە واقعەکە بگۆرن و ببنەسانسۆربەسەر حیزب و دەسەلاتدا

# ( ٥ ) ساڵ ...

# لە دۆڕاندن

گەر بەمێژووی گەلی کورددا بچینەوە پریەتی لەهەڵسان و گلان و جینۆسایدو ئەنفال و دەرکردن و ... هتد ، لەبەرامبەریشدا خەباتی چەکداری و دانوستان کراوە ، بەڵام لەهەردوو باردا ڕووبەڕووی شکست و بۆتەوە ئەمەش یا لەدڕندەیی دووژمنەکانەوە بووە یاخود لەنەزانی و پاوانخوازی شەڕی خۆبەخۆمان بووە کەتاوەکو ئێستا نەمانتوانیوە لەشکرو ڕاگەیاندنێکی یەکگرتوو وە دەستورێکی هەمیشەیی بێنن و شکست و هەڵەکانیشمان داوەتە پاڵ دژەکانمان و حەقیشمان بۆ خۆمان وتووە کەئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە کە نەمان توانیوە ڕەخنە لەخۆمان بگرین و ڕاستیەکان بدرکێنن و بینایان بکەینەوە پەند لەڕابردوو وەربگرین بەڵکو دووبارەکردنەوەی چەند جارەی هەڵەکان بەسەرماندا تێپەڕ ئەبێ بەبێ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکرێ و ڕێ و شوێنی نوێ ی بۆ دابنرێ ، چونکە لەدنیادا کاتێك سەرکردایەتی هەر جوڵانەوەیەك ڕووبەڕووی چەق بەستن و گەندەڵی و دکتاتۆری دەچێ لەبەرامبەریدا ناڕەزایی خەڵك توند ئەبێ بەسەرنج و پێشنیارو کۆڕو سمینار خۆپیشاندانی هێمنانە دەسەڵات بەئاگادێننەوەو چەپڵەو ستایشی بێ ناوەڕۆکی بۆ لێ نادەن تاوەکو ئامانجەکانیان نەیەتە دی ، چونکە خەڵك و دەسەڵات وەکو ئاوو ماسی وان و تەواوکەری یەکترین ، بەڵام بەداخەوە لەکوردستاندا کەدەسەڵات هەموو شتێك لەپێناوی مانەوەی خۆیدا ئەکا لەبەرامبەریشدا خەڵکی خۆیان کەڕ دەکەن چەند نوزەو هاوارێکی کەم دەبیستی ، بەڵام نەگاتە ئەنجام بۆیە لەو حاڵەتەدا پێویستە هەردوو لایان لەپێناوی هەستی نەتەوایەتیان بەئاگا بێنەوەو نەخشەو پلانی ئامانجەکانیان سەر لەنوێ دابڕێژنەوە .

### لەندەن و بەغداو شکستی کورد

لەوەتای کورد هەیە دەرفەتی زێڕینی وەکو ڕوخانی ڕژێمی بۆ نەهاتۆتە دی هەر لەپەیمانی سیڤەر کە هەر مەرەکەبی سەر کاغەز بوو لەبەرامبەریشدا لۆزان تێکی شکاند ، بەڵام بەداخەوە ئەمجارە لەسەردەستی دەسەڵاتی کورد خۆی لەهەرێم و بەغدا بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی و یەك دەنگی بیرو بازو ئەم هەلە لەجاران زیاتر ڕووبەڕووی شکست بۆوەو بەر لەڕووخانی ڕژێم معارەزەی عێراقی کەتاکە پێگەیەکیان نەبوو لەعێراقدا لەپاڵ شۆڕشی کورد و ئێران پاڵیان دابۆوەو کورد بەهێزو شوێن و ناوچەیەکی هێڵی ٣٦ هەبوو ، بەڵام معارەزەی عێراقی لاوازو بێ لانەو پەرتەوازە بوو کەچی ئەمڕۆ ئەوان خۆیان دروست کردەوەو ئێمەش پێچەوانە بووین لەئەنجامی یەك نەگرتوویی و خۆ بەزلزانیمان خەرمانی بێ بەرەکەتمان هەڵگرتەوە ، چونکە یەکێتی و پارتی بێ بەرنامەو پڕۆژەوە هەرکەسەو بەلالوتەوە بەشداری کۆنفرانسی لەندەنی بەر لەڕووخانی ڕژێمی کردوو هەر لایەی دەیویست زیاتر دەسکەوت بۆ حیزبەکەی بەدەست بهێنێ و ووتارو بەرنامەیەکی یەکگرتوو دانەنرا کەببێتە نەخشەی ڕێگای بۆ دووای نەمانی صدام کۆمەڵێك پرۆژەش دانراو هەردوولا ئیمزایان لەسەر کرد ، بەڵام لەئەنجامدا بەشکستی خۆمان تەواوبوو وەتاوەکو ئێستاش هەر لەکۆڵمان نابێتەوە ، چونکە هەروولا ڕازی بوون بەوەی هیچ لایەکیان پەلاماری کەرکوك نەدەن و ئاوارەکان نەگەڕێنەوەو هاوردەکانیش دەستیان لێ نەدری تاوەکو وەزع ئاسایی دەبێتەوە هەڵەکە لێرەوە دەستی پێ کردو لەدووای ڕوخانیش هەڵەی گەورەتری بەدووادا هات و نەمان تووانی خۆمان ڕاست بکەینەوە.

### هێڵی شین

حوکمەتی نوێ ی عێراقی کەکوردیش لەبنیات نانەوەی بەشدارە وەکو میرات گرەوەی بەعس و ڕژێمە یەك لەدووایەکەکانی عێراقی بوبێ وایە ، چونکە ئەو ناوچانەی کەلە گفتوگۆکاندا کورد لەکۆنەوە داوای دەکردنەوە حوکمەت بەهێڵی سوورو ناوچەی ناکۆکی ناوی دەبردن حوکمەتی تازەش بەهێڵی شینی ناو دەبا واتە ئەو ناوچانە پێویستسان بەگفتوگۆو دانوستان هەیە کەلەمەرکەزەوە بڕیاری لێ بدرێ نەك تاك لایەنە ەکو ناوچەکانی کەرکوك و خانەقین و بناری حەمرین ... هتد .

## سەرکردایەتی کوردو بەغدا

کورد پێگەیەکی باشی لەدەسەڵاتی ئێستای عێراقی دا هەیە بەحیسابی خۆیان شەوو ڕۆژیان خستۆتە سەر یەك بۆ خزمەتی کورد ، بەڵام وا دووای ٥ ساڵ دەگەڕێنەوە سەر خاڵی سفرو دەستەکەشیان ئاشکرا دەبێ کە هەمووی مرو تۆپیوەو دەنا دەبوایە لەماوەی ئەم ٥ ساڵەدا تەواوی ناوچە ناکۆك و دابڕاوەکان گەڕێنرابانەوە سەر کوردستان هەر بەدروشم و چەپڵەو دۆگما کاریان نەکردبایە ، بەڵکو بەڵگەو دیکۆمێنت و دانوستان ببوایە چارەسەر کەچی بەداخەوە سەرکردایەتی کورد لەناو خۆو بەغدا دڵتەنگە بەوەی کەپێ یان دەڵێت چیتان کردووەو کوا لەکوێ یە ؟ ئەوا ڕاستیەکانیش دەرکەوتن کەهیچ لەهەگبەی دەسەڵات دانەبووە جگە لەچەند پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری تایبەت بەخۆیان .

## کێشە قورسەکان

بەداخەوە لە ١٩٩٨ ئاشت بوونەوە کراوە ، بەڵام مەیدانیەن جێ بەجێ نەکراوەو حوکمەت و پەرلەمان و دادگا هەر حیزب دەیان با بەڕێوەو سەربەخۆ خاوەنی ڕای جیاوازنین لەکارو بیرداو لەهەمان کاتیشدا ئیدارەکان یەکی نەگرتۆتەوەو کەرکوکیش بەمەرەدی شەڕە حیزبایەتی سوك کراوەو لە ماوەی تەمەنی پەرلەمانی خۆماڵی خۆماندا نەمان توانی وێنەیەکی جوان پیشانی دۆست و دووژمنمان بدەین بۆیە ئەمانیش هەمیشە بەچاوی کەم بایەخەوە سەیریان دەکردین و گوێیان لێ نەدەگرتین زۆرجار خۆشمان ئامرازێکی ڕووخاندن بووین لەگەڵ دژەکانمان بۆ سەرخۆمان بەشانازیشەوە پەڕۆو پینەمان دەکردوو ئێستاش ناڵێن هەڵەمان کردووە .

## ئەمریکاو سەرکردایەتی کورد

ئەمریکا چوبێتە هەر وولاتێك ئامانجی یەك پارچەی ئەو وولاتە بووەو لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆشیدا پەلاماری وولاتانی داوەو سەرەتا لە ١٣ ویلایەت پێکهاتبوو کەچی ئێستا زیاتر لە ٥٠ ویلایەتەو لەئەوروپاو ئاسیاو زۆر شوێنی تری دنیاشدا پێگەو دەسەڵاتی خۆی هەیەو وەکو حاکمی سەر زەوی ڕەفتار دەکا ئەمەش لەئەنجامی تۆکمەیی دەستوریان و ڕۆشنبیری گشتی نەتەوایەتیان و کارکردنیان لەپێناوی گەلی ئەمریکای گەورەدا هاتۆتە دی کەدڵسۆزو چالاکن بۆ وڵاتەکەی خۆیان ، بەڵام سەرانی ئەمریکا هەمیشە تەعامل لەگەڵ واقعدا ئەکەن و دژی ناوەستن سەفیرێکی پێشووی ئەمریکا لەکرواتیا دەڵێ کاتێ چووینە بۆسنا ویستمان ئەم وولاتە هەر بەیەکگرتووی بمێنێتەوەو لەگەڵ پارچەکردنی دا نەبووین ، بەڵام بەهۆی سووربوونی سەرکردەی موسڵمانەکان بۆ جیابونەوەو مافی چارەی خۆنووسین ئێمە ناچاربووین ڕێز لەئەمری واقع بگرین واتە ئەگەر خۆت هەبی ئێمەش لەپشتتین و لەهەمان کاتیشدا لەبیرەوەرییەکانی بریمەردا زۆر ڕاستی تاڵ دەردەکەون وەکو ئەوەی سەرکردایەتی کورد بەکلاسیك و خۆبەزل زان و پیاوی سەرشاشەو بێ بەڵێن وەسف دەکا و دەڵێ کاتێ سەرکردایەتی کورد کەهاتن دانیشتم لەگەڵیان پێیم وابوو داوای سنوری کوردستان دەکەن کەچی داوای پارەیان کرد بۆ ئیدارەیان ئەمەش دووبارە نیشانەی گەڕانەوەی گەلی کوردە بۆ تاریکی و دۆزەخ ئەگەر خۆی چاك نەکاو نەگۆڕێ و لەمەش ناخۆش تر لەزمانی سەفیرەکانی ئەمریکا لەعێراقدا هەر لە ( جەی گارنەر ) ەوە تاوەکو سەفیری ئێستایان دەڵێن سێ بۆچوونی جیاوازمان بینی یەکەمیان عەرەبە سوونەکانن کەهەمیشە هەڵەشەو هەڵچوو بێ بەرنامەن بۆ ناتوانرێ وەکو پێویست حیسابیان لەسەر بکرێ ، دووەمیان شیعەکانن کەزۆر نەرم و نیان و بەبەرنامەن کاتێ دێن دائەنیشن لەگەڵتا بەدیکۆمێنت قسە دەکەن و پێشت دەڵێن ناتبینەوە تاوەکو بۆمان جێ بەجێ دەکەن ، سێیەمیان کوردەکانن کەوەکو بەڕە فرۆش وان لەدوورەوە داوای حەمرینیشت لێ دەکەن ، بەڵام کەدائەنیشی لەگەڵیان پاش گەز دەبنەوەو ئاواتیشمان ئەوەبوو ڕۆژێ لە ڕۆژان لێمان تووڕەببن تاوەکو ئاشتیان بکەینەوە ، بەڵام ئەمە ڕووی نەداوە هەروەها صلاح الدین بهاالدین کەئەوسا نوێنەری ئەنجومەنی باڵابوو ووتی ئەمریکا جارێ بەخۆشی و جارێ بەناخۆشی و جارێ بەپارە سەرکردایەتی کورد ڕازی دەکا .

## ( ٥ ) ساڵی بێ دەسکەوت

سەرکردایەت کورد( ٥ ) ساڵە لەبەغدایە حەقی خۆمانە پرسیار بکەین کوا دەسکەوت شانازییەکانتان بۆ گەلی کورد لەکاتێکدا نەتان تووانیوە هێزی پێشمەرگە بەڕەسمی بناسێن و لە مەینەتیەکان ڕزگاری بکەن ببێتە بەشێك لەسوپای عێراق یاخود هەرێم و هەروەها ناوچە دابڕاوەکان بگەڕێنەوە سەر کوردستان وەکو کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و بناری حەمرین و جەلەولاو سعدیەمان لەدەست داو وەهەر سەرکردایەتی کوردیش بوو کەرکوکی دابەش کرد بۆ چوار کەمە نەتەوەو عێراقێکی بچووك وە لەهەمان کاتیشدا دەوری کورد پەراوێز خرا لە ڕێکەوتننامەی نێوان ئەمریکا و عێراقداو وەپرس نەك بەسەرۆکایەتی هەرێم نەکرا لەهاتنی جەیش بۆ ناوچە دابڕاوەکان تەنانەت سەرۆك کۆمارو سوپا سالارو جێگری ئەنجومەن و لیستی هاوپەیمانی گوێ یان پێ نەدرا هەروەها پرسینەوەی حوکمەتی مەرکەزی لەداهات و گومرگ و پێشێل کردنی سەروەرییەکانی حوکمەتی هەرێم نی یە لەکاتێکدا کەسزای لەسێدارەدان بەسەر تاوانبارانی ئەنفال و کیمیاوی دا جێ بەجێ ناکراو لەهەمان کاتیشدا سوپای ئێران و تورکیا بەردەوام سنوری هەرێم لەزەوی و ئاسمان ئەبەزێنێ کەچی هەردوو حوکمەتەکە بێ دەنگەو لەزۆر شوێنە دابڕاوەکان سوکایەتی بەهێزی پێشمەرگە دەکرێ و ئالآی کوردسان دائەگیرێ کەچی سەرکردایەتی کورد بێ دەنگەو لەهەمان کاتیشدا جموجوڵی لیستی عەرەبی لەناوخۆو دەرەوەدا لەکارو چالاکی و بەهێزی دایەوبەداخەوەش لای خۆمان لە کزی دایە .

## تێك شکان

هەموو جووڵانەوەیەك لەدنیادا دەبێ سەرکەوتن و گلانی بەلاوە ئاسایی بێ ، بەڵام نابێ لەسەرکەوتن دا لەخۆی بای بێ و لەشکستیشدا بێ ئومێد بێ بەڵکو دەبێ هەڵەکان ڕاست بکاتەوەو پەندی لێ وەربگرێ چۆن شانازی دەکا بەسەرکەوتنەکان ئاواش شکستەکان بەهەند هەڵبگرێ و ڕاستیان بکاتەوەو پیلان و نەخشەی نوێ هەبێ و دیاریدەکان بەسلبی و ئیجابی باسی بکا ، چونکە کاتێك شۆڕشی کۆمەنیستی تووشی دارمان هات ( گۆڕباتشۆڤ ) لەبەردەم خەڵك و کامێرا ڕاستیەکانی نەشاردەوەو کەم و کورپەکانی خستەڕوو بەر لە هەموو کەسێك داوای لەڕۆشنیران و بیرمەندان کرد کەکۆڕو کۆبوونەوە ببەستن بەمەبەستی چارەسەرکردنی کەم و کورپەکانی و ڕەخنەی لەپێش خۆی گرت و داواشی کرد دەرمانی هەموو دەردەکان بەگشت لایەك ببینەوە ، وە کاتێك ئەمریکا عێراقی داگیر کرد باسی هەڵەکانی خۆیان لەعێراقدا کردو ، بەڵام بەداخەوە سەرکردایەتی کورد هیچ کاتێ خۆی بەهەڵە نەزانیوەو هەڵەکانیشی نەختسۆتە ڕوو وەهەرگیز داوای لێبووردن و کۆڕو کۆبوونەوەشی نەکردووە بۆ چارەسەری کێشەکان .

## ئەنجام

پێویستە سەرکردایەتی کورد پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ عێراقدا بەخۆی دا بچێتەوەو دوو ئیدارەیی نەهێڵێ و خیتابێکی یەکگرتووی هەبێ و لەهەمان کاتیشدا ڕاستیەکان بۆ خەڵك ئاشکرا بکاو ، چونکە سەرچاوەی سووتەمەنی هەموو شۆڕشێك هەر خەڵکی ڕەش و ڕووتەو لەسفرەوە دانوستان بەشێوەیەکی ڕەسمی و دیکۆمێنت لەگەڵ عێراقدا لەسەر چارەنوسی کوردستان باس بکا وخانەقینیش بکاتەرەمزی بەرگری وگەرانەوەی ناوچە دابراوەکان و هێڵی سوورو فیتۆ بەکاربهێنی نەك بەمەرەدی جەلەولا بچێ و وە لەهەمان کاتیشدا پردی پەیوەندی نێوان خەڵك و دەسەڵات ڕێك بخاتەوەو نەهێڵێ دیوار لەنێوانیان دا دروست بێ و دەنگ و ڕەنگی یەکتری نەبینن و نەبیستن واتە پێوستمان بە بیناکردنەوەیەکی نوێ و خزمەتگوزاری هەیە کەلەبەردەم مێژوودا بەڕوو سووری بمێنینەوە .

## چۆنیەتی سەرهەڵدانی

## ڕیفۆرم ...

ئەگەر ئاورێکی مێژووی لەئەوروپاو بزوتنەوەی (ڕێنساس- بوژانەوە) ١٥٠٠ – ١٧٨٩ ز کەزاراوەیەکی فەرەنسی یەوە بدەینەوە ئەبینین فرە بووارو ڕەهەندو ڕیفۆرم بووە کەئەوروپا لەڕووی بوژانەوە بەخۆیەوە بینیوە بۆ کۆتایی هێنان بەتاریکستانی و دوواکەوتوی سەدەکانی ناوەڕاست و ئەم سەردەمەش ئەکەوێتە نێوان هەردوو قۆناغی مێژووی ناوەڕاست و نوێوەو بەسەردەمێکی مێژووی ئەوروپا دائەنرێ بۆ سەرەتای سەدەی شانزەهەمی زاینی دەگەڕێتەوەو وەپێویست بوونی بزووتنەوەی چاکسازی ئاینی لەم سەدەیەدا سەری هەڵداو مەبەستیش لەم چاکسازی یە ئاینی یە چاکردن دوورخستنەوەی بنەمای ئاینی لەخەون و خەیاڵداو خستنە ڕووی ناوەڕۆکێکی ڕاستەقینە بوو هەروەها سەدەیەکیش بوو بۆ چاکسازی لەمەسیحیەت دا ئەمیش بەهۆی بڵاوبونەوەی چەندین دیاریدەی خورافیات و بازرگانی کردن لەمەسیحیەتداو زیادکردن و لابردنی چندین دەقی ئاینی لەلایەن قەشەو ئەسقەف و پاپاکان لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیانداو سەپاندنی باجی قورس و بەدڕەوشتی قەشەو پیاوانی کەنیسەو لەگەڵ خەڵك و ڕاهیبەکان داو وەبەکارهێنانی زەبرو ستەم لەوانەی ڕەخنە لەئاینی مەسیح ئەگرن و هەروەها دەست خستنە ناو کاروباری خێزان و کۆمەڵ و دەزگا دەوڵەتی یەکان و هەروەها فرۆشتنی کلیلی بەهەشت لەسەر فەرمانی (پاپا لیۆەی دەیەم) بەنرخێکی زۆر بەمەبەستی دروست کردنی کەنیسەی (قدیس بوترس) لەشاری ڕۆما ...هتد ، هەروەها بەهۆی هەڵوێستی خراپی پیاوانی قەشەو کەنیسە بووە هۆی ئەوەی ئاینی مەسیح لای خەڵك ناشیرین ببێ و ڕەنگدانەوەیەکی دژ بەم ئاینە لەلایەن چەند کەسایەتی و بیرمەندێکی قەشەو مەسیحی و ڕۆشنبیر بکەونە بڵاوکردنەوە ڕیفۆڕمە ئاینی یەکان لەدژی پیاوانی قەشەو کەنیسە کەبەزاری ئینجیل و مەسیحەوە ئەیکەن لەپێناوی بەرژەوەندی یەکانی خۆیانداو لەم بوارەشدا بەدرێژایی سەدەی ١٣ – ١٧ ی زاینی دوو شۆڕشی گەورەی ئاینی لەهەرێمەکانی (ئالبیجۆرەی) باشوری فەرەنساو (بوهیمیای) ئەڵمانیا بەرپابوون بەڵام لەلایەن پاپاکانەوە دامرکێندرانەوەو جەنگی پیرۆزییان لەدژی ئەم ڕیفۆڕمە دەربڕی و هەروەها کەسانی وەك (جون ویکلف) ی بەریتانی لەسەدەی ١٤ و (جۆن هس ئۆدولف ئەکریکولا) ی ئەڵمانی لەسەدەی ١٥ و (ئەرزم) ی هۆڵندا لەهەمان سەدە وەك چاکسازی ئایینی مەسیحی و کەنیسەی کاپۆلیکی دەرکەوتن بەڵام سەرکەوتو نەبوون و هەروەها لەسەدەی شانزەیەمدا سێ چاکسازی ئاینی دەرکەوتن و ڕۆڵی باشیان گێڕا :

١- (مارتن لۆسەر)/ قەشەیەکی ئەڵمانی بوو دژی فرۆشتنی کلیلی بەهەشت و ئەو بەیاننامە وەستا کە (پاپا لیۆەی دەیەم) دەری کردبوو هەروەها کەنیسەی کاسۆلیکی بەلادەری مەسیحیەت وەسف کردبوو داواشی کرد کەئینجیل بەهەموو زمانەکان وەربگێردرێ بۆ ئەوەی واقعەکەی نەشێوێنرێ و چەندین نوێگەریشی پێشنیار کردبوو بەمەش خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتن و بەپەیڕەوانی (پروتستانت – ناڕازییەکان) ناسران بەم ڕووداوەش مەسیحیەت بووە سێ پەیڕەوی سەرەکی أ- کاسۆلیك . ب- ئارپوزکس. ج- پروتستانت .

٢- زونکەلی / قەشەیەکی سویسری بوو لەسەرەتایی سەدەی ١٦ ڕابەڕایەتی چاکسازی وولاتەکەی ئەکرد لەدژی هەڵەو کەم و کورتیەکانی کەنیسەی کاسۆلیك وەستاو هەروەها ڕێگای دا ڕاهیبەکان ژن بهێن و شووبکەن وەچەندین هەوڵی تر تالەشەڕێکی ئاینی لەبەرامبەر کاسۆلیکەکان کوژرا .

٣- کلفن / قەشەیەکی فەڕەنسی بوو بەهۆی فشاری کاسۆلیکەکان بەرەو سویسرا کۆچی کردو بەیەکێك لەچاکسازە ئاینی یەکانی سەردەمی بوژانەوە ناسرا بوو ئەمەش بووە سەرەتایەکی خوێناوی لەشەڕو ململانێ دا دووای کۆنگرەکانی ورمز ١٥٢٠ ز و ئۆکسبرگ ١٥٣٠ ز و ترنت ١٥٤٥ز و ...هتد شکستیان هێناو بەهەزاران باوەڕداری کاپۆلیك و پروتستانت یەکتریان بەکۆمەڵ کوشت و قەسەبخانەکانی جنیف و ١٥٣١ و سانت برپلمیۆی پاریس ١٥٧٣ دوو نمونەی دیاری ئەو ڕۆژگارەن و دەکرێ بڵێین بەهۆی ئەم ڕاپەڕین و ڕیفۆڕمە بوواری بەخۆداچوونەوەو ڕەخنەگرتن و داهێنانی تازەی کردەوە هەرچەندە ئەوروپا تەمەنێکی خوێناوی درێژی بەپێنج ملیۆن کەس بەخشی و ئەمجار بەئاشکرا قسە لەسەر پیاوانی کەنیسە ئەکراو لەهەمان کاتیشدا ئینجیل وەرگێڕدرایە سەر تێکڕای زمانەکانی تر چووە ناو خەڵك کەپێشتر لێ یان

حەرام کرابوو تنیا قەشەکان بۆیان هەبوو وەلە هەمان کاتیشدا سەرەتایەکی شەڕی نوێ دەستی پێ کرد لەنێوان (کاسۆلیك و پرۆتستانتەکان) (فرانسۆی یەکەم) ی پاشای فەرەنسا لەسەدەی ١٦ لەپاریس فەرمانی کوشتنی سێ هەزار جوتیاری پرۆتستانتەکانی دا وە (هینری دووەم) ١٥٤٧ — ١٥٥٩ لەماوەی دەسەلآتیدا دووانزە هەزاری کوشت و بەفەرمانێکی خوای ئەزانی هەر بەهۆی ئەم شەڕە ئاینیەوە بوو ڕیفۆڕم لەوبووارەدا سەری هەڵداو بۆ ئەوەی پیاوانی ئاینی نەتوانن سەروەت و سامانی خەڵك بەفیڕۆ بدەن و زەبرو زەنگ بەکار بهێنن هەر بەهۆی ئەم ڕیفۆڕمەشەوە بوو تووانرا سنورێك دابنرێ و ئاین و دەسەلآت لەیەکتری جیا بکرێنەوەو ڕێزیشی لێ بگیرێ و بەم شێوەیەش چاکسازی سیاسی عیلمانیەت هاتەدی کەئامانجی دوورخستنەوەی دەسەلآتی ئاین و پیاوانی قەشە بوو لەکاروباری ناوخۆو کۆمەلآیەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و هەر بەهۆی ستەمی زۆرداری پاپاو پیاوانی کەنیسەوە بوو بووە هۆی ئەوەی ئەم ڕیفۆڕمە لەدایك ببێ وەدۆزینەوەی جوگرافیاو تەکنۆلۆژیاو زانست بووە سەرکەوتنی (هێنری هەشتەم) ی پاشای بەریتانیا کەمل کەچ نەبوو بڕیارەکانی پاپا جێ بەجێ بکەن و لەهەمان کاتیشدا لەسەدەی شانزەمدا کەنیسەی وولآتی جیاکردەوە دەستی گرت بەسەر سەروەت و سامانی کەنیسە لەبەریتانیا ئەمە سەرەتاییەکی لێدانی کەنیسە بوو دووای ئەوەی کەپەرلەمانی ڕازی کرد بەپێ ی بەیاننامەی سەروەری کەپەرلەمان وەك لێپرسراوی یەکەمی دەوڵەت و کەنیسە بێت و وەبەریتانیەکان ئەنجومەنی لۆردات بنەماڵەی سیتوراتیان لەساڵی ١٦٨٨ ز لەدەسەلآت دوورخستەوەو سنوریان بۆداناو ڕوناکبیران وبیرمەندان و سیاسیەکانی ئەوروپا باشترین دەوریان بینی لەڕووی ڕیفۆڕم و عیلمانیەت ...

وەئەگەر لەم ڕوانگەشەوە بڕوانینە ڕیفۆڕم بەمانای کاری چارەسەریانە و گۆڕان دێ لەڕووی ئابوری و کۆمەلآیەتی و سیاسی و زەوی وزار و ئیداری و فێرکردن و بازرگانی و ...هتد ، ڕیفۆڕم هەرکاتێ بکرێ لەپێناوی بەرژەوەندی کۆمەلآنی خەڵك و خۆش گوزەرانیانە کاتێك دەسەلآت لەکۆمەڵێك ڕوو تووشی چەق بەستن ئەبێ ناچارە ڕیفۆڕم بکا بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە لەپێناوی نەهێشتنی تەقینەوەو ناڕەزاییەکانی خەڵك ، نابێ بەکەم هەڵبگیرێ ئەبێ کاری بەردەوام و گۆڕانی بۆبکاو چونکە مەفهومی وڕیفۆڕم بەلقێك لەلقەکانی شۆڕش دائەنرێ و نابێ دەسەلآت و خەڵك وا لەڕیفۆڕم تێ بگەن کەئەمە کودەتایەکی سەربازییە یان ئاژاوەگێڕی یە یان نامۆو دەستکردە بەم گەلە بەڵکو دەبێ ڕیفۆڕم بەچارەسەر کردن گۆڕانی لەسەر خۆو بەبەرنامەو پیلان لەگشت بووارەکانی پێداچوونەوەو هەڵسەنگاندن و نوێ بونەوەو گۆڕانکاری لەبواری سیاسی و ئابوری ... هتد ، تێ بگەن چونکە چاکسازی پرۆسەیەکی چارەنووس سازی گشتی یە بەئامانجی خزمەت کردنی خەڵك نابێ پەنا ببرێتە بەریاخی بوون بەڵکو دەبێ خەڵك و دەسەلآت فێربکەین و گوێشیان لێ بگیرێ و وەکو ماسی و ئاو تەواوکەری یەکتری بن ئەگەر هاتوو پێچەوانە بوو ئەوا ناکۆکیەکان ئەتەقنەوەو دووایش بەربەست ناکرێ ؟! بۆیە پێویستە دەسەلآت لەسەرتاوە لەگۆڕانکاری ڕیفۆڕم بەردەوام بێ و نەترسێ نەك وەك ئایین چەق بەستووبێ بۆیە پێویستە ڕیفۆڕم لەلوتکەوە ئەنجام بدرێ بەرەو خوارەوە و سەرکردەو حیزب وا تەماشا نەکرێ کەقابیلیەتی هەڵە نی یە چونکە ئەوەی کاربکا هەڵەش ئەکا بۆیە پێویستە خەڵك لەپێناوی ڕیفۆڕمدا سانسۆڕ چاوەدێر بێ بەسەر دەسەلآتدا ، بەلآم لەبیریشمان نەچێ نابێ ڕیفۆڕم ببێتە لەناو بردنی دەسکەوت و سەروەرییەکانمان وەکو ئەوەی لەیەکێتی سۆڤیەت و هەندێ لەوولآتە سۆسیالستەکاندا ڕوویدا کەشێوازێکی توندو خێرای گرتە خۆی و بگرە دام و دەزگا حوکمییەکانی ئەو وولآتەی هەڵوەشاندو حوکمەتە کۆمەنیستەکانی وەلاناو گۆڕانکاریەکان هێندە خێراو تووندو تیژو بەپەلە بوون بووە هۆکاری هەندێ لەو وولآتانە پارچەپارچە بوون وەکو یەکێتی سۆڤیەت تەنانەت لابردنی پەیکەری شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەریان دا یان چیکۆسلۆڤاکیاو یوگسلاڤیا بۆیە ئەبێ ڕیفۆڕم هەنگاو بەهەنگاو بێ هەمووشمان کاری بۆ بکەین و بزانین چۆن فێرئەبین و بەکاری ئەهێنین لەم ڕوانگەشەوە ئەگەر تەماشای شۆڕشی ڕۆشنبیری کەبەهاندان و سەرپەرشتی (ماوتسی تۆنگ) کەسەرکردەو ڕابەڕی چین بوو سەری هەڵدا بووە هۆکاری ئەوەی ژمارەیەکی زۆری کادیرانی پێشکەوتوو مام ناوەندی حیزبی کۆمەنیست و حوکمەتی چین لەناو ببرێن و ئەشکەنجە بدرێن و ببێتە هۆکاری ئەوەی وولآت لەڕووی سیاسی و ئیداری و کۆمەلآیەتی یەوە بشڵەقێ و چین بۆ ماوەیەك پاشەکشە بکات لەڕیفۆڕم بۆیە بەم بێ دەنگیەش نەتوانرا چارەسەر بکرێ و زۆر کارەساتی مرۆیی و سلبی لەگەڵ خۆیدا هێناو هەندێك لەکادیرەکانیش بەربەست بوون لەبەردەم ڕیفۆڕم دووای کۆچی (ماوتسی تۆنگ) تەوژمی بیروبۆچونی ڕیفۆڕم بەگەرم و گوڕی و بەرنامەوە جارێکی تر سەری هەڵدایەوەو سەرکردایەتی چین هەموو ئەوکەس و لایەنانەی ئاستەنگ بوون لەبەردەم ڕیفۆڕم و گۆڕانکاری دا وەلانان لەسەرەتادا بەدەرکردن و زیندانی کردنی چوار لەسەرکردە سیاسیەکانی حیزبی کۆمەنیستی چین دەستی پێکردو

یەکێکیان خودی هاوسەرەکەی (ماوتسی تۆنگ) بوو ئەوان دژایەتی هەموو جۆرە ڕیفۆڕم و گۆڕانکاریەکان ئەکرد لەپێناوی بەرژەوەندی یەکانی خۆیان ... وەسەرکردایەتی چین لەڕیفۆڕم نەترساو بەبەرنامەوە توانی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەڕووی ئابوری و کۆمەلأیەتی و سیاسی ...هتد ، بکات شان لەشانی وولأتانی پێشکەوتوو بدا ببێتە خاوەن سەرمایەکی گەورە لەڕووی ناوخۆو دەرەوەدا چونکە وەکو ئەزانین هەموو سەرەتاییەك سەختە دەست پێکردنی بەلأم دوا ئەنجامی پشوو درێژی سەرکەوتنی ئەنجام ئەبێ بۆیە پێویستە خەڵك و حیزب فێربکرێ کەڕیفۆڕم لەپێناوی خزمەت کردنی هەردوو لایەندایە کاری بۆ بکرێ چونکە بەرژەوەندی گەل ئەبێ لەسەرووی هەموو شتێك بێ .

سەرچاوەکان /


* گەشەسەندنی ئابوری چین / م.ڕ.پ .
* ی ن ك ئاسۆیەك بۆ گۆڕان و نوێبوونەوە / شەماڵ عەبدوڵلا .
* فەرهەنگی نوێ / برهان قانع .
* ئەوروپا لەهەردوو سەردەمی بوژانەوەو ڕۆشنگەریدا / کەیوان ئازاد ئەنوەر .

## ئا فرەت ومەزهەب و..

## دەسەلات

دەستور لەهەر ولاَتێكدا هەبێ لەسەربنەمای یەكسانی و دادپەروەری نیشانەی پێشكەوتنی ئەو ولاَتەیە ، بەلاَم ئەگەر هاتو دەستور وەكو پێویست رێزی لەنێوان چین و توێژەكان نەگرتبو وەئافرەت و پیاویشی وەكو یەك تەماشانەكردبوو ئەوابێشك ئەم دەستورە بەرەو هەڵدێران و شكست ئەچێ ، هەرچەندە عێراق لەسەردەمی پێشودا لانكەی شارستانیەت بوەو (حامورابی ) بەیەكەمین داهێنەری یاسا ئەژمێردرێ ، بەلاَم بەداخەوە نەتوانراوە سوودی لێ وەربگیرێ مەسەلەی ئافرەتیش لەگشت سەردەمەكان تاوەكو ئەگاتەوە دەستوری تازەی عێراق وەكو پێویست دانی بەیەكسانی و هاوكاری نێوان نێرو مێ دا نەناوەو بەشێوازێكی تر نەیهێشتوە بێتە پێشەوەو ئەگەر هاتوشە لەبازنەیەكی داخراودا ئەسورێتەوەو پابەندی كەلتوری باوك سالاری كردوە ، لەسەردەمی هارونە رەشید و عباسی و ئەمەویەكانیشدا دەستوریان نوسی ، بەلاَم لەمەشدا ئافرەت بێ بەش بوو لەزۆر ماف و ئەركەكانیدا ، تەنانەت لەساڵی ١٩٠٨ سەردەمی عوسمانیەكانیشدا نەیان توانی ئافرەتان رزگار بكەن و بیان هێننە مەیدانەوە ، چونكە بەپێ ی شەریحەتەكان فرەژنی و تەلاَق و میرات و دەسەلاَت و كار بۆ پیاوەو هەندێ تێروانینی جیاواز ئەبینی لەرووی زەماوەندو شوكردنەوە لەمەزهەبەكاندا جولەكەكان تەمەنی زەماوەندییان بۆ كور ١٣ ساڵ و بۆ كچ ١٢ ساڵ دیاری كردوەو مەزهەبی حەنەفی بۆ كور ١٨ ساڵ و كچ ١٧ ساڵ و هەردوو مەزهەبی شافحی وحەنبەلی ١٥ ساڵیان بۆ كور و كچ داناوەو مەزهەبی مالیكش ١٧ ساڵ ، بەلاَم لەجەعفەریشدا تەمەنی نۆساڵیان داناوەو تەنانەت مارەبرینی منداڵیشیان بەرەوا زانیوە ، بۆیە دەكرێ بڵێین هەموو ئەو یاساو رێسایانەی دەرچون تەنانەت لەسەردەمی بەعس سەبارەت بەئافرەت تەنها دیكۆری بوون و ناوەرۆكیان زیاتر رەنگدانەوەی نایەكسانی بوەو تەنانەت بریاری دابوو كەئافرەت مێردەكەی لە خزمەتی سەربازی رایكرد بۆی هەیەلێ ی جیابێتەوە ئەمەشی لەخزمەتی بەعس ئەكا نەك مەسەلەی ئافرەت ، جگەلەمەش گەرتەماشای مێژووی دەستور لەگەڵ دروست بونی دەوڵەتی عێراقدا بكەین لەساڵی ١٩٢١ تاوەكو سەردەمی دەستوری تازەی حوكمەتی فیدراڵی ئێستای عێراق گۆرانێكی بنەرەتی و یەكسانی و دادپەروەرییانەی بەخۆیەوە نەبینیوەو كەلەماف و ئەركدا یەكسان بژین و بێنە مەیدانی كاركردنەوە بەڵكو لەژێر چارشێوەو بازنەیەكی تەسكدا ئەخولێتەوەو یاسای تازە پێ ی ئەڵێ رێگەنادەین بەفرەژنی و هەركەسێ بیكا زیندانی و غرامە ئەكرێ كەچی لەم لاشەوە بەخشكەی پێت ئەڵێ ئەگەر لەتوانات دابێ لەرووی دارای و عەدالەتیان بپارێزی و چەند مەرجێكی داناوە كەلەخزمەتی پیاودایە ئەتوانێ ژنی دووەم بهێنێ ، هەروەها تەلاقیشی لەدەستی پیاودا هێشتۆتەوە كەدەبوایە یاسا بۆ هەردولا وەكو یەك بوایەو ماددەی ٢٥ ئەڵێ ژن دەبێ گوێرایەڵی مێردەكەی بێت لەهەموو روویەكەوە تەنها كاتێ گوێ بەپیاوەكەی نەدا كەفەرمانی پێچەوانەی شەرع كردو هەروەها ماددەی ١٧ رێگا لەژن دەگرێ شووبە پیاوی دەرەوەی ناموسلمان بكات ، بەلاَم رێگا بەپیاو ئەدات ژنی ئەهلی كیتاب بهێنێ و مادەی ١٠٢ دەڵێت (سەرپەرشتیاری كەسی بچوك باوكیەتی پاشان جێنیشنی باپیرە ئەمجا دادگا ) بەبێ ئەوەی ناوی دایك بهێنێ كەبەخێوكەری یەكەمیەتی ، لەمەسەلەی زەماوەندو تەلاَق دانیشدا ئەبێ شاهیدەكان پیاوبن وەكو داب و نەریتێك ئەمە پەیرەو دەكرێ و یاسا هیچی لەم بارەوە دیاری نەكردوە ، بۆیە پێویستە دەستوری كوردستان یەكسانی و كارو ماف و ئەركەكانی نێوان ژن و پیاو وەكو تەواوكەری یەكتری تەماشا بكا لەدەستوری هەرێمی كوردستانیشدا رێگا بكیرێ لەهەموو جۆرە چەوساندنەوەیەك و داب و نەریتی دواكەوتو كەناهێڵێ ئافرەت وەكو پیاو ماف و ژیان و یەكسانی هەبێ ئەمەش پێویستە بەشێوەی مرۆڤانە لەبەرچاوبگیرێ و رەنگدانەوەی لەكاروباری حیزبی و حوكمیەكاندا هەبێ بەپێ ی یاسا جیاوازی رەگەزی نەمێنێ و لەم لاشەوە ئەبێ ئافرەتان خۆیان ووشیارو ئامادەبكەن لەپێناوی بەرگری كردنی لەمافەكانی خۆیان و چیتر رێگە نەدەن چارەنوسی پیاوان بۆیان دیاری بكەن و خۆیان خاوەنی مافەرەواكانی یان بن لەراگەیاندن و خۆپیشاندان وەكو مرۆڤ داوای مافەكانیان بكەن و ببنە ئەمری واقیع هاوشان بژین لەگەڵ پیاواندا بەبێ جیاوازی ئەمەش بەرۆشنبیری و كۆڵنەدان دێتە دی .

# توانەوەی قودس و دڵ

کەرکوك لە وەتای بۆتە شادەماری ئابوری و کێڵگەی نەوت هەمیشە جێگای ململانێ و چەقی ناکۆکی نێوان کوردوو دەسەڵات دارانی عێراق بووەو سەروەت و سامانەکەیان بەتاڵان بردووەو گەلی کوردیشیان پێ سوتاندووە لە ڕێکەوتننامەکەی ١٩٧٠ ویستیان بە چوارساڵ کەرکوك بخەنە سەر کوردستان ئەوەبوو پێش وادەی تەواوبونی ، شەڕ دەستی پێکردوو ئەنجامەکەی ڕێککەوتننامەی جەزائیری لێ کەوتەوەو شۆڕشی کوردیش توشی هەرەس و داڕمان بوو ؟! کەچی جێگای داخە ئەمجارە دوای نەمانی بەعس کورد نەیتوانی پەندی لێ وەربگرێ بەهۆی ململانێی شەڕی ناخۆوە زۆر شتی لەدەست دا، یەکێ لەوانە کەرکوك بوو کە بە یەك پڕۆژ ەی هاوبەش نەیان دایە دەست لایەنە عێڕاقیەکان و ئەمریکیەکان سەبارەت بە کەرکوك ، تەنانەت پێش ڕوخانی ڕژێمی بەعس هەردوولا لە (لندن) ڕازی بوون بەوەی کە هیچیان پەلاماری کەرکوك نەدەن و ئاوارەکانیش لەگەڵ تەعریبەکان نەگەڕێنەوە ؟! تاوەکو وەزعی عێڕاق ئاسایی دەبێتەوە ، کەرکوکیشیان خستە مزایەدەو ڕیفرڕاندۆمێکی بێ ئەنجامەوە کە نازانرێ کەی دەکرێ. هەڵەکان لێرەوە دەستیان پێکردوو هەر بەردەوامیش بوو هەر لەوەی ڕازی بوونیان بەوەی ببێتە شاری برایەتی و ماددەی (٥٨) و ئەمجارە ماددەی (١٤٠) و ئێستا هەموو ئاراستەکان بەرەو ئەوەن کە کێشەی کەرکوك جارێك ئاسایی ناکرێتەوە . گارق هاشمیش و زۆرلەبەرپرسانی تری عێراقی و کوردستانی باس لە دواخستنی ئەم ماددەیە دەکەن وهەندێ سەرچاوەش باس لەوە دەکەن کەکێشەیکرکوك بۆچوارساڵی تر دوادەخرێ و دەبرێتە نەتەوەیەکگرتوەکان ، بەڵام ئەمانە تائێستا دەسەڵاتی کوردی ئەم هەواڵەی پشتڕاست نەکردۆتەوە سەرکردەکانی کورد زۆر بە حەماسی و توڕەبوون باس لە کەرکوك دەکەن و ڕەخنە لە نوسەران دەگرن بەڵام دەپرسین ئەوا چەند ساڵە حکومەت ڕوخاوە پێمان بڵێین لە دروشم زیاتر چیتان بۆ کردوەئەدی ئەوەنیە تاکو ئێستا ئاسایش و پەروەردە هەر حیزبەو بۆخۆی دەیکاو ئەوەندەی کار بۆ یەکێتی و پارتی دەکرێ ئەوەندە بۆ یەکخستنی کەرکوك ناکرێ ، سەرەتا عەرەبەکان ئامادەبوون بە پارەیەکی کەم بڕۆنەوە بەڵام هیچ لایەکیان ئامادە نەبوون ئەو پارەیە بدەن بەڵام بۆ دعایەی حیزبی خۆیان کۆشك و تەلاری هاوتای وڵاتانی دونیا دەکەنەوە . بۆیە دەخوازین لە سەرکردایەتی کورد شەفافانە ڕاستیەکان بۆ خەڵك والأبکەن بەری ڕۆژ بە بێژنگ نەگرن و شیوەنی بێ ئەنجام بۆ کەرکوك هەڵنەڕێژن ، وە پێویستە گەلی کوردیش لە بەرامبەر جێ بەجێ نەبوونی ماددەی ١٤٠ دا بێدەنگ نەبێ و سەرکردایەتی کوردیش هەڵوێستی شۆڕشگێڕانەو هێڵی سور نیشانی عێڕاق بدات هەتا کشانەوەش بێ لەم حوکمەتە.نەك لایەك بڵێ نابێ دەقیقەیەك دوابکەوێ و ئەوی تریش بڵێ بەهۆی نەبوونی سەرژمێری دوا دەکەوێ

پێویستە خاوەن یەك هەڵوێست و بەرنامەی راگەیاندن بن .

# حيزبايەتى و

# خزمايەتى ..

لەسەردەمى دەرەبەگايەتى وخێڵەكى دا دەسەڵات بەشێوەى ميرات وتاپۆو پشتاو پشت وبنەماڵەى ئەڕوابەڕێوەو لە هەمان كاتيشدا خەڵكى رەنجبەرى دەرەبەگەكان بوەو چەوسێنراونەوەو كێشيان مەبەست بووبێ ئارەزوەكانى خۆى پێ دامركاندۆتەوەو هەرچى بەربەرەكانيشى لەدژى كردبا دەكوژرا يادەردەكراو سەروەت وسامانى خەڵكيشيان بۆخۆيان بردوەو بەسەر خزم وكەس وكارەكانى دابەشيان كردوە ،ئەم قۆناغەش مێژووييەكى دوورودرێژى هەبوەو لەسەردەمى ئيسلاميشدا بەتايبەتى (عوسمانى كوڕى عەفان) كەهەموو دەسەڵاتى بۆخۆى وخزم وكەسەنزيكەكانى دانابوو،وەخەزێنەى دەوڵەتيشى هەرلەخزمەت خۆياندا بوو سەرەنجام لەسەرئەم گەندەڵيە خزمايەتيەوە لەلايەن موسڵمانە ووشيارەكان گەمارۆدراو لەدژى ڕاپەرين تاسەر ئەنجام كۆشك وخەزێنەى دەست بەسەركران وخۆيشى تياچوو،وەئەگەر ئاوڕێك لەدەوڵەتى (مادەكان) بدەينەوە كەسەدوپەنجاويەك ساڵى حوكم بەڕێوە برد،بەلآم دەسەلآتەكانيان هەر لەچوارچێوەى باوك وكوڕو نەوەكانيادا ئەسورايەوەو يارييان بەچارەنوسى خەڵكەوە ئەكردو هەمووشتێك بۆ خۆيان ڕەوابوو،بەلآم بۆ خەڵكى ناڕەوابوو دەبوايە مل كەچى جەنگ وباجەكانى بنەماڵەبن تاكارگەيشتە ئەوەى كۆشك وتەلارەكانيان لەناوەدا بەقاڵبە زێر برازينەوەو ميللەتەكەيان لەبيرچوبۆەو لەئەنجاميشدا ڕووخان ولەهەمان كاتيشدا لەسەردەمى (ساسانيەكان) هەربەهەمان شێوەى بنەماڵەى وخزمايەتى فەرمانيان ئەكرد،لەسەردەمى فەرمانڕەواى (ئەردەلآن)يش لەمانى پيش خۆى باشترنەبوو كەفەرمانرەواى بەشێكى خاكى كوردستانى ئەكردو (بابا ئەردەلان ) كەحاكمى شارەزووربوو سنورەكەى خۆى بۆحاكميەتى ومشەخۆرى وچەوساندنەوە بەسەر هەرسێ كوڕەكەى دا دابەش كردبوو،وە فەرمانڕەواى (ئامێدى) كەچەندين ساڵى خاياند ئەويش بەدەرنەبوو لەئەقلى فيوداڵى وخزمايەتى وبنەماڵەى ،وەسەردەمى مێرنيشينەكانيش هەمان كارو كاردانەوەو رەنگدانەوەى هەبوەو بەهەمان شێوەى پێش خۆيان ڕۆيشتون بەڕێوەو وەلەسەردەمى سەرمايەدارى هەرچەندە قۆناغەكە گۆڕدرا،بەلآم بەهەمان شێوەو ناوەڕۆكى فيودالآنەو خزمانە كۆمپانياكان و دەوڵەتيان ئەبردبەڕێوە لەشێوە بەرگێكى جياوازداو ديارە ئەوروپاش بەدەرنەبوە لەم شێوازە بەڕێوە بردنانە،بەلآم لەهەمان كاتيشدا توانيويانە بازدانيكى گەورە بهاوێژن ئەم قۆناغە ببڕن وتەنانەت ئەو فەرمانڕەوايە پاشايانەو شانشينى يانەى كەلەسەرەتادا لەدەسەڵات هەيانبوەو وەكو ميرات بۆبنەماڵەكەيان ماوەتەوە ئەمڕۆ بيگۆڕن بۆشێوە مەليكيەتێكى پێشكەوتو خۆيان وەكو ڕەمزماونەتەوەو خەڵكى لەهەندێ بۆنەدا ناويان ئەهێنن وڕێزو تاجەگوڵينەيان بۆئەبەن،بەلآم لەمەيدانى كرداردا فەرمانڕەوايەتى يەكەيان بۆخەڵك جێ ٚهێشتوەو كەبەپێ ی تواناو لێهاتوى وشارەزاى تيابەرەو پێشەوە چوون،چونكە لەدنيادا حيزب تەنها ئامرازە بۆكۆكردنەوەى خەڵك وپيرۆزييەكەى تەنها لە ماف و داواكانى خەڵك وپيداويستىيەكان وخزمەتكردن دايە بۆيە ئەودەسەلآتانەى خزمەتيان بەگەل كردوە ماونەوەو ئەوانەى پيادەى چەوسانەوەيان كردوە هەڵدێراون ،وە(سوهارتو) ى ئەندەنوسياش كەنزيكەى (٣٢) ساڵى حوكم كردو هەمووشتێكى لەپيناوى خۆى وبنەماڵەكەى  وخزمەكانيدا ئەبرد بەڕێوە لەڕووى تاك دەسەڵاتى وپاوانخوازى ،بەلآم ئێستابوونە جێگاى نوكتەو رسواى ... ئەگەر تەماشاى وڵاتانى ئاسياو عەرەبەكانيش بكەين ئەم شێوە زۆر بەربلآوەو بۆيە ئەم جۆرە بەڕێوەبردنە هەميشە ڕێگرە لەبەردەم پێشكەوتن وئەيانەوێ هەتاسەر مشەخۆربن لەسەرگەلەكەيان وناهێڵن ووشيارى وخوێندەوارى ويەكسانى وعەدالەتى وكۆمەڵايەتى وياسا...هتد ڕوولەوڵاتەكەيان بكا بۆيە هەميشە خەريكى چەوساندنەوەو برسى كردنى خەڵكن لەپێناوى مانەوەى خۆياندا،بەلآم ئەوەى لێرەدا جێگاى سەرنجە دەسەلآتى كوردى يە ئايا تاچەند گۆڕانى بەسەر داهاتوەو ياخود هەمان دووبارە بوونەوەى مێژووى پيش خۆيەتى بەشێوەيەكى جياواز وهەرچەندە لەكوردستاندا حيزبەكان بەچەپ وڕاست وئاينى يەوە دژى بنەماڵەى و خزمايەتى وخەليفايەتين،بەلآم لەمەيدانى كرداردا هەڵگرى خزمايەتى وبنەماڵيين هەنديكيان بەئاشكراو ئەوەى تريشيان بەخشكەى ،چونكە ئەمڕۆ كار بەبەهاى بنەماڵى وخزمايەتى وشارچێتى وعەشيرەتگەرى بەشێوەيەكى مۆدێرن ودروشمى بريقەدار ئەكەن ورەنگدانەوەى لەناودەسەڵات وحيزبدا دروست كردوەو هەركارێك دێتە پێش لەڕووى پرۆژە وكارى سەرمايەو حوكمەت وحيزبدا پێش هەموو شتێك ئەبێ چاوبگێڕن بۆ بنەماڵەكانيان

وخزمەکانیان وبرادەرانی پارێزەری بەرژەوەندییەکانیان بەبێ گوێ دانە تەقیم وقیاس ولەبەرچاوگرتنی ژیانی خەڵك وگرنگ ئەوەیە سەرمایە گوزاری خۆیان بڕوا بەڕێوەو بۆئەم مەبەستەش شێوازی راگەیاندنێکی چەواشەکارانەو نادیارو بریقەدارانە ئەگرنە بەر بۆیە باشتر وایە دەسەڵات پەند لەڕابردووی گەلان وەربگرێ،چونکە ئەمڕۆ سەردەمی تەکنەلۆژیاو ئەنتەرنێتەو ئەم شێوازانە تاسەر ناتوانن خۆیان دووبارە بکەنەوە پێویستە پەیڕەوی حوکمەتێکی مۆدێرن ومەدەنیەت بکەین کەدووربێ لەگەندەڵی وگەڕانەوە بۆ فکرەی فیوداڵی وبنەماڵانەو ئەزموونی گەلانی پیشکەوتوی وەکو ئەورپا لەبەرچاو بگرین نەك ولاّتانی دواکەوتو پاساو وپینەی بۆ بێنینەوە،چونکە گەرتەماشای حوکمەتی هەرێم بکەین وائەزانی چەندەها ساڵە حوکمەتە ،چونکە گەندەڵی تیابالاّیەو سەرمایە گوزاری بەرپرسان خەیاڵیەو پێویستە کاربۆ چاکردنی بکەین بەسزادان ولێپرسینەوە چارەسەری نەخۆشیەکان بکاو لە بەرژەوەندی گشتی دا کار بکاو هەڵەکان راست بکاتەوە .

# سەرۆکی ستایش و موچە

منالّ کاتێ لە ژانێکی قولّ لە دایك ئەبێ هیچ پلەو سامانێك لەگەلّ خۆیدا ناهێنێ بەلّکو گەورەترین سەرمایە بەرهەم دێنێ ئەویش مرۆڤە کەدەتوانێ گۆران بەچاك و خراپدابکا وە ئەومرۆڤانەی کەدەبنەسەرۆکێکی دکتاتۆری یا دیموکراسی ئەوا گەل سەرچاوەی دروستبونیەتی چونکە گەر تاکەکانی کۆمەلّگا وشیارو بەئاگاو چاوەدێربن بەسەر دەسەلاتەوە ئەوا سەرکردەیەکی دیموکراس و ماف پەروەر بوونی دەبێ بەلام ئەگەرکۆمەلگاچەپلّەو ستایش بۆ کارە دزێوەکانی دەسەلات و سەرکردە لێ بدا و هەولّی راست کردنەوەی هەلّەکان نەدا و وەکو ئایەتی قورئان تەماشای بکا ئەوا سەرکردەیەکی تاکرەو کۆمەلّگایەکی دواکەوتو بەرهەم دێنێ و مێژویەکی تێك شکاو دەنوسیتەوە و زۆر سەرکردە بوونەقوتابخانەبۆ نەوەکان و هەندیکیش بونە نەفرەتی زەمانە و (جۆرج واشنتۆن )یەکەم سەرکردەو رابەری شۆرشی سەربەخۆی ئەمریکیەکان بوو وەدەستەو تاقمەماستاوچیەکانی نزیکی خۆی هانیان ئەدا کە دەستورێکی پشتاو پشت بۆ ئەمریکا بنوسێتەوە چونکەفریاد رەسی ئەمریکابووە بەلام ( جۆرج ) بەمەرازی نەبوو وتی: گەلی ئەمریکا سەرکردەکانی بەئازادی هەلّبژێرێ و بەمەش بوەباوکوسەرکردەی نەمری ئەمریکیەکان .بەلام ئەو سەرکردانەی کەبەدکتاتۆری وخۆسەپاندن هاتنەسەرکار هەمیشەبونەمایەی نەهامەتی و دواکەوتی و نارەزای خەلّك .وە سەرکردە پێشکەو:تووەکانی دنیا لەبەرنامەکانی خۆیاندا تەنها بۆ ٨ سالّ دەتوانن بمێنەوەو سەرەتاش سامانەکەی خۆیان بۆ گەل ئاشکرا دەکەن و شوێن پەنجەی خزمەتیشیان دیارەو سوێندیش دەخۆن کەخیانەت نەکەنو هەموو تاکێك بە خوشك و برای خۆیان بزانن و ئامادەی هەمووجۆرە رەخنەو لێپرسینەوەیەکیان تیایەو هێلّی سوور وجودی نی یە .کەچی بەداخەوەلەکوردستاندا سەرکردە بیرلە دوای خۆی ناکاتەوەو تەنها بەخوێن و مردن لادەچێ ووتەدزێوەکانیشیان بەدبلۆماسی و پینەکردن دەبێ برازێندرێتەوەو هێلّی سووریشە کەباس لە دەسەلات و سەروەت وموچەو داهات و پرۆژەکانی بکەی بەلام لە
دنیای مۆدێرنداسەرکردایەتی و سەرۆکایەتی تاپۆو میرات نی یەو بەلکو دەورانی خزمەتەو کارەکانیان شەفافانەیەوسایت و ئەدرێسەکانیان کراوەن و( بۆش) سالانە ٤٠٠ هەزار دۆلار وەردەگرێ وسەرۆك وەزیرانی بەریتانیا ٢٦٢ هەزاردۆلار وەردەگرێ وسەرۆکی فەرەنسا ٢٠ هەزاریۆرۆ و سەرۆکی چینیش٣٢٦٢ هەزار دۆلار وەردەگرێ و میللەتەکەشیان کێشەی ژیانیان نی یەو لەناوئاوو بەفردا ئەژین بەلام سەرکردەکانی ئێمە سەرەرای نەبوونی شەفافیەتیان و دە بەرابەری سەرکردەکانی دنیا وەردەگرن سەرەرای بەپیت وکانزای ولاتەکەشمان و کەچی خەلّکی پێداویستە سەرەتاییەکانی سوتەمەنی و زۆر شتی تر کەلە دەرەوە بۆ هاتبا هەر ئەوەندەیان لە سەر حیساب دەبوو بۆیە لەجێگای خۆیدایەتی بپرسین
و بلێن کاتی ئەوەنەهاتووە سەرۆکی ببێتە دوو دەورەو خزمایەتی و گەندەلی وەلابنرێ و حیزب و حوکمەت لە یەکتری جیابکرێتەوەو دارای و دەسەلاتتان کەم بکەنەوەو بیر لەخوار خۆتان بکەنەو چیتر بەدروشمی بریقەدار دلّمان مەتەقێنن و سیاسەتێکی شەفافانەپەیروبکەن و دەستورێکی گونجاو بۆ دوارۆژی گەلی کورد دابنێن بۆ ئەوەی نەوەکانتان لەسەری برۆن ..

# شیوەنی کەرکوك

کوردستان بەهۆی دەوڵەمەندی و سروشتی و کانزایی یەوە هەمیشە چاوتێبڕینی داگیرکەران بووەو کەرکوکیش دووای دۆزینەوەی نەوت بووە هۆی سوتانی گەلی کوردو وە لەگفتوگۆی شۆڕشی ئەیلول و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دا هەمیشە خاڵی چەق بەستوو هەڵوەشانەوەی گفتوگۆکان بووە لەگەڵ بەعس دا ، بەڵام بەداخەوە لەکۆنگرەی لەندەن و دووای ڕوخانی ڕژێمیش سەرکردایەتی کورد کەلەبەهێزی دابوو دەکرا زۆر شت بکەن ، بەڵام بەهۆی نەبوونی هەماهەنگی و یەك پڕۆژەیی و ئاسەواری شەڕی ناوخۆ لەدەست درا تائەگاتە مادەی ٥٨ و مادەی ١٤٠ ، وەسەرکردایەتی کورد بەدروشم و قسە هیچیان تێدا نەهێشتۆتەوەو بەڵام لەئەرزی واقع دا هیچ نەکراوەو زۆر جار لێدووان و هەڕەشەکانی خۆمان کەئەوەندە دروشمی بریقەدارمان بەرزکردۆتەوە بەبێ جێ بەجێ کردن لەمەیدانی کرداردا زەرەرو زیانی زۆری بەدواوە بووە بەبێ چارەسەر ، هەرچەندە کێشەی کەرکوك لەسەرەتادا چارەسەری ئاسان تربوو لەئێستا بەڵام هەنگاویان نەنا بۆ چارەکردنی ، ساڵێك لەمەوبەر عەرەبە هاوردەکان ئەگەر پارەیان بدرایەو خۆشیان داوایان کرد بەڵام سەرکردایەتی کورد ئەمڕۆ کەپارەیەکی خەیاڵیان لەبەر دەست دابوو سەدان پڕۆژەیان کردۆتەوە لەخۆیان نەبردن کەکێشەکە بەپارە چارەسەر بکەن ، بەڵام هەر لایەو بۆ دیعایەی حیزبی خۆی چەندین پڕۆژەی هاوشێوەی دوبەی و ئەوروپا دروست کردووە کەئەمڕۆ دادی چارەسەری کێشەکانمان ناداو ، ڕاستە هەردوولا هەندێ پڕۆژەیان لەکەرکوك دا کردوو بەڵام بۆ شان و باڵی حیزبەکەی خۆی لێناوەو ئەگەر لێشی بکۆڵییەوە پڕۆژەیەکی زۆر کرچ و کاڵەو لەهەمان کاتیشدا ئەوەندەی کارکراوە بۆ هەستی حیزبی بوون لەکەرکوك ئەوەندە هەنگاو نەنراوە بۆ یەکڕیزی و سەرخستنی مەسەلەی کەرکوك و نەیان توانیوە تەبایی و گفتوگۆولێدووان لەگەڵ ناکۆکەکان وەکو عەرەب و تورکمان بەشێوازی دبلۆماسی بەکاربهێنن و بیپارێزن و وەپەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆکایەتی عێراق مەیدانییەن نەچونە ناو کێشەکانی کەرکوکەوەو هەر قسەو بەڵێن بوون و ئەبینن سەرکردایەتی کورد لەپێناوی بودجەدا هەردوولا بەپەلە لەبەغدا کۆئەبنەوە یان ئەو ماوەیە فراکسۆنی زەردو سەوز لەبەغدا لەسەر دەرماڵەو پێشمەرگە هەلوێستیان وەرگرت کەکارێکی باش بوو ، بەڵام زیاتر لە ٣ ساڵە هیچ هەنگاوێکی کرداریمان نەدی لەسەر کەرکوك بیکەن و بەڵکو بەپێچەوانەوە هەرجارەو بەبیانوو سیناریۆیەك کێشەکە دوواخراوەو بێ هەڵوێستییان نواندوو لەم لاشەوە ئیفلجی دبلۆماسییەتی کورد دەرئەکەوێ دەبووایە سەرکردایەتی کورد هەرکۆڕو کۆبونەوەو کۆنفرانسێك کەلەسەر کەرکوك ئەبەسترێ لەهەرجێگایەك بەشداری بکردباو هەڵوێستی نەگۆڕی خۆیان بەیەکگرتووی نیشان دابا ، ئەبینن ئەو کۆنفرانسەی لەئەنقەرە بەسترا یەکێتی و پارتی و یەکگرتوو کۆمەڵیش بانگ کرابوون تەنها یەکێتی بەبروسکەدا بەشداری کردوو دەبوایە سەرکردایەتی کورد ئەم هەلەی لەدەست نەداباو بەیەکگرتووی بیرو بازو سەرنجی کۆنفراسیان بۆ لای خۆیان کێش کردبا نەك بێدەنگی و نەچوونیان هەڵبژاردباو بەمەش سەلماندیان کەلەبەردەم دەرگای گفتوگۆ و دبلۆماسیەت تووشی شکست هاتوون و کێشەکان ئاڵۆزتر ئەبن نەك چارەسەر ، لەلایەکی تریشەوە هەڕشەو گوڕەشەکانی تورکیا بوونە بلقی سەر ئاو چونکە لەلایەن ئەمریکاو ئەڵمانیاو بەریتانیاو وەزارەتی ناوخۆدا ڕەدی درایەوەو کەمادەی (١٤٠ حەقی عێراقی یەکان خۆیانەو نابێ دەست لەکاروباری ناوخۆیان وەردرێ) بەڵام بەداخەوە لەلایەن سەرۆکایەتی هەرێم و پەرلەمانەوە ئەوەی نەدەهێنا کەهەموو ڕۆژێ لێدووان بدرێ لەسەر تورکیا دەبوایە لەبری ئەمە هەنگاو نرابا بۆزمانی گفتوگۆو خاوکردنەوەی کێشەکان و چارەسەرکردنیان و حەق نی یە سەرکردایەتی کورد خۆی هەر بەپەتی ئەمریکاوە هەڵواسێ بەڵکو پێویستە سوود لەهەموو کارت و دەوڵەتێك ببینێ و چونکە ئەمریکاش تاسەر بۆ ئێمە نی یەو ئەڕواتەوەو بەڵام دراوسێ کان هەر لەجێگای خۆیان دەمێنن و بۆیە پێویستە لەئێستاوە کار بۆ لاپەڕەیەکی نوێ بکرێ لەم بارەوە سەرکردایەتی کورد بەمیزاجی حیزبی و شەخصی نەڕوانێتە کێشە نەتەوایەتی یەکان و چیتر هەوڵ نەدەن بۆ گەوجاندنی خەڵك و ڕاستی یەکان نەشارنەوەو سەرکردەو حیزبەکانیشمان لێ نەکەنە ئەفسانەو کاریزما بۆ ئەوەی میللەتیش بتوانێ هەماهەنگ بێ لەگەڵتان وەئێستاش باچیتر ڕەخنە لەڕابردوو نەگرین و خۆشتان وەکو بەرزەکی بانان بۆ دەرچن بۆیە پێویستە هەرچی زووە دبلۆماسییەتی کورد بەهەردوو سەرۆکایەتی هەرێم و سەرۆك کۆمارو لایەنەکانی تری کوردی مەیدانی بێنە ناو گۆڕەپانی یاری یەکەوەو هەرچی بەخۆیان ئەکرێ لەڕووی هاوکاری

کردنی ئاوارەکان بۆ گەڕانەوەیان بیکەن و باهەموو پڕۆژەکان لەخزمەتی کەرکوک دا بکەن ئەوەی پەیوەندی بەحوکمەتی مەرکەزیشەوە هەیە فشارو هەنگاوی جددی بۆ بنێن ، چونکە کاتەکەی زۆری ڕۆیشتووەو کەمی ماوەو نەشهێڵین مادەی ١٤٠ مردار بێتەوە وەکو ئەوانەی پێش خۆی چیتر سیناریۆیەکانی دوواخستن قبوڵ نەکەین و هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ تورکمانەکان و عەرەبەکان و کلدو ئاشوری یەکان بکەین وەلەگەڵ ئەو لایەن و دەوڵەتانەی کەدەیانەوێ کارتمان لەدژ بەکاربهێنن لەگەڵیان بکەوینە گفتوگۆو چارەسەرکردن نەك پەنابردن بۆ زمانی زبرو هەڕەشە، چونکە ئەمە هەربەزیانی خۆمان تەواو ئەبێ و پێویستە بەپەیوەندی یەکانی خۆمان لەناوەوەو دەرەوەدا لەگەڵ دژەکانمان دا بچینەوەو پردی گفتوگۆ دروست بکەین ، بۆ ئەوەی ڕۆڵی ئیجابی ببینین لەکێشەی کەرکوك داو لەلایەکی تریشەوە پێویستە هەوڵەکانی دبلۆماسی یەکگرتوو بخەینە گەڕ بۆ ئەوروپاو ئەمریکاو نەتەوەیەکگرتووەکان و تەنانەت وولآتە عەربی و دراوسێ کانیش بۆ سوود وەرگرتن لەم بووارەداو چارەسەر کردنی کێشەی کەرکوك و هەموو هێلکەکانیش لەسەبەتەی ئەمریکا نەهاوین .

# کێ ؟
# بەرپرسە لە گەندەڵی !

دیاریدەی گەندەڵی لەکۆنەوە تاوەکو ئێستا هەیەو بەشێوازێکی کۆمەلایەتی هەموو دنیای گرتۆتەوەو گەلاَن بۆ ڕزگاربون بەبەرنامەو پلان ڕووبەڕووی ئەم تەوژمە مشەخۆرە بوونەوە بەبێ ئەوەی هۆیەکانی گەندەڵی بشارنەوەو یان پینەی بکەن ، چونکە گەندەڵی وەکو ڤایرۆس و میکرۆب ئەچێتە خانەی کۆمەلگاو ئیفلیجی ئەکاو لەلایەکی تریشەوە گەندەڵی واتە بەخراب بەکارهێنانی دەسەلاَتەو لاف لێدان و دزی و فێڵبازی کردنە لەمیللەتەکەی خۆت بەشێوەیەکی مشەخۆرانە خەڵکی ئەچەوسێنێتەوەو یاساو ڕێساش وەکو هێڵی سوور لەسەر بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانی خۆیان دائەنێن بەشێوەیەکی بیرۆکراتی یانە لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا ئابوری وولاَت هەڵئەلوشن و سیاسەتێکی شەفاف لەم بووارەدا پەیڕەو ناکەن و گەندەڵیش هەندێکیان لەبازنەو سنورێکی تەسکدا ئەسوڕێنەوە ، وەکو بەرتیل و دزی و چاوپۆشین و پێگەیاندنی لەناکاو و خزمایەتی و ناوچەیی و ... هتد ، وەگەندەڵی ترسناکیش هەیە وەکو ئەوەی لەلوتکەی دەسەلاَتدا دروست ئەبێ و ئەمجار بەرپرسە گەورەکانیش بەهەرسێ دەسەلاَتی یاسادانان و ڕاپەڕاندن و دادگادا ئەگرێتەوە بۆیە لەم قۆناغەدا پێویستە خەڵکە بەئاگاو ووشیارەکان بەبەرنامەوە ڕووبەڕووی ئەم دیاردە ببنەوە نەوەك پاساوو پینەی بۆ بێنەوەو ڕەوایەتی بەناشەرعی پێ بدەن بەڵکو دەبێ پەردەی لەسەر لابدەن و کاربۆ چاککردنی بکەن و لایەنە چاك و خراپەکانی بەکردار ڕوون بکەنەوەو نابێ لایەك دیفاع لەمانەوەی گەندەڵی بکاو لایەکیش ببێتە سووتەمەنی بەڵکو دەبێ ڕایەکی گشتی لەسەر ئەم دیاردە ترسناکە دروست بکرێ دەنا لەداهاتوودا پێشت پێ ناگیرێ و هەموو شتێك لەدەست ئەدەی و بەرەو هەڵدێران ئەچی و ئەمەش بەمە دێتە دی کەدیموکراسی و زەمینە خۆشکردنی زیاتری پێویستە بۆ لێکۆڵینەوەو خەڵکیش ئەبێ سانسۆر بێ بەسەر دەسەلاَتدا بۆ چاککردنی و دەسەلاَتیش کەبەری ماندووبونی خەڵکە پێویستە گوێ بۆ هەموو ڕاکان لەم پێناوەدا بگرێ و سیاسەتێکی شەفاف و بەرچاوی هەبێ بەسلبی و ئیجابی یەوە لێپرسینەوەی یاسایی توندی هەبێت بۆ ئەو بەرپرسانەی ئەو هەموو کۆشك و پرۆژەی هەیانەو بابەراوردێك بکا لەنێوان بەرپرسانی خۆی و وولاَتانی دنیا ئەمجار تێدەگات ئاسمان و ڕێسمان و نێوانییانەو بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بەپیلانێکی ووردو درێژخایەن هەیە بۆ چاککردنی ، پێویستە دەسەلاَت چیتر گوێ لەسیاسەت و زانیاری چەوت و ماستاو نەگرێ هەتا زووە بەگژی دا بچێتەوەو وێنەی گەلانی دنیا لەم بارەوە لەبەرچاو بگرێ بۆ ئەم مەبەستەش لەزۆر وولاَتانی دنیادا ڕێکخراوی دژ بەگەندەڵی دروست کراون و ئەڵمانیا ڕێکخراوێکی هەیە بۆ چاودێری کردنی ناوخۆو دەرەوە بۆ بینینی سیاسەتی شەفاف کەچاودێرە لەسەر ئیش و کارەکانیان و دەوڵەتە پێشکەوتووەکان بۆخۆیان و جەماوەرەکەیان پشتگیری لەم ڕێکخراوە دەکەن نەك ڕێگری بن ، هەرچەندە ئەمریکا لەسەرتادا کۆمپانیاکانی ئەوپەڕی گەندەڵی و مشەخۆری تیاکراو وەبەرپرسانی فەرەنساو ئیتالیاو ... هتد ، ڕووبەڕوی دزی سەروەت و سامان بوون تائەو ڕادەیەی ئەو گەندەڵی یە فەرمانبەرەکانی دەزگاکانی یەکێتی ئەورووپاشی گرتەوە ، بەلاَم بەهۆی زیرەکی و سووربوون و چاونەپۆشینی ڕێڕەوی ڕیفۆڕم توانرا ئەم ڕیشانە هەڵبکێشێ و بگاتە قۆناغی ئێستاو ئەگەر دەسەلاَت خۆی چاك نەکاو ڕێگربێت متمانەی خۆی ئەدۆڕێنێ و خەڵك بەدووای بەدیلێکی تردا دەگەڕێ ، هەروەکو ئەوەی کاتی خۆی لەڕۆمانیاو بەرازیل و ئیتالیا ڕووی دا بۆیە پێویستە بەبەردەوامی گەشە بەخۆمان و نوێ بوونەوە بدەین ئەمەش بەوە دێتە دی کەتواناو شارەزاو پسپۆڕی لەبەرچاو بگرین لەکاروباری دەوڵەتداو بەدوواهۆو ئەنجامەکاندا بگەڕێین ، چونکە گەندەڵی هەموو کاروبارەکانی سەرخان و ژێرخانی ئابوری و سیاسەت ئەگرێتەوە بۆیە دەبێ دەزگای چاودێری هەبێ بەسەر بەرپرسەکان و سامان و داراییان و ئەم دەزگایەش کارتۆن نەبێ ، بەڵکو پێویستە چاوەدێربێ بەسەر هەرسێ دەسەلاَتەکەو نوسینگەش هەبێ بۆ ئەوەی خەڵك ئازادانەو بەشێوەیەکی مۆدێرن بەشدارو چاودێربن و ڕاگەیاندنیش بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانەو بیناکردنەوە بخرێتە گەڕو ڕێگا لەتوندوتیژی بگیرێ پەنا بۆ لێدووان و گفتوگۆ بدرێ و لایەك نەفرێندرێ و ئەوی تریش بتڕێندرێ هاوکاری ڕێکخراو دەزگا مەدەنی یەکانی ناوخۆو دەروە بکرێ بۆ ڕێفۆڕم و دەسەلاَتیش ئەبێ چاوو نوێنەری هەموو چین و توێژەکان بێت پارەو دەسەلاَت دیوار دروست نەکاو بەزۆر خۆی بسەپێنێت ، چونکە ئەمە ڕیشەی گەندەڵی قوڵتر دەکاتەوەو هەڵی ئەدێرێ

بۆیە پێویستە ئامانج و پلانێکی هەنگاو بەهەنگاو پیادە بکات کەنەهێڵێ مردنێکی لەسەرخۆ چاوەڕێ بکات و دروشمی بریقەدارو دیموکڕاتی ساختەو مافی مرۆڤ و ئازادی ڕادەربڕین هەر بەقسە پیادە نەکا بەڵکو مەیدانییەت جێ بەجێ بکا ، چونکە گەندەڵی دەبێتە هۆی ڕووخانی کۆمەڵگاو بۆیە پێویستە بەووردی بیناسین و بیخوێنینەوەو کار بۆیەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەرانە بکەین نەك ویژدان و سەروماڵیشمان بکڕدرێ بەهۆی گەندەڵییەوە حەرام و حەڵاڵ لامان وەکو یەك بن بۆیە لەگشت بووارێکدا دەبێ خەڵك ئاگادار بکرێنەوە لەماف و ئەرکەکانیان و هەموو لایەکیشمان بەرپرسین لەبوونی ئەم گەندەڵی یەو کاری چاککردنی بۆ بکەین و نابێ دەسەڵاتیش بوونی گەندەڵکارەکان بەهێڵی سوور بزانێ لەمانەوەی خۆیداو ئەبێ کار بۆ نۆژەن کردنەوە بدا .

# شەهید

شەهیدان سەمبول و پیشەنگ و پێشرەوی ولاتن و دروست کەری رۆژانی وەکو ئەمرۆن کە خۆنەویستانە دوور لەخۆپەرستی و خۆپرکردن سەرمایەی ژیانی خۆی و مال و منال وکەس و کارەکەی کردۆتە قوربانی بۆ گەلەکەی تاوەکو نەوەکانی دوای خۆی بە ئاشتی و ئاسودەی بژین وەچەك و قەلەم وکۆڵەپشتەکەی سەروەت و سامانەکەی بوو هەمیشە دژی چەوساندنەوەوبۆرژوازکان بوون کەوەکو مشەخۆرلەسەر گەل دەژیان وبەرلەوەی ببێتەپێشمەرگە دەیزانی شەهید بوون پلەی یەکەمیەتی ودلخۆش بوو بەوەی کەلەدوارۆژدا رەنجی بەفیرۆ ناچێ وتۆڵەی بۆ دەکرێتەوەو میژووی گەلانی خوێندبۆوە کەداگیرکەران لەناودەبرێن و دەست و پەیوەندەکانیشیان دەدرینەدادگاو سزای خۆیان وەردەگرن و یاهیچ نەبێ وەکو شۆرشی جەزائیر لەولاتەکەی خۆی دەریان دەکا بەلام بەداخەوە دروشمەکانی دوێنێمان بوونە بلقی سەرئاوو رابردوولەبیرکراو شۆرشگێرەکان ئاخ هەل ئەخوازن وپەشیمانن لەرابردوویان کەپێوانەوەوهەلسەنگاندنیان بۆ نەکراوەو شەهیدانیش لەگۆردا نەك هەرتۆڵەیان نەکرایەوە بەلکوبکوژەکانیان بونە شۆرشگێرو پلەدارو دەرمالەودیوەخانەیان وزۆر ئیمتیازی تریان بۆ برایەوە ولەهەمان کاتیشدا هەندێ لەوانەی خۆیان بەپێشرەوی کریکاران دەزانی ئەمانیش لەسەر حیسابی گەل بوونە بازرگان و سەرمایەدارو شە هیدانیش لەگۆردا نازانن داوای رابردوو ئێستایان لەسەرکێ و لای کێ سکالای خۆیان تۆمارکەن .

## کێ دەسەڵات ناشیرین ئەکا ...

## حیزب ... یان ... خەڵك

دیارە لە دنیادا حیزب ئامانج نی یە ، بەڵکو هۆکارە بۆ گەیشتنە دەسەڵات و خزمەت کردنی کۆمەڵگاو لە هەمان کاتیشدا بۆ کۆکردنەوەی چین و توێژەکان لەمینبەرێکی حیزبی داو ، وە خەڵکیش ئەبێ سانسۆڕ بێ بەسەر دەسەڵات دا بەڵام بەداخەوە حیزبایەتی لەکوردستاندا بەقۆناغی چل ساڵ شەڕی ناوخۆدا گوزەری کردو هەموو بەها مرۆڤایەتی و نەتەوایەتی یەکانی لەدەست داو هەر بەهۆی ئەمەشەوە گەلەکەمانی پەرت کردوو هەستی تەسکی حیزبایەتی زاڵ کرد بەسەر نەتەوایەتی و کەلتورو فەرهەنگی وولاتی شێواندو بەمەشەوە نەوەستا کوردستان بووە مەیدانی تەراتێنی ترکیاو ئێران و عێراق و شەڕی ناوخۆی شاریش بەئەقلیمی ئەگێڕدراو ، لەهەمان کاتیشدا لافی کوردایەتی و مەدەنی بوون و فرە حیزبی وەکو قاوانێکی سواوی دروشمی بریقەدار ، مێشکی لاوەکانی پێ ئاودراو خەڵکیش لەبرسان یان لەترسان ئەچوونە مەیدانی جەنگەوە و بەڵام باش بوو بەهیمەتی ئەمریکا توانرا سنورێك دابنرێ حکومەتی یەکگرتوو بە (مەنگۆلی) لەدایك ببێتەوەو ئەو حکومەتەی کەنەیتوانیوە سەرەتاییترین خۆشگوزەرانی هەر لەنەوت و بەنزین و کهرەباو ئاو ... دابین بکات بۆ خەڵك یاخود سنورێك دابنێ بۆ گەندەڵی بەدوای چارەسەردابگەڕێ ، یارێگە بگرێ لەو کۆشك و تەلارو ۆمپانیایانەی کەبەرپرسەکان هەڵیان چنیوە لەسەر حیسابی خەڵك و بەداخەوەش حکومەت هەموو دەنگێکی ناڕەزایی یان خۆپیشاندان بەپیلان و دەست لەپشتدان وەسف ئەکا ..!! بەبێ ئەوەی لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی بکۆڵێتەوە و بەدواچارەسەردا بگەڕێ و ، پێ ی وایە لەرێگای گرتن و ترساندن و تەقەکردن دەتوانێ سنورێك بۆ ئەمە دابنێ بەڵام ئەمە لێکدانەوەیەکی هەڵەیەو هەڵەی گەورەتری لێ دروست ئەبێ و لەهەمان کاتیشدا ئەوە کادیری حیزبەکەیە دەسەڵات ناشیرین ئەکاو خەڵکی بەم شێوەیە لەسەر جادەکان خۆپیشاندان ئەکەن چونکە بۆچی خەڵکی ئاسایی هەست بەهەموو کەم و کوڕیە ئەکەن کەهەیەو کەس گوێ لەئازارەکانیان ناگرێ و نێوان حیزب و خەڵك دیوار دروست بووەو دەنگ نابیستێ ... کەچی کاکی کادیر هەر خەریکی چەپڵەو کورسەکەی خۆیەتی ئەوە خۆ سەردەمی شاخ نی یە خەڵك گوێ بۆ ئیزاعە بگرێ حەماسی هەڵسێ ئێستا لەناو خەڵکدا ئەژین چیتر خەڵك نایەوێ لەسەر ڕابردوو گۆش بکرێ و نان و خۆشگوزەرانی بەلاوە گرنگترە لەو ئازادی یە بەرەڵلایی یەو بازاڕی ڕەشی ئێستا . بۆیە پێویستە دەسەڵات بەووردی بەخۆیدا بچێتەوە هۆکارەکانی خۆپیشاندان قبوڵ بکا ... خەڵکی حەقیەتی بپرسێ ڕۆژانە هەزاران بەرمیل نەوت بۆ دەرەوە ئەڕوا بەڵام خەڵك نی یەتی ، یان سەدان کۆمپانیای جۆراو جۆری سەرمایەداری لەکوردستاندا کار ئەکەن و هەموو دنیاش هاوکاری عێراق ئەکا ، بەڵام نەمان توانیوە نەوت و گازە بەنزین و غاز بۆ خەڵك دابین بکەین و لەئەوروپا خەڵك چاودێرە بەسەر دەسەڵات داو خۆپیشاندان ئەکاو شێوازی توندیش بەرپا ئەبێ و بەڵام هیچ تاوانێکی ناخاتە پاڵ و لەهەمان کاتیشدا لەڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا لەسەر دەسەڵات ئەنوسرێ و گوێ ی لێ ئەگیرێ و دەسەڵاتیش لیژنەی بەدواداچونی هەیە لەڕۆژنامەکان و ئەگەر هەواڵەکە ڕاست بوو نووسەر مکافئە ئەکرێ ئەگەر ناڕاست بوو غرامە ئەکرێ .بەڵام لای ئێمە لەزیندان ئەکرێ و بۆیە حەقی خۆیەتی بپرسین کووا دروشمە خۆشگوزەرانیەکانتان ، کەساڵەهایە لەبەرنامەدا دعایەی بۆ ئەکرێ و ئایا ژیانی بەرپرس و خەڵك ئاسمان و ڕێسمان نی یە بۆ لەئەوروپادا ئەوانەی سیاسەت ئەکەن بەقەد چارەگێکی گۆرانیبێژ یا یاری چیەکی ئەورەپی ژیانیان خۆش نی یە یا سەرمایەیان نی یە !! کەچی لای خۆمان بۆ ئەوەی ببیە بازرگانێکی ترانزێتی نێو دەوڵەتی ئەبێ سیاسەت بکەی بۆیە باشترایە پێش باران کەپەنگ بەخۆدابدەین و دەبوایە کادیرەکانمان چۆن چاوو پێشڕەوی حیزبن ئەوان پێش خەڵك ئازارەکانیان دەست نیشان بکردبایەو پێشەنگ بان لەڕەخنەو پێشنیارو داواکانی خەڵکدا بۆ حیزبەکەیان بۆ ئەوەی جەماوەرو دەسەڵات وەکو ماسی یان لێ بهاتبایەوە ...

# سەرکێشەی نووسین

منالّ کاتێ لەدایك ئەبێ پەروەردەو شیری ئەبێتەهۆی گەورەبوونی و دوواتر ڕێچکەی ڕەوزەو قوتابخانە ئەگرێ و نەوەیەکی نوێ و داهێنەری لێ دروست ئەبێ و مرۆڤ پێش هەموو شتێك ئەبێ خۆی بناسێ و دووایش دەوروبەری و ئەمجار دنیاو ڕێبازو ڕێچکەو ئایدۆلۆژیاکان و ڕۆشنبیری یەکی گشتی هەبێ ، لەسەر دیاریدەکان و هەموو ئەمانەش بەماندوبوون و خوێندنەوەو لێکدانەوەو پرسیارو ڕەخنەو وەلاّم بەرجەستە ئەبن و زۆرن ئەوانەی ڕۆشنبیرن ، بەلاّم بەداخەوە لەبازنەی تەسکی حیزبایەتی دا ئەخولێنەوەو ناتوانن ڕاشکاوانە بدوێن بەلّکو لەپێناوی بەرژەوەندی یە تایبەتی یەکانیان و لەناو ناخی خۆیاندا خول ئەخۆنەوەو چاو لەزۆر ڕاستی و تالّی ئەپۆشن لەپێناوی ڕازی کردنی دلّی بەرامبەریان بەمەش سەرەتاییەکی مرۆڤ و کۆمەلّگایەکی مردوو لەدایك ئەبێ ، بەلاّم لەهەمان کاتیشدا کارو کاردانەوەی پێچەوانەو ڕەوا ڕووبەڕووی ئەم مشەخۆرو هەلّپەرستانە ئەبێتەوە کەپێشمەرگانەو بێ بەرامبەرو دوور لەپلەو دەسەلاّت بەبیری ڕوناکبیرانە دەنوسێ و دەجەنگێ و لەئاست هەموو ڕوداوێکدا هەلّوێست ئەنوێنێ و گوێ ناداتە هەڕەشەو ترس و بەرژەوندی یەکانی و پشت لەخەلّك ناکاو ئازاری میللەتەکەی لەخوێنی دا ئەجولێ و مێژووییەکی گەشی بۆ خۆی و گەلەکەی دروست ئەکا ، چونکە بیرمەندەکان دوورئەبینن و ئەخوێننەوە ، بۆیە هەمیشە دووچاری گرفت ئەبنەوەو زۆر زانایان لەئەوروپاو دنیاو ناوخۆشماندا ڕووبەڕووی مەرگ و زیندان و سوکایەتی بوونەوە ، بەلاّم سەرئەنجام سەرکەوتووە ، ئەمڕۆش بەداخەوە لەکوردستاندا بەهۆی نەبوونی تەقیم و قیاس و لەبیرچوونەوەی ڕابردوو دەسەلاّت هەندێ خەلّکی ماستاوچی و مشەخۆرو گەندەلّچی تیاکۆبۆتەوەو هەر لەزیادبوونیش دایەو بەهۆی شەڕی ناوخۆ زەمینەیەکی لەباری بۆ گەشەکردنی هاتە ئاراوەو تاوەکو ئێستاش دەسەلاّت نەیتوانیوە ئەم بەرگە لەخۆی دابکەنێ و پیابچێتەوە ، چونکە بەرژەوەندی حیزب و دەسەلاّت گەورەترە لەخەلّك و ئەگەر لەم ڕوانگەشەوە سەیری قۆناغی شاخ بکەین سەرەڕای شەڕی ناوخۆ کەهەبوو ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا خەلّکی خراپ لەناو هیچ لایەنێکدا جێگای نەئەبۆوەو بۆیە پێشمەرگە هەمیشە خۆشەویستی ناو خەلّك بوو وەجیاوازی نێوان سەرکردەو پێشمەرگە نەبوو هەمووشیان خەلّکی بەئاگاو هۆشیارو ڕەخنەبوون و هێلّی سوور ووجودی نەبوو ، بەلاّم ئێستا کاتێ لەسەر گەندەلّی ئەنوسی کۆمەلّێك خۆت لێ لالوت ئەکەن و لەم لاشەوە کەئەلّێ سەرکردەو حیزبەکان کاریزمانین و لەخزمەتی خەلّکدا وەکو پێویست نین نیشانەی زەڕب بەدەم و چاوتا ئەهێنن و ئەمجار بۆت نی یە لەسەر بابەتە هەستیارەکان گفتوگۆ بکەی وەکو سەرچاوەکانی ئابوری و پرۆژەتایبەتی یەکان و خزم خزمێنەو ئەوا ئەتخەنە قالبی تێکدەرانەو دەبێ هەمیشە بەوێنەو ڕاگەیاندنەکانیان ئامادەی دروشم و چەپلە بی و گوێ نەدەیەی کەچارەنووسی ئەم گەل و شۆڕشە بەچی ئەگاو ئەبێ چاو لەڕاستی یەکان بپۆشی ئەگینا وەکو گێلە پیاوت لێ بەسەر دێ و فەلسەفەکەشت هەمیشە ئەبێ پیاهەلّدان بێ نەك ڕەخنەو پرسیارو داهێنان بێ بەداخەوە زۆرمان ڕەخنە لەئاکارو کەلتوری بەعسییەکان گرت ، بەلاّم بەشێکی ڕووبەڕووی خۆمان بۆتەوەو کەسیش خۆی بەبەرپرسیار نازانێ بۆ چاککردنی و بەلّکو ووشەی گەش بینی وەکو قاوانێکی سواو هەمیشە بەکاردێ بەبێ ئەوەی ئەمە لەئەرزی واقیع دا بوونی هەبێ و ئەمجار هەرشتێك بلێ کەلەگەلّ بەرژەوەندی یەکانیان نەهاتەوە ئەلّێن ئەمە خەونە ئایا هەر لەئەنجامی کار بۆکردندا نەبووە خەون بۆتە واقیعی و وەهەر بەرنامەیەك ئیشی بۆ نەکەی دەبێتە خەون و خەیالّ پلاّوی بۆیە لای من نووسینی ڕاست و ڕەواو ڕەخنەگر ئەوەیە کەدەسەلاّت بلەرزێنێ و بیناشی بکاتەوە وەهیچ سەرکردەو دەسەلاّتێك نابێ هێلّی سوورو لەسەروی ڕەخنەوە بێت ، چونکە کە ڕەخنە نەما دلّی لەلێدان ئەکەوێ و پێویستە گیانێکی زیندوو بەبەردەسەلاّت دا بکەینەوە نەك وەك داری کلۆر وابێت بەلّکو دەبێت ڕەگەکانی بەزەویدا ڕۆبچێ هیچ ڕەشەبایەك لەبنی نەهێنێ و بۆیە باشتر وایە کاری ئەمڕۆ نەخەینە سبەینێ لەداهاتووشدا پەشیمانی دادمان نادات ... چونکە لینین ووتەنی (( هیچ جولاّنەوەیەکی شۆڕشگێڕی بێ تیۆرێکی شۆڕشگێڕی نابێ )) .

# ئایدزو ..

# مرۆڤ

یەکیك لەو نەخۆشیە کوشندانەی کەئەمڕۆ دنیا پێوەی ئەنالێنی نەخۆشی ئایدزە کەکۆمەڵگاو مرۆڤایەتی تووشی ئیفلیجی و لەناوبردن کردوە کەبەنەخۆشی ( H.I.V) ناسراوەو لەدنیادا دەیان تاقیگەی تەندروستی بۆ دانراوەو هەموو هاولاتیەکی ئەوروپی هەربە٣مانگ یان٦مانگ جارێك سەردانی ئەم تاقیگە تەندروستی یانە ئەکا بەمەبەستی پشکنین و دڵنیا بوون لەم نەخۆشیەو وەهەرکەسێك هەڵگری ئەم ڤایرۆسەببێ ئەوالەشوێنکی تا یبەت دائەنرێو کۆرسی چارەسەر بۆ ئەبڕنەوەوناهێڵن تێکەل بەخەڵك بکرێن و لەهەمان کاتیشدا ئاگاداریو وشیاریو پەروەردەکردن بەخەڵك رائەگەێنن بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیەو تەنانەت ئەوانەی دەبنە گێڵ فرێندو بۆی فرێندی یەکتری هەردوولا فحصی خۆیان ئەکەن ئەمجار کاری سێکسی لەگەڵ یەکتری ئەکەن وجگە لەمەش هاولاتیان لە دەرەوە هەموویان کۆندۆم بەکارئەهێنن بۆ خۆپاراستن لەهەرنەخۆشیەکی جنسی و سێکسی کەبەرگری دەکاو بۆیەکەمجاریش ئەم نەخۆشیە ساڵی ١٩٨١ دۆزرایەوەو نزیکەی ١٤ ملیۆن کەس بەم نەخۆشیە مردون و زیاتر لە ٤٠ چل ملیۆن هەڵگری ئەم نەخۆشیەن لەئاستی دنیادا وە لەئەمریکاو ا فریقا و فەرنساو ...هتد زۆرە هۆی سەرهەلدانی ئەم نەخۆشیەش ئەگێرنەوە بۆ مەیمون وشەمپازی کەمرۆڤ ئەم ڤایرۆسەی لەئاژەلان وەرگرتوە یا بەهۆی کاری سێکسی یاخواردنی گۆشتەکەیان یاخود بەکارنەهێنانی هیچ بەرگریەك و معلوماتی ڕۆشنبیری سێکسی لەم بارەوە بەشێوازێکی تەندروستی ڕەچاویان نەکردوە.

چۆنیەتی گواستنەوەی ڤا یرۆسەکە:

١- لەڕێگای کاری سێکسی یەوە ئەبێت وەکو جووت بوون یانێربازی کەلایەکیان ئەم ڤایرۆسەی هەبێ و کاری نێربازی لە ئەمریکادا بلاوەو لە ئەفریقاو ولاتانی تریش بە هۆی کاری جنسی نێرومێ وە یە یاخود بە هۆی ئەو ئافرەتە لەش فرۆشانەوە ئەبێ کەلەسەرجادەو باخچەکان بەدەیان کەس لەگەڵیان جووت ئەبێ.

٢- بەهۆی مادەبێهۆشکەرەکان بەتایبەتی بەکارهێنانی دەرزی تلیاك و وەدەریشکەوتوە ئەم دەرزی یە بەرێژەیەکی زۆر هەڵگری ئەم نەخۆشییە.

٣- بەکارهێنانی خوێنی یەکیکی تر کەپێشترلەتاقیگەدا پشکنینی بۆ نەکرابێ بۆئەوەی دلنیابی لەوەی کەخوینێکی پاکەو دوورەلە نەخۆشیەکان یان کاتیك یەکیك گورچیلەکەی ئەگۆڕێ ئەبێ پشکنینی بۆ بکرێ لەترسی نەخۆشی .

٤- لەدایکەوە بۆکۆرپەلە لەکاتی منالبون وشیر پیدان یاخود ماچی ناودەم یان ئەگەر شوێنیکی خوێنی لێ بێ و بەرت بکەوێ یان لەکاتی جنس دا کەهەردولایان ئارەقەی لەشیان تێکەڵ بەیەکتری ببێو یاخود بەکار نەهێنانی کۆندۆم یابەکارهێنانی پۆشاك و خواردەمەنی وکەل وپەلی نەخۆشەکە.

نیشانەکانی :

زۆر لەوانەی توشی ئەم نەخۆشیەئەبن هیچیان پێوە دیارنی یەو هەشیانە کەمتربەرگەی هەموو جۆرە نەخۆشیەکان ئەگرن و وەئەمانەی تووشی ئەمە دەبن ١-٣ ساڵ زیات ناژین و ئەبێتەرمەکانیشیان بسوتێنرێو وەئەوەی شایانی باسە نەتەوەیەکگرتوەکان ڕایان گەیاندوە کە ئایدز لە ئاستی دنیادا لەبەرز بوونەوەدایەو وەریکخراوی تەندروستی جیهانی ( W.H.O) بەهاوکاری لەگەڵ UN دەڵێن بەرێژەی ٥٠ ٪ بەرزبۆتەوەو وەرێژەی ساڵی ٢٠٠٦ یان بەم جۆرە خەملاند .

| ئەو کەسانەی بەڤایرۆسی ئایدز ئەژین | ئەوانەی لە ٢٠٠٦ تووش بوون | مردن بەئایدز لە ٢٠٠٦ |
|---|---|---|
| ئەوروپای خۆرهەلاّتی ئاسیا ١,٧ ملیۆن | ٢٧٠٠٠٠ هەزار | ٨٤٠٠٠ |
| ئەوروپای خۆرهەلاّت و خۆرئاوا ٧٤٠٠٠٠ | ٢٢٠٠٠ | ١٢٠٠٠ |
| وولاّتانی کاریبی ٢٥٠٠٠٠ | ٢٧٠٠٠ | ١٩٠٠٠ |
| ئەمەریکای باکور ١,٤ ملیۆن | ٤٣٠٠٠ | ١٨٠٠٠ |
| ئاسیا ٨,٥ ملیۆن | ٩٦٠٠٠٠ | ٦٣٣٠٠٠ |
| ئۆقیانوسیا ٨١٠٠٠ | ٧٠٠٠ | ٤٠٠٠ |
| خۆرهەلاتی ناوەراست و باکوری ئەفریقیا | ٦٨٠٠٠ | ٢٦٠٠٠ |
| ٤٦٠٠٠٠ | ٢,٨ ملیۆن | ٢,١ ملیۆن |
| بیابانەکانی خواروی ئەفریقا ٢٤,٧ ملیۆن | ١٤٠٠٠٠ | ٦٥٠٠٠ |
| ئەمەریکای لاتین ١,٧ ملیۆن | | |

خۆئەگەر لەم روانگەشەوە بڕوانینە کوردستان ئەبینن کۆچبەرێکی زۆری کورد لەدەرەوەیەو تێکەڵ بەژیان و کەلتوری ئەورپا بوەو لەهەمان کاتیشدا سنورەکانی کوردستان ئاوەڵان بەڕووی ناردنی هەمووجۆرە نەخۆشیەکداو لەهەمان کاتیشدا خەڵکی کوردستان لە ڕووی ڕۆشنبیری جنسیەوە بەچاك و خراپیەوە زۆر هەژارن و تەنانەت ڕوویان نایەلای دکتۆریش دەردەکەی خۆیان باس بکەن بۆیە پێویستە لەخاڵە سنورییەکان و ناوخۆدا ڕێنمایی تەندروستی هەبن لەوبارەوە بەدووریش نازانرێ ئەم نەخۆشی یە لەلایەن تیرۆرستانەوە بنێردرێتە کوردستان لەڕێگای ئافرەتانی سۆزانی دارەوە بۆیە گەنجەکان ئەبێ لانی کەم کۆندۆم و ئامۆژگاری یە پزیشکی یەکان لەبەرچاو بگرن لەحاڵەتی جووت بوون دا دەنا دووای پەشیمانی دادتان نادات .

## پارتیزانی ..

## مه رگ و ژیانەوە بوو

ساڵی ١٩٨٨ ساڵێکی پڕ کارەسات و تراژید یا بوو لەمێژووی یەکێتی و گەلی کورداو بە ساڵی جینۆسایدو ئەنفال و کیمیا ی ناوچەئازادکراوەکان وهەڵەبجەو سوتانی خاکی کوردستان ناسرابوو ، بەعسیش سەرگەرمی وەستانی شەڕبوو لەگەڵ ئێرانداو هەموو هێزەکانی خۆی لە جنوب کێشایەوەو شەڕی گەورەو نابەرامبەری لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا کردو چەکی قەدەغەکراوی وەکو فسفۆرو کیمیا و بۆمبی هێشووی بەکارهێنا . لەم لاشەوە ڕووبەڕووی بەرگری و بەرخودانی نابەرامبەری پێشمەرگە دەبۆوە کە بەفرو باران سەنگەرەکانی داپۆشیبوو ، لە ئاسمانیشەوە تۆپ و فڕۆکەو لە زەویشەوە هێزی پیادەو تانك و زرێ پۆشەکانی دوژمن شەلم کوێرم دەستیان نەدەپاراست . پێشمەرگەش بەخوێنیان بەفری سەر تاشەبەردوسەنگەرو چیاکانیان سوور کردبوو ، ئەم بەرگری و کیمیا بارانەش لە ئاستی میدیای نێودەوڵەتیدا دەنگی دایەوەو بەعسی لەکۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا شەرمەزارو ڕسوا کردو دوا ی بەرگرییەکی کەم وێنە دوژمن ناوچەکانی داگیر کردو هەمووشی سوتاندو روخاند و بەمە شەوە نەوەستاو کانیەکانیی تەقاندەوەو مەڕو مالات وماڵەکانیشیان بە ئەنفال برا ، خە لکی لادێکانیش ئاوارەو کۆڵ بەکۆڵ بەپشتی گوێ درێژەوە بەرەو ئێران ڕێچکەیان بەست بوو بەچاوی پڕ فرمێسك و گریانەوە بەلام دڵ ودەرونیان پڕ لە هیواو ئاوات و هەڵسان و گەڕانەوە بوو ، وەبەناچاری و نەبونی و برسیەتی و ئاوارەی لە ئێران نیشتەجێ بوون و هێزی پێشمەرگەش لەسنورەکانی ئێران و کوردستاندا گیرسانەوەو لەوێشەوە پردی پەیوەندی نێوان خەڵك و شۆڕش کرایەوەو خاسیەتی هەمیشەی یەکێتیش کەلە نسکۆدا لەدایك بوە سەرکەوتن و گلانی بەلاوە ئاسای بوەو بۆیە توانی زوو خۆی ڕیك بخاتەوەو نەخشەو بەرنامەیەکی نوێ بۆ بەرگری و گەڕانەوە بۆ ناوچەکان دابنێ ، وەلەم کاتەشدا تاکە ئومێد بەرەی کوردستانی بوو کە لەشاخ لە هەموو لایەنەکان دروست بوو کە بوە هۆی کۆکردنەوەی بیرو بازووی گشتیان و لەهەمان کاتیشدا بەرە خاوەنی بلاوکراوەیەکی خۆی بوو کەلاپەڕەیەکی تەرخان کردبوو بۆ سەکۆی ئازادو بۆچونی جیاواز کە لەسەر هۆکارو ئەنجامەکانی شکستەکەیان دەکۆڵیەوە . وەهەر لایەو خەریکی خۆ ڕێکخستنەوەو ئامادە کردن بوو ، یەکێتیش لەم بوارەدا پشکی شێرو سەرەکی بەرکەوت و توانی هێزەکانی کۆبکاتەوەو لە کلێشەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بەکاریان بهێنێ و بیان کاتە سێ بەش : یەکەمیان هێزی پارتیزان دووەمیان هێزی سەرسنوور کە لەبارەگاکانیان نیشتەجێ بوون سێ یەمیان هێزی ناو ئێران کە زیاتر خێزان دار بوون لە ناو ئۆردوگاکاندا ، وە یەکێتی لەهەمان کاتیشدا مەشقی سەربازی بۆ هێزەکانی کردبۆوە لە هەموو ڕویەکەوە جگە لە پەروەردەو فێرکردن و کۆڕو سمیناروزانیاری کەلەلایەن سەرکردایەتیەوە دەکرایەوەو کە بە هێزی پێشمەرگەیان دەوت : چیاکان و ئێوە بە جێ ناهێڵین ودەبێ هەر یەکەمان لەلوتکەیەکدا بمرین و بژین وجیاوازیش لە نێوانماندا نابێ ئەمەش دەبوە وزەوخۆراك ورە بۆهەموان.. پێشمەرگە پارتیزانەکانیش کەژمارەیان لە سێ سەد کەس زیاتر نەبوو وەکو دەستەی بچوك بەکۆڵەپشتەکانیانەوە کەنانە وشکەو شەربەت ومعلەباتیان وەکو تێشولە کۆڵەکانیاندا هەلگرتبو بۆ ڕێگاکە دەبوایە لە پانزە تا بیست کیلۆخواردن کەمتر هەڵنەگرن جگە لە تاقم وتفەنگ و مەتارەی ئاوو ڕادیۆو گوللە ئاربیجی بۆیە بە شێوەیەکی کپ و چالاك و شارەزا دەگەڕانەوە بۆ سنوورەکانی گەرمیان و کوێستان لادێ رووخاو ڕەزو باخە سوتاوەکان کەشوێنی ژوان و لانەو چالاکیان بوو کە گەرماو سەرماو ماندووبون و برسیەتیان نەدەزانی و دوور لەسۆزو هەستی خۆشەویستی کەسوکاریان دا شەو ڕۆژیان بە مەرگ دەکردەو بەلام بەبیروباوەڕێکی شۆڕشگێرانەی ( کەم ژیان و کەڵ ژیان و نەسرەوتن تا سەرکەوتن ) یان کردبوە دروشم و ئامانج شەهید بونیشیان پێ زانکۆو دکتۆرابوو لە وێ ڕۆژێدا . کاری پارتیزانەکانیش بریتی بوو لە وشیار کردنەوەو چونە ناو خەلك و شەڕی پارتیزانی و بلاوکردنەوەی بەیاننامەو ڕێکخستنەوەی ڕێکخستنەکانی ناوشارو پردی نێوان خەلك و شۆڕش بوو، وە بە دوژمنیان دەگووت : کە پێشمەرگە لە هیچ شوێنێك نی یەو لە هەموو شوێنێك ئامادەیە .. ئەمەش بەعسی خستبوە ترس و دڵە ڕاوکێ و بۆیە هەمیشە خەریکی کێومالٚ کردنی چیاو دەشت و دۆڵەکان بوو بەدوای پێشمەرگەدا بەبێ ئەوەی پەی بەشوێنیان بەرێ و بیان دۆزێتەوە بۆیە خەونەکانیان ببوە بلقی سەر ئاو ، بەلام پێشمەرگە وەکو سێبەری خۆیان هەمیشە بەدواوەیان بوون و بە شەو ڕێگایان دەبڕی و بە

ڕۆژیش چاوەدێری دوژمنیان دەکرد لە مەتەرێزی بەرگری و پەلاماردابوون چەندین چالاکی مەرگ و ژیانیان تۆمار دەکرد و هەر پارتیزانە بۆ خۆی مێژووییەك بوو لەکارەسات و تراژیدیایەك دەیوت : ماندوبون و کۆڵە پشتەکەم شەکەتی کردبوم خەویش فشاری بۆم هێنابوو بەلام دەبوایە هەر بڕۆم کەچی بەڕۆیشتنەوە خەوم لێ کەوتبو برا دەرەکانم لە کەوتنم بە ئاگایان دەهێنامەوە .. پارتیزانێکی تریش دەیوت : تینوێتی زمانی شکاندین و نەمان تواتی ڕێ بەدی بکەین لە ناچاریدا میزی سوێرو تاڵ و گەرمی خۆمان خواردەوە و زۆر جاریش لە بەر سەرماو سۆڵەو بەفرو باراندا شوێنی وشکمان ددانەکانمان بوو بۆیە میز بەلەشماندا ئەهاتە خوارەو بۆ چەند چرکەیەك گەرم دەبوینەوە .. پارتیزانێکی تریش گوتی: برسیەتی هێزی لە بەر بڕیبوین و گوێچکە نانیشمان پێ نەمابوو تووشی مانگایەکی مردوو هاتین و لەبرسان برژاندمان و خواردمان و بۆن و پیسیمان لە بیر چوبۆوەو تەنها فیلم وکتێبی مردوو خۆرەکانی سۆڤیەتمان بەبیر دەهاتەوە بۆیە زۆر بەخۆشی دەمان خوارد .. لەم لاشەوە کۆمەڵە شەهیدێکی پارتیزانی بێ ناسنامەو ناو نیشان کە لە ئە شکەوتێکدا شەو رۆژیان لێ دەکردەوە لە دوایدا بەسەریاندا ئەتەپێ و دەروخێ و ئەشکەوت بۆ دواجار دەبێتە ماڵ و قەبریان لە راپەریندا تەنها ئێسك و پروسکیان لەگەڵ رۆژمێری باخەڵیان دەدۆزرێتەوە کە بەکورتی ڕۆژانەی سەختی پارتیزانیان تیا نوسرابوو: ژیانمان هەموو چرکەیەك مەرگ وبرسیەتی و هیلاکی یە و دوژمن هەمیشە بەدوامانەوەیەو بۆیە هەمیشە لە جێگۆڕکێ داین و چاوەڕێ ی مردنێکی سەربەرزانە دەکەین بەلا م هیوامان زۆرە کە دوژمن خاکیشمان داگیر بکا ناتوانێ دڵ و دەرونی میللەتەکەمان داگیربکا بۆیە دوورو نزیك سەرکەوتنمان مسۆگەرە.. پارتیزانێکی شۆرشگێری  پیس وچڵکنی بۆروپاتە لە پێ ی بێ پول و پارە بەلام خاوەن بڕوا بەئاخ و هەناسەوە وتی : فلاَن شەهیدمان وێنەو نامەی خۆشەویستەکەی کەچاوەڕوانی گەڕانەوەی بوو بەبەرچاومانەوە سوتاندو ئێمەش لە دڵەوە نیگەران بوین وزانبمان ماڵ ئاوایمان بۆ کۆتای لێ دەکا وبێ دەنگ بوین وتا خۆی هاتە گوتن و تی : برادەران من خەوم بینیوەو ماڵ ئاوایتان لێ دەکەم بەلام ئەم ئەنگوستیلەتان ئامانەت بێ و بیدەنە فلانە کچ کەچی بەداخەوە لە کاتی چونمان بۆ سەرکانیەك بۆ ئاوخواردنەوە کەوتبنە بۆسەو برادەرەکەشمان شەهیدبو لێمان بەجێ ماو لە ویش ناخۆشتر کچەکەش لە ئەنفالەکاندا بێ سەرو شوێن بوو .. لەملاشەوە مەفرەزەیەکی پارتیزانی تر دەکەونە شەڕێکی نابەرامبەرەوەو بۆ ئەوەی نەکەونە دەستی دوژمنەوە بڕیاریان دا لەدوا هەناسەو بێ فیشەکیدا خۆیان بکوژن.. پارتبزانێکی ماندوونەناسی تریش وتی: مەڕو مالاتی لادێ کان لەدوای ئەنفال ئە مانیش لەترسی فڕۆکەو بۆمب هەموویان کێوی ببون و لەخشەی ماریش دەڕەوینەوەو زۆریشیان بەهۆی هێرشی دوژمنەوە بۆ گەنیان کردبوو لە ناوچەکەدا بۆیە دوژمن بەزەیی نەك بەگیانەوەراندا نەئەهاتەوە بەڵکو منالّی سەر بێشکەشی ئەسوتان کەچی ئێمە لە شەڕی پارتیزانیدا دیلەکانیشمان ئازاد دەکردن دوای ڕونکردنەوەی ڕێبازی شۆڕش .. دەکرێ بڵێین ئەمە دڵۆپێکە لەو دەریایەی کە یەکێتی لەرۆژانی سەخت و ئەنگوستەچاودابەگیانێکی دوور لە خۆپەرستی وچاوبڕینە سەروەت وسامان کاری کردوەو رۆژانی خەبات وتێکۆشانی شاخ وشەهیدان ومیللەت ئەم ئازادییەیان بەدەست هێناوە وەپاراستن و بەرەو پێشوەبردنی ئەرکی هەموو لایەکمانە ئەمەش بەمە دێتە دی کەهە میشە ڕەخنەو ڕەخنە لە خۆگرتنمان هەبێ لەگەڵ زمانی دایەلۆك و لێك تێ گەیشتن و یاسای نەفی کردنی یەکتری وەلاوە بنێن  و تەقیم و قیاس کار پێکردنمان بێ و شکست و سەرکەوتن نائومێدو لە خۆبای مان نەکاو نوێ بونەوەو  گۆڕان و گەشەکردن بە کردار ئامانجمان بێ و ڕای جیاوازیش ببێتە دروست کردنی ڕای گشتی بۆ بەرژەوەندی هەموو  ولاّ ت ولایەك . ...

# شۆڕشی ڕۆشنبیری ...

دیارە کاتێك شۆڕش لەدایك ئەبێ کەزەبرو ستەم هەبێ یاخود دەروازەیەك لەبەردەم مرۆڤ دانەبێ بۆ دەربڕینی مافەکانی و ئازادی تاکەکەس و بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ هۆیە خۆی و بابەتی یەکان کامڵ بن و بتوانن لەسەر پێ ی خۆیان وەستابن و لەدنیاش دا شۆڕش بەئامانجی گۆڕینی سستەمی کۆمەڵگایەو بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتنخواز ، گۆڕان دەکاو قوربانی ئەداو لەهەمان کاتیشدا چەند شێوازێکی شۆڕش هەیە وەکو شۆڕشی سۆسیالیزمی و شۆڕشی بورژوازی و شۆڕشی بورژوازی دیموکراسی و شۆڕشی نەتەوەخوازی و شۆڕشی ڕامیاری ، ئابوری ، کۆمەڵایەتی ، هەروەها شۆڕشی ڕۆشنبیری ... هتد ، وەهەندێ جار ئەم شۆڕشانە بەخەباتی خوێناوی یەکلایی بونەوەو هەندێ جاریش بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و ، هاتنە سەر شەقام و لەسەرخۆ کێشەکان یەکلایی بوونەوە هەرچەندە لەسەردەمە کۆنەکاندا باوەڕیان بەوە هەبووە کەبێ هودەیە خۆماندوو کردن ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی زانیاریان و تێکۆشانیان و کەمی هوشیاریان و باوەڕبوون بەئەفسانەو شتی نادیارو هەژاری و نەدارییان لەڕووی کۆمەڵایەتی یەوە ، چونکە ئامانجی هەموو شۆڕشێك لەدنیادا بۆگرتنە دەسەڵاتی سیاسی یە ئەمجار خزمەتکردن و ڕۆشنبیرو فەرهەنگ کردنی کۆمەڵگایە چونکە ئامانجی شۆڕشی ڕۆشنبیری سەرکەوتنی گەل و خۆش گوزەرانیەتی لەگشت ڕووەکانەوە و ئامانجی چالاك کردنی بیروکاری مرۆڤە لەڕووی زانستی و فێرکردن و پەروەردەکردنیان و نەهێشتنی نەخوێندەواری و پەرەدان بەچاپەمەنی و کتێبخانەو مۆزەخانەو شوێنەواری مێژووی و نەهێشتنی چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتی و ڕەگەزی و ئاینی و ژن ... هتد ، کارکردن بۆ یەکسانی و خۆش گوزەرانی و یاساو عەدالەتی کۆمەڵایەتی تێدەکۆشێ کەژێرخانی ئابوری بەهێزبکاو کۆمەڵگایەکی بەرهەم هێنەر بنیات بنێ ، نەك کۆمەڵگایەکی مشەخۆرە ، هەموو ئەمانەش بەووشیاری و چالاکی خەڵك ئەنجام ئەدرێ چونکە شۆڕشی ڕۆشنبلیری بیروڕا نوێ ئەکاتەوەو هەمیشە لەگۆڕان دایەو لەگەڵ پێشکەوتنی دنیای سەردەم ئەڕوا بەڕێوە و داب و نەریتە کۆنەکان هەڵئەتەکێنێ و بەنەخشەو پیلان ئەڕوا بەڕێوە بەشێوەیەکی زانستی لەڕووی نوێ کردنەوەو ڕاگەیاندن و پێگەیاندن و ووشیارکردنەوەو ئەمجار ئامانجی شۆڕشی ڕۆشنبیری ڕێزگرتنە لەبیروڕاکان و مافی تاکە کەسی و پەیڕەوکردنی دیموکڕاسی یە بەشێوەیەکی کردارو کە بۆهەموو کۆمەڵگایە بەگشت چین و توێژەکانیەوە ، چونکە ململانێ یە لەنێوان تازەو کۆن دا هەروەها چاکەو خراپەداو لابردنی کۆت و بەندەکانە لەبەردەم پێشکەوتنی کۆمەڵگادا و چەسپاندنی بەهای بەرزو گۆڕانە بەبەرنامەی تازەوە گرنگی دانیشە بەزمان و نەریت و کەلەپوری وڵاتەکەی خۆتەوە ، لەهەمان کاتیشدا هەر بەهۆی شۆڕشی ڕۆشنبیری یەوە ئەتوانی بەسەر سرووشت و کۆمەڵگادا زاڵ بی و نەوەیەکی نوێ بەرهەم بهێنی و نابێ شۆڕشی ڕۆشنبیری شۆڕشێکی چەواشەو دروشمی بریقەدار بەرز بکاتەوە لەپێناوی پاراستنی دەسەڵاتیدا ... بەڵکو ئەبێ دەسەڵات خزمەتکارو ڕێ پیشاندەری جەماوەر بێ ، وەدەسەڵات و خەڵك دەبێ وەکو یەك بژین و حیزب و حوکمەت و ئاین لەیەکتری جیا بن و کاری خۆیان بکەن ... بەڵام بەداخەوە ئەگەر سەرنجێك لەڕاپەڕین و شۆڕشەکانی کوردستان بدەین تاوەکو ئێستا بەچەپ و ڕاستیەوە وەکو پێویست نەتوانراوە شۆڕشێکی فەرهەنگی و زانستی و ڕۆشنبیری و پەروەردە کردن بهێنە دی سەرەڕای زۆری چاپەمەنی و کتێبخانەو کەناڵەکانیڕاگەیاندن ئەوەندەی کار بۆ بەهێزکردنی حیزب ئەکرێ بۆ پەروەردەی نیشتمانی و هەستی نەتەوایەتی و ووشیاری ناکرێ و هۆیەکەشی ئەگێڕنەوە بۆ دووژمنان و شەڕی ناوخۆ بۆیە باشتر وایە کار بۆ شۆڕش لەناو شۆڕش دا بکرێ بەشێوەیەکی سەردەمی و شۆڕشێکی ڕۆشنبیرانە کەگشت بوارەکانی ژیان بگرێتەوەو پەرلەمان و حوکمەت لەحیزب جیا بکرێنەوەو دەسەڵاتیان پێ بدرێ و حوکمەتێکی شەرعی خەڵك بڕیار دەربێ و ئایین بەپیرۆزی خۆی بمێنێتەوەو تێکەڵ بەسیاسەت نەکرێ و کەناڵ و ڕۆژنامەکان هێڵی سووروسانسۆریان بۆ دانەنرێ و حەرام حەلاڵیان لەدەربڕیندا لێ نەکرێ و سەرکردەو حیزبەکانیشمان لەبت و سەلیب نەچن و ڕێگا بگیرێ لەدکتاتۆری و تاکڕەوی ،وەبۆ سەرکەوتنی شۆڕشی ڕۆشنبیری لەکوردستاندا ئەبێ چاو لەگەلانی دنیا بکەین وەکو پارتی کۆمەنیستی چینی کەلەگەنجەکاندا بەسەرۆکایەتی ( ماوتسی تۆنگ ) سەری هەڵدا لەساڵی ١٩٦٦ هەروەها شۆڕشی کشتوکاڵی کەلەچاخە کۆنەکاندا پەیدا بوو وە کۆمەڵگای گۆڕی ، وەشۆڕشی پیشەسازیش لەئەوروپا بەتایبەت بەریتانیا لەسەدەی ١٨ و هەروەها شۆڕشی تەکنۆلۆژی و زانستی و شۆڕشی گەورەی فەرەنسا و دنیاوە فێربین و کاری بۆ بکەین .

# خا سیەتی سه رکرده بون ..؟

سەرکردە و زانایان و هۆشمەندەکان ..هتد لە بە ر ئەنجامی تاکدا د ێنە بەرهەم و تاکی وشیارو کۆڵنەدەر لە مێژوی ناوخۆو دنیادا دەوری گۆرانکاری بە خۆیەوە بینیوە و هەر تاك بوە توانیویەتی ڕەوڕەوەی مێژوو بە چاك و خراپدا ئاراستە بکاو زۆر لە سەرکردەکان بونە مێژوو وانە بۆ کۆمەڵگای پێشکەوتو چونە خانەی پیرۆزی و لە یاد مانەوە وەکو : سپا رتاکۆسی سەرۆکی کۆیلەکان کە راپەڕی و توانی کۆیلەکان وشیار بکاتەوە بۆ پساندنی زنجیرەکانی دەستیان .. وە مارکس ئەو رابەرەی کە توانی دنیا بگۆ ڕێ و کریکاران لە دژی باوکە سەرمایەدارەکەی هان بداو دوو مناڵی خۆیشی لە برسان مردن و دروشمی یەکسانی و یەکگرتنی کریکارانی دنیای لە دژی سەرمایەدارەکان راگەیاند .. وە جۆرج واشنتۆن کە بەباوك و یەکەم سەرکردە ی رزگاری کەری ئەمریکا ناسراوە بە ئازایەتی و بو ێری بەلام لەبواری رۆشنبیری دا لاوا ز بوو کەچی یەکەم دەستوری بۆگەلی ئەمریکا نوسیەوەو ئامادە نەبوو حوکمێکی مەلیکی بۆ ولاتەکەی داهێنێ هەرچەندە دەست و پەیوەندەکانیان هانیان ئەدا ..وە ماستۆنگی رابەری کریکاران و جوتیاران کاتێ ویستی ریفۆرم بکا شکستی هینا بەلام دوای خۆی سەرکەوتنی بەدەست هیناو خیزانەکەی خۆی لە گەل چوار سەرکردەی ترو سەدان کا د یر تووشی سزاو لێپرسینەوە بوون و چینیش بوە ولاتیکی زلهێزو ئابو ر ی....... وەزۆر سەرکردەش چونە زبڵدانی مێژوو ە و بە دکتاتۆرو فاشی .. هتد ناودەبرێن وەکو هیتللەرو مۆسۆلینی و ...هتد بۆیە پێو یستە سەرکردە ئاوڕ لە دوای خۆی بداتەوەو وە جاخ کوێر نەبێ و گەل و نەوەیەکی نوێ بەرهەم بهێنێ و هەمیشە شەفاف و کراوە بن و مێژووی داهاتویان لە رابردویان جوانتر بکەن بۆ ئەوەی شا ڕێگەیان بزر نەبێ و گەل و دەسەلاتیش ئاوێتەبن و چۆن لەگەل سەرهەلدانی کۆمەلگای مرۆڤایەتی دا سەرکردەلەکۆنەوە تاوەکو ئیستا بوونی هەیەوبەگەلیك قۆناغی جیادا تێ پەریوە وەکو سەردەمی کۆیلایەتی و دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری و سۆسیالیستی و کۆمەنیستی و ئیمپریالیستی هەمیشە بەو کەسە وتراوە سەرکردە کەتوانای گۆران و ئاراستەی هەیە لە سەر خەلك بە هینانەدی ئامانجەکانیان و سەرکردایەتی کردنیش ئەرك و بەرپرسیاریتی یە لە ئاستی گەل و میژوو ئامانجەکانی خەلکدا وبوونی عەدالەتی کۆمەلایەتی و مەبەستی ترو سەرکردە پیویستی بەبەریوەبردن هەیەئەمەش مەفهومیکی سەردەمیەو کەلەقۆناغەکانی پیشوتری جیا دەکاتەوە و دەگەریتەوەبۆ سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم کەکۆمەلیك شیوەوناوەرۆکی کارکردنی لەخۆ گرتوە لە بەریوەبردنی ولاتدا وەکو : نەخشەو پیلانی کورت و دریژو سەردەمی کەلەگەل قۆناغەکاندا بگونجێ و بگۆ ردرێ و هەروەها ریکخستن لەکاروباری ولاتدا بەشیوەی سستەم وتیکەل نەکردنیان لەگەل ئاراستەو سەرپەرشتی کردن وچاوەدیری بەردەوام و لەهەموو گۆرانکارییەکی چاك و خراپدا .. وەسەرکردایەتی کردنیش پیویستی بەسیاسەتیکی شەفاف و راست و دروست هەیە کە ئاراستەو مەبەست و ئامانجەکانی دیاربێ نەك کارو بیرکردنەوەی دکتاتۆرانە بێ پیویستە هەموو هیزو توانای خۆی بخاتە گەرو خاوەنی هاندان و ورەبێ و بەشداری خەلکیش لەم بوارەدا بەپیویست بزانێ و ئەرك وفەرمانەکانیش دابەش بکاو بەدوادا چون و چاوەدیریش بێ و هەست بەئەرکی قورسی سەرشانی خۆی بکا کەبۆ خەلك کار دەکا و خاوەن ئەقلیەتیکی سەردەمی بێ و کەرووبەروی گرفت وبیرو رای جیاواز دەبیتەوەو گوێ لە خوار خۆی بگرێ وئازادی ودیموکراسی بیرو راو مەزهەب و رەگەزی بەلاوە ئاسای بێ و خاوەنی داهینان و پرس و راوێژ بێ و دوور لەکاری توندو تیژی و تاکرەوی و بەئەزمون بێ لەگشت بوارەکانداوخاوەنی رۆشنبیری گشتی بێ لەبواری ناوخۆو دەرەکی و خەباتی گەلاندا و راستیەکان هەلهێنجێ و هەڵەکانیش راست بکاتەوەبچێە بنج و بناوانی رووداوەکان ئەمجار حوکمبداو زمانی دایەلۆك کارپێکردنی بێ و خاوەنی ئیرادەو تواناو ئازایەتی بێ لەکات وشو ێنی خۆیدا وماندوونەناس بێ و وزەو توانای خۆی بەکاربهێنێ و ە سەرکردەیەکی سەردەمی و دبلۆمات بێ کە خاوەنی ستراتیژی کارکردن بێ و وتەکانی راست و دژ بەیەك نەبن و چەند زمانیش بزانێ لیهاتووتر دەبێ وەلەهەمان کاتیشدا دەبێ ئاگاداری سیاسەت و قانونی نێو دەولەتی و خەباتی گەلان و پەیوەندییەکان و بواری ئابوری و میژووی و کلتوری ..رووداوە جیهانی و ناوخۆی یەکان سیاسەتی دەرەکی بێ و زیرەکی و سەرکەوتوی سەرکردە لە بینا کردن و بریارداندا دەرئەکەوێ ئەمەش پیویستی بەکات و راویژی زۆر هەیە نەك هەڵەشە هەڵچو بریار بدا و وەهەمیشە پیویستی بەتیرامان و بەخۆداچونەوەو رەخنەو رەخنە لەخۆگرتن و دەسەلاتەکەی هەیە

وەسەرکردە ی ئازادو دیموکراس ئەوەیە کەدەسەلات و حیزب پاوان نەکاو تەنها خزمەت لەبەرچاوبگرێ و ریگا بۆ هەڤالانی خوار خۆی خۆش بکا بۆئەوەی هەمان پۆستی ئەو جیگیر بکەن وەهەڵسەنگاندنو پیوانە کار پیکردنی بێ گوێ لەخوار خۆی بگرێ و لەناو ئازاری میللەتەکەی دا بژی و نەهێلێ دیوار لەنیوان خەلك و دەسەلاتدا دروست بێ کەدەنگ و رەنگی یەکتری نەبین و جیاوازییان تیا نەکاوبەشیوەی کاغەز بازی کارەکان نەکاو لیرەشدا نمونەیەك لەبوێری و لێهاتوی

میخائیل گۆرباتچۆڤ لەوسالأنەدا کەڕابەری یەکێتی شورەوی بوو ( ١٩٨٥ — ١٩٩١ ) بەشێوەیەکی ووردو سەخت سەرنجی جیهانی بەلای خۆیدا ڕاکێشاو تووانی زۆر بوویرانە پەنجە لەسەر ئازارەکان و نەخۆشی یەکانی کۆمەنیزم دابنێ و حیزب ڕزگار بکات لە تاکرەوی و دۆگماتیزم وە کۆمەڵگاش بەرەو دیموکڕاسی و کرانەوە بەرێ و دەرمانی دەردەکەش دیاری بکات کەخۆی لەنوێ کردنەوەو بینا کردنەوەی کۆمەنیزم لەسەر ئەساسی سۆسیالیزم دابرێژێتەوەو گۆرباتچۆڤ هەوڵی دا لەپێناوی سەرخستنی پرۆسەکەدا شێوازی ئاخاوتنی دەستە جەمعی ڕەچاوبکاو لەبەردەم کامیراکانیش ڕاشکاوانە قسەبکاو شەیدای دایلۆگی کراوەو گفتوگۆ بوو لەگەڵ خەڵکداو بەپێچەوانەی سەرکردەکانی پێش خۆی راستیەکانی ئاشکراکردو نەیشاردنەوە وەکوسەرکردەکانی پێشو وەهەرگیز ڕووی گرژ نەبوو لەدەرخستنی کەم و کورِی یەکان و گوێشی ئەگرت بۆ هەموو ڕازو سکالأیەك و ڕەخنەو پێشنیارەکان ئارام و لەسەر خۆش بوو کەباسی سازشی لەسەر مەسەلەکان ئەکرد لەپێناوی بوژاندنەوەی وولأت و حیزبدا . وەگۆڕباتچۆڤ یەکەم کەس نەبووە کەباسی ڕیفۆرمی لەحیزبی کۆمەنیستی سۆڤیەت دا کردبێ بەڵکو پێشوش باسی لێوە کراوە ، بەلأم سەرکەوتو نەبووە گۆرباتچۆڤ تووانی گۆڕانێکی گەورە بەبیری لینینیانە ناوەرۆکێکی نوێ ی بەسۆسیالیزم بەخشی لەسۆڤیەت دا ئامانجەکانی بپێکێ و جارێکی تر سۆڤیەت بتووانێ لەگلان هەڵستێتەوەو بەڕیفۆرمخوازییەکی کەم هاوتا ناوزەرد بکرێ و لەهەمان کاتیشدا بەرهەڵستیش بکرێ لەلایەن دژەکانی یەوە ، بەلأم سووربوون و تووندی خۆی تووانی ببێتە ئەمری واقع و سۆڤیەتیش لەچەند نەتەوەو کۆماری جیاواز پێك هاتبوو کەنزیکەی ( ٧٠ ) ساڵ درێژەی هەبوو کەبەزەبری ستەم و ئایدۆلۆژیا کۆکرابوونەوە لەناو کۆماردا گۆرباتچۆڤ بەم ڕیفۆرم و نوێ کردنەوەی تووانی یەکێتی لەنێوانیاندا دروست بکات و هەندێکیشیان ئازادو سەربەخۆ بکات و بەلأم لەسەردەمی ستالین و بەدوواوە کار بۆ ڕوسیای گەورە ئەکراو کەکار بۆ ڕابەرایەتی میللەتانی خۆرهەلأت بکا بەشێوەیەکی دکتاتۆرانەو میلیتارستانە ، بەلأم گۆرباتچۆڤ بەپێچەوانە بڕوای بەئازادی و سەربەخۆی و ڕادەربڕین بۆ گەشە کردنی بیری نوێ هەبوو کەپێشتر نەبوو بەلأم بەهۆی ئەم ڕیفۆرمە لەسەرەتادا خەڵکی تووشی قەیران و شۆك هاتن لەڕووی فیکری و ئابوری وەهەتا باری ژیانی خەڵك خراپتر ئەبوو بێزاری لەدژی گۆڕباتچۆڤ توووند تر ئەبوو بەلأم هیچ ڕێگایەکیش نەبوو جگە لەڕیفۆرم بۆ ئەم وولأتە لەسەرەتادا تووشی ڕووبەروبونەوەیەکی سەخت بوو ، بەلأم ئەنجام سەرکەوتوو بوو لەهەمان کاتیشدا گۆڕباتچۆڤ لەوولأتانی ئەوروپای خۆرهەلأت دا وەکو کەسێکی ڕیفۆرم خوازو ئازادی خواز ناسرا بەوەی کەزمانی هەڕەشەو گورەشەی بەکار نەهێنا لەوەی هەموو کەس و گەلێك ئازادە لەو ڕەوتەی ئەیگرێتە بەر هەرچەندە ( پرۆستۆریکا ١٩٨٧ ) کەماوەیەك بوو دەنگی دابۆوە سەرەتا گرنگی یەکی ئەوتۆی نەبوو بەلأم بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەورێکی چالاکی گێڕاو گۆڕانکاریەکی قوڵی لەمێژووی مرۆڤایەتی دا کرد لە ( بەرلینەوە تا ڤلادیڤۆستیك ) بەراورد بکرێت گۆڕباتچۆڤ لە ( گلاسنۆستدا ) زۆر ڕاشکاوانەو شەفاف دوواو ڕاستی و تاڵیەکانی بۆ گەلەکەی خستە ڕوو هەروەها ئیفلیجی ئابوری وولأتەکەی نیشان خەڵك داو ڕەخنەی لەسەرکردەکانی پێش خۆی گرت کەبەساختەو چاو بەستەکی و دۆگماتیزم و گەندەڵ وەسف کردو لەو مینبەرەوە ڕاستیەکانی بەخەڵك نیشان داو سەرکەوتوش بوو لەم ڕووانگەوەو جۆش و خرۆشی دا بەخەڵك و لەماوەیەکی کەم دا ڕۆژنامەو کەناڵ و میدیاکان گۆڕانی گەورەیان لەڕووی ئازادی ڕادەربڕین و چارەسەرکردنی نەخۆشی یەکان بەخۆیەوە دی و تووانیان پەردە لەسەر ڕاستی یەکان لادەن و ئازاد و سەربەخۆ کاربکەن و ڕەخنە بگرن سەردەمەکانی پێشدا بەسەردەمی دکتاتۆری وەسف بکەن هەرچەندە گۆڕباتچۆڤ ڕیفۆرمی بۆیە کرد کەباری حیزب و وولأتەکەی باش بکا ، بەلأم لەهەمان کاتیشدا بیری نەتەوەیی لای خەڵك زاڵ بوو وەهەندێکی تریش ئەیانوت ئەبێ شورەوی لەبنەڕەت دا بگۆڕێ کەئەمە خوواستی گۆڕباتچۆڤ نەبوو وەگۆڕباتچۆڤ هەمیشە ئەو ووتەیەی لینینی دەگووت کەڕێگای گەیشتن بەکۆمەڵگەیەك کەڕەنج و ئازاری تیا نەبێ ڕێگایەکی دووروو درێژو پڕ مەترسی یە ئامانجی گۆڕباتچۆڤ داڕشتن و ڕێکخستنەوەی سیاسەت و ئابوری و کۆمەڵگەیەکەی بوو وەبرەو دانیش بوو بەئازادی و دیموکڕاسی کەپێشتر نەبوو وەڕیفۆرمی لەسەرەوە بۆ خوارەوە کردوو وەڕێگای دا خەڵك ڕاستەوخۆ بەشداری بکا

لەبڕیاردان و سیاسەت دا بەم کارەشی خەڵکی لەتەمەڵی و مشەخۆری دوور خستەوە کردنی بەچینێکی بەرهەم هێن و وە کۆمەنیستیشی کردە سۆسیالیزمێکی بنچینەیی و زانستی کەلەگەڵ هەموو کات و سەردەمەکاندا بگونجێ و بینا بکرێتەوە کە هەموو شتێك لەگۆڕان دایە لەپێناوی خزمەتکردنی کۆمەڵگاو مرۆڤایەتی دا .

## کۆنگره ...

## نابێ هەر لە سە ر ڕابردوو بژی ..

نوێ بوونەوەو داهێنان و بەزاندنی هێڵە سورەکان و نەبونی حیزب و سەرکردە بەدکتاتۆر و کاری هاوبەش و پیکەوە ژیان و رەخنەو بنیاتنان.. لەخاسیەتە هەمیشە زیندوەکانی یەکێتی بوە کەهەمیشە لەئاڵوگۆڕ و گۆران دابوە لەپێشەوەی سەنگەری گەل بوەو هەرئەمەش بۆتە هۆی بەزیندو هێشتنەوەی یەکێتی وە بۆ ئەوەی یەکێتی هەمیشە بەپێشەنگ بمێنێتەوە پێویستی بەئاڵوگۆڕێکی ڕیشەیی هەیە تابتوانی کارەکتەریکی چالاك بێ لەبوارەکاندا ئێمە هەمووومان کۆکین لەسەر ڕابردووی (ی ن ك ) بەگشت باڵەکانیەوە کەدەوری بەرچاویان بینیوەو ئەمرۆی یەکتی یان دروست کردوە ، بەلاّم ئێمە نابێ چیتر لەسەر ڕابردوو بژین ، چونکە کات و شوێن و هەلومەرجە ناوخۆی و دەرەکیەکان گۆڕاون ڕووداوەکانیش زۆر کاریگەرو تیژو خێرا ئەرۆن بەرێوە بۆیە دەتوانین بڵین یەکێتی لەڕابردوو دا مێژوویەکی دیارو بەرچاوی هەبوە ، بەلاّم ئیستا چۆن دەتوانین ئەو ڕابردوە جوانتربکەین ئەمەش بەکارو کاردانەوەی جوان ئەبێ نەك هەر بە دروشم و قسەبێ بۆیە دەبێ کۆنگرە دەست لەسەر ئازارو برینەکان دابنێ و بیان کۆلێنێتەوەو تیماریشیان بکا، بەشاردنەوەی ڕاستیەتاڵەکان یەکێتی بەرەو هەڵدێران و لەناو بردن ئەبەین ئەبێ خۆمان لابدەین لەبیروڕای دۆگۆمانتیزم و دروشمی بریقەداری بێ ناوەرۆك و ستایش و چەپڵەی بێ بەرهەم ، چونکە ئێمە ئەمرۆ لەناوپاتناویەکی جەماوەری دا ئەژین خەڵك بەرلەئێمە هەست بەدیاردە دزێوەکان دەکەن ، بۆیە دەبێ بەرلەوەی ڕەخنەمان لێ بگرن ڕەخنە لەخۆمان بگرین و هەڵەکان ڕاست بکەینەوە ، ئەگەر بە نمونەش تەماشای شۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزن بکەین دەبینین ڕابردوویەکی زۆرباشی هەبوو ، بەلاّم لەدوای نەمانی لینین ڕێچکەی حزب بەرەو نەمانی ئایدۆلۆژیاو تاکرەوی ئەرۆیشت و رۆژبەرۆیش ناوخۆی حزب بەرە گەندەڵی کلۆری ڕۆیشت و تاسەرەنجام خۆشیان نەیان توانی پێش بەرقی خەڵکی بگرن کەبەداخەوە زۆرلە سەروەری شانازیانەی لەڕابردوودا هەیان بوو هەموویان کەوتنە خانەی زبڵدانی مێژووە ، بۆیە پێویستە کۆنگرەی یەکێتی هەنگاوی جدی بنێ بۆئەوگرێ کوێرانەو لەمپەرانەی دروست کراون نەهێڵێ و بەر لەهەموو شتێك کاربۆ ڕێکخستنەوەی ناوماڵی خۆی بکا ، ئەمجار بۆ چوارچێوەی عێراق ، چونکە هەر گەورەی و بونی ناوماڵی یەکێتی بوە کەسکرتێرەکەی گەیاندۆتە پێگەی دەسەلاّتی عێراق بەتێکچونی ناوماڵی خۆمان و لاوازبوونی لەناوخۆدا لەناوەندیش دا هاوکێشەکان دەگۆڕێن و ئەوکاتە ناتوانین ئەو پێگەیە بەدەست بهێنین بۆیە دەبێ یەکێتی کاروبەرنامەی تازەی هەبێ ، چونکە بەشێکی زۆری ڕابەرو سەرکردایەتیەکەی و کادیرە پێشکەوتوەکانی لەخزمەتی عێراقدا بەگشتی کاردەکەن بۆشایی و لەبیرچونەوەیەك لەناوخۆی یەکێتی دا دروست بوە کارەکان تەنها بەرەمزی دەرۆن بەرێوە ، بۆیە پێویستە ماڵی ناوخۆمان بەپلەیەك بەهێز بکەین ، ئەمجار ناوەندی دەسەلاّت و لەسەرووی هەمووشیانەو نەهێشتن و ئاشت کردنەوەی تەکەتولەکان کەلەلوتکەوە سەرچاوەی گرتوە بەرنامەیەکی تۆکمەو ڕاست و دروست بۆباش کردنی یەکێتی دابنێن نەك بە نوسینی چەند مەقالەیەك بازبدەن و هەمووتان باسی گەندەڵی دەکەن و کەسیش خۆبە بەرپرس نازانێ وئیجرائاتیش نیە ، بۆیە تەکەتولەکان پێویستە لەئاستی فکریدا دروست بکرێن نەك پیاو پیاوێنەو سنگ دەرپەڕاندن و خۆنیشاندان ، بۆیە ئەو ئاژاوەو ناکۆکی یەی لێ کەوتەوە کەچارەسەری بنەڕەتی دەوێ ، دەبوایە ئەو وتارانەی لەسەرچاکسازی و ڕیفۆرمخوازی دەنوسران لەکۆدەنگیەکی کۆبونەوەی سەرکردایەتی دا بەرنامە ڕێژی کرابایەو کاریان پێ بکردبا ، نەك هەر دروشمی ڕووت با لەکاتێکدا هەموومان هەست بەئازارەکانی دەکەین ، بەلاّم بەرنامەیەکی یەکگرتومان پێ نییە بۆ چاکبونی هەر تەکەتولە پرۆژەی خۆی بەشای پرۆژەکان دەزانێ و ئەوەی بەرامبەری ڕەت دەکاتەوە ، بۆیە بۆئەمرۆی یەکێتی پێویستیمان بە پرۆژەیەکی گشت گیرو چارەسەرێکی یەکگرتوو هەیە بۆ کارکردن و لێك تێ گەیشتن ، بۆیە پێشنیار دەکەم کەهەموویان بەیەکەوە ئاشت ببنەوەو چارەنوسی هەمووشیان بەندەبەیەکەوە بوون و نەبونیان ... زمانی دایەلۆك و چارەسەرێکی بەبەرنامەو کارپێکردنەوە دابنێن نەك هەر مەرەکەبی سەر کاغەزبێ ،یائەوەتا کەئەم تەکەتولانە سەرکردەکانیان چارەی یەکتریان ناوێ ناتوانن پێکەوە کاربکەن یاوەکو سەردەمی شاخ باڵەکانو فرە مینبەری دروست بکەنەوەو بەرنامەو پەیرەو سەرکردایەتی خۆیان هەبێ لەچوارچێوەی یەکێتی دا کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن و سەرکردایەتیەکی هاوبەش بەپێ

ی ڕێژەو بونیان دروست بکەن ، دەنا مانەوەی کارکردنی ئێستای یەکێتی بەم شێوازە تەنها پێ ی لاواز دەبێ و سەروەریەکان لەدەست ئەدەین و لەداهاتوشدا ناتوانین وەکو پێویست ڕووبەڕوی کێشەکان ببینەوەو دەوری کاریگەرمان هەبێ وپاداشتی شەهیدان و گەلەکەمان بدەینەوە وەنابێ واتەماشای تەکەتولەکان بکەین ئەوەی لەگەڵمان نەبێ دژمانە ئەمە بۆچونێکی تەسك وناراست و مشەخۆرانەیە کەبەداخەوە هەندێ لەکادیرە هەلپەرستەکان لەناوباڵەکاندا بەناوی دڵسۆزیەوە مادی و مەعنەوی وەکو مشەخۆر خواردویانەو تەکەتولەکەشیان پشگیری کردون وەنابێ ئەوانەی ڕەخنەیان هەبوە بەناموٚو دەستکردیان لەقەڵەم بدەن ، بۆیە پێویستە ڕێگەبگیرێ لەم بۆچونەو بەهەمووان یەکێتی جوانتر دروست دەکرێتەوە یائەوەتا بابە هەموو لایەکیان بەرنامەیەکی هاوبەشی چاکسازی و نوێخوازی بۆیەکێتی دابنێن و کاری پێکەوە ژیانی لەسەربکەن ، هەموو کێشەو گرفت و چارەسەرییەکان لەخۆبگرێ و نەك هەر یەکەی لەئاوازێك بخوێنێ بەرنامەکانی یەکتری ڕەت بکەنەوە ، چونکە ئەوکاتە شیرازەی ئیلتزام و ناوەندی دەسەڵات هەر رووکار دەبن تێك دەچێ بۆیە پێشنیار دەکەم .

١ – دیکۆربونی پەیڕەو پرۆگرام و بەرنامە :

پەیڕەو پرۆگرام بەرنامەکاری سەرەکی هەموو ڕێکخراو حیزبێکە و لادانیش لەم بەرنامەو پەیڕەو سزادان و لیپرسینەوەی بەدواوە بوە ، بەلاٚم بەداخەوە پەیڕەو بەرنامە زیاتر لای ئێمە دیکۆر بوە بەپراتیك کاری پێ نەکراوە ، باشتر وایە کۆنگرەی داهاتوو گەڕانەوەو کارکردن بێ بەپەیڕەو پرۆگرام کەلەلوتکەوە بۆ خوارەوە کاری پێ نەکراوە تەقیم و قیاس لەبەرچاو نەگیراوەو نوێنەرایەتیەکان لەدەرەوەی پەیڕەو پرۆگرامدابوون لەهەمان کاتیشدا شتێکی سەردەمی نی یەو تەنها مووچەو شوێن دەگرێ بۆیە دەکرێ نوێنەر بەشێوەی کاتی بۆ کۆبونەوەیەك یاسەفەرێك هەبێ ، بەلاٚم نوێنەر بۆ هەمیشەی کارێکی ناچوست و چالاکە بێ باوەری دروست دەکا لەدام و دەزگا حیزب و حکومیەکان حیزب و سەرکردە لەیەکتری دائەبڕێ بێ متمانەی دروست دەکا ، وەکادیری ڕۆشنبیرو چالاك خاوەن ئایدلۆژیا لەکۆمیتەو مەڵبەندەکان زۆرکەمتر دەبینرێ کاری سیاسی وئیداری و عەسکەری تێکەڵ بوە ، زۆر لەمەڵبەندو کۆمیتەکان لەئاستی چۆنایەتی و کارکردن دانین تەنها ڕۆژبەرێ دەکەن و هەشیانە ناتوانێ کۆڕێك سمینارێك تەنانەت ووتارێکیش بنوسێ کەچی دەبێ لەسەر دەستی ئەو ڕاستیەکان وەرگیرێ ، بۆیە پێویستە کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو بێ کارەکان بگەڕێنرێتەوە بۆسەر شارێگەکانی خۆیان هەرکادیرە بەپێ ی تواناو لێهاتووی خۆی لەشوێنی گونجاوشیاوی خۆیان بەکاربهێنن و وەبۆ ئەوەی یەکێتی هەمیشە بەزیندووی بمێنێتەوە ، وەکو حیزبیکی سۆسیالیست و دیموکرات کار بۆئەوە بکەن کەدەورانی ڕابەرایەتی کردنی یەکێتی وەکو دنیا تەنها کاندیدکراو بۆی هەبێ دووجار بۆماوەی هەشت ساڵ خۆی هەڵبژێری" ئەمەش خۆی لەخۆی دا ئەبێتە نیشانەو ململانێ ی ڕەواو پێشکەوتوو وەحیزب دورئەبێ لەتاك رەوی و بنەماڵەی و خزمایەتی وەلەهەمان کاتیشدا کار بۆ دەستورێکی یەکگرتوو گونجاو شیاو بکری" بۆ گەلی کورد .

٢ – جیاکردنەوەی حیزب و حکومەت :

کارێکی شارستانیانەو مۆدێرنە کەئێمە بتوانین کادیرەکانی حیزب و حکومەت لە بواری کارکردندا لە یەکتری جیابکەینەوە و بەرپرسەکان تەنها یەك کاریان هەبێ ئەو کاتە حیزب و حکومەت زیاتر گەشەدەکەن و مەجالی ئیشکردنی کادیران زیاتر ئەبێ ، کەچی بەداخەوە لەناو ئێمەدا هەر لەلوتکەوە تاوەکو خوارەوە هەرکەسەو چەندین کاری پێ سپێراوە ئەمەش تەنها بۆتە هۆی ئیفلیج بونی دەسەڵات و حیزب کەئەم شێوازە کارکردنە لەسەردەمی شاخیش دا وجودی نەبوە ، وەنەلەدنیا پێشکەوتن خوازیشدا نیە ، بۆجیاکردنەوەی حیزب و حکومەت لەیەکتری ڕێگە بۆسەدان کادیری تر دەڕەخسێنێ کەبێنە پێشەوە کاروبارەکانی حکومەت و حیزبیش باشتر ئەڕۆن بەڕێوە بۆیە پێویستە بەرپرسەکان لەحیزب و حکومەتدا تەنها یەك کاری پێ بسپێری بۆئەوەی کارەکان دورلەدەست تێوەردان بڕۆن بەڕێوەو جێگای زۆرینەی کادیرانیش ببێتەوەو لەگەڵ لابردنی دامودەزگا کۆمەڵایەتیەکان گرنگی دان بەدادگاو دادوەران و سەربەخۆ بوونیان . وەرێزگرتنی دین و جیاکردنەوەی لە دەوڵەت مەرجێکی پێویستە بۆ پێشکەوتنی ولات ..

٣ – سیاسەتێکی شەفاف و لابردنی هێڵە سوورەکان :

بەداخەوە لەگشت بوارەکاندا شەفافیەتێکی تەواو کراوەنی یەو بەشی زۆری لەژێر پەردەدا ئەنجام ئەدرێ بەپێچەوانەی دنیای پێشکەوتوە بۆیە پێویستە کرانەوەیەکی تەواو هەبێ لەبواری سیاسەت و ئابوری و بوودجەو دارای و سەروەتو سامانوکاردا ...هتد بۆئەوەی خەڵکیش

ئاگاداری بێ وەمەسەلەی ئازادییەکان زیاتر پەرەی پێ بدرێ هێڵی سوور لەهیچ ڕوویەکەوە نەبێ ، بۆئەوەی بەهاوکاری هەموولایەکمان بینای ولأت جوانتربکەینەوە کەچی بەداخەوە تاوەکو ئێستا ناتوانێ بەئازادی باس لەبوودجەو دارای و داهات و سامان و پرۆژە تایبەتیەکانی بەرپرسان بکەی هێڵی سوورت بۆ دائەنین .

٤ – ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان :

بودجەیەکی زۆر بۆکاری ڕاگەیاندن بەهەموو شێوازەکانیەوە دابین کراوە ، بەلأم لەمەیدانی کارکردندا نەیتوانیوە تینوێتی خەڵك بشکێنێ ، ئایا هۆی ئەوەیە دەسەلأت سانسۆرو هێڵی سوری بۆ داناوە یاهەر خۆیان بێ توانان کەوانیە بۆ ئەم هێڵە سورانە ناشکێنن و کادیرەکانیش ناگۆڕن پێم وایە دەسەلأت بەوە جوان ئەبێ کەڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگابن و دیاریدەکان بە سلبی و ئیجابی ببینن و ئەوکاتە ئەبنە جێ ی متمانەی خەڵك ، چونکە ئێمە ڕاگەیاندێکمان لەڕووی مادی و مەعنەویەوە لەبەردەستە با هەوڵ بدەین پێشبڕکێ لەگەڵ ڕۆژنامە ئەهلیەکان بکەین ، ئەو ڕەخنانەی ئەوان دەیگرن ئێمە خۆمان باسیان بکەین و چارەسەریشیان بۆ بدۆزینەوەو ئەو ساکە وەکو ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنێکی زیندو گەرماو گەرم هەمیشە برەوی دەبێ بەلأم بەسانسۆرو هێڵی سوورو شاردنەوەیان تەنها دابڕان لەنێوان دەسەلأت خەڵکدا دروست دەکات ، ڕۆژنامە ئەهلی و خەڵکانیش لەبۆشایی و ئەم درزەوە دێنە ناوەو وای لێ دێ لەداهاتودا کۆنترۆلت بۆناکرێ ڕاگەیاندنەکەشت دابڕاو نامۆ بەخەڵك دەبێ، بۆیە پێم وایە دەسەلأت خۆی زەمینە خۆشکەری ئەوەیە کەوا ڕەخنەو گازندەو هەتا شتی نارەواشی پێ بگوترێ کەدەرگاکانی ڕاگەیاندنی خۆی والأبکا ئەمانە بەئاسای وون دەبن و ئەتوێنەوە ، وەلەهەمان کاتیشدا ڕاگەیاندنی یەکێتی پێویستی بەم هەموو جۆرە ڕۆژنامەو ڕاگەیاندنە ناوخۆی و دەرەکیەکان نی یە ، هێزلە یەکێتی دایە نەك زۆرو بۆرو بودجەیەکی زۆریش بێ سوود بەفیڕۆ دەچێ بۆیە حەق وایە چاو بەڕاگەیاندن و ڕۆژنامەکان و کەناڵەکاندا بگێرنەوە و یەك دەزگاو سستەمی مەرکەزی هەبێ بۆ ڕاگەیاندن و نەك دەسەلأت و حیزب و هەندێ لەکەسەکان ڕاگەیاندنیان هەبێ کەئەمەش خۆی لەخۆیدا بێ بەرنامەی و بێ سەروبەری دروست دەکا بوودجەیەکی زۆریش لەدەست ئەدا سیاسەتی حیزبەکەش چەواشە دەکا هەریەکەو کار بۆ مەرامەکانی خۆی دەکا ، وەبۆ ئەوەی دیوار لەنێوان دەسەلأت و خەڵکدا دروست نەبێ وەکو ماسی و ئاوی لێ بێ پێویستە کار بۆ شکاندنی سانسۆر و هێڵی سوور بکرێ دەسەلأت و خەڵك ببنە تەواوکەری یەکتری وکراوەتربن بەگشتی .

٥ – خانەنیشن :

سستەمێکە لەهەموو دنیادا هەیە ، بەلأم بەپێ ی یاساو ڕێسا دامەزراو کاردەکا تاوەکو تەمەنی خۆیشی تەواو نەکا ناتوانێ خانەنیشن ببێ مەگەر حاڵەتێکی نائاسای رووبدا ، بەلأم بەداخەوە لەکوردستاندا بەهۆی شەڕی ناوخۆوە مووچەو دامەزراندن لەهەردوولاوە بوە بەرنامەی کاریان بەمەش کۆمەڵگایەکی تەمەڵ و دواکەوتویان بەرهەم هێناو مووچەیەکی زۆریش بەفیڕۆدرا ، بۆیە پێویستە هەردوولایان چاو بەو خانەنشینانەدا بگێڕنەوە ئەوەی بەتەواوەتی شمولی ناکا لێ ی ببڕن ، چونکە بەم بەرنامەیەکۆمەڵگایەکی تەمەڵی بێ بەرهەم ومشەخۆردێتە ئارا ڕۆژبەڕۆژ داهات و سەروەتی نیشتمانی پەکی دەکەوێ لەبەین دەچێ ، لەلایەکی تریشەوە ئەبینین لەدنیادا ئەوەی خۆی خانەنشین کرد دەبێ هیچ کارو وەزیفەیەکی حکومی حیزبی نەکا کەچی بەداخەوە لەولأتی ئێمەدا دەبینین زۆرلە بەرپرسەکان لەئاستی سەرکردایەتی و وەزیرو پەرلەماندا بەناو خانەنشین ، بەلأم لەهەمان کاتیشدا دەزگایەکی گەورەو ئەساس بەڕێوە دەبا ئایا بەمە ولأت پێش دەکەوێ یا کاول دەبێ بۆیە پێویستە بەرنامەو نەخشەیەکی گونجاومان هەبێ بۆ پێشکەتنی ولأت ، لەلایەکی تریشەوە ئەو میزانیەی دادەنرێ بۆ زۆر لەدام و دەزگا حیزبی و حکومیەکان گەلێك زۆرەو پێویستی بەم هەمووە نی یە ، بۆیە پێویستە چاودێرییەکی دارای و بەڕێوەبردن هەبێ بەسەر بەرپرسە بالأدەستەکان و خوارەدا .

٦ – بەخشیش و سزادان :

لەهەموو کاروبارێکی حوکمی و حیزبی دا پێویستە بەخشیش و سزادان هەبێ لەگەڵ کارکردندا بواری هەڵسەنگاندن و پێوانەی لەبەرچاو بگیرێ بەداخەوە هیچیان لەجێگای خۆیدا نەکراوە دەبینین کۆشك و پرۆژەو مۆدیلاتی زۆر لەبەرپرسان پێ نەوتراوە کەئەمانەتان لەکوێ هێناوەوپێویسە خانەو پۆلێن کردن هەبێ بۆهەموو کەسەکانی ناویەکێتی کەرابردوویان تاوەکو ئێستا دیاربێ ئەو نابەرامبەریەش دەبێتە هۆی بێزاری و هەڵچونی خەڵك ، بەلأم کەسزاو لێپرسینەوە هەبێ ڕقی خەڵکیش دەنیشێتەوەو کەسانی تریش ناتوانن کاری نامەشروعی

ناڕەوابکەن ، بەلاّم بەداخەوە لەم ولاّتەدا دلّسۆزو دزەکان وەکو یەکیان لیّ هاتوە ، چونکە هیچ هاندانێك نی یە بۆئەوانەی دلّسۆزن بۆیە ئەمانیش بەرەو خانەی دزەکان دەچن ، بۆیە پێویستە ئەم کۆنگرە کۆنگرەی بەخۆداچونەوەو سزادانیشی بەدواوە بیّ .

٧ – چاکردنی ژیانی خەڵك :

پێویستە پێداویستیە سەرەتاییەکانی گەلەکەمان لەهەنگاوی یەکەمی جیّ بەجیّ کردندابن لەبری کردنەوەی ئەوهەموو پڕۆژەو ڤێلایانە کاری سەرەکیان ئاو و کارەباو بەنزین و غاز سووتەمەنی بێت بۆخەڵك لەبەرئەوەی ئەمانە پێداویستی ڕۆژانەن ، لەهەمان کاتیشدا کاری جدی بکریّ بۆ بوژانەوەی کشتوکالّ و دروست کردنەوەی لادیّ کان و ڕێگاوبان بۆیان پشگیری لەجوتیاران بکریّ بەشێوەیەکی سەردەمی بەرەو پێشەوە ببریّ نەك وەك سۆڤیەتی جاران تەنهاگرینگی بەتەکنۆلۆژی سەربازی بدریّ  و باری ئابوری ولاتیش بکرێتە قوربانی وئەنجامیش ببێتە داڕمانی ئابوری وولات و نەمانی هیواکان و   .

ئومێد دەکەم کۆنگرە هەرکات تیّ پەڕاندن و دیکۆرنەبیّ بەلای بابەتە هەستیارەکاندا بڕواو لەگلەیی و بێزاری خەڵك لایەنگرانی یەکێتی تیّ بگاو بەم کۆنگرەیەش پشوو تینوێتیان بشکێنیّ و بەهێنانەدی ئاشتی و ئاوەدانی و پێکەوە ژیان و مافەکانی تاك و ئازادی زیاترو نەهێشتنی سانسۆر و هێڵی سوورو نویّ بونەوەیەکی چەندایەتی و چۆنایەتی بێت و شەفافانە تربیّ و لە خزمەتی گشتی دا بیّ.

# کێ بە رپرسە لە گە ندە ڵی

گەندەڵی دیاردەیەکی جیهانی یەو ئامانج لێی هەڵلوشینی سەروەت و سامانی خەڵک و نەبونی خزمەتگوزاری و یاساو دادو عەدالەتی کۆمەڵایەتیەو خزمەت بە چین و توێژێکی تایبەت دەکات کە وەکو مشەخۆر بەسەر کۆمەڵگاوە بژین ، بۆ هەتاهەتای میللەت بچەوسێننەوە . بەڵام لەگەڵ بونی گەندەڵیش دا ڕوبەڕوبونەوەو سەرهەڵدان دروست بووەو لە ململانێ و ناکۆکی دا بوون لە دژی یەکتری . زۆرجاریش بووە ئیرادەی چاککردن لەبەردەم گەندەڵیدا تێک شکاوە بەڵام سەرئەنجام سەرکەوتنی بەدەست هێناوە . (ماوستی تۆنگ ) کاتێ دژی گەندەڵی ڕیفۆرمی بەرپاکرد سەرەتا تێکشکاو خوێندکارانیش لەم ڕاپەڕینەدا خوێنیان ڕژا بەڵام دوای مردنی (ماو) سەرلەنوێ لە دژی گەندەڵی ڕاپەڕینەوە ، چوار لە بەرپرسانی باڵای سەرکردایەتی کە یەکێکیان خێزانی خۆی بوو گیراوو بە هەزاران کادرو فەرمانبەران کە لەپشتی گەندەڵی دابوون زیندانی کران . بەڵام بەداخەوە لە کوردستان هەمومان باسی گەندەڵی دەکەین تەنانەت دەسەڵاتیش باسی گەندەڵی دەکات بەڵام لە مەیدانی پراکتیک دا هیچ هەنگاوێکی بۆ نەناوە ، میللەتیش ڕەخنە لە دەسەڵات دەگرێت بەڵام ئامادە نی یە بە شێوازی گفتوگۆ ڕەخنەو پێشنیارو پرسیارو خۆپیشاندانی هێمنانە بێنە سەر شەقام ، یان کۆڕو کۆبونەوە بۆ چاککردنی ئەم واقعە بکات . بۆیە بەداخەوە دەڵێین چەند دەسەڵاتمان گەندەڵ بووە میللەتیش بێدەنگی و ڕەزامەندی نواندووە ئەمەش خۆی لەخۆی دا گەندەڵی یەو پێویستە خەڵک و دەسەڵات بەیەکەوە کار بۆ چاکسازی بکەن و بە هەموو لایەکمان بپرسینەوە لە بێ سوتەمەنی و بێ یاسای و ئەو نابەرانبەریەی هەیە لە ژیان داو ، سەروەت و سامانێکی زۆر سەرف دەکرێت بەڵام دەسکەوتێکی کەمی بۆ خەڵکەو پڕۆژەی خزمەتگوزاری زۆرو بۆرەو کەسیش لێی ناپرسێتەوە ، حیزبوو حکومەت تێکەڵەو کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو نی یەو وڵاتێکی قەدەرو میزاجیە . بۆ گۆڕانی ئەم وڵاتەش پێویستیمان بە هۆشیاری خەڵکە ، چونکە تا خەڵک سانسۆر نەبێت بەسەر دەسەڵات دا گۆڕان و پێشکەوتن نابێت ، ئەمجار دەبێت دەسەڵاتیش شەفاف و دیموکرات بێت ، چونکە هەر میللەتە سەرچاوەی داینەمۆی ئەم شۆڕشە یە .

## یه کێتی . .

## گرفت و چاره سه ر

یەکێتی لە هەناوی شکست و هەرە سی دوای شۆڕشی ئەیلول لەدایك بوە بۆیە هەمیشە هەڵسان و گلانی بەلاوە ئاسای بوە بۆ هەر قۆناغێکیش خاوەنی نەخشەو بەرنامەو ستراتیژی و تاکتیکی بوە لە ئاستی ناوخۆی و دەرەکی دا هەر ئەمەش وا ی کردوە کە ڕەگەکانی یەکێتی لە شادەماری خوێنی گەلدا هەمیشە لە جوڵەو نوێ بونەوە دابێ..

١- جیابونەوەی شاخ

یەکێتی لە سەردەمی شاخدا سەرەڕای کەمی دارای و پێشمەرگەو سنوورو چەك و خۆراکی و نابەرامبەری لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ دوژمنان بەلام چۆکی دانەداوەو تەسمیلی واقعی تاڵ نەبوە بەڵکو هەمیشە لە ململانێ دابوەو توانیویەتی لە هەموو سەردەمێکدا خۆی نوێ بکاتەوەو گۆڕان لە هەموو بوارەکاندا دروست بکات و ئەگەر بە نمونەش ساڵی ٩٧٩ وەربگرین کاتێ بزوتنەوەی سۆسیالیستی لە یەکێتی جیابۆەو کە لێنێکی گەورەی پێوە دیار بوو لە سەردەمی شاخدا زۆربەی سەرکردایەتی و کادیرە سیاسی و عەسکەرییەکان و پێشمەرگە کان ناو یەکێتی یان بە جێ هێشت . بەلام یەکێتی بەبیرو بازوی شۆڕشگێڕانەو دایەلۆك کردن لە سەر ئەم شکستە توانی زوو چارەسەری بکاو خۆی ڕێك بخاتەوەو جگە لە مەش لە سالانی ٩٨٤ بە دواوە کە ئالای شۆڕش لەناو ڕیزەکانی یەکێتی دا سەری هەڵدا لە شاخ و لەشار ئەمەش بوە هۆی ئەوەی چەندین سەرکردەو کادیرو فەرماندەو پێشمەرگە و ڕێکخستنەکانی ناو شار لە یەکێتی جیابونەوە و درزێکی گەورەش لە ناو ڕیزەکانی یەکێتی دا دروست بوو هەرچەندە لە کۆتایدا توانرا ئەمە ش لە ڕێگای خۆڕێکخستنەوەو رەخنەو رەخنە لە خۆگرتن چارە بکرێ و یەکێتی وەکو جاران تۆکمە بکرێتەوە ، وەلەساڵی ٩٨٨ کە بەساڵی ئەنفال و کیمیای و جینۆ ساید ناسرابوو حوکەتی بەعس لەگەڵ ئێراندا لە کۆتای شەڕ دابوون وەهەموو هێزەکانی کۆکردەوە و بۆ سەر هێزی پێشمەرگە زیاتر لە ٢٠ قۆڵەوە هێرشیان کردە سە ر بارەگاکانی سەرکردایەتی دوای شەڕێکی کەم وێنەو نابەرامبەر توانی سنوورەکە بگرێت و دواتریش پەلاماری مەڵبەندەکانی تری داو گرتنی و پێشمەرگەو خەڵکەکەشی ئاوارە بوون بەرەو سنووری ئێران ئەمەش یەکێك لە شکستە عەسکەرییەکانی یەکێتی و بەرەی کوردستانی بوو ..

٢- بەرەی کوردستانی لە شاخ

کاتێ بەرەی کوردستانی لە شاخ دروست بوو کە ناوچە ئازادکراوەکانمان نەمابون و هەموومان لە سەر سنووردا جێگیربوین و هۆی درەنگ دروست بونی بەرەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شەڕانەی کەلە شاخدا خۆبەخۆ دروست بوو وە هەمووشمان تیا بەرپرسیارین بەلام لەگەڵ دروست بوونی بەرەشدا ساڵی ٩٨٨ جێگای دڵخۆشی بوو ، زیان لە نیوەی بگەڕێتەوە توانرا یەك دەنگی و هەڵوێست نیشان بدەن و لەو کاتەی سەردەمی شاخدا بلاوکراوەیەك بەناوی بەرەی کوردستانی هەبوو لاپەڕەیەکیش وەك سەکۆی ئازاد تەرخان کرابوو لە سەر شکستەکەی ساڵی ٩٨٨ هەریەکەو ڕاو بۆچون و ڕەخنەی خۆی ئازادانە دەنوسی و دەرمانی دەردی شکستەکەیان دیاری دەکردو ڕای گشتی تیا بەرجەستە دەبوو ئەمەش خزمەتی بە گەل و شۆڕش دەکرد ..

٣ – شەڕی ناوخۆ

شەڕی ناوخۆی شاخ و شار گەورەترین زیانی بە گەلی کوردو لایەنەکان گەیاندوە و ئاسەواری ئەم شەڕانەش دەرونیەن لە دڵ ودەروندا وەکو پێویست پاك نەبونەوە جگە لەوەی ڕیزەکانی گەلیش دوو لەت کرد بەلام گرینگ ئەوەیە هەموو لایەکمان پەندی لێ وەربگرین و لێوەیی فێربین بۆ ئەوەی دووبارە نەبێتەوە و بەمەش سەرکەوتن مسۆگەر دەکەین ، کە بەداخەوە شەڕی ناوخۆ زۆر هەلی زێڕینی لە دەست داین بەلام گرینگ هەنگاوی سەرکەوتن بنێن ..

٤ – پەیڕەو پڕۆگرام

بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆ کاری هەموو ریکخراو پارتێکە و هەرچەندە لە سەردەمی شاخدا ئەندامان باشتر لە ئێستا کاریان بە پەیڕەو پرۆگرام دەکردو لێ ی تێ دەگەیشتن و وەکو شعر لەبەریان بوو وەهەرکەسێ پێچەوانە بجولابایەوە بەپێ ی پەیڕەو سزاو پاداشت و سەرنجی بۆ دیاری دەکراو هەر ئەمەش بوە هۆی ئەوەی هەیکەلێکی باش و ڕێکخراوەی خاوەنی د سپلین و فکری دروست بکرێ و هەمیشە لە گەشەو گۆڕان دابێ ، بەلام بەداخەوە لە دوای راپەڕین پەیڕەو پرۆگرام تەنها بوە دروشمێکی بریقەدارو لە بیر کراو کار پێ نەکراو ئەمەش خۆی لە خۆی دا ئیفلیجی و نەخۆشیەکی کوشندەی دروست کرد و لێپرسینەوەشی بەدوادا نەهات و پێشلکاریشی تیاکرا کە دەبوایە بەدوو سال کۆنگرە بکرابایەو کەسیش نوێنەرایەتی نەبوایەو سزاو پاداشت و تەقیم و قیاس بە سەر کەسدا جێ بەجێ نەکراوەو کاری سیاسی و عەسکەری تێ کەڵ بوە بەیەك و خزم و پشت و میزاج دەوری پەیرەەوی بینیوەو رەخنەو پێشنیارو پرسیارو گوێی بۆ نەگیراوەو .. بۆیە دەبێ کاری سەرەکیمان گەڕانەوەو کارپێکردنی بەرنامەو پەیڕەو بێ ..

٥ – سۆسیال دیموکرات

یەکێتی لە سەردەمی شاخ و شاردا هەڵگری بیری سۆسیال دیموکرات بوە هەر ئەمەش بۆتە هۆی کرانەوەو قبوڵ بونی لەناو خەڵكدا بەئامانجی هێنانەدی ئازادی و دیموکراسی و ئاشتی ودادپەروەری ویەکسانی توانی هەنگاوی زۆر باشتر لەو ڕێکخراو پارتانەی پێش خۆی بنێ و خەڵکی لە دەوری خۆی کۆبکاتەوەو بەلام کاتی ئەوە هاتوە لە خۆمان بپرسین چیمان کردوە بۆ سۆسیال دیمو کرات و چی ماوە بەجێی بگەێنین و دەبێ

+ سۆسیال دیموکراتی هەموو دنیا ماوەی سەرۆکایەتی لە پەیڕەودا دیاری کراوەو کە دەتوانێ تەنها دوو دەورە خۆی هەڵبژێرێ ئەمەش بۆ دەستاو دەست کردنی دەسەلاتەو خولانەوە نەبێ لە بازنەی تاکە کەسێکدا ببێتە هۆی بەرهەم هێنانی دکتاتۆر و هەروەها حوکمەت وحیزبیان لەیەکتری جیاوازەو ژنانیش وەکو پیاوان یەکسانن لە ئەرك و ماف دا...هتد هەڵسەنگاندن و پێوانەو سزاو پاداشت ئەرك و ماف و لێپرسینەوە بۆ هەموان وەکو یەکە وشەفا فیەت لەهەموو بوارەکان بەدی دەکرێ و میدیاکانیش بەگشتی لە هەموو ڕوویەکەوە ئاسان کاریان بۆ دەکرێ و دین و دەوڵەتیش لە یەکتری جیاوازە و سانسۆر لە سەر ئازادی و جیاوازییەکان نی یە ... هتد

٦ – ڕاگەیاندن و سا نسۆر

راگەیاندن بڕبڕەی پشت و کارو ژیانی چالاکی هەموو پارت و ڕێکخراوێکە و خۆ ئەگەر تەماشای ڕابردوی ڕاگەیاندنی یەکێتی لە سەردەمی شاخدا بکەین زۆر کاریگەرترو چالاك تربوو لەئێستا و وە لە پێشەوەی هەموو ڕاگەیاندنەکانی تری لایەنەکان بوو وەدەوری بنچینەیشی بینی ، هۆکاری سەرکەوتنیشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبونی سانسۆرو کۆت و بەند و نەبونی هێڵی سوور بۆ ڕاگەیاندن و ئازادانە ڕاو بۆچونی دڵ و دەرونی خۆی ئاراستە دەکرد .. کەچی ڕاگەیاندنی ئێستا بەم هەموو ئیمکاناتە مادی و مەعنەوییەی کەهەیەتی کۆت و دیل و بەند کراوەو لە زۆر ڕووەوە سانسۆرو هێڵی سووری بۆ دانراوەو ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی نەتوانێ ببێتە ئەمری واقع و لەگەڵی دا کاربکاو، تەنها لەکاری بەرگرییەکی شکستدا لە بازنەیەکی داخراودا بخولێتەوەو سووڕی ژایانی لە کۆتایدا بێ ڕۆژنامەی ئەهلی و سەر شەقامەکان پێشی بکەونەوە بۆیە پێویستە : کار بۆ ڕاگەیاندنێکی کپ وچالاك بکەین کە هەوێن و ئاوێنەی ئازارو ڕووداوی میللەتەکەمان بێ ، نەك دابڕاو نامۆ بێ بەخەڵك و ئەمەش بەمە دێتە دی کەهێڵی سوورو کۆت و بەندەکان لابەرین و ئازادی و شەفافیەت رەخنەی داهێنەرانەو چارەسەر پەیڕەو بکەین و دەرگا داخراوەکانی بانکی زانیاری والا بکەین و دروشمی واقعی ڕێ پیشاندەرمان بێ و بۆ گەل بنوسین و دەسەلا ت بەئاگا بهێنینەوە لە هەڵەکان و تۆوی ژیارو شارستانی سەردەمیانە بڕوێنین و گەل و دەسەلات ئاوێتەی یەکتری بکەین و وەکو ماسی و ئاو نەك پاوانخوازی بکەین و تەنها خۆمانی تیا ببینین و جگە لەوەش بونی ئەو هەموو کەناڵ و ڕۆژنامەو ڕادیۆو تەلەفیزیۆنانەی ناوخۆ جگە لە بەفیڕۆ دانی سەروەت و سامانی گشتی نەبێ هیچی تر ناگەێنێ بۆیەپێویستە بیر لە کەناڵێکی مەرکەزی ئاسمانی ڕادیۆو ڕۆژنامە بکرێتەوەو نەك زۆرو بۆر بێ و کەس گوێ یان پێ نەداو ڕۆژنامەکانیش بکرێنە سفرەی نان خواردن لەبری ئەمەدەکرێ چەندکەناڵێکی مەرکەزی بەهێز بێتە پەخشێکی سەردەم بۆ هەموو گەلی کورد بەمەش گەورەترین داهات بۆ یەکێتی دەگەڕێتەوە...

٧ – گەندەڵی

گەندەڵی بۆتە سەر وێردی زمانی خەڵك و ڕۆژنامەكان و تەنانەت ئەوانەی گەندەڵیشن باس لە بوونی ئەم دیاریدە دەكەن بۆ چارە سەری ئەمەش پێویستمان بە سزاو لێپرسینەوە هەیە كەتاوەكو ئێستا كەسمان نەبینی سزای گرتن یا دەركردن یا لێسەندنەوەی سامانە نا شەرعیەكە ی بڕیاری بۆ دەرچوو بێ بەڵكو بەپێچەوانەوە زۆر جار لە پێناوی پلەو پایەكەیدا بەرگریشمان لێكردوە ئەمجاریش دوو جار زیانمان لێكردوە هەر ئەمەش وای كردوە خەڵكی دڵسۆزو پاكیش تێوە گلێنین وەرپێچكەی گەندەڵەكان بگرن چونكە كەس سزا نەدراوەبۆیە پێویستە سزاو پاداشت كاری سەرەكیمان بێ لە ڕۆژانەو وەداهاتومان دا  هەر گەندەڵیش بۆتە هۆی سەرەكی نارەزای خەڵك تاوەكو لێپرسینەوە نەبێ ئەم نارەزاییە پەرە دەستێنێ و هاوكێشەكانمان لە دەست دەرئەچێ و بۆیە هەتا زووە كار بۆ نەهێشنی بكەین چونكە حوكمەت و حیزبی شەلەل كردوەو بەرەو دۆڕانی سەركەوتن و سەروەرییەكانی دەبا بۆیە ڕابردوو دادمان نادا كە لە ئێستامان نەپرسینەوە ..

٨ – زمانی زبر

زمانی زبرو هەڕەشەو ناواقعی بۆتە زمانحاڵی  زۆر لە رۆژنامە ئەهلی و حیزبیەكان ئەمەش خزمەتی هیچ لایەك ناكا جگە لەیەكتری دابڕان و تێ نەگەیشتن بۆیە پێویستە زمانی دایەلۆكی رۆژنامە حیزبی و ئەهلیەكان ببنە تەواوكەری یەكترو نەكەونە نەفی كردنەوە ، بەلكو بەهەردوولایان ڕاستی و كەم و كوڕیەكان ئاوالا بكەن و چارە سەریان بۆ دابنێ نەك ببنە ئاگرو پوش بۆ یەكتری چونكە هەردوو لایان زەرەر مەند دەبن و تۆوی دووبەرەكیش لەناو خەلكدا دەڕوێن و هەردولا بەرپرسیار دەبن ، بۆیە پێویستە كاتێ رەخنەیەك لەسەر ڕووپەڕێك دەنوسرێ بەدواداچونی بۆ بكرێ كەراست بوو سزا بدرێ و ڕۆژنامەكەش خەلات بكرێ نەك خەلك وا فێر بكرێ بڕوای بەرەخنەو داهێنان نەمێنێ و بڵێن كێ دەیخوێنێتەوە یا لێ ی دەپرسێتەوەو بەمەش دەسەلات و كۆمەلگایەكی فاشل بەدەست دەهێنین ..

٩ – میزاجی كاركردن

لە جێ ی پەیڕەو میزاج بۆتە بەدیلی كاركردن و گرینگ نیە تۆ چی ورابردووت چۆن بوەو دلسۆزی و توانات چەندە .. بەلكو گرینگ ئەوەیە لەگەڵ میزاج و بەرژەوەندی بەرامبەرەكەت بێتەوە ئەمجار ئەستێرەی بەختت دەدرەوشێتەوەو بۆیە لەبری ئەمە پێویستە بیر لە سستەم و بەریوەبردن و تواناو لێوەشاوەی بكەینەوەو دووركەوینەوە لە میزاج و كوتلەو خزمێنەو .. هتد هەموو ئەمانەش بەرەخنەو داهێنان و سستەمێكی گشتی دێتە دی كە خاوەنی لێپرسینەوە بێ چونكە بەداخەوە میزاج عەقڵ و تواناو شارەزای كوشتوە و ڕێ بەدی ناكا ..

١٠ – خەڵك

هەرچەندە لەدنیادا میللەت سەرچاوەی سووتەمەنی شۆڕش و داینەمۆی گۆڕان و پێشكەوتنی كۆمەلگاشە و ئەو دەسەلاتەی لە دایك دەبێ هەر لە ناو ئەو خەلكەدا هەلئەقولێ وەهەر خەڵك سەرچاوەی پێشكەوتن و دواكەوتنی كۆمەلگایە ، چونكە ئەگەر كۆمەلگایەكی وشیارو چالاكت هەبێ دەسەلاتێكی رەواو لێهاتووت دەبێ بەلام چەندخەلك دواكەوتو بێ دەسەلاتەكەشی ڕەنگدانەوەی واقعی میللەتەكەی خۆی دەبێ چونكە هەمان كەرە سەی كار پێكردنەو لەهەمان كاتیشداهیچ دەسەلاتێكی سیاسی یان سەركردەی دكتاتۆری لەسكی دایكیدا بەدیاری نەهێناوەتە سەر زەوی  بەلكو ئەو میللەتە سەرچاوەی دروست كردنی دەسەلاتی دیموكراسی و دكتاتۆرییە ، چونكە ئەگەر خەلك سانسۆرو وشیار بێ بەسەر دەسەلاتدا ئەوا دەسەلاتێكی دیموكراسی و دادوەری بەرهەم دێنی بەلام بەپێچەوانەوە بێ كۆمەلگایەكی دواكەوتوو بەرهەم دێنی و لەدنیاو ئەورپادادەسەلات لەخەڵك دەترسێ چونكە خەلك چاوەدێرە بەسەر دەسەلاتدا كەچی لە ولاتی ئێمەدا پێچەوانەیە بۆیە تەماشا دەكەین  خەلكی نارەزای زۆریان لە سەر حوكمەت و حیزب هەیە كەخەلك خۆشی هاوكارە لەم گەندەلیە بەبێ ئەوە هەست بەخۆی بكا چونكە بێ دەنگەو دەسەلات ئاگادارو وشیار ناكاتەوە لە كەم و كورییەكە چونكە دەسەلات و خەلك دەبێ هاوكاری یەكتربن و دەسەلات بەتەنها تاوانبار نی یە بەلكو خەلكیش دەبێ هەمیشە ئامرازێكی چاوەدێربێ لە رووی رەخنەو پێشنیارو كۆڕو سمینارومانگرتنی هێمنانە بۆ سەرنجی دەسەلات بەلای خۆیاندا رابكێشن ورپای بكەنەوە و فەرا مۆش

کردنی هەر لایەکیان هەمومان زەرەر مەند دەبین ، بۆیە پێویستە گەلیش چاودێریکی چالاك بێ بۆ کارە باشەکان ستایش بکاو بۆ کارە دزێوەکانیش رەخنەی بنیاتنەر بگرێ چونگە بەهاوکاری هەروولا دەتوانین دەسەلات و کۆمەلگایەکی تەندروست و پێشکەوتو بهێنینە دی بۆ بەرژەوەندی گشتی ..

١١ — موچەو ژیان

بە حوکمی ئەوەی تەقیم قیاس وەکو پێویست کاری پێ ناکرێ بۆیە دەکرێ بڵێین زۆر لە کادیرەکان بونە کادیری موچەو ژیان و پیشەکەی خۆیان لە بیر چۆتەوەو هەر چەندە مرۆڤ کار بکا پیویستی بە ئەرك و ماف و موچە هەیە ، بەلام کادیرەکان لە پێناوی ژیانیا دا زیاتر فێری چەپڵە ی بێ بەرهەم و نەبونی رەخنەو پێشنیارو داهێنان لەبواری گشتی دا فیربون هەر ئەمەش وای کردوە لەمانگیکداچەندین دەعوەت بخۆن بەلام ناتوانێ کۆڕو سەردانێك بکا لەمەش خراپتر کەس لێ ی ناپرسێتەوە بگرە بەرگریشی لێ دەکرێ بەحوکمی کۆمەلیك سیفاتی خراپ ، بۆیە پیویستە پێداچونەوەیەکی گشتی بکرێ لەم بوارەدا کارو چالاکی لەبەر چاوبگیرێ ونەك هەر جێ پڕ کردنەوە بێ ..

١٢ — هەلبژاردن و بەخۆداچونەوە

رەخنەوە و رەخنە لەخۆگرتن و بەخۆداچونەوە کاری هەموو پارت و رێکخراوێکە لە هەموو سەردەمێکدا ئەو مرۆڤ و لایەنە سەرکەوتوە کەدان ئەنێ بەشکست و هەڵەکاندا و نەخشەو بەرنامەی نوێ ی خۆ راستکردنەوە دائەنێ و نەك کێشەکان بەلەخۆبای و هەڵواسراوی کەڵەکاو چارەسەریان نەکاو لەدوایدا سەرو دەریان تیا نەکا وەئەگەر بەنمونەش باس لە هەلبژاردنەکان بکەین لە ساڵی ٩٩٢ تاوەکو ئێستا دەبینین بالانسی یەکێتی و پارتی لە هەر هەڵبژاردنێکدا دێتە خوارەوە ئەوەی جێگای مەترسیشە لەبەرامبەریدا هیچ بەخۆداچونەوەیەکی واقعی نی یە کۆڕو سمینارو هۆکارەکانی هاتنە خوارەو بەدواداچونی بۆ نەکراوە ئەگەر کرابێش مەیدانی نەبوەو بۆ راستکردنەوەی هەلەکانی بۆیە پێویستمان بە بە خۆداچونەوەیەکی گشتی رەخنە گرانەی واقعی هەیە لە بواری گشتی دا ئەمەش بەمە دێتە دی پینەو پەڕۆ و پەردە پۆشی ڕووداوەکان نەکەین و ئازادانەوەو بێ سانسۆر کاربکەین و دەکرێ بڵێین یەکێك لە هۆکارەکانی شکتی یەکێتی ئەم ڕیکە وتنە ستراتیژییە کەهەیەتی کە جەماوەرەکەی پێ ی وایە تەنازولاتی یەکیتی بەدەرە لەو ڕێکەوتنە ستراتیژییەو کە ناوەڕۆکی نەبینراوەو هۆیەکی سەرەکی تریش سکرتێری گشتی بەڕێزە کە بەهۆی سەرقاڵی بە سەرۆك کۆماری یەوە و ئەمجاریش جێگری ڕێکخراوی سۆسیال دیموکراتی نێو دەوڵەتی وای کردوە نەپرژێتە سەر کێشەو گرفتەکانی یە کێتی و ئەمەش بۆتە هۆی بۆشایی و نەبونی دسپلین و ئیلتزام دروست بێ بۆیە ئێستا لە هەموو کات زیاتر یەکیتی پێویستی بە هەڤال مام جەلالە کەژیانی خۆی تەرخان بکا بۆ مانەوەو گەشەکردنی یەکیتی چونکە بێ هێزبونی یەکیتی لە ناو خۆیدا دەبێتە هۆی ئەوەی لە بەغداش ئەم پۆستانە بەدەست نەهێنین بۆیە پێویستی بە چاو پیا خشاندنەوە هەیە ...

١٣ — کۆنگرەو پلینۆم

بریارە لەکۆتای ئەم مانگەدا پلینۆم ببەسترێ هەرچەندە جیگای سەرنجە ئەوە دووەم پلینۆمە بەبێ کۆنگرە تێ پەر یش دەبێ کە پێچەوانەی پەیڕەوە بەلام هەر بونی باشترە لە نەبونی و دەبێ بشزانین کۆنگرەو پلینۆم کاتێ سەرکەوتوو دەبێ بەر لە چوونە ژوورەوەی کێشەکانی چارە سەر کردبێ لەوێدا تەنها بڕیار لێ دانی مابێ بەلام ئیمە بەداخەوە بەکۆمەڵێك کێشەو گرفتی هەڵواسراوە دەچینە پلینۆمەوە و هەرچەندە دەبوایە یەکێتی کۆنگرەی بکردایەو هەڵەو کەم و کوریەکانی بەگشتی دیاری بکردایەو بۆئەوەی بزانین هەڵەکان لە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆدا دروست بوون یا خود لە کەسە جێ بەجێ کارەکان بە ووردی ئەمە دراسە بکرابایە ئەم جار چارەسەر بۆ کێشەکان دابنرایە بەلام ئێستا هەموو ئۆرگانەکان بە دۆی خۆیان ناڵێن ترشە و هەر یەکەو شانەکەی لە سەری یەکێکی تردا ئەیشکێنێ کە لە وا قعدا بوونی نی یە بۆیە دەبوایە دەرمانی دەردەکەمان بدۆزیایەوەو ئەمجار سزاو پاداشت و بڕیارو بەخۆداچوونەوەکەمان کردبا..

١٤ — پەنجەکان یەکتری دەشکێنن

دیارە یەکێتی شکست و سەرکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوەو ئەمەش فێری وا نەو پەندی کردوەو کە زیاترو ڤۆلتێر و وردتر بەرنامەی کارو چالاکی هەبێ ، بەخۆداچونەوەی رەخنەگرا نەی گشتی پیادە بکا و هەر ئەمەش بۆتە هۆی هەڵسانەوەی ، بەلام ئەوەی جێ ی نیگەرانیەئەم کەرت بوونەیە کە لە بەرژەوەندی گشتی یەکێتی دانی یە پێویستە هەموو لایەکمان بیر لە چارەو دانوستان بکەینەوەو ڕق و کینەو نەفی یەکتری بەلاوە بنێن ونەهێڵین پەنجەکان یە کتری بشکێنن کە یەك شادەماری خوێن و دڵیان هەیە وهەولی رێگا چارەی دۆزینەوەی بدەین..

١٥ – ما م ... کاك

هەموو لایەکمان دەزانین کە ڕابردووی نێوان هەڤالان مام جەلال و کاك نەوشیروان سەرەڕای پەیوەندی سیاسی وەکو برا وا بون لە سەردەمی شاخ و شاردا نەوشیروان ووتەنی : لە سەر تەکلیفی مام بوومە کۆمەڵەو خوێندنیشم لە بەر خاتری یەکێتی وازلێهێناوەو هیچ کاتێ ناخۆشی و گرفتمان لەنێواندا نەبوە .. وە ئەو لیستەی گۆڕانیش لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێ لە ناو خەلکدا و پێ یان وایە ئەمە سێبەری داها توی یەکێتیەو .. یا ئەمە تا کتیکێکی نێوان هەر دووکیانە کە بەخوار خۆیان نالێن و تەنها بۆ گەشەی یەکێتیەو .. یا هەمان سیناریۆی کۆمەڵەو شۆرشگێرا نە دوو بارە دەبێتەوە .. بەلام رایەکی تر دەلێ یەکێتی چەقی بەستوە ئەم لێك ترازانەش وا قعی یە ، بەلام ئەوەی گرینگە بتوانین ئەم رابردوە زیندو بکەینەوو هەردوو لاشیان بە رەخنەو لەخۆبردنەوە بەخۆیان دا بچنەوەو سەر لەنوێ لاپەڕەیەك هەڵبدەنەوەو لێ گەڕێن ئەو مام و برازایە خۆیان کێشەکان چارەبکەن ئێمە تەنها عاملی خێرو پێشنیار بین چونکە پێم وانی یە هەردوکیان ئەم رابردوەی یەکتریان لەبیر چێتەوە کە دامەزرێنەرو خولقێنەری ئەمرۆن و هەمیشە تەواو کەری یەکتری بوون ، وەهێشتا زووەو نەچوە بچێ و هەنگاوی زۆرمان لەبەردەم داماوەو دەتوا نن کارەکان چاك بکەن . چونکە کاك نەوشیروان هەمیشە یەکێتی بونی خۆی دووبارە دەکاتەوەو ناڕازی بونیشی دەتوانرێ چاك بکرێ چونکە هەموومان ئێستا لەم جۆرە بەڕێوەبردنەڕازی نین و بەدوا ی بەدیلێکی باشتردا دەگەڕێن ئەمەش خالی هاوبەشە بۆ هەموان چونکە یەکێتی هی هەموانەو بەرەخنەو پێشنیاری گشتی چارەدەکرێ و گەر واش نەکەین تف لە ڕابردووی خۆمان دەکەین و دەبینە شوێن پرسیارو گومان لای خەڵك و سەروەری و رابردوومان لەدەست ئەدەین بۆیە زەمینە ڕەخساندن بۆ دایەلۆکێکی کراوە ئەرکی هەموو لایەکمانە بۆ رووبەروو گفتووگۆ کردن و فشار خستنە سەریان بۆ چارەکردنی کێشەکانیان..

١٦ – لێدانی زەنگ

دەسەلات هێواش هێواش دەنگەکانی دێنە خوارەوە بە بێ ئەوەی هەولی راستکردنەوی بدرێ و ئەوەندەی ئێمە بەرابردومان دەنازین کە دادمان ناداو ڤۆناغیك بوو تێ پەڕی ئەوەندە بەرنامەو ستراتیژمان نی یە بۆ داهاتوومان ئەمەش جێگای مەترسی و هەڵوە ستەو بەخۆداچونەوەیە هەر لە ئازاد کردنی میدیاکان و گۆرین و ئاراستەی کارکردنیان و بنبڕ کردنی گەندەڵی دەبێتە هۆی دابەزینی سکالاو نارەزای خەلك و هەڕەشەش لەسەرحیزب و حوکمەت لادەچێ ، وەنابێ وا تێ بگەین کاتێ هەلەبجەییەك مۆنۆمێنت دەسوتێنێ دەستی لە پشت بێ بەلکو پێویستە لە هۆکارەکانی سوتان بکۆلینەوەو چارەیان بۆ بکەین چونکە کەس مال و قەبری خۆی هەلناداتەوەو گڕی تێ بەردا ، وەسزاو لێپرسینەوە و خزمەت و بەخۆداچونەوە لە لێدانی زەنگ دوورمان دەخاتەوە ..

١٧ – جۆرج واشنتۆن و.. ماوتسی تۆنگ و .. گۆرباتشۆف

گۆرباتشۆف بەیەکیك لەسەرکردە بوێرو چالاکەکانی سۆڤیەت دائەنرێ و جیاوازی لەگەڵ سەرکردەکانی پێش خۆی لەوەدابوو کە بەئاشکرا لەبەردەمی کامیرا و ڕۆژنامەکاندا ڕاستیەکانی دەوت و نەیدەشاردنەوەو سەرکردەکانی پێش خۆی جگە لە ( لینین ) هەموویانی بەتاوانبارو دووڕوو مەسلەحەت چی وەسف کرد . کە راستیەکانیان لە خەلك شاردۆتەوەو لەژێر پەردەی مارکسی و لینینی و کریکاراندا خەلکیان هەلخەڵەتاندوە نەهامەتی و نەبونی خزمەت گوزاری ئابوریەکی باش بۆ خەلك هەمووی گەراندەوە بۆ سیاسەتی چەوتی سەرکردەکانی سۆڤیەت بۆیە کتێبی نوێ بونەوەو بیناکردنەوەو ئاشکراکردنی دانا .. جەماوە ر بەم را ستیانە خرۆشاو شلەژان و را پەرین سەری هەڵداو تەنانەت پەیکەری لینینش شکێنراو خەلکی شتە جوانەکانیشیان لا ناشیرن بوو ، بەلام گۆرباتشۆف هەر بەردەوام بوو لە ڕیفۆرمەکەی و داوای لە نوسەران و پسپۆڕان و خەلك کرد کە هەموو لایەك بەشداربن لە

چارەکردنی کێشەی ولاتەکەی داو لە ئەنجامدا سەرکەوت .. وە( ماوتسی تۆنگ ) رابەرو سەرکردەی ڕزگاری کەری گەلی چین کا تێ ولاتەکەی ڕووبەڕووی مەرگی گەندەڵی بۆوە کە لە سەرەوە بۆ خوارەوە چوبوە مۆخیان پێشنیاری راپەڕینی خوێندکارانی کردو لەو لاشەوە کاری بۆ نەهێشتنی گەندەلی دەکرد بەلام لەبەر ئەوەی گەندەلی وزەو ژیانی خەلکی بڕیبو مەرکەزی د سپلبن و ئیلتزام لاوازبوو بۆیە راپەرینەکە بەخوێن سەرکوت کراو ( ماو ) یش لەداخا سەری نایەو بەلام لەدوای مردنی خۆی شەپۆلی نارەزای لەجاران گەورەتر سەری هەڵداو نەتوانرا پێشی پێ بگیرێ و بەهەزاران کادیری ئەم پارتە کەوتنە زیندان و چوار لە سەرکردەکانی چینیش گیران کە یەکێکیان ژنی ماوی سەرکردە بوو وەهەموو ئەو مولك و سامانە ناشەرعیانە دەستیان بەسەردا گیراو گەلی چینیش بوە ولاتیکی بەهێزی ئابوری ... وە ( جۆرج واشنتۆن ) بە باوك و یەکەم سەرۆکی ئەمریکیەکان ناسراوەو هەرچەندە لەڕووی سیاسی لاوازبوو بەلام لە بواری سەربازیدا بەهێز بوو توانی یەکەم حوکمەت و دەستور بۆ ئەمریکیەکان بنوسیتەوە ، ئەمە وا ی کرد دە ست و پەیوەندەکانی نزیك خۆی هانیان دا بۆ ئەوەی دەستوریکی پشتاو پشت بۆ ئەمریکا دابڕێژێ بەلام ئەو رازی نەبوو وتی : دەبێ ئەم حوکمەتە بۆ هەموان بێ و هەموو کەسێکیش ئازاد بێ لەکارکردندا..

١٨ – ئە نجام و چارە سەر

کێشەکان لەناو یەکیتی دا توشی ئاڵۆزی و گرژی ها تون لەململانێ وە خەریکە دەچێتە ناکۆکی شەخسی و ڕق وکینەوەو نەفی کردنی یەکتریەوە بۆیە جێ ی خۆیەتی بۆ سەردە می بیرۆکە ی نیمچە بەرەی شاخ بگەڕێنەوەو بە باڵ و رێکخراوی جیاوازەوە کەهەبوو هەمووشیان لە ژێر چەتری یەکێتی دا کۆبکرێنەوەو هەر یەکە بەپێ ی بوون و ڕێژە و کورسی و هاوکاری بکرێ بەمەش یەکیتی وەکو سەردەمی شاخ گەشە دەکاو گەورە دەبێ ململانێ یەکی ڕەواش دێتەدی هەروەکو لەسەردەمی کۆمەلەو شۆرشگیران دا هەبوو ئەو کاتەش هەموو کەس ئازاد دەبێ کە کام لایە هەلدەبژێرێ لە چوار چێوەی یەکیتی دا بەهەمووشمان یەکێتی گەورەترو باشترو فراوان تر دەکەین لەرووی چۆنایەتی و چەندایەتی بەهێزتر دە بێ لەناکۆکی شەخسی ونەفی کردنی یەکتریش رزگارمان دەبێ سەر لەنوێ یەکێتی جوانتر دروست دەکەینەوە .

## ئەمریکا...

## لە ئێستا و ،،،ڕابردوودا

ئەمریکا گەورەترین دەسەڵاتی سەرڕووی زەمینەو توانیویەتی لەگۆڕەپانی سیاسی و ئابوری و عەسکەری ...هتد دەوری کاراو پێشەوایەتی ببینێ بۆ ئەم مەبەستەش بەکورتی مێژووی ئەمریکای جیهانی ئەخەمەڕوو ، تاوەکو هەموولایەکمان بتوانین لەگەشەو پێشکەوتنی ئەمریکا تێ بگەین ، چونکە ئەمڕۆ بۆتە قاڕەیەکی سەربەخۆ و کاریگەر لەدنیادا لەگشت بوارەکاندا .

٭ هەڵکەوتەی جوگرافی :

ئەمریکا لەڕووی جوگرافیاوە شوێنێکی دووری لەوڵاتان دامەزراوەو هەر ئەم هۆیەشەکە لەشەڕی زەوی دوورەو ئاسان نیە بچی داگیری بکەی و لەهەمان کاتیشدا وڵاتێکی بەهێزە لەڕووی ئابوری و سەربازی و تەکنەلۆژیاو ڕووبەری وڵاتەکەشی ٩٦٢٩٠٤٧ کم ٢ کەدەکەوێتە کیشوەری ئەمریکای باکورەوە و ئۆقیانوسی ئەتلەسی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتیەوە و لەباکوریشەوە لەگەڵ ( کەنەدا ) هاوسێن و ئۆقیانوسی ئارامیش لەسنوری ڕۆژئاوایەتی و کەناوچەیەکی فراوانەو لەچەند هەرێم و دوورگەی تریپیك دێ کەنزیك گەرووی (بێرنگ ) لەڕوسیای جیادەکاتەوە و لەڕۆژئاواشەوە تاوەکو ناوەراستی ئۆقیانوسی (ئارام ) ە جگە لەوەی چەندین دوورگەی سەربازی  دەریای هەیە وەکو (گوام ، مارشاڵ ، ساموا ، تورتوریکۆ ، کارولینا ، ماریانا ... ) وە دەکرێ بڵێن ئەمریکا بۆ سێ هەرێمی سروشتی جیاواز دابەش بکەین وەك ١ـ هەرێمی دەشتای کەناوچەیەکی فراوان و مێرگ و دارو درەختە حەوزی (مسیسپی ) گەورەترین حەوزە لەدنیادا و ڕووبەرەکەی (٢٢٥ ) هەزار کم ٢ کەچەندین لقی ئاوی دێتەوە ناو ...، ٢ـ هەرێمی چیاکانی ڕۆکی ئەم ناوچە لەکۆمەڵێك زنجیرە چیای سەخت پێك دێ و درێژ دەبێتەوە و بەرزترین لوتکەشی لەئەمریکا دا (هۆیتنی ) کەبەرزی یەکەی ٤٤٢٠ مەترە و جگە لەمەش هەورازو نشێو و حەوز هەیەو ئەم هەرێمەش لەباکورە وە بۆباشور درێژ دەبێتەوە ....٣ ـ (ئەبالاش ) ئەمەش ناوچەیەکی فراوان و دۆڵ و ناوچەیەکی سەخت و شاخاوی بەرزە و کانە بەردی خەڵوز و نەوتی تێدایە ، جگە لەچەندین دەریاچەو بەرزترین لوتکەش لەم هەرێمە (میچڵ ) کە ٢٠٣٨ مەتر بەرزە ....، ئاو و هەوای ئەمریکا لەبەرئەوەی زۆربەی دوورگەو نیمچە دوورگەیە بۆیە ئاو هەوایەکەی جیاوازی هەیە بەهۆی بەرزی و نزمی هەرێمەکانی لەیەکترییەوە و ناوچەی ئەبالاشی لەهاوینان دا زۆر گەرمەو لەزستاندا ساردە و هەندێ شوێنی بەدرێژای ساڵ باران وتەم و لێی نابڕێ و هەمیشە سێبەرو بەستەڵەکە ، بەڵام هەرێمی دەشتەکانی لەزستاندا بەفرو زریان بەخۆیەوە ئەبینێ و لەهەندێ ناوچەکانی دا کەم دەبارێ ، بەڵام لەشوێنەکانی تریشی بەهاوین ئەبارێ و لەناوچەی ڕۆکی بەهۆی بەرزی و سەختی جیاوازی هەیە .

٭ کشتوکاڵ و پیشەسازی :

ئەمریکا لەڕووی کشتوکاڵ و پیشەسازی یەوە بەپلەی یەکەم دێ کەکێڵگەی فراوانی هەیە بۆ دانەوێڵە بەهەموو جۆرەکانیەوە و ئەمجار برنج و لۆکەو توتن و قامیشی شەکر ، هەروەها گرنگی بەئاژەڵداری ئەدەن لەگەڵ ماسی و دەرامەتێکی باش بەدەست ئەهێنن لەم ڕووە ....، هەروەها لەڕووی پیشەسازی یەوە  زۆر پێشکەوتوە و لەسروشتی کانزای وەکو ئاسن و خەڵوزی بەردین و مس و ئەلەمنیۆم و زێڕ و نەوت و زیو ....، هتد بۆ ئەمەش چەندین کۆمپانیاو فڕۆکەو کەشتی گەورەو ئوتۆمبیل و تەکنەلۆژیای سەربازی دروست کردوە جگە لەووزەی کارەبا و دیمەنی جوان و سەرنج ڕاکێش ، هەروەها ڕێگای ئاسنی شەمەندەفەرو تۆڕی پێشکەوتو لەدەریاکانداو هەر بەهۆی دەوڵەمەندی وڵاتەکەی بوو کەدۆلار ئەمڕۆ دنیای داگیرکردوە .

٭ خەڵك :

دانیشتوانی ئەمریکا ٢٧٨٠٥٨٨٨٠ ملیۆن کەسەو زۆربەشیان لەوولایەتەکانی باکوری ڕۆژهەڵات دەژین و لەکۆچکردوەکان و سپی پێست و ڕەش پێست و هیندۆ سورەکان پێك دێ هیندەسورەکان خۆیان بەئەسڵی هاوڵاتی ئەمریکا لەقەڵەم ئەدەن کەخاوەن سەرمایەو شارستانی خۆیان بوون ، بەڵام بەهۆی شەڕی ئیسپانی و ئەورپیەکان لەناوچوون و وەئیسپانیەکان لەسەردەی شانزەهەم پێشڕەوی ئەورپیەکان کە ڕوویان لەفلۆریدا و مەکسیکۆ و تەکساس ... هتد کرد وەفەرەنسی یەکانیش بەرەو باشوری ئەمریکا ڕۆیشتن و ئینگلیزەکانیش لەسەر

کەناری (ئەتلەنتی ) جێگربوون کەهەموو ئەمریکا داگیر کرابوو وەلە ١٣ ویلایەت پێکهات ، بەڵام لەئەنجامی زەبرو ستەمی داگیرکەران و باج و سەرانەو کاری زۆرە ملێ و چەوساندنەوە ... شۆڕشی سەربەخۆی ئەمریکا لەلایەن خەڵکەوە هەڵگیرسا ١٧٧٥ ـ ١٧٨٣ داگیر کەران وە دەرنران و دواتر خەڵکی ئەوروپا بەهۆی بێکاری یەوە لەسەدەی هەژدەم ڕوویان لەئەمریکا دەکرد ، هەرچەندە ئەمریکیەکان ڕەش پێستەکانیان ئەچەوساندنەوە و لەزۆر ماف و ئەرکدا بێ بەشیان کردبوون هەتا سەردەمی سەرۆکی (ئەبرەهام لنکۆلن ) کەتوانی هەندێ یەکسانی بخاتە وڵاتەوە ، ڕەش پێستەکانیش زیاتر لە ١٠ ٪ وڵات پێك ئەهێنن و لە ٤٢ ٪ منداڵانی ئەمریکاش لەڕەوزەو یابێ باوك و دایك بوون و ئەمریکاییەکان زیاتر بەتوڕەی و ئازایەتی و خۆشی و ناخۆشی ناسراون کەبەرگەی هەموو شتێك ئەگرن و وڵات و ئازادییان زۆر خۆش دەوێ و دەوڵەتیش لەپیشتیانە ...

★ جۆرج واشنتۆن :

بەدامەزرینەری دەوڵەتی ئەمریکا دادەنرێ و هەموو ئەمریکیەکانیش بەباوك و کاریزماو ڕەمزو ڕوحی خۆیانی ئەزانن ، چەنکە یەکەم سەرکردەو ڕزگار کەری گەلی ئەمریکا ئەزانرێ و هەرچەندە کەسێکی بلیمەت و ڕۆشنبیرو خوێندەوارێکی باش نەبووە جگە لەوەی نوسین و زمانیشی باش نەبووە ، بەڵام کەسایەتیەکی بەهێزی نیشتمانی و مەبدەئی بوەو دوای مردنیشی تاوەکو ئێستا لەدڵ و دەرونی خەڵکدا ژیاوە ، چونکە لەشەڕ و ئاشتی دا لەدڵی خەڵکدا بوە خوێندنی پێ تەواو نەبوەو لەسوارچاکی و کەشتیوانی و سەربازی دا بەپلەی یەکەم هاتوەو بەشداری شەڕی کردوە لەدژی فەرەنسی یەکان ، لەدوای کوژرانی ژەنراڵ (باردۆك ) جۆرج واشنتۆن بوە سەرکردەی هێزی بەرگری و لەسەردەستی ئەم بەریتانیا تێکشکاو خۆیان دابە دەستەوە ئەمەش گەورەترین سەرکەوتن بوو لەساڵی ١٧٨٩ بەکۆی دەنگ هەڵبژێردراو ماوەی ٨ ساڵ سەرۆکی ویلاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بوو ، هەرلەسەردەمی ئەویشدا یەکەم دەستور بۆ وڵات دانراو تا لەئەنجامی سەرماو سۆڵەیەکی زۆردا لەتەمەنی ٦٧ ساڵە کۆچی دوای کرد و هەرچەندە خەڵکی ئەیانویست بۆجاری سێهەمیش هەڵیبژێرنەوە ، بەڵام یاسای ئەمریکا تەنها ڕێگە بەدوو دەورە ئەداو شارەکانی ئەمریکا هەریەکەو ئەیانویست شەرەفی پایتەختیان پێ بەخشرێ ، بەڵام جۆرج واشنتۆن ئەندازیارێکی فەرەنسی هێنا بۆ ئەوەی نەخشەی پایتەختی بۆ بکێشێ بۆ ئەم مەبەستەش ناوچەیەکی گونجاوی هەڵبژارد کەشارێك دروست بکرێ و گۆنگریس ڕەزامەندی لەسەر دەربڕی و واشنتۆن کرابە پایتەخت بەناوی یەکەمین سەرکردەی وڵاتیانەوە ناونرا ، چونکە ئەم ئەو شوێنەی دیاری کردوەو بارەگای کۆنگریسی ئەمریکیش کەشوێنی بڕیارو کۆبونەوەو ئاهەنگەکانی سەرۆکەکانی ئەمریکایە جۆرج واشنتۆن بەردی بناغەی داناوەو دواتریش دووبەشی تری بۆ زیاد کرا بۆ ئەنجومەنی نوێنەران و پیران .

★ سستەمی ووڵات :

ئەمریکا لە (٥٠ ) ولایەت پێك دێ لەمێژووی ژیانیشیاندا هەمیشە لەململانێ و شەڕدا بوون لەکۆمارێکی یەکگرتوی فیدراڵی دا ئەژین و سەرەك کۆمار گەورەترین دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن و ڤیتۆی هەیەو هەڵبژاردن بۆ ماوەی چوار ساڵەو تەنها ئەتوانی دوو دەورە خۆی هەڵبژێرێ و کۆمارییەکان و دیموکراتەکان دوو پارتی بەهێزن کەلەململانێ دان و جگە لەمانەش چەندین ڕێکخراوی بچوك هەن ، وەکو پارتی سەربەخۆی ئەمریکا لە ١٩٦٨ هەیە ڕەگەز پەرستەو پارتی گەل و پارتی ئازادی و پارتی ئەمریکی یەکەم و پارتی سۆسیالستی و پارتی کۆمەنیزم ئەم دووپارتە ئیجازەیان لێ سەندرایەوە ١٩٥٤ بەتۆمەتی سەربەسۆڤیەت ، کۆنگریس باڵاترین شێوازی یاسا دانانەوەو ئەویش لە ٢ ئەنجومەن پێك دێ ئەنجومەنی پیران و ئەنجومەنی نوێنەران ، هەچەندە لەساڵی ١٩٢٣ - ١٩٢٩ کۆنگریس حەقی ڤیتۆی هەبوو ، بەڵام دواتر لێی سەندرایەوە و هەرویلایەتێکیش پەرلەمانێکی تایبەتی خۆی هەیەو لەدوو ئەنجومەنیش پێك دێ و لەگەڵ حاکمی ویلایەتەکەشی هەیە .

★ سەرۆکەکانی ئەمریکا :

جۆرج واشنتۆن ١٧٨٩ — ١٨٩٧ ، جۆن ئادامز ١٧٩٧ — ١٨٠١ ، تۆماس جیفەرسۆن ١٨٠١ — ١٨٠٩ ، جیمس مادیسۆن ١٨٠٩ — ١٨١٧ ، جیمس مۆنرۆ ١٨١٧ — ١٨٢٥، جۆن کوینز ئادامز ١٨٢٥ — ١٨٢٩ ، ئەندرۆ جاکسۆن ١٨٢٩ — ١٨٣٧ ، مارتن پان بوورن ١٨٣٧ — ١٨٤١ ، ولیەم هندی هاریسۆن ١٨٤١ — ١٨٤١ ، جۆن تایلۆر ١٨٤١ — ١٨٤٥ ،جیمس نۆکس پۆك ١٨٤٥ — ١٨٤٩ ، زکاری تایلۆر ١٨٤٩ — ١٨٥٠ ، میلارد ڤلیمۆر ١٨٥٠ — ١٨٥٣ ، فرانکلین بێرس ١٨٥٣ — ١٨٥٧ ، جیمس بۆکانان ١٨٥٧ — ١٨٦١ ، ئەبرەهام لەنکۆلن ١٨٦١ — ١٨٦٥ ،ئەندرۆ جۆنسۆن ١٨٦٥ — ١٨٦٩ ، یۆلیس گرانت ١٨٦٩ —

١٨٧٧ ، رۆپهرفۆرد هیز ١٨٧٧ — ١٨٨١ ، جیمس جارفیلر ١٨٨١ — ١٨٨١ ، چستەر ئالن ئارپهر١٨٨١ — ١٨٨٥ ،جرۆڤر کلیفلانر ١٨٨٥ — ١٨٨٩ ، بنیامین هاریسۆن ١٨٨٩ — ١٨٩٣ ، جروڤر کلیفلاند ١٨٩٣ — ١٨٩٧ ، ولیەم ماکنلی ١٨٩٧ — ١٩٠١ ،تیودۆر ڕۆزڤلت ١٩٠١ — ١٩٠٩ ، ولیەم هواردتافت ١٩٠٩ — ١٩١٣ ، ودرو ولسن ١٩١٣ — ١٩٢١ ، وارن هاردنگ ١٩٢١ — ١٩٢٣ ، کالڤن کولرج ١٩٢٣ — ١٩٢٩ ، هربرت کلاك هۆفر ١٩٢٩ — ١٩٣٣ ، فرانکلین ١٩٣٣ — ١٩٤٥ ، هاری ترومان ١٩٤٥ — ١٩٥٣ ، دوایت ئابزنهاوەر ١٩٥٣ — ١٩٦١ ، جۆن کینەری ١٩٦١ — ١٩٦٣ ، لیندۆن ١٩٦٣ — ١٩٦٩ ، ڕیچارد نیکسۆن ١٩٦٩ — ١٩٧٤ ، جیرالد فۆرد ١٩٧٤ — ١٩٧٦ ، جەیمی کارتەر ١٩٧٦ — ١٩٨٠ ، ڕۆنالدریگان ١٩٨٠ — ١٩٨٨ ، جۆرج بۆش باوك ١٩٨٨ — ١٩٩٢ ، کلینتۆن ١٩٩٢ — ٢٠٠٠ ، جۆرج بۆش ٢٠٠٠ — ٢٠٠٨ .

★ شەڕی ناوخۆی ئەمریکا ١٨٦١ — ١٨٦٥

ئاژاوەو شەڕێکی خوێناوی خۆبەخۆ ولایەتەکانی باکور بەسەرۆکایەتی (گرانت ) و باشور بەسەرۆکایەتی (بۆرگارد ) دروست بوو باکوریەکان سنورەکەیان دەوڵەمەندبوو ، بەڵام باشورییەکان هەژاربوون و دژی ڕەش پێستەکانیش بوون ، بەڵام باکوریەکان لایەنگری ئازادی و مافی هەموو کەسێك بوون بۆیە شەڕو پێکدادان دروست بوو ، وەئەبرەهامی سەرۆکی ئەمریکا لایەنگری ڕەشەکانی ئەکردو ئەمەش بوە هۆی هەلگیرسانی شەڕو هەرچەندە باشورییەکان سەرەتا سەرکەوتن ، بەڵام دوای ئەبرەهام بەپشتیوانی فەرەنساو بەریتانیا توانی بەسەر هێزەکانی باشوردا زاڵ بێ و بەمەش ئەمریکای نوێ لەدایك بووەو ئەبرەهام لەکاتی نمایشی شانۆیدا تیرۆرکراو نیوملیۆن مرۆڤیش لەهەردولا کوژراو ئەمریکاش پەندی مێژووی وەرگرت .

★ هێزەکانی ئەمریکا لەجیهاندا:

هێزەکانی ئەمریکا لەولاتانی دەرەوە بەم شێوەیە بلاوبونەوە و بنکەیان هەیە کەسەربازەکان نیشتەجێن ، عێراق ١٢٠ هەزار ، ئەلمانیا ٤٨ هەزار ، ژاپۆن / کۆریا ٢٢ هەزار ، ئەفغانستان ١٦ هەزار ، ئەمریکاو ناوچەکانی ٢٩٠ هەزار ، بۆسنیا ١٩٠٠ ، کوبا / گوانتا نامۆ ٣٥٠ ، میصر ٣٠٠ ، جیبۆتی ٥٠٠ ، کۆلۆمبیا ٥٠ ، بەریتانیا ٤٠٠ ، ئسپانیا ١٠٠ ، بەلجیکا / هۆڵندا ١١٠٠ ، بنکەی ئەنجەرلیك / تورکیا .

★ناوی (٥٠ ) وولایەتەکانی ئەمریکا :

فەرجینا ، واشنتۆن سیاتل ، جۆرجیا ، نبراسکا ، هاوای ، ئالاسکا ، وبیست ڤێرجینا ، کانساس ، نیومەکسیکۆ ، ئاریزۆنا ، فلۆریدا ، ئۆریگۆن ، یوتا ، ئۆکلاهۆما ، بنسلڤانیا ، نیوجەرسی ، مەساشوتن ، کالیفۆرنیا ، مەنزۆتا ، کۆلۆرادۆ ، ویومۆنگ ،مۆنتانا ، وسکونسن ،تەکساس ، ئایوا ، کونکتیك ، نیوهامشایەر ، میریلاند ، ڕۆدیلاند ، مەشگان ، ئەرکنس ، ئیداهۆ ، نیڤادا ، ڤێرمۆنت ، کانتاکی ، داگۆتای باشور ، داگۆتای باکور، تیسنی ، ئۆهایۆ ، نیوۆرك ، کارۆلینیای باکور ، کارۆلینیای باشور ، ئەلینوا ، میسۆری ، لویزیانا ، ئەندیانا ، مسیسپی ، ئەلاباما ،ماین ،دیلاوێر .

سەرچاوەکان :

١ — بانکی زانیاری و نهێنیەکانی ژیان : و / مصگفی سعید .

٢ — پوختەیەك لەمێژووی گەورە زلهێزی جیهان : لوقمان خەیالی .

٣ — ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا لەسەدەی بیست و یەکدا ، نوسینی ئەنجومەنی داڕشتنی ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا .

# تیرۆر و

# تیرۆریزم

ووشەی تیرۆر بۆیەکەمین جار لەسەردەی چوارده دا لەکۆڕو ڕاگەیاندن و بیستن و نوسین دا دەرکەوت و بەکارهێندرا ، بەڵام ووشەی تیرۆریزم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٧٨٩- ١٧٩٥ ز کە شۆڕشی گەورەی فەرەنسا دەستی پێکرد و کەوتە نوسین و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراوی ناچارکردنی بەرامبەر بەشێوەی تیرۆریزمێکی سیاسی و توندو تیژ خۆی نیشان دا ، بەڕووخاندنی (لویسی شازدەهەم ) و نەمانی ڕژێمی فیودالی و لەو سەردەمەدا تیرۆر بەرگێکی سیاسی پۆشی ، (ڕۆبسبێر ) یەکێك لەسەرکردە شۆڕشگێڕەکانی فەرەنساو یەکەم کەس بوە کەبەفەرمی یاسای تیرۆی ڕاگەیاند لەپاش نەهێشتنی ڕژێمی دەرەبەگایەتی ، کەوتە هەڵواسین و زیندانی و ئەشکەنجە ، لەدژی بەرهەڵستکارانی و تیرۆریش ڕێگەیەك بوە لەمانەوەی دەسەڵات دا بەکارهاتوە، خۆ ئەگەر بۆمێژوو سەرەتا مرۆڤیش بگەڕێینەوە هەر لەو ڕۆژەی (هابیل و قابیل ) هاتنە سەرزەوی و برابون و یەکتریان کوشت تۆوی تیرۆر لەدڵی مرۆڤدا سەری هەڵداو ئەوە بوو لەکۆمەڵگای سەرەتایشدا کەمرۆڤ هیچی نەبوو ڕاوی ئاژەڵ و پەلەوەرەکانی ئەکردو لەترسی گیانلەبەرە ترسناکەکان خۆی حەشار ئەدا لەجێگا سەختەکاندا هەموو لەترسی تیرۆر بوو لەپێناوی مانەوەی ژیانی دا هەوڵی ئەدا ، هەچەندە تیرۆر لەسەرەتادا بەشێوەی ڕەشە کوژی و بیروباوەڕێکی پیاو کوژانە هاتە مەیدان و گوێی بەهیچ بەهابەرزو پیرۆزو ڕەوشتەکانی مرۆڤی نەئەدا ، بۆئەم مەبەستەش تەڕو وشکی بەیەکەوە ئەسوتان و ترس و دڵە ڕاوکێ و نائارامی و باری دەرونی مرۆڤ ئەهاژێنێ و شوێنەوارێکی خراپ لەناو کۆمەڵگادا دروست دەکا ، بەڵام تیرۆریزم بەبەرنامەو پیشتیوانیەکی مادی و مەعنەوی نێودەوڵەتی ئەڕوا بەڕێوەو بۆمب و تەقاندنەوەو کوشتن و فراندن پیادە دەکات ، ڕاگەیاندنێکی ئاسمانی و ئەنتەرنێتی لەپشتەو یاڕووداوەکان گەورە ئەکەن یابچوکی ئەکەنەوە بەمەبەستی ئاژاوەو سەرلێ تێکدان ، کەبەداخەوە ئێستا زۆر لەدەوڵەتە دواکوتو فاشیەکان و مەکیاڤلیەکان وەکو بیروباوەڕ پەنائەبەن بۆکاری تیرۆریسم و هوموو ئەو وڵاتانەی مۆدێرنن بیر لەکوشتن و تیرۆر ناکەنەوە و پەنا بۆ توندوتیژی نابەن و زمانی گفتوگۆو ڕۆشنبیری و زانیاری ڕونکردنەوە دەگرنەبەر ، هەرچەندە تیرۆر لەسەرەتادا بەم شێوەیەی ئێستا ترسناك نەبوە هەڕەشە لەکۆمەڵگا بکا بەڵکو سنوردار بوەو ئەمڕۆ بەهۆی تەکنۆلۆژیاوە لەسنور دەرچوەو هەڕەشە لەسەرجەم کۆمەڵگای مرۆڤایەتی ئەکا ، بەهۆی نزیکی پەیوەندی نێوان سیاسەت و تیرۆر زیاتر بایەخ بەتوندوتیژی ئەدرێ لەپێناوی گەیشتن بەئامانجەکانیان وەکو ئایدۆلۆژیاو کۆمەڵایەتی و شۆڕشگێڕی تەماشای ئەکەن و لەکۆندا لەڕێگای تاکەکەسەوە ئەنجام ئەدرا ، بەڵام ئەمڕۆ دەوڵەت و تەکنەلۆژیای لەپشتە زۆر لەوڵاتان تەنها بەم شێوازە تیرۆرە هەرەشە لەوڵاتانی دنیا ئەکاو بەبێ ئەوەی جاڕی شەڕی لەگەڵ بکا یابچێتە ناو خاکەکەیەوە ، بۆئەمەش هەموو ڕێگەیەك دەگرنە بەرو لەسەردەمی میسرییە کۆنەکانیش زۆر بڕوایان بەهێز هەبوەو شەڕێکی خوێناوییان لەگەڵ پارتە سیاسیەکان دا کردوە بۆ بەرگری کردن لەخۆیان و ئایدۆلۆژیاکانیان ، ئەمەش وای کرد (ئیغریقیەکانیش ) لاسای بکەنەوەو هەرکەسێ ئاسایشی یان تێك بدا نەك خۆی بەڵکو دەبێ هەموو بنەماڵەکانیان بکوژرێت ، وەلەسەردەمی ڕۆمانیەکانیش دیاردەی تیرۆر حاکم بوە لەدەسەڵاتداو تەنانەت لەشێوازی بەناوی دەوڵەت و مەزهەبەوە بەهەزارەهایان قڕکردو بێ سەرو شوێن کران ، بەڵام لەسەرەتای سەدەی حەڤدەمدا ئەورپیەکان ویستیان بازاری تیرۆر کۆنترۆڵ بکەن بەوەی بازرگانیان خستە نێوان وڵاتانەوە بەشێوەی ئاڵوگۆڕ بەهۆی کەشتیەکانەوە هەرچەندە کارێکی باش و کەمی کردەوە ، بەڵام نەشی توانی ڕێگا لەدزی و تاڵانکردن بگرێ کەئەمەش شێوازێکی تری تیرۆە ، ئەوەی جێگای سەرنجە لەبیروباوەڕە چەپ و ڕاستڕەوەکان دا تیرۆر دەوری کاریگەری هەبوەو شانازیشیان پێوە کردوەو لەپێناوی مانەوەو گەیاندنی دەنگ و ڕەنگیان بەجیهان و خاوەن چەندین دروشمی بریقەدار بوون وەکو پەرت کەوزاڵ بەوترساندن و کێشەو پشێوی ... بۆئەوەی رای جیهان بەلای خۆیان کێش بکەن و پاساوی تیرۆریش بەیاسای ئەکەن لەپێناوی گەل و چاوەدێری ئاسایشە . ئامانجیش لەم شێوەیە تەنها بلاّوکردنەوەی ترسە لەدڵی خەڵکدا بۆیە ئێستا ووڵاتان لەپێناوی ئەوەی تیرۆر چیترتەشەنە نەکات دەیانەوێ بەبەرنامەوە کار بۆبنەبڕ کردنی تیرۆر لەدنیادا بکەن کەڕێگەی لێنەگیرێ ئەبێتە گەورەترین کارەسات بۆ مرۆڤایەتی ، چونکە لەئاستی سەرەوە بۆ خوارەوە دابەزیوە ، بەڵام ئەمڕۆ تیرۆر کارو

کاردانەوەی هەیەو لەململانێ دان لەڕوو بەڕوو بونەوە لەدژی یەکتری هەر بەرەیان پشتیوانی خۆی هەیە جگە لەڕاگەیاندن و ئامادە سازی ... خۆئەگەر لەم ڕوانگەشەوە تەماشای کوردستان بکەین هەر لەسەرەتای یەك پارچەی دوای ئەمەش لەسەردەمی مادەکان و عوسمانی و سەفەوییەکان و ئەمجار میرنشین بەدەر نەبوون لەکاری توندو تیژی و شەڕی ناوخۆو تیرۆر و هەڵواسین و ئەشکەنجەو زیندان و هەمووشیان پاساوی ناشەرعیان لەپێناوی مانەوەی خۆیاندا بەکارهێناوە ، ئومێدیش ئەکەین لەبیری پاوەن خوازی تاکرەوی دەربچین و هەنگاوبنین بۆ ئاشتی و پێکەوە ژیان و گەیشتن بەکۆمەڵگایەکی دایەلۆکی دوور لەتوندوتیژی .

## ئەركە قورسەكانی یەكێتی لە بەردەم

## سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال دا ...

مێژووی سەرهەلدانی یەكێتی بە گشت بالەكانیەوە بە نوێ خوازی و سەردەمی دوای گلان و هەرە س دەناسرێتەوە بەهێنانەدی فكرو ئایدۆلۆژیای سۆسیالیستی و دیموكراسی لە خاسیەتە هەمیشە زیندوەكانی یەكیتی بووەكە توانیویەتی لە بەرنامەكانی ناوخۆیدا رەنگ بداتەوە بە شێوەی ( ماركسی و لینیی و ماوی ) سەردەمی پەروەردەی رێكخستنەكانی بكا و ئەم شۆرشە لە رووی چەندایەتی و چۆنایەتی و رابەرایەتی جیاوازبوو لە سەردەمی پێش خۆی لەدیدو بۆچون و نەمانی هیلی سوورو پاشماوەی دواكەوتوو وەلەگەل سەرهەلدانی باهۆزی دیموكراسی ( گلاسنۆست و بیرۆسترۆیكا) توانی گۆران لە بەرنامەكەی دا بكاو بیگونجێنێ ئیستاش بەهۆی بوونی بە ئەندامی هەمیشەیی لە سۆسیال ئینتەرناسیۆنال و جیگری ئەو ریكخراوە جیهانیە ( ی ن ك ) پیویستی بەگۆرانكاری ریشەی هەیە بۆ ئەوەی رۆلی ئەكتیف و دیاری هەبێ :

### رێكخستنەوەی ناو مالی خۆی

یەكیەتی بەحوكمی ئەوەی بۆتەئەندامی هەمیشەیی سۆسیال ئینتەرناسیونال وسكرتێرەكەشی بۆتەجێگری ئەورێكخراوەجیهانییە پێویستی بە گەڕانەوەوچاوخشاندنەوە بەناومالی خۆی هەیەكەبتوانێ لەئاست جێ بەجێ كردنی ئەوئەركەقورسەدابێت بەرلەهەموشتێك تەكەتولەكان بەوشێوەی ئێستانەهێلێتەوەوچارەسەریان بۆدابنێ ئەویش بەسیاسەتێكی گشتگیركەهەمولایەك بەشێوەو بەرنامەیەكی یەكگرتوستراتیژی بۆ یەكیەتی لەئێستاوداهاتودا دابڕێژنەوە بۆكاركردن یائەوەتادەبێ ڕێگابدرێ بەكردنەوەی مینبەرورێكخراوی ئازادوسەربەخۆلەناوچوارچێوەی یەكیەتیدا كەئەمەش لەئایندەدایەكیەتی بەهێزدەكا دەنابونەئەندام لەورێكخراوەجیهانییە هەربەدروشم وقسەناڕوابەرێوە ولەئایندەدا توشی شكست دەبین كەنەتوانین هەلگری ئەوبۆچونەجیهانیەبین بۆیەخالی دەست پێكردنمان دەبێ لەچاككردنی ناومالی خۆمانەوەبێ كەگەیشتوینەپێگەی لوتكەی دەسەلات لە ناوخۆوجیهاندا.

### كاندید كردنی یەكێتی بۆ

ی ن ك هەرلەسەرەتای دامەزرانیەوە تاوەكو ئەمرۆ كارو بەرنامەی چەپی هەبوەو زیاتریش لەمەیدانی كار كردندا وەكو ریكخراوێكی بەرەیی لەسەر رۆشنای بیرو رای سۆسیال دیموكرات رەنگی داوەتەوەو كاری كردوەو بەرنامەكەشی هەمان ئاراستەی وەرگرتوەو كاری پێ دەكاو ئەگەر تاوەكو ئیستا نەیتوانیوە ببێتە سۆسیال دیموكراتیكی تەواو بەئەندام بونی ئیستای دەبێ مەرجەكانی تری سۆسیال ئەنتەرناسیۆنال جێ بەجێ بكا كە نەیكردوە

### گۆڕانی بەرنامەو پەیڕەوپرۆگرام

راستەئێمەلەبەرنامەی ناوخۆماندابنەمایەكی سۆسیالیستی جیهانی پەیڕەودەكەین بەڵام بەچونی ( ی ن ك) بۆناورێكخراوی جیهانی سۆشیال ئەنتەرناسیۆنال ئەركەكانمان قورستربون لەجاران پێویستی بەگەڕانەوەوچاكردنەوەی پەیڕەوپرۆگرام هەیە كەبزانین چیمان كردوەوچی ماوەبیكەین وە ئێمەئەساسێكمان داڕشتوە بەڵام شێوازی بیناو دروست بونەكەی پێویستی بەگۆڕان هەیە وەكو:

١/كاراكردنی رۆڵ و مافی ژنان لەبەریوەبردندا كە تاوەكوئێستاوەكوپێویست نییە مەسەلەی فرەژنی بۆتە دیاریدەیەكی ئاسایی وهێڵی سوری بۆدانەنراوووەكوپیاو سەیرناكرێ

٢/عەدالەتی كۆمەڵایەتی وەك پێویست پەیڕەوناكرێ لەبری ئەوەی دادگاسەربەخۆبێ كەچی كۆمەڵایەتی ئەودەورەدەبینێ

٣/نوێنەرایەتیەكان تەواوپێچەوانەی رێكخراوی جیهانی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالە

٤/جیانەكردنەوەی حیزب وحوكمەت وئایین لەیەكتری ئەمەش پێچەوانەی دیدوبۆچونی جیهانی سۆسیال ئەنتەرناسیۆنالە

٥/سەرۆكایەتی كردن لەدنیادابەدوودەورەدەبێ وهەرجارەی چوارساڵ كەلای ئێمەنییەوتائێستاش پاشماوەی فیوداڵی مەلیكین كەسەرۆكایەتی بۆتە تاپۆو میرات بەخوێن ومردن لادەچن

٦/كۆنگرەبەستن وگۆران دەبێ بە دووساڵ جارێك بكرێ

٧ / بنەبركردنی گەندەلی و سزادان و لیپرسینەوە لەو نابەرامبەرییەی هەیە

٨ / گەرانەوەی یەكیتی بۆ فكرو ئایدۆلۆژیای ناو ریكخستنەكانی

٩ / ئازادی رادەربرین و فرەریكخراوەی و مافی مرۆڤ و نەمانی هیلی سوورو سیاسەتیكی شەفافانە لە بواری ئابوری وبوودجەو دارای و پرۆژەكان لای خەلك رۆشن بن وهاولاتیش ئاگاداری سیاسەتی پشت پەردەبێ چونكە هەرخەلكەسەرچاوەی سوتەمەنی بۆ شۆرش

١٠ / هەلسەنگاندن و پیوانە و پاداشت و سزاو لێپرسینەوەو نەمانی خزم و عەشیرەت و تەكەتول لەبنچینەكانی كار پیكردن بیت

ستراتیژمان لەو ریكخراوە

بەحوكمی ئەوەی هەڤال مام جەلال جیگرە لەو ریكخراوەیە ئاگاداری بریارو پرانسیپەكانی كاركردنیەتی دەتوانرێ لە ئاستی گۆرانی نیودەولەتی سوودی لێ وەربگیرێ بۆ دۆزی گەلی كورد بەگشتی وهەروەها بۆ چەسپاندنی مافی چارەی خۆنوسین و پیكهینانی گرووپیكی داكۆكاری لە هەر چوار پارچەكە بۆروون كردنەوەی مەزلومیەتی گەلی كوردو ریگا چارەیەكی دایەلۆك كردن دوورلە شەروكێشە و گەیشتن بەمافەكانیان ئەمەش بەهاوكاری و بەرنامەیەكی یەكگرتوو دیتە دی كە خاوەن هەڵویستێكی نەتەوایەتی مەزن بین و ئەم رێكخراوەش هاوكارو رێ نیشاندەرمان بێ لە بەریوەبردنی ئیدارەی هەریمی كوردستاندا و ئەو ریكخراوە ببێتە دەروازەیەك بۆ هاتن و دەرو كردنەوە لە پارچەكانی تردا و ناساندنی میللەتی كورد بێ بەگشتی واتە ببێتە سەكۆیەك بۆگەلی كورد

سانسۆری رێكخراوەكە

ئەم رێكخراوە سالی ١٩٥١ لە فرانكفۆرتی ئەلمانیا دروست بووو كە ١٥٩ حیزب و ریكخراوی سۆسیال دیموكراتی دنیای تیایەو ئەلمانیاش بەیەكەم حیزبی سۆسیال دیموكراتی دنیا دەژمیردرێ و ئەندام بوونیش لەو ریكخراوە بەسێ قۆناغ دەبێ وەكو : چاودێر ، راوێژكاری ، هەمیشەیی . وەپیویستە لەسەر ئەندامەكانی ئەم ریكخراوە ئەم سێ مەرجی كاركردنەی تیابێ ١ – ئازادی و دیموكراسی بەهەمووماناكان بیروباوەر ، كار ، رەگەزی ، ئاین ، رۆژنامە ، فرە ریكخراوەی و مینبەری ... هتد ٢ – یەكسانی وعەدالەتی كۆمەلایەتی و نەبونی جیاوازی لەرووی ماف و ئەركدا بۆ هاولاتیان یاسا سەروەربێ و دەسەلات و بێ دەسەلات لەبەردەم دادگا وەكو یەك بن و كارو خویندن بۆ گشتی بێ ٣ – هاریكاری گەلان بكرێ بۆ چەسپاندنی ئاشتی وئازادی ودیموكراسی و ئاوەدان كردنەوەو مافی مرۆڤ و ئاسایشی ولات وەئەم ریكخراوە بەردەوام لەفراوان بوون دایە دەوریكی كاراو چالاكی هەیە لەسیاسەتی نێودەوڵەتی دا و بەردەوامیش چاوەدیری و لیكۆلینەوە دەكەن لە سەر ئەندامە هەمیشەییەكانی خۆیاندا بۆ ئەوەی بزانن تاچەند مەرج و ئەندامەتیەكانیان هێناوەتە دی و هەركەم و كوریەك ببینن لەم بوارەدا سەرنج و پێشنیارو ئاگاداركردنەوەو سركردن و هەلپەساردنیان هەیە بۆ ئەندامەكانی خۆیان واتە بەردەوام لەژێر تاقی كردنەوەو لێكۆلینەوە دای گەر سەركەوتوو نەبووی بۆیان هەیە مەرجی بەئەندام بوونت لێ وەربگرنەوە یاخود هەلی پەسێرن یا دەرت بكەن بۆیە پیویستە بەفیعلی كار بۆ چەسپاندنی پرانسیپەكانی ئەم ریكخراوە بكەین دەنا لە داهاتودا ئەو هەلە زێرینە لە دەست دەدەین

كۆنگرە

پێویستە ئەم كۆنگرەیە لەبواری بەرنامەو پەیرەو ئیدارەو حوكمەت دا گۆرانی بنەرەتی بكا و هەركات تێ پەراندن و دروشم و چەپلەو ستایشی بێ ناوەرۆك نەبێ چونكە ئەركەكانی یەكیتی زۆر لە جاران قورستر بوە و یەكیتی ناو یەكیتی پیویستی بە نۆژەن كردنەوەو دارشتنەوە هەیە ئەمەش بە هێزو بیرو بازووی هەموو لایەك دەكرێ كە بەرژەوەندییە شەخسی و كینەكان وەلابنێن و بەرژەوەندی گشتی یەكیتی لە بەرچاوبگرین دەنا زۆرنزیكە ئەو ئەندامیەتە لەدەست بدەین كەئەمرۆ بەدەست هاتوە بەلكو پیویستە بیپاریزین و گەشەی پێ بدەین و بتوانین بچینە ریكخراوەكانی تری جیهانی بۆ خزمەتی گەلی كورد ئەمە سەرەتاو كۆتایمان نەبێ وسزاو پاداشت و لێپرسینەوەمان هەبێ

## پڕۆژەكەی تاڵەبانی ...

## لە نێوان شكست و سەركەوتن دا

نویٚ بونەوەو ڕیفۆرم كاریكی هەمیشەیی وبنچینەی هەمووڕێكخراو پارتێكە بۆ كاركردن و بەخۆداچونەوەو بیناكردنەوەی سەرلەنوی ی هەڵەكان، لەكاتی چەق بەستن وگەیشتنە لوتكەی تاكڕەوی وخۆسەپاندن ئەگەر بێتو فریای نەكەوی دەسەلاٚت بەرەو گلۆربوونەوە ئەچێ وهەمووشتێك لەپێناوی سەركەوتنی دەسەڵاتدا بالۆرەی بۆڵێ ئەدرێ، بۆیە ئەبێ ووریابین لەم نەخۆشیە ترسناكە كەڕووبەڕوی گەل ودەسەلاٚت ئەبێتەوە و بۆرژگار بوون لەم قەیرانە تەنها ڕیفۆرم دەرمانی هەموو دەردەكانەو لەبەردەممانە بونی ئەم پڕۆژەو ئامۆژگارییانەی هەڤال مام جەلال نیشانەو داننانە بە واقعی ئێستای پر لە هەڵەو كەم و كوڕی و گەندەڵی لە ناوحیزب و حوكمەتدا ئەمەش دوای چاوەڕوانی وپروپاگەندەیەكی زۆر هات كەچی لەناوەرۆكدا هەست بەساردی و دڵە راوكێ و شكست دەكەی و لەهەمان كاتیشدا هەرچەندە ئەوە بۆ خۆی گرینگە كە لە لوتكەی دەسەلاتەوە داوای چارەسەری كێشەكان بكەی بەلام لەو لاشەوە كە ناوەڕۆكەكەی شڕۆڤە دەكەی زۆر سادەو ساكارە و بەلای بابەتە هەستیارەكاندا ناچێ كە لەلوتكەوە سەرچاوەی گرتوە بۆ خوارەوە وەكو جیاكردنەوەی حوكمەت و حیزب لەیەكتری و سەربەخۆی كردنی دادگاو شەفاف كردنی و سەبارەت بەبونی گەندەڵی ودەوڵەمەندی بەرپرسان بوون بەخاوەنی پڕۆژەی جۆراو جۆر و دروست بونی دیوار لەنێوان خەلك و دەسەلاتدا باسی سزاو لێپرسینەوە یا دەركردن نەكراوە كەبەهۆی پلەكەیانەوە بوونە بازرگان و سەرمایەدار و خاوەنی پڕۆژەی جۆراو جۆر پێویستە رووبەرووی دادگا بكرێن یا بدرێتەوە شۆرش دەبوایە لێژنەیەك هەبا بۆ سزادان و دەست بەسەراگرتن ئەو سامانە ناشەرعیانە .. وەسەركەوتنی پڕۆژەكەی مام لە وە دایە كە چاكسازی و گۆران لەلوتكەوە بۆ خوارەوە بكا چونكە سەرهەلدانی بەسەلبی و ئیجابیەوە لە سەرەوە دابەزیوە بۆ خوارەوە واتە دەبێ چاكسازی لە مامەوە بكرێ بۆ ( م س ) سەركردایەتی و ئەمجار مەڵبەندو كۆمیتەكان چونكە مام هەم سكرتێرە و هەم سەرۆكەو هەم جێگری سۆسیال ئینتەرناسیۆنالەو وەتا دەگاتە خوارەوە بەم شێوەیە ڕێچكەی گرتوەو قاچێكیان لە ناو حوكمەتەو قاچەكەی تریشان لەناو حیزب وە هەر یەكەو چەند پۆستی حوكمی و حیزبی هەیە تا دەگاتە ئەندام كۆمیتەیەك كە ئەمەش بۆ خۆی گەورەترین تەداخول و شكستە بۆ پڕۆژەكەی مام جەلال .. كە ڕەگی حیزبەكە لە سەری حوكمەت سەوز بوە و ئەم پرانسیپەش لەگەل سۆسیال دیموكرات دژو نەگونجاوە بۆیە باشتر وایە پڕۆژەكە لە سەرەوە بۆ خوارەوە جێ بەجێ بكرێ نەك هێلكەكە لە سەری خوارەوەدا بشكێنرێ وە لەلایەكی تریش بێ ئومێدی تیایە لە ئامۆژگارییەكانی كە واناتوانێ چاكسازی ریشەی لەحوكمەتدا ئەنجام بدا بۆیە بەنوسراوی رەسمی داوا دەكا كەتەداخولات لە حوكمەت نەكرێ یا واستەو بەرتیل و فشار بەكار نەهێنرێ ئەمەش كارێكی باشەو ناچێتە خانەی پڕۆژەوە بەلكو هوشیار كردنەوەو سەرنج راكێشانە بەلام مەترسیەكەی لەوەدایەئەم ئامۆژگارییە سەرەتاییانە ببنە بەدیل بۆ ئەو چاكسازییەی بانگە شەی بۆ دەكرێ و حیزب و حوكمەت بە كردار لێك جیانەكرێتەوە و تەنها دیزە بەدەرخۆنەكردن بێ بۆیە پڕۆژەكە بەوە سەركەوتو دەبێ كەهەرسێ دەسەلاتەكە لە یەكتری جیا بكرێتەوەو بەرپرسان لە لوتكەوە بۆ خوارەوە تەنها یەك كاریان هەبێ و تەقیم و قیاس وسزاو بۆ گەندەلان وخەلاتیش بۆ دلسۆزان هەبێ .. وەدەستورێكی گشتی بۆ هەرێمی كوردستان هەبێ كە ١٧ ساڵە ئازادەو دەسەلات و ئەرك ومافەكانی دیاری كرابێ هەر لە سەرۆكایەتی هەرێم وحوكمەت و پەرلەمان و حیزبەكان تا ئەگاتە تاكەكانی ناو كۆمەلگاو كار بۆ نەهێشتنی سانسۆرو هێلی سوورو وە هەمەكان و دەستێوەردانی بەرپرسا ن لەبازارو قۆرغ كردنی پرۆژەكان و نەمانی نوێنەرایەتیەكان كە لە دەرەوەی پەیرەو پرۆگرامن وبێ متمانەیش دروست دەكەن لەكاركردندا.. وە مەكتەبی كۆمەلایەتیش بۆ سەردەمی شاخ گونجاو بوو چونكە دادگا نەبوو بەلام ئەمرۆ دەبێ گرینگی بدرێ بەسەربەخۆی دادگا چونكە حیزب و حوكمەت رۆژانە دەوری كۆمەلایەتیش دەبینن بۆیە ئەمە تەنها زیادەیە .. وە هەروەها مەكتەبی مافی مرۆڤیش كەناتوانێ لەرێنمایەكانی حیزب لابداو بێ دەسەلاتەو وئەگەر حیزبەكە بۆ خۆی داوای یەكسانی و مافی مرۆڤ بكا كەوایە ئەم مەكتەبە تەنها دەبێتە دیكۆر بۆیە باشترە نەبێ ولە بەدیلی ئەمەدا هەوڵ بدرێ چاوەدێرو رێكخراوە مرۆییەكانی جیهان لە كوردستان بنكەو بارەگایان هەبێ و چاوەدێركی بێ لایەن دەبن و بۆ ناوبانگی ( ی ن ك ) یش باشترە

بەرپرسانیش دەسڵەمنەوە لەو ریکخراوە جیهانیە، وەلەهەمان کاتیشدا کەس نازانێ سەرچاوەی دارای ( ی ن ك ) چەندەو لەکوێ یەو پرۆژە تایبەتیەکانی هەیەتی کوان و چۆن کار دەکەن بۆیە باشتر وایە ئاشکرا بکرێن .. وە سەبارەت بە کۆمیتەو مەلبەندەکان لە سەرئاستی چۆنایەتی و هوشیاری و پیشەی دانەنراون و شێوازی میلتاری و دەستەگەری هاتوونە پێش بۆیە پێویستە مەرجی رۆشنبیری و پاکی و رابردووی دەبێ لە بەرچاوبگیرێ .. وەسەبارەت بەهێزی پێشمەرگەش دەبێ هەوڵ بدرێ بن دیوار نەمێنێ و بەرەسمی لە دەولەتی عیراق بناسرێ نەك بەرپرسە بالاکان هە ر یەکەو بچێ لای مالیکی فە وجێك بۆ خۆی بکاتەوە ... وەدەبێ بزانین کاتێ ( ماو ) ویستی ریفۆرم بکا شکستی هێنا چونکە گەندەلی لە لوتکە دابوو هەرچەندە خۆپیشاندانی خوێندکاران بەخوێناوی کرا بەلام لە لایەن بەرژەوەند پەرستان سەرکوت کرا هەرچەندە ( ما و ) خەونەکەی ریفۆرمی بردە بن گڵ و مرد بەلام لەگەڵ ئەوەشدا پشتیوانی ریفۆرم بوو، وە لەدوای خۆی بیرو راپەرینی ریفۆرم سەری هەڵداو تەواوی گەلی چینی گرتەوەو سەرکەوتو ٤ چوار لەسەرکدە بالاکانی ( ما و ) بەتۆمەتی دزی و گەندەڵی گیران کە یەکێکیان هاوسەرەکەی خۆی بوو بەهەزاران کادیرو بەرپرسانیش خرانە زیندانەکان و سەروەت و سامانەکەشیان بوە مولکی گەلی چین ... .ئەگەر بەنمونەش سۆڤیەت وەرگرین ئەبینین خەباتێکی نەپساوەیان لەپێناوی ڕوخاندنی قەیسەر کرد سەرنجام شۆڕشی ئۆکتوبەری مەزن لە(١٩١٧) سەرکەوت ودەسەلاّتی گرتە دەست وکاری بۆچاکردنی تێکڕای بوارەکانی ژیان کردو دوایش مشەخۆری وگەندەڵی ودکتاتۆری لەناو دەسەلاّتدا بوە ئەمری واقیح و بۆڕووبەڕووبونەوەو چارەسەر گەڕان بەدوای بەدیلیکی وەکو ڕیفۆرم بەشێوەی (گلاسنۆست و پرۆسترۆریکا ) کەتوانرا ببێتە دەرمانی هەموودەردەکان وگەل ودەسەلاّت ڕزگار بکەن لەهەڵدیران، وەئەگەر بەکورتی چاوبگێڕین بەمێژووی گەلی سۆڤیەت لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ئەبینین هەلسان وگلانی زۆری بەخۆیەوە بینیوە وەکو سەردەمەکانی (لینین١٩١٧-١٩٢٤،ستالین ١٩٢٤ — ١٩٥٣،خرشۆف ١٩٥٤-١٩٦٤،بەرجنیف ١٩٦٤-١٩٨٢ ،ئەندرئوف ١٩٨٢-١٩٨٤،چرینکۆ ١٩٨٤- ١٩٨٥ ،گۆرباتشۆف ویەلسن،...هتد ) دیارە لەسەردەمی لینین دا (بەلشەویکەکان ) خاوەنی دسپلین وسانترالیزمیکی دیموکراسی ودادپەروەری بون، سەرەڕای ناسکی بارو زروفیان وشەڕی جیهان ێو بلۆکی سۆسیالیستی وئیمپریالیستی لەپێشبڕکی ێ چەکی ئەتۆم دابوون ولەناوخۆشدا ڕووبەڕووی شەڕی ناوخۆببون لەگەڵ (مەنشەویکەکان) سەرەڕای خراپی ئالۆزی ولاّت،دەیان کێشەی تر لینین توانی سەرکەوێ وگوێش لەهەموو چین وتوێژەکان بگرێ ودوور لەدکتاتۆری وخزمایەتی وگەندەڵی وکارەکانی ڕائەپەڕاند، بەلاّم بەداخەوە لەسەردەمی ستالین دا لەماوەی ٣٠ ساڵ دەسەلاّتیدا حیزبی کردە دکتاتۆر لەپێناوی بەرژەوەندییەکانی خۆی وبنەماڵەکەیداو کەسێکی زۆر وشك ودۆگمابو لەکارو بیروباوەڕیداو تەنانەت حیسابی بۆ هەیئەتی سەرکردایەتی و وەزیرەکانیش نەئەکردو خۆی بڕیاری ئاشتی وشەڕی ئەداو تەنانەت لەسێرەی پۆستاڵەکەشی ئەترسان وەبەرپرسان تەنها دیکۆربوون و وەکەسێکی بێ بەزەیی و توندڕەو بوو بڕوای بەگفتوگۆو ڕەخنەنەبوو وە زەبروزەنگی کردبوە حاکم و زۆرخۆویست و دکتاتۆر بوو هەموو دەسەلاّتەکان لەژێرفەرمانی ئەودا ئەڕۆیشتن بەڕێوەو درزکەوتە نێوان خەڵك و دەسەلاّت ووەدەستی کرد بەلادان و دژایەتی کردن و زیندانی ئەوانەی کەڕەخنەیان لەهەڵویستەکانیان ئەگرت وەکو (بوخارین، زینۆن، کامینف، ترۆتسکی )...هتد هەرچەندە ئەمانە پلەیان لەئاستی سەرکردایەتی دابوەو هەڵگرسینەرو بەشداری ئۆکتۆبەری مەزن بوون ودامەزرێنەری جەیشی سووری سۆڤیەتی وبەدەیان کادیرو ئەندامی لەزیندانەکان قایم کردو بیری لەگەشەکردنی باری ئابوری ولاّت نەئەکردەوەو تەنها ناوبانگی دەسەلاّتی خۆی بەلاوە گرنگ بوو لەم لاشەوە دەزگای پۆلیسی نهێنی دامەزراندو خۆی سەرپەرشتی دەکرد بۆئەوەی خەڵکی نەتوانێ بەئازادانە قسەبکاو سانسۆری داناو ستەمێکی بەزۆرەملێ پەیڕەو ئەکردو سەرەتای گەندەڵیو دکتاتۆریەتی لەکاروکردەوەیدا پەیڕەو کردو هێڵی سووری بۆ هەمووشتێك دانابوو، هەرچەندە دوای مردنی خۆی (خرۆشۆف ) هات وسەرکردایەتیەکی بەکۆمەڵی پەیڕەو کرد پێچەوانەی ستالین وبگەڕێتەوە سەربیروڕاکانی لینین، بەلاّم بەداخەوە بەهۆی کەڵەکەبون وخراپ بەکارهێنان وشێواندنی متمانەی خەڵك ودەسەلاّت لەلایەن ستالینەوە، خرۆشۆف نەیتوانی سەرکەوێ لەکارەکانیدا، ئەوانی دوای خۆشیان بەهەمان شێوە ئەیانویست ئازادی ودیموکراسی بۆ خەڵك بگێڕنەوە، بەلاّم لەهەمان کاتدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك شکەندو کۆسپ ئەبوونەوە وخەڵکی روسیاش لەنەداری ونەبونی ئازادی ونەژادی ومەزهەبی وقەیرانی گەورەی ئابوریدا ئەژیان کەهەموو هۆیەکانی راگەیاندن وخزمەت کردن لەپێناوی سەرکەوتنی دەسەلاّت دابوو ریگەش نەدرا خەڵکی ئازادانە بدوێو ڕەخنە بگرێو تاسەرەنجام گۆرباتشۆف زۆر بوێرانە ئەم پیرۆزییەو گەندەڵیەی ئاشکراکردوو سەرکردەکانی پێش خۆی بەمشەخۆرو دۆگما وەسف کردو کەم

وکورپیەکانی بەخەڵك ڕاگەیاندو دەرگای ئازادی ودیموکراسی لەخەڵك کردەوەو کۆمپانیاو دزییەکانی سەرکردەکانی وڵاتی ئاشکراکردو هەمووشی گێڕایەوە بۆحوکمی تاك دەسەڵاتی سەردەمی ستالین کەئەو یەکەمین بەرپرسە لەداهێنانی دکتاتۆری وگەندەڵی وسەرکوت کردن وپیاهەڵدان وتەفرەدانی خەڵك وسەرکردەکانی دوای ئەویش بەهەمان ڕێچکە وەسف کردو دەرمانی دەردەکەشی دیتەوەو چارەسەریشی بۆدانا بۆنوێکردنەوەو بیناکردنەوە، هەرچەندە لەسەرەتا وڵات شڵەژاکاتێ گوێ بیستی ئەم ڕاستیانە بوون کەسەرکردەکانیان هەمووشتێك یان لەپێناوی خزمەتی دەسەڵاتی خۆیان دا کردوەو یارییان بەچارەنوسی خەڵکی زەحمەتکێش کردوە بۆیە لافاوی جەماوەر هاتە سەرشەقام ونەفرەتیان لەدەسەڵاتی پێش خۆیان وبیروباوەڕیان ئەکردو بەداخەوە پەیکەری ( لینین ) یان ڕووخاند کەباوکی چەوساوەکان بووئەمەش لەئەنجامی بازرگانی کردنی سەرکردە دزو گەندەڵەکان بوو کەخۆیان لەبەرگی شۆڕشگێڕیدا حەشاردابوو خەڵکیش شتە پیرۆزەکانیشیان لا ناشیرین وخیانەت بوو بۆیە تەڕوو وشکیان بەیەکەوەسوتان هەروەکو چۆن لای خۆشمان مۆنۆمێنتی هەلەبجەیان سوتاند بەلام لێکدانەوەی واقعی بۆ نەکرا ... لێرەدا پێویستە دەسەڵاتی کوردیش بەخۆیدا بچێتەوەو سەروەرییەکانی ڕابردوو دادی نادا گەر پیلانی داهاتویان لەخزمەتی خەڵکدا نەبێ و بۆیە پیویستە گۆڕانەکان لەخۆمان دابکەین بۆ ئەوەی داهاتوومان جوانتر بکەین . . .

## سەرکردایەتی کوردو...

## دبلۆماسیەت

زاراوەی (دیپلۆمات ) ووشەیەکی فەرەنسی یەو کەبەمانای سیاسەت، زانستی سیاسەت، پەیمانداریتی نێوان ولاّتان و کیشوەری دنیا ئەگرێتەوە کەنوێنەری سیاسیو ولاّتێك لەگەلّ نوێنەری ولاّتێکی تردا گفتوگۆو لێدوان ئەکەن لەپێناوی پاراستن و بەرەو پێشەوە چوونی کۆمەلّگا لەهەموو ڕوویەکەوە و دیپلۆماسی لەزانستی سیاسیو سێ مانای هەیە :-

یەکەمیان : بەگشتی ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دوو دەولّەتە لەهەموو ڕوویەکەوە وەکو باری سیاسی، ئابووری زانستی...هتد بەڕێوەبردنی گەلیشە کەبەم هۆیەوە ئەتوانێ سەرکەتن و خۆش گوزەرانی بۆ خەلّك دابین بکا.

دووەمیان : دبلۆماسیەت شێوازێکی هونەری ڕاست و دروستە لەسیاسەتی نێودەولّەتیدا کەکار ئەکا بۆ ئارامی وئاسایشی وولاّت بپارێزێ لەسەر بنەمای ڕاست گۆی وچەواشەنەکردنی خەلّك و کۆمەلّگادا.

سێ یەمیان : دیپلۆماسیەت کار ئەکا لەپێناوی نەهێشتنی شەڕو ئاژاوە لەدنیاداو چاکردن و پێشخستنی وولاّتان لەڕووی ژیارو شارستانیەت و مەدەنیەت و مۆدێرن دا پەنا بردن بۆ زمانی گفتوگۆو لێك تێگەیشتن لەپێناوی هەلّنەگیرسانی شەڕو خۆش گوزەرانی خەلّکداو لەپێناوی ئەوەی کەشەڕ ئامانج و چارەسەر نیە لەدنیادا ، بەلاّم دیپلۆماسی ووشەیەکی یۆنانیەو وەرگێراوە (DIPLMA ) واتە (بڕوانامە ) و زانستی هونەری و ئیدارەو پەیوەندییە نێودەولّەتیەکانە بەشێوەیەکی ئاشتیخوازانە و بەردەوام لەگۆڕان و گفتوگۆدایە بۆ گەشەدان و بەرەو پێشەوە چوون هەنگاو ئەنێ ، دیپلۆماتی سەرکەتو ئەوکەسەیە کەنەرم ونیان و ڕۆشنبیری یەکی گشتیو ناوخۆی ودەرەکی هەیەو دەتوانێ بەیەکێك لەزمانە بێگانەکان بەشێوەیەکی چاك قسەبکاو بنوسێو بخوێنێتەوەو لەسەر هەموو بابەتێك شارەزاو ووردبێ و دووربین و بیرمەندبێ لەکاتی گفتوگۆدا ڕستەی جوان وکورت پیادە بکات و قسەکانیشی پێچەوانەی یەکتری نەبن وئەبێ وووریابێ نەکەوێتە ژێر گوشاری هەلّچون و سۆزو هەلّەشەی وەخاوەن بەرنامەو ڕێچکەی گونجاوی هەبێ ولەکات وشوێنی خۆیدا قسە بکاو پێش وەختیش ئامادەکاری هەبێ لەسەرکارەکەی ، هەروەها دپلۆماتیکی ئینگلیزی دەلّێت : ((دیپلۆمات ئەو کەسەیە کەدەتوانێ بەشێوەیەك پێت بلّێ بڕۆ بۆ جەهەنەم بەجۆرێك کەئەوەندە بەخۆشیەوە بڕۆیت و وابزانیت کەبەڕاستی دەچیت بۆسەفەر )) دیارە لەژیانی دبلۆماسی دا چەندە کارامەو لێهاتوبی ئەوەندە سەرکەوتو ئەبی ، چونکە ڕووبەڕووی کێشەی جۆراو جۆر وناکۆك ئەبیەوە لەولاّتانداو بۆیە باشتروایە لەسەر کەلەپورو مێژوویان شارەزابی و لەهەمان کاتیشدا زمانی گفتوگۆو لێدوان جێگای شەڕو پێکدادان بگرێتەوەو نەهێلّی رووبدا، کاری دبلۆماسی بریتیە لەڕاپەڕاندنی کاروباری نێودەولّەتی وەکو سیاسی، ئابوری، کۆمەلاّیەتی، بازرگانی،کەلتوری، پەیوەندی ئاسایشی و نەتەوەیی ...هتد

★ هۆی نەبوونی یەکگرتوی دبلۆماسیەتی کوردی :

نەتەوەی کورد هەمیشە داگیرو دابەش کراوی چوارپارچە بوەو لەهەمان کاتیشدا خاوەنی دەولّەتی سەربەخۆی نەبوەو بۆیە لەدامەزراوە رەسمی و جیهانیەکان دانی پیانەنراوەو هەروەها ئەندامی نەتەوەیەکگرتوەکان نەبوە ، بۆیە لەڕووی دبلۆماسیەت دا ڕۆلی نەبوە هەرچەندە هەندێ نوێنەرایەتی حیزبی لەهەندێ ولاّتان دا هەبوە ، بەلاّم کاری ئەمانە سنوردار بوەو لەڕووی شەرعیەتی نێودەولّەتیەوە (ناوخۆ و دەرەکی ) هەیەو کوردیش شەرعیەتی ناوخۆی هەبو بەشێوەیەکی بازنەی و ناوچەی و سنوردار ، لەلایەکی تریشەوە کوردستان ناوچەیەکی دەولّەمەندە لەڕووی ئابوری و سامانی ئاوی و کانزای سروشتی و جوگرافی یەوە ، هەروەها ناوچەیەکی کشتوکالّی و ستراتیژیە لەداهاتودا بۆیە هەمیشە چاوتێبڕینی داگیرکەران بوەو بەنەوتەکەی خۆی سوتاوەو بەئاوەکەشی خنکاوەو سیاسەتی جینۆسایدو ئەنفال و کیمیاوی و تەعریب و ڕاگواستن ...هتد لەلایەن دوژمنانیەوە پەیڕەو کراوەو چوار دەوریشی بەداگیرکەران تەندراوەو ئەمەش بۆتە هۆی سستی و لاوازی دبلۆماسیەتی کورد لەڕابردوودا ، بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا جولاّنەوەی کوردی کەلەبازنەیەکی تەسکدا ئەخولایەوە ، توانی دەنگی نارەزای گەلی کورد بگەێنێتە دنیای دەرەوەو ئەنفال و کیمیاویش ڕاستی ڕووداوەکانیان پیشانی جیهان داو لەڕۆژنامەو کەنالّەکان و پەیوەندییە دەرەکیەکانیش ئازاری میللەتەکەیان بەدنیا ڕائەگەیاند ، بۆقۆناغی ئەوسای سەردەمی شاخ زۆر بوو سەرەڕای نەبوونی

پسپۆڕی و دەرامەت و پەیوەندیەکان ، هەروەها نەبوونی یەك دەنگی و بەرەی لەناوجولانەوەی کورداو بونی شەڕی ناوخۆ بۆماوەیەکی دوورودرێژ ووزەو تواناکانی لەکارخستن ...

★ دبلۆماسیەتی کوردی ٢

ڕاپەڕینی سالی ١٩٩١ و دانانی هێلی ٣٦ لەکوردستان دەروازەیەکی گونجاو دان پیانراوی نیمچە سەربەخۆی لەبەردەم گەلی کوردو جولانەوەیەکی دا کردەوەو توانیمان حکومەت و پەرلەمان دروست بکەین ، بەلام بەداخەوە لەبێشکەدا خنکێنراو نەمان توانی چالاکی دبلۆماسی خۆمان بەشێوەیەکی گونجاو نیشان ولاتان بدەین و دوایش ببینە ئەمری واقیع ودەولەتان تەعامولمان لەگەلدا بکەن ، لەبری پەنابردن بۆدبلۆماسیەت و لێك تێگەیشتن و پەند لەڕابردوو وەرگرتن گەڕاینەوە سەردەمی قۆناغی شەڕو پاوانخوازی و تاکڕەوی وەکو دووعەشیرەتی و میرنشینی و خوێنەخۆر لەلایەن ولاتانەوە تەماشا دەکراین و ئەمرەکانی ئەوانمان لەپێناوی لەناوبردنی یەکتری جێبەجێ ئەکرد ئەمەش بوە ئیفلاسیەتی دبلۆماسی کوردی و داگیرکەرانیش وەکو مقاش بۆمەرامەکانی خۆیان بەکاریان دەهێنان بۆ دژی یەکتری و تەنانەت جولانەوەکانی پارچەکانی تر ، نەمان توانی دەستورێکی نەتەوەی بۆگەلی کورد بنوسین و پیادەی بکەین تاوەکو ئێستا بەلکو لەشوێنی ئەمەدا دەستوری حیزبی و ناوچەی پەیڕەو ئەکرا و گوێ لەبەرژەوەندی گشتی نەئەگیراو پەیوەندییە دەرەکیەکانیش هەموو حیزبی بوون و لەدژی یەکتری کاری جاسوسیان ئەکردو هەرلایەو بەرژەوەندی حیزبەکەی لاگەورە تربوو لەگەلەکەی دووئیدارەی و بەئەقلیم کردنی شەڕی ناوخۆ گەلی کوردو جولانەوەکەی بەرەو دواوە برد ...، بەلام لەگەل ئەمانەشدا دامەزراوی ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی لەهەندێ ولاتان دروست بوو ، وەکۆچی بەلێشاوی پەنابەران بۆ دەرەوە لەزۆر بون دابوو ، ئەمەش وای کرد کەکورد و کێشەکەی زیاتر بناسرێت و دەکرێ جولانەوەی کوردی بەبەرنامەیەکی هاوبەش و گونجاو پێکهاتەی هەموولایەنەکان کاری هەماهەنگی و هاوبەش ڕێك بخا لەئاستی دەرەوەدا یەك دەنگی و ڕیزی پیشانی دنیا بدا بەبیری نەتەوەییانەوەو ، هەروەها سوود لەکۆچبەرەکان وەربگرێ و لۆبی کوردیان لێدروست بکا لەڕووی سیاسی و ئابوریشەوە ڕێکیان بخاو سوودیان لێ ببینێ ئەمەش بەهاوپەیمانیتی تێکرای جولانەوەی کوردی هاوبەشدا دێتەدی و لەلایەکی تریشەوە بەهۆی هەندێ ڕووداوی مێژوویییەوە ئەورپیەکان ڕقیان لەعەرەب و تورك هەیە ، وەکو کوشتنی ئەرمەنەکان وشەڕی سەلیبەکان لەلایەن موسلمانە عەرەبەکان کەخەریك بوو ولاتانی ئەورپا قوت بداو بیخاتە ژێر دەسەلاتی عوسمانیەکان ، سێیەکی ئەورپایان گرت و گەیشتنە نزیك ( ڤیەننا ) و ئەمەش تاوەکو ئێستا لەدل و مێژووی ئەورپیەکاندا هەر زیندوەو تەنانەت لەخوێندنگاکانیش دا ئەخوێنرێ ، وە سەردەمی عوسمانیەکان و ئەمەوییەکان ڕوویەکی ناشیرینن بۆ گەلی ئەورپا ، لەلایەکی تریشەوە زۆر لەنوسەرە ئەورپیەکان لەسەر کوردیان نوسیوە کەلەلایەن عوسمانیەکان چەوسێنراونەوەو ئەمەش هەست و سۆزێکی بۆ کورد لای ئەورپیەکان دروست کردوە ئێستا زەمینەی ناوخۆو دەرەوە لەبارە بۆ جولانەوەی دبلۆماسیەتی کوردی کەئەسپی خۆی تاودا بۆ ئەمەش پێویستە کەسانی پسپۆڕو شارەزاو نەتەوەی کاریان پێ بسپێردرێ و دووربن لەگیانی حیزبایەتی بۆ ئەوەی ڕۆلی کورد بەیەکگرتوی پیشانی دونیا بدەن و جالیەی کوردیش لەدەرەوە کۆبکەنەوەو بەکاریان بهێنن ، کەئەمڕۆ ئەورپای و ئەمریکای گرتۆتەوە کەئەم دوو جەمسەرەش چەقی قورساین لەدنیاداو کوردیش ئەمڕۆ هەرێمی سەربەخۆی هەیە و لەهەمان کاتیشدا لەلوتکەی دەسەلات و ناوەندی عێراقیشدا قورسای خۆی هەیە بۆیە پێویستە لەپال کاروبارەکانی عێراقدا دبلۆماسیەتی کورد لەناوخۆو دەرەوەدا زیاتر برەو پێ بداو مەسەلەی نەتەوایەتیەکەی فەرامۆش نەکاو خاوەن بڕیارو شوێن پەنجەی دیاربێ لەپال عێراقدا کار بۆناساندنی گەلەکەی و مافەکانی بکاو پشتیوانیش بێ لەسیاسەتی هاوپەیمانان لەعێراقدا بەیەك هەلوێستی ڕاگەیاندنەوە کاربکاو هەریەکەو لەئاوازێك نەخوێنێ و پەرلەمان و حکومەت کاراتر بکا نەك بیکاتە دیکۆرو دیوەخان و بڕیارەکان لەسەری ڕەش و قەلاچوالان نەدرێن و پێویستە سەرکردایەتی کورد قورسای خۆی لەم بوارەدا زیاتر بکا ، کارە بۆ جیاکردنەوەی حیزبی و حکومی و مەسەلەی فیدڕالی بەشێوەیەکی تەم و مژاوی نەهێلێتەوەو بڕیار بدات کام شێوەیان هەلدەبژێرێ ڕەگەزی یا جوگرافی مێژووی یان سەربەخۆی بوئەوەی ئەم هەلەمێژوویە لەدەست نەچێ ، چونکە بەچاك وخراپیەوە سەرکردایەتی کورد بەرپرسیارە دەبێ لەگەل هەر گۆڕانکاریەکیشدا بەرنامەو کارو چالاکیمان هەبێ و گیانی پسپۆڕی و شارەزای و کەسی شیاو لەبەرچاوبگرین و دووربین لەخزمایەتی و گەندەلی و حیزب پەرستی و خۆویستی

دەناتوشی شکست دەبینەوەو پێویستە سیاسەتێکی ڕوون و شەفاف لەژیانی ڕۆژانەو ڕاگەیاندن دا پەیڕەو بکەن دوور لەژێر بەژێری و هەستی نەتەوایەتی بەرز ڕابگرن .
سەرچاوە : فەرهەنگی نوێ بورهان قانح .

# لێرە و ..
# لەوێ

گەر بە مێژووی پێشکەوتنی گەلانی دنیادا بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی بڕۆین و گوزەر بکەین ، ئەبینین ئەمانیش بەدەر نەبوون لەگلان و هەڵسانەوەو ناڵاندن بەدەست کێشە کۆمەڵایەتی و مەزهەبیەکان ...هتد ، لەهەمان کاتیشدا ئەوروپا مێژوویەکی خوێناوی بەخۆیەوە بینی بەهۆی کێشە جۆراو جۆرەکانی و پێنج ملیۆن بونە قوربانی لەشەڕەکانی ناوخۆدا ، لەژێرپەردەی دەسەڵات و سەرمایەو مەزهەب دا ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا بەهۆی شۆڕش لەناو شۆڕشدا توانرا بازدانێکی ڕیشەیی نوێ بێنێتە ئاراوە لەخزمەتی تێکڕای چین و توێژەکانی دابێ و ئەوروپا ڕۆژ بەڕۆژ خزمەت و داهێنانی زیاتر بکا . بۆ ئەم مەبەستەش شێوازی دەسەڵات و حیزبایەتی ئەوروپا لێرەدا ئەخەینە ڕوو بەئامانجی ڕەنگدانەوەی لەواقعی کوردستان دا ... خەڵکی ئەوروپا زۆر بەکەمی حەزیان لەحیزبایەتی و سیاسەتەو تەنانەت بۆ دەنگدانیش ڕێژەیەکی بەرچاو بەشداری ناکاو هەستی حیزبایەتیان زۆر لاوازە ، بەڵام هەستی نەتەوایەتیان زۆر لاپیرۆزە و ئامانجی سەرەکیانەو لەهەڵبژاردنیش دا پابەندو مارەکراوی هیچ حیزب و دەسەڵاتێك نین ، بەڵکو مێژووی دەسەڵاتی چوار ساڵەی کاری لەبەرچاو ئەگرن . کەنەیتوانیبێ خزمەتی خەڵك بکا لەڕووی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دادپەروەری و نەتەوایەتی و باج ...هتد ، ئەوا دەنگی پێ نادەنەوەو بەدوای بەدیلێکی تازەتردا ئەگەڕێن ، لەهەمان کاتیشدا خەڵك سانسۆرە بەسەر دەسەڵاتدا لەهەموو ڕوویەکەوە واتە خەڵك ئەتوانێ بنوسێ‌و بێتە سەر جادەکان و گوێشی لێ بگرن و بەدواداچونیش هەبێ لەسەر داواکانی جا هەر لەکرێکارێکەوە تا ئەگاتە سەرۆك وەزیرانی بێ جیاوازی ، بۆ نمونە (دێڤد بلانکێت) کەهەردوو چاوی کوێربوون و وەزیری ناوخۆو کۆچ و پەنابەری بوو بەهۆی پەیوەندییەکی نایاسایی لەگەڵ ئافرەتێکدا هەیبوو لەهەمان کاتیشدا پاسپۆرتی هەمیشەیی پێ دابوون و دەسەڵاتی لەخزمەتی خۆیدا بەکارهێنا بوو دوای سێ مەحکەمە نەیتوانی بەرگری لەخۆی بکا ئەنجام لەکاریان لابردو بەسەدان نمونەی لەم جۆرە ... وەهەفتانە پەرلەمانی ئەو وڵاتە کۆئەبێتەوەو دەسەڵات و معارەچە کان ڕووبەڕوو دائەنیشن و گفتوگۆو ڕەخنەو پێشنیارو پرسیارەکان بەبەرچاوی خەڵکەوە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن پەخش ئەکرێ و سیاسەتێکی شەفاف ئەبینی و خۆت ئەبیتە حاکم و ئەزانی کێ خزمەت ئەکا یان نایکاو لەهەمان کاتیشدا ئەندام پەرلەمانەکان دابەش کراون بەسەر تێکڕای شارو شوێنەکان و هەربە ١٠ ڕۆژ جارێك لەناو خەڵکدا کۆئەبنەوە بۆ گوێ گرتن لەڕازو سکاڵاکانیان ئەمجار ئیمێڵ و ئەدرێسەکانیشیان کراوەیە بۆ خەڵك و سەرۆك وەزیرانیش هەر بەهەمان شێوە خەڵك ئەبینێ و ئەدرێس ئیمێڵەکانی کراوەن ، هەروەها زۆربەی ڕاگەیاندنەکان بەهەموو شێوازەکانەوە دراوەتە کۆمپانیای مەدەنی و کاتێك هەواڵێك یان گەندەڵیەك یا داواکارییەك لەڕۆژنامەکان ئەنوسرێ ، لەلایەن مەکتەبێکی تایبەتی دەوڵەتەوە چاوەدێری و بەدواداچونی ئەکرێ و ئەگەر هات و ڕاست دەرچوو ڕۆژنامەکەو کەسەکە خەڵات ئەکرێ و ناوبراویش سزا ئەدرێ و هەروەها بەپێچەوانەش . وەدەسەڵات لەوێ ئاسانکاری بۆ گشت پێداویستەکان کردووە وەکو خوێندن ، ئیش کردن ، خەڵك ، بازرگانەکان ، ڕێکخراوە مەدەنیەکان ...هتد لەهەمان کاتیشدا دەوڵەت لەسەر باج ئەڕوا بەڕێوەو مەسەلەی تەسکیە وجودی نی یە ، بەڵکو شارەزایی و پسپۆڕی خۆت دەور ئەبینێ لەدامەزراندن و کارکردن و جیاوازی ناکرێ لەنێوان مرۆڤەکان و وڵاتەکەیان کەدێنە ناو خاکەکەیان هەمویان لەڕووی ماف و ئەرکەوە هاوسەنگن و زمانی گفتوگۆو لێك تێگەیشتنیان کاری پێ ئەکرێ و سیستەمی خوێندن و پەروەردەیان بەبەردەوامی لەگۆڕاندایەو شێوازی توندوو تیژی و نەفی کردن لەفەرهەنگی ئەواندا جێ ی نابێتەوەو ئافرەت و پیاویش بەپێ ی یاسا لەهیچ ڕوویەکەوە جیاوازیان نی یەو بەهۆی ئەوەی ئافرەت هەڵگری نەوەیەکی نوێن لەحاڵەتی لێك جیابوونەوە هەندێ مافی زیاتریشە لەپیاو ، وەئاین لای ئەوان جێگاو ڕێزو شوێنی تایبەتی هەیە تێکەڵ بەسیاسەت ناگرێ ، لەبەڕێوەبردنی دەسەڵاتداو لەهەمان کاتیشدا ڕێزی هەموو ئاین و کەلتورێکی جیاوازی وڵاتان ئەگرن و ڕێگەی پێ ئەدەن و تاکی کۆمەڵیش ئازادو سەربەخۆیەو هەموو دەروازەیەکی لەبەردەم کراوەیە بۆیە توانیویانە کۆمەڵگایەکی مەدەنی و مۆدێرن بنیادبنێن و هەموو کەسێکیش لەبەردەم یاساو دادگادا مل کەچەو لەدەسەڵاتدارو بێ دەسەڵاتەوە ناتوانێ یاسا لەخزمەتی خۆیدا بەکاربهێنێ چونکە سەربەخۆو پارێزراوە .

# لوتكەی ..

# گەندەڵی..

دیاریدەی گەندەڵی ڕووی لەهەر كۆمەڵگایەك كردو حوكمی گرتە دەست و چارەسەر نەكرا ، ئەوا شوێنەوارێكی خراپ و ڕوخێنەر لەسەر لایەنی ئابوری و ڕامیاری دروست دەكات وەئەمەش لەئاسیادا زۆربلاّوەو كەسەروەت و سامان لەلایەن چەند باندێكی مشەخۆرو مافیاوە ئەدزرێ و بەتالاّن ئەبرێ بەشێوەیەكی ترسناك پەیڕەوی ڕامییاری یەكی گەندەلاّنە ئەكاو لەم شێوازە گەندەڵی لەسەرەوە بۆ خوارەوە دابەزیوە كەئەمەش یەكێكە لەبەهێزترین و سامناكترین لایەنی گەندەلاّنەو دەبنە سێ بەش :

١- گەندەڵی لە بەڕێوەبەرانی وولاّت :

ئەم جۆرە گەندەڵی یە لەلوتكەی بالاّی دەسەلاّت دا دروست ئەبێ و پاوانی حیزب و حكومەت ئەكاو لەپێناوی بەرژەوەندی یە تایبەتی یەكانی خۆی و خزمەكانی دا كاردەكا شكست بەئابوری وولاّت و كۆمەڵگا دەهێنێ ئەم شێوازە زۆر لەسەركردەكانی دنیای گرتۆتەوە وەكو ئاسیاو ئەفریقاو ئەمریكای لاتین و وەزۆر لەسەركردەكانی دنیا دڵیان بەدزی و گەندەڵی ئاوی نەخواردۆتەوە كاری تاوانكاری و لەناوبردنیشیان ئەنجام داوە ، هەروەكو ( جان كلۆر دوڤالیە ) سەرۆكی پێشوی هایتی بەهەزارەها ملیۆن دۆلاری دزیوەو دووایش هەلاّتوەو ڕیسوابووە ، وە (ماركۆس ) سەرۆكی پێشووی فلیپین زیاتر لە ( ٢٠ ) ملیاری دزیوە هەروەها لەڕووسیاش بەرپرسان سەرەڕای دزین و چەوساندنەوەی خەڵك بەناوی دكتاتۆرییەتی پرۆلیتاریاوە كۆمپانیا تایبتی یەكانیان بەنرخێكی هەرزان فرۆش دەكردو هەر خۆشیان هەڵیان ئەگرتەوەو دووایش خۆیان بەنرخێكی خەیاڵیان ئەفرۆشتەوە ئا بەم شێوەیە ئابوری وولاّتیان لەناو برد ، وەسەرۆكی ڕوسیاش ( یەڵسن ) كەكۆمەڵێ ڕاوێژكاری دزوچەتە دەوریان دابوو تاپلەی وەزیرو پەرلەمان بۆیە ئەنجومەنی دۆماش داوای لەكارخستنی ئەمانەی دەكرد ، وە ( ئەندەنوسیا و نەیجریاو ڕووسیا ) لەگەندەڵی لوتكە دابوون بووە هۆی ڕووخانی ولاّت و ئابوری یەكەی وە ( ئەندەنوسیا ) پارەیەكی زۆری بەقەرز دابووە بەرپرسەكان و ڕێگای دابوو بەپرۆژە تایبتی یەكانیان لەووڵاّتان دا بەمەبەستی ئەوەی كە دوای پارەكە بدەنەوە بەدەوڵەت كەچی ئەوە هەر فێڵ بوو لەخەڵك كراو بەیاسایەك لەپارەكە خۆش بوون هەموو ئەم شێوازانە سەرەنجام هەرەسیان هێنا ، بەلاّم وولاّتە پێشكەوتووەكان وەكو ( یابان و ئیتالیاو بەریتانیا ) بەهۆی چاوەدێری خەڵكەوە توانراوە لەگەندەڵی خۆبپارێزن وەلەزۆر وولاّتانی تریشدا ، هەروەها شۆڕشی خوێندكارنی كۆریا لە ساڵ ( ١٩٦٠ ) لەدژی بۆگەنیوو گەندەڵی ڕاپەڕین توانیان سەرۆك ( سوان دو هون ) ملكەچی دادگا بكەن بەهۆی گەندەڵی یەوە كردبووی لەدەسەلاّتی دا بۆماوەی ( ٧ ) ساڵ دا ، وە ( هۆنگ كۆنگ ) و ( سەنگافورە ) توانیان سنورێك بۆ گەندلی دابنێن ، بەلاّم ( تایوان ) و ( كۆریا ) ی باشور بەكۆماری گەندەڵی بەناوبانگن ، چونكە هەموو شتێ بەبەرتیل و دزی و مشەخۆری ئەڕوا بەڕێوە خەڵكیش بەكۆمەڵێ دز ناویان ئەبەن ، هەروەها لە ( چین ) دا دژی گەندەڵی ڕاپەڕینی خوێناوی خوێندكاران كراو سەركوتیان كردو دووایش لەلایەن ( ماوتسی تۆنگ ) بزافی ڕۆشنبیری دژی گەندەڵی دروست كراو سەرەنجام سەركەوتن چوار لەبەرپرسەكانی سەركردایەتی درانە دەست دادگاو زیندان كەیەكێكیان خودی ژنەكەی ( ماو ) بوو لەدوای مردنی خۆی گەندەڵكاری كردبوو .؟

٢- گەندەڵی سێ بنچینەییەكە :

ئەمەشیان هەرسێ دەسەلاّتەكە بەحكومەت و پەرلەمان و دادگا ئەگرێتەوە كەدەسەلاّتی ڕاستەوخۆی بەڕێوەبردنی لەگەڵ وەزیرو بەڕێوەبەرەكان و ئەندام پەرلەمانەكان لەزۆر وولاّتانی دنیادا ڕووی داوە كەزۆر لەمانە دەسەلاّتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەكارهێناوە ، وەكو ( دیڤد بلانكێت ) كەوەزیری ناوخۆی بەریتانیا بوو بەناڕەوا پەساپۆرتی مانەوەی بەخشیبوە ئافرەتێكی پاكستانی لەپێناوی كاری سێكسی دا وەدوای ئاشكرابوونی ڕووبەڕوی دادگا بۆوەو لەسەر كارەكەی لابراو پەساپۆرتەكەش بەتاڵ كرایەوە ئەم جۆرە گەندەڵی یە لەدام و دەزگاكانی حكومەت دا بلاّودەبێتەوەو دەوڵەت چەتەو دزین و بەفیڕۆدانی تیادەردەكەوێ ، ( یەڵسن ) لەبانگەوازی هەڵبژاردن دا یەك

ملیاردی دزی و سەرفی کرد ، کارمەندان دەبنە تێشووی گەندەڵی و لاف لێدان و لەئەنجامیشدا ڕیسوای کۆمەڵگا ئەبن .واتەهەرسێ دەسەلاتەکەوەکوپێویست کاریان نەکردبەرەوکلۆری‌وگەندەڵی دەرۆن وولات هەرەس دێنێ ونارەزای لێدەکەوێتەوە..

٣- گەندەڵی  لەبەشەکانی خوارەوە:

ئەوەش تێکڕای ئەو شوێنانە دەگرێتەوە کەشوێن ئیش و کاری ڕۆژانەی خەڵکن و بەرتیل و مشەخۆری تێدا بۆگەن بووەو لەژێر بەخشیش وەری ئەگرن یاخود کارەکانت بۆ ڕاناپەڕێنن ، کاتێ فایلی سیخوڕێکی ڕوسیا ئاشکرا بوو لەدادگادا ووتی من جاسوس نەبووم تەنها کارەکانی خەڵکم وەکو پێویست نەکردووە ئەم جۆرە گەندەڵییەش سنورداره ، بەڵام گەندەڵی بەرپرسە گەورەکان بێ سنورەو کەبەنهێنی و بێ دەنگی لوشی ئەکەن ، بۆ ڕووبەڕووبونەوە گەندەڵی پێویستە خەڵك چاودێر بێ بەسەر دەسەڵاتدا ڕاگەیاندنیش بەهەموو جۆرەکانی یەوە ڕەخنەگرانەو ڕۆشنبیرانە کار لەم پێناوەدا بکاو وەدەسەڵاتیش ئەبێ بەخۆیدا بچێتەوەو گوێ لەخەڵك بگرێ و سزای یاسایی توندی هەبێ بەبێ جیاوازی و پەند لەمێژووی گەلان وەربگرێ و هەتا زووە ئەم کێشەیە بنەبڕ بکا نەك گەورە ئاو بڕێژێ وبچوکیش پێ ی تێ خا . سزادان ولێپرسینەوە بنەبڕ کردنی گەندەڵیەو دەسەلاتیشی پێی بەهێز دەبێ ..

# هێڵی سوور

مێژووی هێڵی سوور دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کۆن و زۆر بەر لەئێستا کە مرۆڤەکان وەکو دیل و کۆیلە دەبوایە لەخزمەت ستایش و کڕنوش بردن بان بۆ دەسەڵات و فەرمانڕەوا دوواکەوتوو کۆنە پەرستەکان کە هێڵی سووریان کرد بوە زنجیرو تەوق بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ڕای جیاوازیان هەیەو خاوەنی ڕەخنەو داهێنانن و ئەو مێژووەش هەر لەسەردەمی کۆیلەداری یەوە تاوەکو ڕژێمە یەك لە دووای یەکەکانی دکتاتۆری و کۆنەپەرستی درێژەی هەبووە لە بەرگ و شێوەو ناوەرۆکی جیاوازدا زۆر جاریش ئەو ڕێکخراوانەی کە دعایە بۆ مافی مرۆڤ و یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی دادگەری و دیموکڕاسی دەکەن هێڵی سووریان نیشان خوار خۆیان داوە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەو دروشم و ڕێبازەی ئەنجیل و دەسەلات و مەزهەبیەکان هێڵی سوور بوون تەنانەت کەس بوی نەبوو هیچیان لەبارەوە بلێ و بزانێ وە هەر کەسێك بیرو بۆچونێکی جیاوازی هەبوایە خۆی لەبەردەمی سێدارەو زیندانی دا ئەبینیەوەو دەبوایە هەمیشە سوپاس و ستایش و خزمەتگوزار بای چاوەڕوانی فەرمان بای هەر لەم سۆنگەشەوە بەهەزاران ڕوناکبیرو بیرمەندە موسڵمانەکان کە داوای چاکسازیان لەبەڕێوەبردن دا دەکردو زۆر لە دەسەڵاتەکان بەناڕەوا وەسف دەکردن دەیان خستنە زیندانەوە بەو مانایەی ئەمانە پێچەوانەی شەریعەت و قورئان جوڵاونەوە وەکو هەندێ لەئیمام و بیرمەندە موسڵمانەکان ... بەداخەوە هێڵی سوور هەمیشە وەکو تۆقاندن و دەرگا داخستن لە داهێنان و زانیاری بەکاردێ کە مرۆڤەکان کۆیلە دەکاو لەخزمەتی دەسەڵاتدا بەکاریان دێنێ ، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەسەردەمی تەکنۆلۆژاو ئەنتەرنێت و پێشکەوتن دا دەسەڵات بانگەشەی مەدەنی و سۆسیالیستی و دیموکڕاسی دەکا ، بەڵام لەهەمان کاتیشدا کاتێ هۆشمەندو ڕوناکبیرەکان داوای شەفافیەت و کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو تەقیم و قیاس و لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتی حوکمەت و سامان و هێنانە پێشی گەنج و ڕۆشنبیرو نەکردنی سەرکردایەتی بە تاپۆو میرات و شەفافیەت لەبەڕێوەبردن بەگشتی دەکەن ئەوا هێڵی سوورت بۆ دائەنێن و دەرگای گفتوگۆو لێك تێ گەیشتنت لێ دەگرن وەکو دکتاتۆر بیروکاریان بەڕێوە دەبەن ، بەڵام دەبێ بزانین هێڵی سوور لەدنیادا تەنها ئاسایشی نەتەوەییە کە هەموومان لێ ی بەرپرسیارین نەك بیروبۆچوونی جیاوازو داهێنان باس کردن لەمەسەلە هەستیارەکانی وەکو دەسەڵات و دارایی و بەڕێوەبردن بچێتە خانەی هێڵی سوورەوە بەڵکو بە پێچەوانەوە دەبێ دەسەڵات کراوەو شەفاف بێ و ئەزموونە دوواکەوتووەکان دووبارە نەکاتەوەو سوود لە توانای گشتی و دایەلۆگ وەربگرێ و هیڵی سوور لەڕای جیاوازدا نەبێ .

# ئا فرەت وكۆمەڵ

ئەگەر بۆ مێژووی ڕابردوو بگەڕینەوە و چاوێك بخشێنین بەكۆمۆنەی سەرەتایی لەپاریس دەبینین جیاوازی لەنێوان مرۆڤەكان دا بەنێرو مێ وە نەبوەو هەمووشیان ، وەكو یەكتری ژیاون و كۆمەلگایەكی بێ چەوساندنەوەو بوەو خەلكی بەڕاو و شكارە خەریك بوەو ئازادانە جولاونەوەو بەكۆمەڵ كارو هەرەوەزیان كردوە ، بەلام ئەم قۆناغە تەمەنی كورت بوەو قۆناغی كۆیلایەتی لەدایك بوەو بۆتە هۆی چەوساندنەوەی ئافرەت و وەكو كالایەو بازرگانی و كاری سۆزانی پێوە كراوەو لەمالەوە بۆ خزمەت و زیندانی و زیندەبەچاڵ كراوە ئەمەش مێژوویەكی درێژخایەنی هەبوو ، بەلام لەسەردەمی قۆناغی دەرەبەگایەتی دا ئافرەت بەشێوازێكی تر ئەچەوسایەوە ،وەكو ئامرازێكیش ئەبوایە لەخزمەتی دەرەبەگەكان دابێ بەبێ ویست و ئارەزووی خۆی ئەبوە قوربانی ، لەسەردەمی زۆر لەمەزهەبەكانیشدا چەوسێنراوەتەوەو لەناو ماڵ و چارشێودا نەیتوانیوە بەشداری كاروباری ڕۆژانەی خۆی بكات، بەڵكو باوك و براكانی ئەبونە بڕیاردەر بۆ چارەنوسی و ئەگەر نارەزایشی دەربڕیبا ئەوا ڕووبە ڕووی مەرگ ئەبۆ وەو هەمیشە بەپلەدوو تەماشای كراوە ، بەلام لەقۆناغی سەرمایەداری دا كەلەهەناوی دەرەبەگایەتی دا هاتە دەرەوە هەموو سەروەت و سامانی ولاتی لەدەست خۆیدا قۆرخ كردبوو ، لەم قۆناغەشدا ئافرەتان توانیان هەندێ لەكەندو كۆسپەكان و زنجیرەكانیان بپچڕێنن و بێنە مەیدانی كارەوەو هەرچەندە ماندوبونێكی زۆریان ئەكێشا ، بەلام دەست مایەكی نانە سكیان دەست ئەكەوت ئەچەوسێنرانەوە لەلایەن خاوەن كۆمپانیاو سەرمایەكان و لەبەرامبەر ئەمەشدا قۆناغی سۆسیالستی لەدایك بوو لەدژی سەرمایەداری كەدەتوانین بلێن ئەم قۆناغە هەلێكی مێژوویی و مۆدێرن بوو بۆگەلانی چەوساوە بەگشتی و ئافرەتان بەتایبەتی ، چونكە بیرورای سۆسیالستی دژی چەوساندنەوە بوو لەهەموو ڕوویەكەوە داوای نەهێشتنی چەوساندنەوەی ڕەگەزی و مەزهەبی ... هتد دەكردو جاڕی مافی مرۆڤی دا كەچۆن ( بەسەربەستی لەدایك ئەبن ئاواش مافی ژیانیان هەیە ) دەبێ هەموو مرۆڤەكان بەنێرو مێ وە ئازادو یەكسان بژین و نابێ كاری زیادەیان پێ بكرێ و بچەوسێنرێنەوەو دەبێ ڕۆژانە لە ٨ سەعات زیاتر كارنەكەن و كرێی تەواویشیان پێ بدرێ و ئافرەتانیش وەكو پیاوان هەموو مافێكیان هەیە بەبێ جیاوازی و دەبێ خۆیان چارەنوسی یان دیاری بكەن و بەشداربن لەكارگەو بەڕێوەبردنی ولات ... ئەمە بوە هۆی ئەوەی سەرمایەداران دژی ئەم بیرۆكەیەرابوەستن ، بەلام نەیانتوانی ڕێگە لەبەرەو پێشەوە چونی ئافرەتان بگرن ٨ ی مارس ببێتەڕۆژێكی مێژووی بۆئافرەتانی دنیاو لەهەمان كاتیشدائافرەتان ئێستا لەدنیادا دەورێكی كاراو گرنگ لەبەڕێوە بردنی ولات و جەنگ و پێشكەوتن دا ئەبینن ئەمەش لەئەنجامی ئازادی و سەربەخۆی هاتنەمەیدانی ئافرەتانەوە هاتەدی ، بەلام بەداخەوە لەكوردستاندا تاكو ئێستا ئافرەت وەكو پێویست نەهاتۆتە مەیدانەوەو پابەندی كۆمەلێك كەلتورو داب ونەریتی پێش خۆیەتی ، تەنانەت چەندین ڕێكخراوی جۆراو جۆریان بۆ دروست كراوە زیاتر دروشمی بریقەدارو قسەن و بەكردار نەیان سەلماندوە كەئافرەت نیوەی كۆمەلەو یەكسانە لەگەڵ پیاوانداو دەبینین پەیرەو پرۆگرامەكان ڕێگایان نەگرتوە لەفرەژنی  و نەشیان توانیوە ئافرەتان بكەنە ئەمرێكی واقیح لەكاروباری حیزب و ولاتدا بۆیە باشتر وایە كەكاری زیاتر بكرێ لەڕووی پەروەردەییان و خستنەگەرییان و لەهۆكاری خۆكوشتنیان بكۆلدرێتەوەو هۆكارەكانیشیان چارەسەر بكرێت و لەئیدارات دا كاریان پێ بسپێردرێ لەیەگەسەربازیەكانیشدا زیاتر ڕۆڵیان بدرێتێ و پەروەردە بكرێن.

# ئیسرائیل له

# مێژوو دا ...

ناوی ڕەسمی کۆماری ئیسرائیلی یەهوودی و پایتەختی ئۆرشەلیم و قودس و ژمارەی دانیشتوانی پایتەختی ٧٥ هەزار کەسەو شارەسەرەکیەکانی تەل ئەبیب ، حەیفا ، بات ، یام ، هولون ، رامات جان ، بیتاج تیکفا ، بەندەرەسەرەکیەکانی تەل ئەبیب ،یافا ، حەیفا ئیلات ئاکۆ ، ڕووبەری (١٠,٢٩٠) کیلۆمەتر چوار گۆشە و (٢٦,٦٥٠ ) کم چوار گۆشە ، ژمارەی دانیشتوانی بەپێ ی سەر ژمێری (١٩٩٩ ) (٦,٣٥٠,٠٠٠ ) ملیۆن کەسە ، ڕەگەزەکانی ٨٥ ٪ یەهودی ، ١٥ ٪ عەرەب ، ٣٦٠ هەزار کوردیشی لێ یە، ئاینیش ٨٥ ٪ یەهودی ، ١٢ ٪ ئیسلام ، ٣ ٪ مەسیحی یە ، زمانی عیبری و عەرەبی زمانی سەرەکین و لە ٩٧ ٪ ئیسرائیل خوێندەوارە ، دراویشیان (شیکل ) ە و ٦ پارێزگایە ژمارەی سوپاکەشی ١٩٥,٠٠٠ لەحالەتی ئاسای ، کشتوکاڵ ١٧ ٪ سەرەچاوەکانی تریش سامانی ئاژەڵی و سرووشتی و پیشەسازی و بەرهەمی کارەباو ئاڵوگۆڕی بازرگانیش لەگەڵ ئەمریکا و ئەورپا و دنیادا هەیەتی ، لەدێر زەمانەوە کێشەی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین باسی لێوە دەکرێ لەسەر کێشەی نێوانیان کەچەندین ساڵە بەردەوامەو قودسیش ئەوەندەی تر کێشەکانی ئاڵۆزتر کردۆتەوە و گەڕاندونیەوە بۆ شەڕێکی مەزهەبی ئەمجار شەڕی قەومی و هەردوولا پێ یان وایە پێغەمبەرەکانیان لێرەوە دیدەنی خوایان کردوە ، بۆیە بۆیان بۆتە شوێنێکی پیرۆز نزارگەو ئیسرائیلیش ڕۆڵێکی دیارو بەرچاوی هەیە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو هەموو تاکەکانی شارەزان لەبواری خوێندن و سەربازی و تەکنۆلۆژیا سەرەڕای کەمی ژمارەی دانیشتوانی ، بۆ ئەم مەبەستەش هەر تاکێکیان دەتوانێ لەکاتی ئاشتی و جەنگدا دەوری قوتابی و مامۆستا ببینێ و هەر ئەمەش بۆتە هۆی خاڵی بەهێزی ئەم گەلە ، ئەگەر بۆمێژوو بگەڕێینەوە یەهودیەکان یاخود جولەکەکان ئەمانە پەیڕەوی ئاینی موسای ئەکەن کەنزیکەی ٤٠ هەزار ساڵ بەرلەزاین لەنیمچە دوورگەی عەرەبی دا ژیاون وەکو عەرەب و بابلیەکان و ئاشورییەکان و کەنعانی ... هتد بەیەکەوە کاریان کروە و ژیاون و بەزمانی عیبری قسە ئەکەن و بەڕەگەزیش دەچنەوە سەر سامیەکان کەژیانیان بەشێوەیەکی سەرەتای وەکو شوانی و بازرگانی و کەسابەت بردۆتە سەر ، بەڵام بەهۆی وشکە ساڵی و بێ بەرو بومی لەدوورگەی عەرەبی جوەکان بەرەو فەڵەستین ئەڕۆن و لەوێ نیشتەجێ ئەبن و تەوراتیش بەکتێبی پیرۆز و ئاسمانی خۆیان دائەنێن و حەزرەتی (ئیبراهیمش ) بە باپیرە گەورەی خۆیان ئەزانن و بەپێ ی تەوراتیش ئەمان دەڵێن سەرزەمینی فەڵەستین بەوان بەخشراوە و قەناعەتێکی ئاینیان لەم بارەوە لادروست بوە ، بەڵام دووبارە بەهۆی نەبونی یەوە ئیبراهیم و خێزانەکەی بەرەو وڵاتی میسر کۆچیان کردوە و لەوێش فەرمانڕەوای چەند ناوچەیەکیان کردوە لەم سنورە لەساڵانی ١٥٧٠ – ١٥٨٠ پێش زاین ، ئیبراهیمیش دوو کوڕی هەبوە اسماعیل لەهاجەری خزمەتکاری و ئیسحاقیش لەسارای هاوسەری ئیسحاق جێ ی باوکی گرتۆتەوەو ئەمیش کوڕێکی بەناوی ئیسرائیل هەبوەو بەم پێ یە جولەکەکان بەناوی بەنی ئیسرائیل ناسراون ، وەلەگەڵ مانەوەیان لەمیسر لەلایەن فیرعەونەکان ئازارو ئەشکەنجە ئەدران و خەڵکیان لەدژیان هان ئەداو بۆیە بەناچاری موساو هۆزەکەی جارێکی تر گەڕانەوە فەڵەستین و هەر لەوێشدا کۆچی دوای کرد ، ئەمجار (بوشەع ) سەرکردایەتی جولەکەکان ئەکات و کەنعانیەکان تێك دەشکێنێ و دەسەلاتی خۆی دائەمەزرێنێ لەگەڵ قەوارەیەکی سەربەخۆ بۆ جوەکان بۆیەکەمین جار دائەنێ و چەند قازییەك دەست نیشان ئەکا بۆبەڕێوەبردنی وڵات ، (شاوڵ) یەکەم پاشای ئیسرائیلەکان بوو دوای (داود ) کەپاشایەکی زۆر بەتوانا بووە و (ئورشەلیمی ) کردۆتە پایتەخت و ئەمجار (سلێمان ) کەپەرستگایەکی لەشوێنێکی بەرزدا لەقودس دروست کردو کەبەرووگەی جوەکان دائەنرێ ، لەدوای ئەمیش ئیسرائیل بەهۆی کێشەی ناوخۆیانەوە بەرەو لاوازی ڕۆیشتن و بوونە دووبەشەوە لەفەرمانڕەوای باکور و باشور ناکۆکی و شەڕ سەری هەڵدا لەنێوان میسرو ئاشورییەکان و جولەکەکانیش کەوتنە پشتیوانی میسرو لەئەنجامیشدا ئاشوریەکان پەلاماریان دان و قودسیان داگیر کرد لەساڵی (٥٨٦ ) بەر لەزایین ، ئەمجار ( ئەسکەندەری مەکرۆنی ) ئێرانی بەسەرجەم ویلایەتەکان داگیرکرد بەفەڵەستینیشەوە بەم یۆیە جولەکەکان لەناوبران و پەرستگای ئورشەلمیش سوتێنراو خەڵکەکەشی ئاوارەی وڵاتانی دنیا بوون و لەوێشدا بەهۆی بیری مەزهەبیانەوە ئەچەوسێنرانەوە و بەکۆمەڵ ئەکوژران و دیل ئەکران لەئیسپانیا زیاتر لەحەفتا هەزاریان لێ کوژراو ناچاربوون بەرەو ئەورپای ڕۆژهەڵات رابکەن وەلەوێشەوە هەتا ساڵی ١٩١٤ نزیکەی ٣ ملیۆن

جولەكە بەرەو ئەمریكا ڕۆیشتن و نیشتەجێ بوون و ئەمەش وای كردوە هاوڵاتی ئەم وڵاتە سەیر دەكران بەپێچەوانەی شوێنەكانی تر كەوەكو بێگانە لەقەڵەمیان ئەدان و جولەكەكانیش لەهەموو جێگایەكدا بەرگرییان لەداب و نەریت و مەزهەب و دەمارگیری نەتەوایەتی ئەكردو هەربەم هۆیەشەوە بزوتنەوەیەكی جیهانی سەرەتا لەروسیا دوای لەئەلمانیا دژی جوەكان دروست بوو كەئەیان چەوساندنەوە ، بەڵام گەلی جوو زۆر بڕوایان بەنەتەوەو ئاینەكەیان هەبوو كەڕۆژێك دادێ بگەڕێنەوە كەزیاتر لەدوو هەزار ساڵ ئاوارەییان چەشت و چەندین بزوتنەوەو ڕێكخراوی جووشیان دروست كردبوو لەدنیادا وە (تیۆدۆر هێرتزل ) كەكەسێكی چالاك و ڕۆشنبیرو نوسەر بوو وەكتێبی (دەوڵەتی یەهودی )نوسی و سەرنجی دنیای ڕاكێشاو كەدەبێ جولەكەكانیش چیتر نەچەوسێنرێنەوەو كۆبكرێنەوەو بكرێنە دەوڵەت و بۆئەم مەبەستەش ڕێكخراو و صندوقی كۆمەكی و دامەزراندو هەرچەندە پێشنیاركرا كە جوەكان لەعێراق ، قودس ، ئەرجەنتین ، مۆزەنبیق ... هتد نیشتەجێ بكرێن ، بەڵام جوەكان ئەمەیان ڕەت كردەوەو وتیان دەبێ هەمووماں لەیەك جێگادا وەكو دەوڵەتی یەهودی كۆبكرێننەوە ئەویش فەلەستین بێ ئەویش بەهۆی ئاینی و كەخاكی بەلین پێدراوە بەمەزهەبی ئەوان و ئەمجار هۆی مێژووی كەیەكەمین جار ئیسرائیل لەفەڵەستین دا جێگربووە ، لەپێش شەڕی یەكەمی جیهانی فەڵەستین لەژێر كۆنترۆڵی عوسمانیەكان دابوو دوایش كەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیەكان ئەمانیش پەیمانی پێكهێنانی قەوارەیەكی نەتەوەییان بۆجولەكەكان دا بەپێی پەیمانی (بەلفۆر ١٩١٧ ) تاوەكو ساڵی ١٩٤٨ بەرەسمی دەوڵەتی ئیسرائیل ناسێنراو شارەزا كران بەكاروباری دەوڵەت و ئەمجار لەهەموو دنیادا گەڕانەوە بەرەو ئیسرائیل لەڕووسیاو ئەورپاو ئەلمانیاو هەنگاریاو وڵاتە عەرەبیەكان و كوردستان ... هتد لەساڵی ١٩٤٨ تاوەكو ئێستا شەڕو ناكۆكی لەنێوان فەڵەستین و ئیسرائیلیەكان بەردەوامەو تەنانەت جەنگی گەورەو كۆمەڵ كوژیشی تیا ڕووی داوەو ئیسرائیل دەستوری نوسراوی نیە ، بەڵكو یاسای بنەڕەتی هەیە كەلەلایەن (كنێستی ) ئیسرائیلی دەرئەچێت كەدەسەڵاتەكانی كنێستی و سەرۆكی وەزیران و دەوڵەت دیاری دەكات و هەرچەندە ئاینییەكان پێیان وابوو ئەبێ تەورات بكرێتە دەستوری ئەم وڵاتە ، بەڵام چەپەكان بەمەرازی نەبون و سستەمەكەشیان بەپەڕلەمانی ئەناسرێ بەشیوازێكی هاوسەنگ ، بەڵام كنێستەكان مافی لابردنیشیان پێ دراوەو سەرۆكی دەوڵەتیش لەلایەن ئەندامەكانی خۆیانەوە هەڵئەبژێردرێن و ئەندام پەڕلەمانەكانیش ١٢٠ ئەندامە ماوەی سەرۆكایەتی ٥ ساڵەو بۆ دوو دەورە ئەتوانی خۆت كاندید بكەی و پایەی سەرۆكیش لاوازە لەچاو وڵاتانی تری دنیا ئەویش بەهۆی كێشە دێرینی نێوان (وایزمان ) كەسەرۆكی ڕێكخراوی جولەكەی دنیابو لەگەڵ (بن گریۆن ) سەرۆكی دەسەڵاتی كاتی بوو كەنەشی توانی زۆربەی كورسیەكان مسۆگەر بكا بۆیە راكەی (وایزمان ) سەركەت كەدەسەڵاتی سەرۆك تەنها وەكو تەشریفی و رەمزیەو كنێست بەمانای ئەنجومەنی یاسادان ئەبەخشێ و بۆ ئەندامەكان هەربە ٤ ساڵ جارێك هەڵئەبژێردرێ و نابێت كەسێك دوو كاری هەبێ ، وەلەكۆبونەوەكانی پەڕلەمانیشدا گەرنیوەش ئامادەنەبێ یاسایی یەلایان ئەم پارت و ڕێكخراوانەشی تیایە پارتی ماپای ، پارتی كار ، پارتی لیكۆد ، میحراخ ... هتد كەزیاتر پارتی ڕاستڕەو چەپڕەو ئاینی و عیلمانی و كرێكاری و ناكرێكارین لەئیسرائیل دروست بوون ئەویش بەهۆی ئەوەی لەكۆندا بەسەر وڵاتانی دنیادا بڵاوببوونەوە و كاریگەری ئەو وڵاتەی لێی نیشتەجێ بوون تاوەكو ئێستاش لەسەریان داماوە ، كە١٨ پارت و ڕێكخراو لەئیسرائیل هەیە و دەوڵەتێكی دەگمەنیە كەدەستوری نیە ئەمیش بەهۆی نەگونجانی پارت و توێژە جیاوازەكان ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یاسا سەروەرە و هەموو لایەكیشیان كۆكن لەسەر پاراستنی ئاسایشی نەتەوەی ئیسرائیل و پێشیان وایە بەهۆی كتێبی پیرۆزییانەوە تەورات كەخوا بەڵێن و موژدەی پێداون كەلە فەڵەستین دا نیشتەجێ بن .


سەرچاوەكان :

١ — گۆڤاری سەنتەری لێكۆڵینەوەی ستراتیژی . ژ ٣٢

٢ — جولەكەكانی كوردستان ـ احمد باوەڕ

٣ — سستەمی فەرمانڕەوای لەئیسرائیل ـ ڕۆستەم محمود كۆ كویی

٤ — فەرهەنگی ڕووداوەكانی كوردستان و وڵاتانی جیهان ـ ئامادەكردنی ـ علی كەندی

# زمان و نان برین

زمان هەمیشە هۆكارێك بووە بۆ لە یەكتری گەیشتن و كاركردن و پێشكەوتن وە سەرچاوەی ئاڵوگۆڕو گۆڕانیش بووە لە ژیانیشداو هەر بەهۆی زمانیشەوە بووە كە ولات وێران و ئاوەدان بوە كە بە چاك و خراپ بەكارهاتبێ و هەر ولاتێك لە زمانی رەخنەی داهێنەر بترسێ گۆران وگەشەكردن بە خۆیەوە نابینێ چونكە تەنها رەخنە دەتوانێ بینای ولات بكاتەوە بۆیە پێویستە پەرەی پێ بدرێ و ئەوانەی لە رەخنە بترسێن پەشیمانی دادیان ناداو بەرەو هەڵدێران دەچن هەروەكو چۆن( ئەبو زەری غەفاری) رەخنەی لەدەسەلاتی خەلیفە عوسمان گرت و پێ ی ووت : تۆ عەدالەتی كۆمەلایەتی ناچەسپێنی و هەر خەریكی كۆشك و تەلار و خەزنەو خزمەكانتی خەلیفە تووره بوو بریاری دا كە بیگرن و لەبیابانی( رەبزە) فرێی بدەن تا بەتەنیایی دەمرێ ئەوەبوو كۆشك و دەسەلاتی خەلیفە لە دوایدا هەر لەلایەن مووسلمانەكانەوە دەستی بە سەرداگیرا وەهەرەهائیمامەكانی( شافحی و عە نە فی) كە دەیان ویست ئیسلام رێچكەی خۆی بگرێ رەخنەیان لە دەسەلاتی عەباسیەكان گرت كەچی لە زیندانادا مردن بەلام ئێستا بوونە رێباز بۆ مووسڵمانان وە گالیلۆ لە سەر ئەوەی گوتی زەوی خرە لەلایەن كۆنەپەرستەكانەوە دەست بەسەر كرا تاوەكو مرد وە( سوقراتی) فەیلەسوفیش تێروانین و رەخنەی لە دەسەلات دەگرت بەدەردی ئەوانی تر برا  كەچی ئەمرۆ وانەكانی لە قوتابخانەكان دەخوێنرێ.. وە رژێمە عەسكەرتاریەكانیش لە دنیادا رووخاون و دیموكراسی و ئازادی جێگای گرتونەوە بۆیە باشتروایە پەندیان لێ وەگرین ستالینیش كادیرو نووسەروبیرمەندە رەخنەگرەكانی كوشتوزییندانی كرد وەلی هەرتیك شكاو سەرەنجام راستیەكان بۆخەڵك ئاشكراكران و گلاسنۆست و بیرۆستۆریكای لێ كەوتەوەو بە هەموو لایەك بینای ولاتیان كردەوەو گۆرباتشۆڤیش بۆ مێژووبووە سەركردەیەكی بوێركە توانی هۆكارو ئازارو برینەكان ئاشكرابكاو پێش هەموو كەسیك داوای لە نووسەران وكادیران كرد بۆ چارە سەر ئەو جار میللەتەكەی..  بەلام بەداخەوە لەكوردستانیش دەسەلات دەیەوێ بەرەو دواوە هەنگاو بنێ و دێ رێكەوتننامەی ستراتیجی ئیمزادەكا كە بەشێكی باشە بەلام هەندێ لە خاڵەكانی  لە پێناوی مانەوەی دەسەلاتدا یەو ناكۆكە لەگەڵ ئازادی را دەربرین چونكە زیاتر لە نۆ سالە رێكەوتنیان كردوە تاوەكوئێستا شێوازی دووئیداری و هەلوێستی چونیەك نین و گەندەڵی لێوان لێوەو دزی و مشەخۆری بۆتە دیاریدەیەكی ئاسایی و لەملاشەوە دەیانەوێ نان و زمانی خەڵك ببرن و بە هەموو لایەكمان بەرگری بكەین لە گەندەڵی و داپۆشینی راستیەكان لە بری ئەوەی بانگەواز و كۆرو سمینار رێك بخەن و بڵێن بابەهەموولایەكمان گەندەلی بنەبربكەین و نەهێلین گەشەبكا و هەمووئەوانەی سیاسەتیان بۆ بەرژەوەندی و بازرگانی و ماستاوو گەندەڵی گرتووە تووریان دەین و شۆرش لەناوشۆرشدابكەین و خۆمان نوێ و بینا بكەینەوە راستیەكان والا كەین و چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە نەك پەردەپۆشیان كەین و دەبوایە رێكەوتنە ستراتیجیەكە دادگاو دادوەری لێپرسینەوەی كردبا لە گەندەلی و دزی و بازرگانی بە سیاسەتەوە و گەرانەوە بۆ بیری كوردایەتی و خزمەت كردنی خەڵك نەك رێگە گرتنیان لە دەربرینی رای ئازاد كە ئەمەش هەلپەرست و مشەخۆرو ماستاوچی و گەندەڵەكان بەهێز دەكا بەرەو گەرانەوە بۆ دواوەمان دەبا و باهۆزی دیموكراسی لوڵمان دەكا لە ئەنجامدا دەسەلاتمان لە بەین دەچێ و مێژوو نەفرەتمان لێ دەكا چونكە ئەمرۆ سەردەمی عەولەمەو مافی مرۆڤ و دیموكراسی و زمانی دایەلۆكە بەشێوەیەكی مۆدێرن بۆیە باشتروایە شە فا فانە كاربكەین و دەست لە سەر ئازارو برینەكانمان دانێن و بە هەموولایەكمان تیماریان بكەین و چارەسەریان بۆ دابنێن و نەیان شارینەوە دەنا بەمردنی خۆمان تەواو دەبێ و پێویستە ریكەوتنی ستراتیجی لە سەر ئامانجە نەتەوەییەكان بكرێ نەك حیزبیەكان ئەم شێوازە كلاسكیە بەلاوەبنرێ و حیزب و حكومەت لە یەكتری جیا بكرێتەوەو دادگا سەربەخۆبێ و كەسانی شیاو بێنە مەیدان وپاكسازی و چاكسازی لە حوكمەت حیزبدا بكرێ و ئەوانەی دەست و دەم و داوێنیان پاك نیەو گەندەڵ و مشەخۆرن توور هەڵدرێن و بیر لە خزمەت كردن و چارەنووسی خەڵك بكەینەوە نەك چەند مشەخۆرو بەرژەوەندی پەرستێك كەدەیانەوێ بۆ مانەوە خۆیان بەری رۆژ بگرن و خەلكیش قر بكەن بۆیە پیویستە ستراتیجیەت لە سەر خزمەت و لێپرسینەوە بنیات بنرێ.

# بڕینی دوو مووچەیی فەرمانبەران یان کادیران ...

پێوەری پێشکەوتنی هەر وڵاتێك بەندە بە خوێندەوارو ڕۆشنبیرو باری ئابوری و بوونی دەستوورو سیستەمێکی عادیلانەو یەکسان ، کەبتوانێ کۆمەڵگا بگۆڕێ و حزب و دەوڵەت لەیەکتری جیابکاتەوە ، مافەکانی تاك بەهەردوو ڕەگەزی نێرو مێ تیایدا پارێزراوبن . بەداخەوە بەهۆی مێژووی شەڕی ناوخۆوە لەشاخ و شار زۆر دەرفەتی زێڕین لەدەست چوون ، بەبێ ئەوەی پەندیان لێ وەربگیرێ و هەر بەهۆی ئەم شەڕە حزبایەتییەوە یاساو دادوەریی و خزمەتکردنی کۆمەڵگا ڕێچکەی خۆی نەگرت ، هموو شتێك بووە قوربانی بۆ دەسەڵات هەر بەهۆی ئەمەشەوە میللەت و دەسەڵات چەواشەو گەندەڵ کران ، هەر لایەو بۆ بەهێزبوونی خۆی سیاسەتێکی ماکیاڤیلی بەڕێوە دەبردو لەبری چەسپاندنی دەسەڵات و یاساو دەستوور .

ئێستاش حکومەتی هەرێم دەیەوێ پاکسازی بکات بەبیانووی ئەوەی گوایە ٧٥ ٪ ی بودجە بۆ فەرمانبەران سەرف دەکرێت و هەر بەهۆی ئەم بیانووەشەوە خزمەتگوزاری یەکانیان ڕاگرتووە ، دیارە ئێمەش لەگەڵ چاککردن و گۆڕانداین ، بەڵام پێویستە لەدەسەڵات بپرسین کام چاکسازی دەکەن و کام مووچە دەبڕن مەگەر هەر خۆتان نەبون هەموو خەڵکی کوردستانتان کردە فەرمانبەرو مووچەخۆر لەدژی یەکتری بەبێ ئەوەی شەهادەیان هەبێ داتان مەزراندن ؟ ، خۆشتان دەزانن کەچەندین مووچەی جۆراو جۆر هەیە ، بەڵام ئێمە کاتێ دەستخۆشیتان لێ دەکەین کەئەم بڕیارە لەسەرەوە بۆ خوارەوە جێبەجێ بکرێت ، هەموو ئەو بەرپرسانەی چەندین موچەو دەرماڵەو خاننشینی جۆراوجۆریان هەیە ئەمانیش بگرێتەوە ، لەلایەکی تریشەوە هەر ئێوەی دەسەڵات و حوکمڕانن هەموو کادیرکانتان لەپلەی ئەندامی ناوچەو کۆمیتەوە هەتا دەچێتە سەر مووچەیان بەفەرمانبەر لەبەغداوە بۆ دێت ، ئیا مووچەی کادیرەکانی ئێوە چ پەیوەندی هەیە بە مووچەی فەرمانبەرانەوە ؟ .

بۆیە دەخوازین هەتا زووە حکومەت و حزب لەیەکتری جیابکەنەوە با لەمە گەندەڵتر نەبن ، زۆربەی بەرپرسانیش لەبری وەزیفەو پلەیەك چەندین کاری تری هەیە ئایا بەردەوامی ئەم کارە دزێوە بەرەو کوێمان دەبات ؟ ، لەدنیادا کەپلەدارێك لەدەسەڵات لاچوو تەنیا شەش مانگ مووچە وەردەگرێت دوایی دەگەڕێتەوە بۆ سەر کاری خۆی و بەکارکردنی خۆی دەژی کەچی لەم وڵاتەدا کەمەسئولیەتت درایە دەبێتە تاپۆو میرات بەمردنیش هەر بەدواتەوە دبێ ، دەستخۆشی لەحکومەت دەکەین کەهەموو دوو مووچەو زیاترەان ببڕێ ، بەڵام بالەسەرەوە دەست پێ بکات و خاوەن کۆشك و کۆمپانیا ، ڕێگا نامەشروعییەکان بنەبڕ پێ بکات و نەهێڵێ دەسەڵات ببێ بە بازرگان بەسەر خەڵکەوە .